www.alibapir.com

# ئیسلام و دەوڵەتداریی

## تەوەری سێیەم (سێ دەسەڵاتەکان):

- یاسادانان
- جێ بەجێ کردن
- دادوەریی

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵتانین
Stay in touch on social media
نحن معكم عبر مواقع التواصل الاجتماعي
ڕاکەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر
عەلی باپیر/AliBapir
archive.org/details/@alibapir
عەلی باپیر/AliBapir
AliBapir
کەناڵی ڕاکەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر
www.alibapir.net
English - عربي - کوردی
ڕاکەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر

1 2 3 4

عەلی باپیر

ISLAM AND THE STATE

www.alibapir.com

بسم الله الرحمن الرحيم

# ئیسلام و دەوڵەتداریی

www.alibapir.com

# ئیسلام و دەوڵەتداریی

**نووسینی**
عەلی باپیر
**بڵاوکردنەوەی**
نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
**نەخشەسازی ناوەوە**
نەوزاد شەکاوانی
**خەت**
نەوزاد کۆیی
**بەرگ**
شركة الإثراء للحلول التقنية و الإعلامية
**قەبارەی کتێب**
٢٤×١٧- ( ٣٠٠ ) لاپەڕە
**نۆرە و ساڵی چاپ**
یەکەم ١٤٣٧ ك - ٢٠١٥ ز
**تیراژ**
١٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( ٢٦١٢ ) ی ساڵی ٢٠١٣ ی پێدراوە

هەموو مافێکی لە بەرگرتنەوە و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە
Copyright©Tafseer Publishing

**نوسینگەی تەفسیر**
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر هوتێلی شیرین پاڵاس
/TafseerOffice
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com

www.alibapir.com

# ئیسلام و دەوڵەتداریی

## بەرگی سێیەم

تەوەری سێیەم (سێ دەستەڵاتەکان)

یاسادانان - جێ بەجێ کردن - دادوەریی

نووسینی

عـەلی بـاپیر

www.alibapir.com

www.alibapir.com

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن
تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ
ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ٥٩ ﴾ ( النساء )

www.alibapir.com

www.alibapir.com



# پێشکەش بێ

به هەموو ئەوانەی هێندە لە ئیسلام تێگەیشتوون، کە دڵنیابن بەبێ هەبوونی دەستەڵات و قەوارەیەکی سیاسیی، ناگونجێ وەك بەرنامەی گشتگیری ژیان و گوزەرانی تاك و کۆمەڵ جێ بەجێ بکرێ و، هەتا باڵا دەست نەکرێ، بۆی نالوێ، وەك درەختێکی پڕ سێبەری بەپیت و فەڕ، سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگا لەبن سێبەری خۆی بگرێ و، بەرو میوەی تەبایی و ئازادیی و یەکسانیی و دادگەریی و، بەختەوەریی دنیاو سەرفرازیی قیامەتیان بۆ بگرێ.

www.alibapir.com

www.alibapir.com


# پێشەکی

إنَّ الحَمْدَلِلّهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُه وَنَسْتَغْفِره، وَنَعوذُ باللهِ مِن شُرورِ أَنْفُسِنا، وَمِن سَيِّئاتِ أعْمالِنا، مَن يَهدهِ اللهُ فَلا مُضلَّ له وَمَن يُضلِل فَلا هادِيَ لَه، وَأَشهَدُ أَن لا إِلهَ إلاّ الله، وَحْدهُ لا شَريكَ لَه، وَأَشْهدُ أنَّ مُحَمَّداً عَبْدهُ ورَسولُه.

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿١٠٢﴾﴾
آل عمران.

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴿١﴾﴾
النساء.

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَقُولُوا۟ قَوْلًا سَدِيدًا ﴿٧٠﴾ يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَـٰلَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾﴾
الأحزاب.

أَمَا بَعد: فَإِنّ أَصْدقَ الَحديث كَلامُ الله وَخَيرَ الهَدْي هَديُ مُحَمّد صَلّى اللّه عَليهِ وَسلَم وَشَرَّ الأُمورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلّ مُحدثةٍ بِدْعة، وَكُلّ بِدْعةٍ ضَلالة، وَكُلّ ضَلالةٍ في النّار.

www.alibapir.com


**خوێنەری بەڕێز !**

لەم بەرگی سێیەمەدا سێیەمین تەوەری بابەتی فراوانی: ((ئیسلام و دەوڵەتداریی)) دەخەینەڕوو، کە بریتیە لەباسی سێ دەستەڵاتە سەرەکییەکان: دەستەڵاتی یاسادانان (السلطة التشريعية) و دەستەڵاتی جێبەجێکردن (السلطة التنفيذية)و دەستەڵاتی دادوەریی (السلطة القضائية).

هەرچەندە پاش خستنە ڕووی دە (١٠) بنەما گرنگەکانی سیستمی حوکمڕانیی ئیسلامیی لە تەوەری دووەم دا، تاڕاددەیەکی زۆر شێوەو سروشت و چۆنیەتی پێکەوە کارکردنی ئەو سێ دەستەڵاتە لە قەوارەیەکی سیاسی ئیسلامیی دا، ڕوون بۆتەوە، بەڵام بەپێویستمان زانی بۆ زیاتر چوونە نێو وردەکارییەکانی ئەو بابەتەوە، ئەم تەوەری دووەمەی بۆ تەرخان بکەین.

دیارە مەبەستیش لە یاسا (تشريع) دانان و دەرکردنی ئەو یاساو بڕیارانەیە، کە قەوارەیەکی سیاسی پێویستی پێیان دەبێ بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، هەروەها مەبەست لە جێبەجێ کردن (تنفيذ) ئەنجامدان و پڕاکتیزەکردنی ئەو یاسا و بڕیارانەیە، مەبەست لە دادوەریی (قضاء)یش، یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشە و مشت و مڕو تێکگیرانانەیە، کە لەنێوان تاکەکانی (أفراد)، یان پێکهاتەکان (مُكوِّنات)ی کۆمەڵگا دا، یان تاك و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا و بەرپرسان دا سەرهەڵدەدەن.

هیواداریشم بەم توێژینەوەیەم لەبارەی سێ دەستەڵاتەکانەوە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، تیشکێکی زیاترو باشترمان خستبێتە سەر چۆنیەتیی و سیما و نیشانەکانی قەوارەی سیاسیی لە ئیسلام دا.

www.alibapir.com



بە پێویستیشی دەزانم جارێکی دیکە سوپاس و پێزانینی خۆم پێشکەشی هەر کام لە:

١- کاك هیوا حاجی نجم الدین.

٢- کاك یعقوب کاکل.

٣- کاك مەلا بیلال قەڵادزەیی.

٤- کاك قاسم سلام.

بکەم کە هەر کامێکیان بە شێوەیەك لە ئامادەکردنی ئەم کتێبە دا ڕۆڵیان گێڕاوە، خوای بەخشەر و بێ وێنە بەباشترین شێوە پاداشتیان بداتەوە.

هەروەها سوپاسی بەڕێز (مامۆستا نەوزاد کۆیی) دەکەم، کە بەوردیی پێیدا چۆتەوەو هەڵەچنی کردوە، خوا پاداشتی هەرە باشی بداتەوە.

٢٥ ربیع الثاني ١٤٣٥ك

٢٥ شوباتی ٢٠١٤ ز

بەغداد/ ئەنجومەنی نوێنەران

www.alibapir.com


# سێ دەسەڵاتەکان بەگشتی

بەر لەوەی بێینە سەر باسی یەك یەکی سێ دەسەڵاتەکان، بەپێویستی دەزانم بەگشتی - وەك ڕێ خۆشکردن بۆ کۆی بابەتەکە - قسەیەکیان لەبارەوە بکەین.

**سەرەتا دەڵێین:**

ئەوەی ئێستا بۆتە شتێکی باو و بەئاشکرا زانراو، کە دەوڵەت یان حکوومەت لە هەرسێ دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی پێکدێ، وە دەبێ ئەو سێ دەسەڵاتە لەیەکیش جیا بن، لە ڕاستیدا وە نەبێ ئەوە شتێك بێ کتوپڕ پەیدا بووبێ، یان کاتی خۆی هەر بووبێ، بەڵکو پلە بەپلە و لە ئەنجامی ئەزموونە جۆراو جۆرەکانی حوکمڕانیی و ئەو گرفت و کێشانەی کەلە حوکمڕانیی و دەوڵەتداریی یەوە پەیدا بوون، ئەو بیرۆکەیە سەری هەڵداوە (واتە: بیرۆکەی دابەشکردنی دەسەڵات بۆ سێ جۆرو، پاشان لە یەك جیاکردنەوەی ئەو سێ دەسەڵاتەش لەیەکدی).

ئێمە دیارە دوایی دەیخەینە ڕوو کە لە ئیسلام دا، لە سیستمی حوکمڕانیی ئیسلامیی دا، بەو وردەکارییەی ئێستا نا، بەڵام لە ئەصڵ دا، هەر سێ دەسەڵاتەکان سەرو سیمایان دیار بووە، بەڵێ وەك دوایی باسی دەکەین، لە ڕۆژگاری پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دا تا ڕاددەیەکی زۆر ئەو سێ دەسەڵاتە لە دەستی پێغەمبەری خوادا (صلى الله عليه وسلم) بوون، بەهۆی ئەو تایبەتمەندییەوە کە پێغەمبەرانی خوا هەیانە کە بەهۆی بەڕێوەچوونیانەوە بە وەحی خوا، لە هەڵە پارێزراو (معصوم) بوون، بەڵام دوایی وردە وردە ئەو سێ دەسەڵاتە لەیەك جیاکراونەتەوە و هەر لەڕۆژگاری خەلیفە

www.alibapir.com


ڕاشیدەکان دا، دەسته‌ڵاتی دادوەریی و دەسته‌ڵاتی یاسادانان لە دەسته‌ڵاتی جێ بەجێ کردن جیاکراونەوە و بە زانایان و پسپۆڕان سپێرراون و ئەوانە ئەو دوو ئەرکەیان بە ئەستۆوە گرتوون.

**ئنجا ئاشکراشە:** کاتی خۆی لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا بە تایبەت لە وڵاتە ئەوروپییەکان دا، بابای حکومڕان هەر سێ دەسته‌ڵاتەکانی لە دەستی خۆی دا چڕ کردوونەوە، واتە: هەر خۆی یاسای دادەنا بە میزاجی خۆی و بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی، پاشان هەر خۆیشی لە هەڕەمی دەسته‌ڵاتی جێبەجێ کردن دا بووە و جێبەجێ کەر و بڕیاردەر بووە، وە لە کاتێك دا گرفت و کێشەیەکیش پەیدا دەبوو دیسان خۆشی دادوەر بوو، واتە: هەم یاسادانەرو هەم جێبەجێکەر و هەم دادوەریش بوو، بەڵام دوایی وردە وردە ئەو سێ دەسته‌ڵاتە لێك جیاکرانەوە، لە ئەنجامی ئەوەدا کە تەماشا کرا کۆکردنەوەی هەر سێ دەسته‌ڵاتەکان لە دەستی کەسێك دا، سەردەکێشێ بۆ دیکتاتۆریی و، سەردەکێشێ بۆ ئەوە کە خەڵك هیچ شتێکی بۆ نەمێنێتەوە!! بۆیە بۆ ڕێگریی لە زەبرو زۆری دەسته‌ڵاتدار و ئەوەی پێی دەڵێن: بوونە دێوی دەسته‌ڵات (تغول السلطة) کە دەسته‌ڵاتی جێبەجێکردن یان ئەوەی کە لە هەڕەمی دەسته‌ڵات دایە، یەکجاری هەموو شتێك نەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، زانایان و شارەزایان هەڵسان ئەم بیرۆکەی دابەشکردنی دەسته‌ڵات بۆ سێ بەش و، پاشان لە یەکجیاکردنەوەیان و چاودێریی کردنیان بەسەر یەکدیەوە، ئەوەیان داهێنا، وەك: (د. ثروت بدوي) لە کتێبی (النظم السياسية)دا[1] بە تەفصیل هێناویەتی، بۆیە بەڕاستی (مونتسیکۆ ) کە یەکێکە لە پسپۆڕانی بواری یاسادانان و بواری سیستمی حوکمڕانیی، شتێکی هەقی گوتوە کە دەڵێت:

(إذا اجتَمَعَت في يَدِ شَخصيةٍ أو هَيئةٍ واحدَةٍ السلُطاتُ التَشريعيةُ وَ التنفيذية، انعَدَمت الحريَّةُ، لذا يَجِبُ أن توقفَ كُلُ سلطَةٍ عندَ حُدودِها بِواسِطَةِ غيرِها بحيثُ لاتَستَطيعُ واحِدَةٌ أن تُسيءَ استِعمالَ سُلطَتِها) [2]

---

(١) ص ٣٦.

(٢) مباديءُ نظام الحكم في الإسلام، ص ٦٤٣، د. عبدالحميد متولي.

www.alibapir.com


واتە: هەرکاتێك دەستەڵاتەکانی یاسادان و جێبەجێکردن لە دەستی کەسێك دا یاخود لە دەستی دەستەیەك دا کۆکرانەوە، ئازادیی نامێنێ، بۆیە پێویستە هەر دەستەڵاتێك لە سنووری خۆیدا بوەستێنرێ بە هۆی دەستەڵاتێکی دیکەوە، بە شێوەیەك کە هیچ کام لەو دەستەڵاتانە نەتوانێت بە هۆی خراپ بەکارهێنانەوە، دەرهاویشتەی خراپ پەیدا بکات.

ئنجا وەك ڕێ خۆشکردنێك بۆ توێژینەوەی سێ دەستەڵاتەکان لە ئیسلام دا، دەپرسین: ئایا سیستمی حوکمڕانیی ئیسلامیی، یان دەوڵەتی ئیسلامی، ئەو سێ دەستەڵاتانەی چۆن تێدا دابەشکراون و چۆن لەیەك جیا کراونەوە؟! وە دەپرسین: ئایا لە قورئان و سوننەت دا هیچ دەقێکمان هەیە کە بەڕوونیی باسی چۆنیەتی ئەو سێ دەستەڵاتەی کردبێ؟ وە چوارچێوەیەکی بۆ دیاری کردبن و بڕیاری دابێ کە ئاوا لەیەك جیابکرێنەوەو، ئاوا بەیەکەوە کار بکەن؟ لەوەڵام دا دەڵێین: دوای تێفکرین و تێڕامانی زۆری قورئان و سوننەت - بەڕای من - هیچ دەقێکی قورئان و سوننەت نیە کەلەو بوارە دا نوختەی خستبێتە سەر پیت و، دیاریی کردبێ کە ئەوە دەستەڵاتی یاسادانانەو دەبێ لە دەستی ئەو جۆرە کەسانەدا بێت، وە ئەوە دەستەڵاتی جێبەجێکردنەو ئەوەش دەستەڵاتی دادوەرییە، وە ئەوەش سنوورەکانیانە، وە ئاواش بەو شێوەش بەیەکەوە مامەڵە بکەن.

لە ڕاستیدا لە قورئان وسوننەت دا لەو بارەوە نوختە نەخراوەتە سەر پیت، چونکە ئەو بابەتە لەو بوارەدایە کە بواری عادەت و هەڵسوکەوتەکانە، کە بە بۆشایی هێڵراوەتەوە، وەك لە باسەکانی ڕابردوودا گوتمان، بۆ ئەوەی کە بەشەر بە پێی بەرەو پێشچوون و گەشەسەندنی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆی، ئەو بۆشاییە بەو شێوەیەی خۆی دەیەوێ و بەو میکانیزمەی دەیەوێ پڕی بکاتەوە، بەڵام ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، کە ئیسلام هیچ دەقێکی تێدا نەبێت کە باسی ئەو سێ دەستەڵاتە بکات؟! لە وەڵام دا دەڵێین: نەخێر، بەڵکو لە قورئان وسوننەت دا دەقی زۆرمان هەن، بەڵام ئەو دەقانە نوختەیان نەخستۆتە سەر پیت بە شێوەیەك، کە دەست و پێی خەڵك ببەستن، کە دەبێت هەر بەو شێوەیە دەوڵەت پێك بهێنرێت، وە هەر بەو شێوەیە هەرکام لە دەستەڵاتەکانی: یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی، کاری خۆیان بکەن!

www.alibapir.com



وە بە بۆچوونی من تاكە ئایەتێك لە قورئاندا كە بە گشتی باسی هەرسێ دەسەڵاتەكەی كردوە، ئایەتی ژمارە (٥٩)ی سوورەتی (النساء)ە، كە خوا (جل جلاله) دەفەرموێ:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ٥٩ ﴾ .

ئەم ئایەتە موبارەكە وەك ڕوونی دەكەینەوە، باسی هەرسێ دەسەڵاتەكەی تێدایە: هەم دەسەڵاتی یاسادانان، هەم دەسەڵاتی جێبەجێكردن و هەم دەسەڵاتی دادوەریی، ئنجا ئێمە حەوت ڕاستی گرنگ لەم ئایەتە بە پێزە هەڵدەهێنجین، وە ئەو حەوت ڕاستییە گرنگە چوار چێوە و هێڵە سەرەكییەكانی هەر سێ دەسەڵاتەكان لە قەوارەی سیاسی ئیسلامیی دا - تا ڕاددەیەك - دەخەنە ڕوو، وە پێشانمان دەدەن كە ئەو سێ دەسەڵاتە دەبێ بە دەست كێ وەبن؟ وە دەبێ چۆن بن؟ وە چۆن بەیەكەوە كار بكەن؟ ئایەتەكە ماناكەی بە كوردی و بە كورتی بەم شێوەیەیە:

خوا (جل جلاله) بانگی ئیمانداران دەكات و دەفەرموێ: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! فەرمانبەریی خوا بكەن و فەرمانبەریی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بكەن وە هی كاربەدەستانێك كە لە خۆتانن، وە ئەگەر لە شتێك دا كەوتنە ناكۆكیی یەوە، بیگێڕنەوە بۆ لای خوا و پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئەگەر بڕواتان بە خوا و بە ڕۆژی دوایی هەیە، ئائەوە چاكترە وە سەرەنجامیشی باشترە واتە: بۆ دنیاتان و بۆ دوا ڕۆژیشتان ئەوە باشترە.

www.alibapir.com


## ڕاستیی یەكەم

## فەرمانبەریی ڕەها تەنیا شایستەی خوا و پێغەمبەری خوایە (صلى الله علیه وسلم):

لە كۆمەڵگەیەكی ئیسلامییداو لە دەوڵەت و قەوارەیەكی ئیسلامییدا، تاكە لایەنێك كە بە شێوەیەكی ڕەها فەرمانبەریی بۆ بكرێ بەبێ لام و جیمی هەموو شتێكی بەقسە بكرێ، بەس خوایە (جل جلاله)، وەپاشان پێغەمبەری خوایە (صلى الله علیه وسلم) چونكە خوا دەفەرموێ:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ ﴾ ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! فەرمانبەریی خوا بكەن، وە فەرمانبەریی پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) بكەن، واتە: بەقسەیان بكەن و فەرمانەكانیان جێبەجێ بكەن.

هەڵبەتە ئێمە پێشتر باسمان كرد (لە یەكەمین بنەمای سیستمی حوكمڕانیی ئیسلامیی دا) و خستمانە ڕوو كە سەروەریی - السيادة - وە فەرمانڕەوایی (الحاكمية) تەنیا هی خوایە، كە دیارە سەروەریی خوا (سبحانه وتعالى) وەحاكمیەتی خوا (جل جلاله) لە شەریعەتی خوادا بەرجەستە دەبێت، كە ئەویش لە قورئان و سوننەت دا خۆی دەنوێنێ، وە وشەی: (أَطِيعُواْ) كە خوا هەم بۆ خۆی و هەم بۆ پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) بەكاری هێناوە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ ﴾ ڕیشەكەی لە زمانی عەرەبیدا دەچێتەوە بۆ: (طاع، وأطاعَ) ئەویش هەردووكیان لە فەرهەنگەكانی زماندا واتە: (اِنقادَ ولانَ وخَضَعَ) ملی كەچكردو نەرم بوو تەسلیم بوو، ئنجا (طاعة) لە زمانی عەرەبیدا بەچی لێكدراوەتەوە؟ (الطاعَةُ: الإنقِياد وَالموافَقَةُ) ملكەچكردن و بەقسەكردن، ئەوەیە كە لەگەڵ كەسێك تەبابی، واتە: ملی بۆ كەچ بكەی و لە قسەی دەرنەچی،[1] شیكردۆتەوە، ئەمە ڕاستی یەكەم، كە فەرمانبەریی ڕەها لە

---

(١) المعجم الوسيط، ص ٥٧٠.

www.alibapir.com


دەوڵەتێکی ئیسلامییداو لە کۆمەڵگایەکی ئیسلامییدا، تەنیا بۆ خوا دەکرێ، وە پاش خوای بەرزو مەزن پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم).

## ڕاستیی دووەم

## کۆمـەڵگای مسـوڵمان لەسـەری پێویسـتە فـەرمانبـەریی کاربەدەسـتانی خۆی بکات:

ئنجا چ لە بواری فیکریی و یاساییدا بەرپرس بن، وە چ لە بواری سیاسیی و ئیداریی دا، واتە: چ ئەوانەی دەستەڵاتی یاسادانانیان بەدەستەوەیە لەنێو مسوڵمانان دا، چ ئەوانەی کە دەستەڵاتی جێبەجێکردنیان بەدەستەوەیە، لەسەر کۆمەڵگاو هاووڵاتییان پێویستە، کە بە قسەیان بکەن، ئایا ئەمە لەچی وەردەگیرێ؟ لەوە وەردەگیرێ کە خوا (سبحانه وتعالى) پاش ئەوەی فەرمان دەکات بە فەرمانبەری کردن بۆ خۆی و بۆ پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه و سلم) ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ﴾ دەفەرموێ: ﴿وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ﴾ وە فەرمانبەریی کاربەدەستانێك بکەن کە لە خۆتانن، هەڵبەتە دوایی ڕوونی دەکەینەوە بۆچی وشەی (أَطِيعُواْ)ی دووبارە نەکردۆتەوە؟ لەسۆنگەی ئەوەوە کەبە قسەکردنی کاربەدەستان و بەرپرسانی نێو کۆمەڵگای ئیسلامیی، بەوەوە بەستراوەتەوە کە دەبێ کە ئەو کاربەدەستانە پابەند بن بە قوڕئان وسوننەتەوە، پابەند بن بە فەرمانی خوا و پێغەمبەرەوە، ئەگەرنا ڕەوایەتیی (شرعية)ی بە قسە بۆکران و فەرمانبەریی بۆ کران لە دەست دەدەن، بەڵام ئەوەی کە گرنگە لێرەدا وشەی (وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ) دەگونجێ مەبەست پێی بەرپرس و مشوورخۆرانی بواری ئیجتیهاد و یاسادانان بێت (الإجتهاد والتشريع) واتە: دەستەڵاتی یاسادانان و ئەنجوومەنی نوێنەران، وە دەشگونجێ مەبەست پێی بەرپرسانی بواری سیاسیی و ئیداریی و جێبەجێکردن بێ، واتە: حکوومەت، چونکە وشەی (وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ) یانی: (أصحاب الأمر، ذو الأمر) ئەوانەی کە خاوەنی فەرمانن، کە دیارە هەم دەستەڵاتی یاسادانان و ئەوانەی کە لەو بوارەدا کاریان بەدەستەو، هەم

www.alibapir.com



دەسته‌ڵاتی جێبه‌جێكردن، هه‌ردووكیان خاوه‌نی فه‌رمانن، چونكه‌ وشه‌ی (أولي) به‌مانای خاوه‌نان (أصحاب) دێ و له‌ بێژه‌ی خۆی تاك (مفرد)ی نیه‌، یانی: ئه‌وانه‌ی كه‌ خاوه‌نی كارن، وشه‌ی (أمر)یش له‌ زمانی عه‌ڕه‌بیدا به‌ مانای حاڵ و كار و ڕووداوو داواكردن و داواكراو (الحال و الشأن و الحادثة والطلب والمأمور به) دێ[1].

كه‌واته‌: ئه‌وانه‌ی كه‌ خاوه‌ن بڕیارن و كاربه‌ده‌ستن و ئه‌وانه‌ی كه‌ حاڵ و باڵی مسوڵمانانیان به‌ده‌سته‌، چ له‌ ڕووی یاسادانان و بڕیار بۆ دانه‌وه‌، چ له‌ ڕووی جێبه‌جێكردن و ئیداره‌كردنه‌وه‌، له‌سه‌ر مسوڵمانان پێویسته‌ به‌ قسه‌یان بكه‌ن، ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ ... ﴿٥٩﴾ ﴾، یانی: ئه‌م وشه‌ قورئانییه‌: (أولى الأمر) ده‌گونجێ گشتگیر بێ بۆ ده‌سته‌ڵاتی یاسادانان و ده‌سته‌ڵاتی جێبه‌جێكردنیش، چونكه‌ هه‌م ده‌سته‌ڵاتی یاسادانان و هه‌م ده‌سته‌ڵاتی جێبه‌جێكردن له‌ كۆمه‌ڵگای ئیسلامیی و ده‌وڵه‌تی ئیسلامیدا، كه‌سانێكن كه‌ كاری مسوڵمانانیان به‌ده‌سته‌ و سه‌رپه‌رشتی كردنی مسوڵمانانیان به‌ ده‌سته‌. به‌شێكیان بڕیار ده‌ده‌ن و یاسا ده‌رده‌كه‌ن و، به‌شه‌كه‌ی دیكه‌ش یاساو بڕیاره‌كان جێبه‌جێ ده‌كه‌ن و وڵات ئیداره‌ ده‌كه‌ن و هه‌ڵده‌سووڕێنن.

### ڕاستی سێیه‌م

**فه‌رمانبه‌ریی كردن بۆ به‌رپرس و حوكمڕانان ڕه‌ها نیه‌و مه‌رجداره‌ به‌وه‌، كه‌ بڕیار و كرداره‌كه‌یان له‌گه‌ڵ شه‌ریعه‌ت دا تێك نه‌گیرێ و دژ نه‌وه‌ستێ:**

ئه‌مه‌ش ڕاستیی سێیه‌مه‌، كه‌ هه‌ر له‌و ئایه‌ته‌ موباره‌كه‌ی ژماره‌ (٥٩)ی (النساء) وه‌رده‌گیرێ، كه‌ خوا ده‌فه‌رموێ:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ ... ﴿٥٩﴾ ﴾ .

---

(١) المعجم الوسيط، ص٢٦

www.alibapir.com


تەماشا دەکەین وشەی (وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ) یەکسەر بە دوای (الله)و (الرسول)دا هاتوە، بەڵام وشەی (وَأَطِيعُواْ)ی لەگەڵ نەهاتووە، بۆچی؟ چونکە فەرمانبەریی کردن بۆ خوا (سبحانه وتعالى) ڕاستەوخۆیە و سەربەخۆیە، وە فەرمانبەریی کردنمان بۆ پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بە هەمان شێوە ڕاستەوخۆیە و سەربەخۆیە، واتە: هەر شتێك پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) وەك فەرز پێمان بفەرموێ، ئەوە خوا لەسەری فەرز کردووین و دەبێ لێی وەربگرین، وەك خوا دەفەرموێ:

﴿...وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْ.. ﴿٧﴾﴾ الحشر

واتە: وە هەرشتێك پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەتان داتێ لێی وەربگرن، وە هەر شتێك کە ڕێتان لێدەگرێ، دەستی لێ هەڵبگرن، واتە: ئەمرو نەهیەکانی لێوەر بگرن، جا چ ئەو ئەمر و نەهیانەی کە لە دوو توێی قورئاندا دەیانفەرموێ، چ ئەوانەی کە لە سوننەتی خۆیدا وەك وەحی پێمان دەفەرموێ، بەڵام (وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ) ئیتاعەکەیان ڕاستەوخۆو سەربەخۆ نیە، بەڵکو بەنددارو مەرجدار کراوە بەوەوە، کە دەبێ لەقورئان و سوننەتەوە هەڵبقوڵێ، یاخود لەگەڵ قورئان و سوننەت دا دژ نەوەستێ (أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ) نەیفەرمووە: (وأطيعوا أُوْلِي الأمرِ) بەڵکو فەرموویەتی: (وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ) کەواتە: کاربەدەستان و مشوورخۆرانی مسوڵمانان چ دەستەڵاتی یاسادانان و چ دەستەڵاتی جێبەجێکردن بەمەرجێ بەقسەیان دەکرێ، کە لەفەرمانی خواو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) یانی: لە قورئان وسوننەت لانەدەن.

ئینجا دیارە فەرمانبەریی کردن بۆ خواو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه و سلم)، وە ملکەچکردن بۆ قورئان وسوننەت، لەسەر هەموو مسوڵمانان پێویستە، لە نێویانداو بگرە لە پێشەوەشیان بەرپرس و کاربەدەستان، کە دەبێت بەرپرس و مشوور خۆرو کاربەدەستانی مسوڵمانان لە هەموو کەس زیاتر پابەند بن بە قورئان و سوننەتەوە، ئەگەرنا ڕەوایەتیی فەرمانبەریی بۆ کران و حوکمڕانیی لە دەست دەدەن، چونکە ئەوان بۆیە حوکمڕانن بەسەر مسوڵمانانەوە، کە شەریعەتی خوایان بەسەردا پیادە بکەن. هەر بۆیە تەنیا کاتێکیش فەرمانیان ڕەوا دەبێ و ڕەوایەتیی

www.alibapir.com



(شرعية)ی حوکمڕانیی لە خۆیان دا دەپارێزن، کە ملکەچ بن بۆ قورئان و سوننەت، وەك لە بنەماکانی سیستمی حوکمڕانیی دا بە تەفصیل باسمان کرد، بەڵام بەس بۆ وێنە دەڵێین: خوای بەرزو مەزن لە سوورەتی (الممتحنة) ئایەتی (١٢)دا کە باسی هاتنی ئافرەتانی بڕوادار بۆلای پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و بەیعەتدانیان بە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەکات، لە کۆتاییەکەیدا دەفەرموێ:

﴿...وَلَا يَعْصِينَكَ فِي مَعْرُوفٍ فَبَايِعْهُنَّ وَاسْتَغْفِرْ لَهُنَّ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢﴾﴾

واتە: وە ئافرەتان بەیعەتت پێ دەدەن کە لە شتی پەسەند و چاك دا لە فەرمانت دەر نەچن، دیارە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) جگە لە شتی پەسەند و جوان فەرمان بە هیچ شتێك ناکات، بەڵام بۆیە خوای دادگەر ئەو قەیدەی خستۆتە ڕوو، تاکو بزانرێ کە ئەگەر بۆ پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە شتی پەسەندو چاك دا نەبێ، گوێ بۆگرتن و بە قسەکردن دروست نەبێت، بۆ غەیری پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) چاکترو زیاتر دەبێت خەڵك چاو وردبکاتەوە، کە لە شتی پەسەند و چاك دا نەبێ، گوێ بۆ بەرپرس و حوکمڕانان ناگیرێ و فەرمانبەرییان ناکرێ، وە فەرمانەکەیان ڕەوا نابێت بە سەر مسوڵمانان دا، هەروەها پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) یش لەو بارەوە گەلێك فەرمایشتی هەن، یەکێك لەوانە ئەوەیە، کە دەفەرموێ:

{إِنَّمَا الطَّاعَةُ فِي الْمَعْرُوفِ}. أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٦٢٢)، وَالبُخَاري برقم: (٦٧٢٦)، وَمُسلم برقم: (١٨٤٠)، والنسائي برقم: (٤٢٠٥).

واتە: بێگومان بە قسەکردن و فەرمانبەریی بۆ کردن، تەنیا لەشتی پەسەند و چاك دایە، واتە: لە شتی پەسەند و چاکدا نەبێت بەقسەی کاربەدەستان و بەقسەی بەرپرسان ناکرێ، یانی نەك هەر دروست نیە و فەرز نیە، بەڵکو دروستیش نیە.

www.alibapir.com


**ڕاستی چوارەم**

## بەرپرس و کاربەدەستانێك لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا فەرمانبەری بۆ کرانیان ڕەواو پێویستە، کە لە خۆیان بن نەك هەر جۆرە بەرپرس و حکومڕانێك:

چونکە خوا (سبحانە وتعالی) دەفەرمویٚ: ﴿أَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ﴾ کەواتە: ئەوانەی دەبن بە کاربەدەست و حوکمڕان و مشوور خۆر لەکۆمەڵگایەکی ئیسلامییدا، کاتێك بەقسەکرانیان و فەرمانبەریی بۆکرانیان فەرز دەبیٚ، کە لە مسوڵمانان بن و ئەهلی ئیمان بن، چونکە خوای زاناو شارەزا زۆر بە ڕوونیی دەفەرمویٚ: ﴿وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ﴾ ئنجا ئایا ئەو ڕاناوی ﴿مِنكُمۡ﴾ە بۆکیٚ دەچێتەوە؟ بێگومان بۆ هەمان ئەو کەسانە دەچێتەوە، کە خوا دواندن (خطاب)ەکەی ئاڕاستە کردوون، ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾ ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە، کەواتە: ئەو ڕاناوی (کُم) دەچێتەوە بۆ ئەهلی ئیمان، ئەی ئیماندارینە! فەرمانبەریی خوا بکەن و فەرمانبەریی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) وە هی کاربەدەستانێك کە لە خۆتانن، واتە: ئەهلی ئیمانن، ئەمە زۆر ڕوونەو لەم ڕاستییەشەوە دەگەینە سیٚ ئەنجامگیریی گرنگ:

**ئەنجامگیریی یەکەم:**

## بابای کافر و نامسوڵمان دروست نیە ببێتە بەرپرسی یەکەمی دەوڵەتی ئیسلامیی و بەرپرسی هیچ کام لە سیٚ دەستەڵاتەکان:

واتە: نابیٚ کەسێك کە ئیمانی نەبیٚ مسوڵمان نەبێت، بەرپرسی دەوڵەتی ئیسلامیی بیٚ بەگشتی، وە بەرپرسی هیچ کام لەوسیٚ دەستەڵاتە نابیٚ: دەستەڵاتی یاسادانان و دەستەڵاتی جێبەجێکردن و دەستەڵاتی دادوەریی، بۆچی؟ چونکە خوا دەفەرمویٚ: کەسانێك دەبیٚ بەقسەیان بکریٚ و فەرمانبەرییان بۆ بکریٚ کە لە خۆتانن، بەڵیٚ کەسێك ئیمانی نەبیٚ و مسوڵمان نەبیٚ، نە بەگشتی

www.alibapir.com


دەبێتە سەرۆکی دەوڵەتی ئیسلامیی و نەدەبێتە سەرۆکی هیچ کام لە سێ دەستەڵاتە سەرەکییەکانی: یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی، دیارە دوایی ئێمە لە تەوەرێکی سەربەخۆدا باسی نامسوڵمانان دەکەین لەژێر سایەی دەوڵەت و حکوومەتێکی ئیسلامییدا، کە چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ؟

**ئەنجامگیریی دووەم:**

**بابای ستەمکار و خۆسەپێن، کە ڕەوایی لە ئیرادەی ئازادانەی کۆمەڵگا وەرناگرێ، نەك هەر فەرمانبەریی بۆ کرانی پێویست نیە، بەڵکو ڕەواش نیە:**

وەك پێشتریش ڕوونمان کردۆتەوە، کەسێك کە خۆی دەسەپێنێت و خۆی فەرز دەکات وە ڕەوایی (شرعیة) لەئیرادەی ئازادانەی خەڵك وەرناگرێ، بەڵکو بەزۆر خۆی دەسەپێنێ ئەوەش مانای وایە لە ئیمانداران نیە، لەو ڕووەوە کە دەبێ بە ئیرادەی ئەوان و ئارەزووو ڕەزامەندیی ئەوان بچێتە سەر حوکم و خۆیان هەڵیبژێرن و ﴿...وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ .. ﴿٣٨﴾﴾ الشورى، مادام لەو ڕووەوە لە ڕێبازی ئەوانی لاداوە، کەواتە شەرعیەتی فەرمانڕەوایەتیی نیە، خوای پەروەردگاریش زۆر بەڕوون و ڕاشکاویی دەفەرموێ: ﴿.. لَا يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ ﴿١٢٤﴾﴾ البقرة ستەمکاران پەیمانی من نایانگرێتەوە، دوای ئەوەی کە ئیبراهیم ((عليه السلام)) داوا لەخوا دەکات کە لە وەچەکەیدا پێشەوایان بۆ خەڵك بڕەخسێنێ، خوای کاربەجێ دەفەرموێ: ﴿.. لَا يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ ﴿١٢٤﴾﴾ ئەوانەی ستەمکاربن پەیمانی من نایانگرێتەوەو بەکەڵکی ئەوەنایەن و شایستەی ئەوە نابن، کە ببن بەپێشەوا بۆ خەڵك.

www.alibapir.com


**ئەنجامگیری سێیەم:**

**بەرپرسێك هەرچەندە پابەند بێ بەشەرعیشەوە، ئەگەر بڕیار و كردارێكی پێچەوانەی قورئان و سوننەتی هەبوو، دروست نیە لەو بڕیارو كردارەیدا فەرمانبەریی بۆ بكرێ:**

بەڵێ حوكمڕان و بەرپرسێك كە شەریعەتیش پیادە دەكات، هەرچەندە بە گشتی پابەندبێ بە شەریعەتیشەوە، بەڵام لەو شتەدا كەلادانی لە شەریعەت تێدایە و تێككگیران لەگەڵ یاسایەكی ڕوونی شەریعەت هەیە، بەقسەی ناكرێ، بۆچی؟ چونكە: پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی:

{إِنَّمَا الطَّاعَةُ فِي الْمَعْرُوفِ}. أَخْرَجَهُ أحمد برقم: (٦٢٢)، والبخاري برقم: (٦٧٢٦)، وَمُسلم برقم: (١٨٤٠)، والنسائي برقم: (٤٢٠٥).

واتە: بێگومان فەرمانبەریی بۆ كردن، تەنیا لەشتی چاك و پەسند دایە.

**ڕاستی پێنجەم**

**لەكاتی كەوتنە نـاكۆكیی و مشـتومڕدا پێویستە، كە قورئان و سوننەت بكرێنە دادوەرو تەرازوو:**

خوای گەورە زۆر بە ڕوون وڕاشكاویی دەفەرموێ:

﴿...فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ..﴿٥٩﴾﴾ النساء

ئنجا ئەگەر لە شتێك دا كەوتنە ناكۆكییەوە، بیگێڕنەوە بۆ لای خواو پێغەمبەری خوا، واتە بیگێڕنەوە بۆ قورئان و سوننەت، ئەم ڕاستیەش بەمشێوەیە لەو ئایەتە وەردەگیرێ و دەفامرێتەوە: خوا زۆر بە ڕوون و ڕاشكاویی دەفەرموێ: (فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ) ئنجا هەركات كەوتنە ناكۆكیی لە هەرشتێك دا

www.alibapir.com


(فَرُدُّوهُ ) دەست بەجێ بیگێڕنەوە (إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ ) بۆ لای خواو پێغەمبەر، دیارە مەبەست لە گێڕانەوە بۆلای خوا، فەرمایشتی خواو کتێبی خوایە، وە مەبەست لە گێڕانەوە بۆلای پێغەمبەریش، ڕێبازو سوننەتی پێغەمبەرە، لێرەدا خوای کاربەجێ فەرمان بە هەموو دوێندراوەکان دەکات، بە هەموو ئەوانەی ئیماندارن، واتە: بە حوکمڕانەکان و خەڵکێك، کە فەرمانبەردارن و فەرمانەکان جێبەجێ دەکەن، بە هەموویان دەفەرموێ: لە کاتێکدا کە کەوتنە کێشەو ناکۆکیی و مشتومڕەوە، کێشەو مشتومڕەکەتان ببەنەوە بۆلای تەرازووی شەریعەت، بۆلای خواو پێغەمبەری خوا، واتە قورئان وسوننەت، لەم ڕستە قورئانییەش سێ ئەنجامگیریی گرنگ بەدی دەکرێن:

**یەکەم:**

هەبوونی کێشەو مشتومڕ لە نێو مسوڵمانان دا شتێکی ئاسایی و سروشتییەو، نابێت کەس پێی شتێکی سەیرو نەگونجاوبێ، کە مسوڵمانان بکەونە کێشەو مشتومڕەوە و ڕاجیایی و ناکۆکییان هەبێ.

**دووەم:**

ئەو کێشەو مشتومڕە، چ لە نێو کۆمەڵگادا بێ، چ لە نێوان بەرپرس و کاربەدەستان خۆیان دا بێت، واتە لەنێوان دەستەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن دا، وە چ لەنێوان کۆمەڵگاو کاربەدەستان دابێ، لەهەموو حاڵەتێکدا پێویستە کێشەکان بگێڕدرێنەوە بۆ لای قورئان وسوننەت، چونکە وشەی (تَنَٰزَعۡتُمۡ ) هەموولایەك دەگرێتەوە، واتە: دەگونجێ کێشەو مشتومڕ بەسێ جۆر پەیدا دەبێ:

١- لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگادا.

٢- لە نێوان بەرپرس و کاربەدەستان خۆیان دا.

ئنجا چ بەرپرس و کاربەدەستانی دەستەڵاتی جێبەجێکردن، یان دەستەڵاتی یاسادانان، یاخود دەستەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان دا.

www.alibapir.com


٣- لە نێوان کۆمەڵگا و کاربەدەستان دا. ئەو کێشەو مشتومڕانە لە هەر شوێنێکەوە سەریان هەڵدا، پێویستە بگێڕدرێنەوە بۆلای تەرازووی شەریعەت و قورئان وسوننەت؟

**سێیەم:**

خوا کە دەفەرموێ: ﴿فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ﴾، لە هەر شتێك دا کەوتنە ناکۆکییەوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، کە هەر شتێکی گەورە یان گچکە لە بواری دنیاداریی و دینداریی دا، مادام مشتومڕو ناکۆکیی لەسەر پەیدا بوو، پێویستە بۆ چارەسەرکردنی بگێڕدرێتەوە بۆ لای تەرازووی شەریعەتی بەرجەستە لە قورئان وسوننەت دا،واتە: هەر شتێك مایەی مشتومڕو ناکۆکیی و ڕاجیایی بێ، بەو تەفسیر و ڕوونکردنەوەیەی پێشتر گوتمان، پێویستە بگێڕدرێتەوە بۆلای قورئان وسوننەت، هەڵبەتە لە کۆی ئەم ڕستە قورئانییەش دا، کە دەفەرموێ:

﴿...فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ ..﴿٥٩﴾﴾

ئاماژە کراوە بە دەستەڵاتی دادوەریی، چونکە لە پێشدا باسی هەردوو دەستەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن دەکات، ئنجا دوایی باسی ئەوە دەکات کە ئەگەر ناکۆکیی پەیدا بوو، کە دیارە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی یاسا و بڕیارەکان دا کێشەو مشتومڕ و ناکۆکیی پەیدا دەبێت و پێویستی بە دەستەڵاتی سێیەم بکات، کە چارەسەری کێشەو تێکگیرانەکان دەکات، کە بریتیە لە دەستەڵاتی دادوەریی.

www.alibapir.com


**ڕاستی شەشەم**

**هەر كەسێك فەرمانبەریی خواو فەرمانبەریی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه و سلم) و هی كاربەدەستانی مسوڵمانی پابەند بە قوڕئان سوننەت و شەریعەتەوە، نەكات، وەلە كاتی كەوتنە دەمەقاڵێ و مشتومڕەوە بۆ چارەسەر، نەگەڕێتەوە لای قوڕئان وسوننەت، ناتوانێ بڵێ بڕوادارم بە خواو بە ڕۆژی دوایی:**

هەركەسێك فەرانبەر نەبێت بۆ خوا وە بۆ پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) پاشان بۆ كاربەدەستانێك كە لە مسوڵمانانن و خۆیان دایان ناون و پابەندن بە قوڕئان وسوننەتەوە، وە پاشان لە كاتی پەیدا بوونی كێشەو مشتومڕێك دا، كێشەو مشتومڕەكەی نەگێڕێتەوە بۆ لای شەریعەتی بەرجەستە لە قوڕئان و سوننەت دا، ناتوانێ بڵێ مسوڵمانم و ئیمانم بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەیە! بەبەڵگەی چی؟ بەبەڵگەی ئەوە، كە خوای كاربەجێ بەڕوونیی وا دەفەرموێ:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ٥٩ ﴾ النساء.

یانی: ئەگەر بڕواتان بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەیە، دەبێ ئەوانەی پێشەوە هەموویان بكەن، ئەگەر نەتانكردن، دیارە بە ئەندازەی ئەوە كە سەرپێچیی دەكەن، ئیمان لە دەست دەدەن، چونكە خوا (سبحانه وتعالى) بانگی بڕواداران دەكات لەسەرەتای ئایەتەكەوە دەفەرموێ: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! (پیاون، ئافرەتن، پیرن، گەنجن، خوێندەوارن، نەخوێندەوارن، حوكمڕانن، فەرمانبەرن، هەموویان) ﴿ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ ﴾، فەرمانبەری خوا بن فەرمانبەری پێغەمبەرو، هی كاربەدەستانێك كە لە خۆتانن ﴿ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ ﴾، ئنجا ئەی ئیماندارینە! هەركاتێك لە شتێك دا كەوتنە ناكۆكیی و دووبەركێ و مشتومڕەوە بیگێڕنەوە بۆ لای خواو پێغەمبەری خوا

www.alibapir.com


(صلى الله عليه وسلم)، ﴿إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ﴾، ئەگەر بڕواتان بە خواو ڕۆژی دوایی هەیە، واتە: ئەگەر بڕواتان بە خوا و بە ڕۆژی دوایی هەیە، ئەوانەی پێشەوە جێبەجێبکەن، ئەوە بەڵگەو نیشانەی ئیمانەکەتانە.

**ڕاستی حەوتەم و کۆتایی**

**فەرمانبەریی کۆمەڵگای مسوڵمان بۆ خواو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)و بۆ کاربەدەستانێکی مسوڵمانی پابەند بەشەریعەتەوە، وە لەکاتی کەوتنە کێشە و ناکۆکیی دا گێڕانەوەی کێشەو ناکۆکییەکان بۆ لای قورئان و سوننەت بۆ چارەسەرکردنیان، ئەوە بۆ ژیانی دنیاشیان باشترە، وە سەرەنجامی دوارۆژیشیان چاکترە:**

ئەمەش خوا زۆر بەڕوونیی دەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا﴾، واتە: ئەوەی ڕابرد بۆ ژیانی دنیاتان باشترە، وە سەرەنجامی چاکترە بۆ قیامەتتان.

دیارە ئەم ڕاستییەش زۆر بە ڕوون و ڕاشکاویی لەکۆی ئایەتە موبارەکەکە وەردەگیرێ، چونکە خوا (سبحانه وتعالى) دوای ئەوەی باسی ئەو شتانەی ڕابردوو دەکات، دەفەرموێ: ئائەوە (ذلك) کە بۆتان باسکرا - کە لەسەرتان فەرز کراوە فەرمانبەریی بکەن بۆخواو بۆ پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و کاربەدەستانێك کە هی خۆتانن وە خۆتان دایان دەنێن، وە پابەندن بە دین و شەریعەتەکەتانەوە، وەپاشان لە کاتێکدا دەکەونە کێشەو مشتومڕەوە، گێڕانەوەی کێشەو مشتومڕەکان بۆ چارەسەرکردنیان بۆ لای تەرازووی شەریعەت و قورئان و سوننەت، ئا ئەوە چاکترە بۆ ژیانی دنیاتان و بەختەوەرانەترو ڕێك و پێکتر دەبێ و دادگەریی باشتر دەچەسپێ و دوور دەبن لە ستەم، وە بۆ دوا ڕۆژیشتان سەرەنجامی باشترە، چونکە بە تەئکید کەسێك کە دنیایەکی باشی نەبێ، دوا ڕۆژێکی باشیشی نابێ، بۆیەش خوا چاکەی دنیای پێش چاکەی قیامەت خستوە:

www.alibapir.com


﴿ رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِي ٱلدُّنۡيَا حَسَنَةٗ وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ حَسَنَةٗ وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ٢٠١ ﴾ .
البقرة

خوایە! لە دنیادا چاکەمان بدەیەو لەدوا ڕۆژیش دا چاکەمان بدەیە.

کەسێك لە دوا ڕۆژ دا سەرنجامی باش دەبێ، کە لە دنیادا چاك بووبێ، کەسێك بەهەشتی خوای بە نسیب دەبێت کە لە دنیادا پابەندی دینی خوا بووبێ، چونکە وەك پێشینان گوتوویانە: (ئینسان چی بچێنێ هەر ئەوەش دەدرووێتەوە)، ئەگەر لە دنیادا چاکەت چاندبێ، ئەوە لە دوا ڕۆژدا باشە دەدرویتەوە، بەڵام لە دنیادا ئینسان خراپە بچێنێ، ئەوە لە دوا ڕۆژدا تەنیا سزاو جەزرەبەی خوا دەدرووێتەوە.

دیارە کە دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ﴾ دەگونجێ تەنیا بگێڕدرێتەوە بۆ ڕستەی کۆتایی کە دەفەرموێ:

﴿ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ﴾ .

دەگونجێ تەنیا تایبەت بێ بەوەوە، واتە: ئەگەر کەوتنە کێشەو مشتومڕێکەوە، ئەگەر بڕواتان بە خوا و بە ڕۆژی دوایی هەیە، بیگێڕنەوە بۆ لای خوا و پێغەمبەر، ئائەوە بۆ ئێوە چاکترە (بۆ دنیا)و سەرەنجامیشی باشترە (بۆ قیامەتتان)، بەڵام هیچ ڕێگرێکیش نیە، کە ﴿ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ﴾، بگەڕێتەوە بۆ کۆی ئەو شتانە، کە لەم ئایەتە موبارەکەدا هاتوون، واتە: فەرمانبەرییتان بۆ خواو بۆ پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)و بۆ کاربەدەستانتان، وە گێڕانەوەی کێشەومشتومڕەکانتان بۆ تەرازووی شەریعەت بۆ چارەسەرکردنیان، ئائەوە بۆ هەمولایەکتان لە دنیاو لە دوا ڕۆژدا هەر ئەوە باشە، چونکە کە دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ﴾، مانای وانیە کە ئەوە چاکترە، بەڵکو یانی هەر ئەوە چاکە، چونکە لە ڕاستییدا لەبەرانبەرەکەیدا بەس خراپە هەیە، بەڵکو کەسێك کە بڕواو بەعەقیدەوە شتەکانی خۆی نەگێڕێتەوە بۆ لای خواو

پێغەمبەرو تەرازووی شەریعەت، واتە: بڕوای پێی نەبێ، یان گومانی تێیدا هەبێ، نەك هەر گوناهبارە، بەڵكو هەر لەبازنەی ئیمانیش دەچێتە دەر، چونكو خوای پەروەردگار زۆر بەڕوون و ڕاشكاویی هەر لە ئایەتی دوای ئەوە ئایەتی (٦٠) لە سوورەتی (النساء)دا دەفەرموێ:

﴿أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزۡعُمُونَ أَنَّهُمۡ ءَامَنُواْ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبۡلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓاْ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ وَقَدۡ أُمِرُوٓاْ أَن يَكۡفُرُواْ بِهِۦ وَيُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُضِلَّهُمۡ ضَلَٰلَۢا بَعِيدٗا ٦٠﴾.

واتە: ئایا سەرنجی ئەوانە نادەی، كە پێیان وایە ئیمانیان بەوە هێناوە، كە بۆتۆ دابەزێنراوە، وە بەوە كە لەپێش تۆدا دابەزێنراوە، كەچی دەیانەوێ دادوەریی خۆیان ببەنە لای طاغووت....دیارە ئەو ئایەتەش بە ڕوونیی ئەوەی لێوەردەگیرێ، كە هەركەسێك بەحاكمیێتی خواو پێغەمبەری خواو شەریعەتەكەیان ڕازی نەبێ، ناتوانێ لافی مسوڵمانەتیی لێ بدات و نەك هەر گوناهبارە، بەڵكو هەر لەبازنەی ئیمان و ئیسلامیش دەچێتە دەر، خوای پەروەردگار پەنامان بدات لەوە كە بە هۆی لادانمان لە شەریعەتەوە، لە بازنەی ئیمان و ئیسلام بچینە دەر، وە سەرەنجام ڕوو ڕەشی دنیاو دوا ڕۆژ بین.

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵتانین
Stay in touch on social media
نحن معكم عبر مواقع التواصل الاجتماعي
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر
AliBapir/عەلی باپیر
archive.org/details/@alibapir
PDF
AliBapir/عەلی باپیر
کەناڵی
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر
AliBapir
Google Play
App Store
www.alibapir.net
کوردی - عربي - English
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر

www.alibapir.com

# یەکەم

## دەستەڵاتی یاسادانان

## ( السلطة التشريعية )

www.alibapir.com

www.alibapir.com


## بــەرێــزان!

ئێمە لە باسی پێشوودا، لەبەر ڕۆشنایی ئایەتی ژمارە (٥٩) لە سوورەتی (النساء)دا حەوت ڕاستیی گرنگمان خستنە ڕوو، وەك چوارچێوەیەكی فراوان بۆ هەر سێ دەستەڵاتەكە، وە باسیشمان كرد كە دوای تێوەڕامان و سەرنجدانی زۆر - بەڕای من - تاكە ئایەتێك كە لە قورئاندا باسی هەر سێ دەستەڵاتەكەی كردبێ، دەستەڵاتی یاسادانان و جێبەجێكردن و دادوەریی، بریتیە لە ئایەتی ژمارە (٥٩)ی سوورەتی (النساء).

ئێستاش ئێمە خوا پشتیوان بێ، دەست دەكەین بە توێژینەوەی دەستەڵاتی یەكەم، واتە: دەستەڵاتی یاسادانان (السلطة التشريعية):

**سەرەتا دەڵێین:** بێگومان ئەركی دەستەڵاتی یاسادانان بریتیە لە دانانی ئەو یاسایانەی، كە كۆمەڵگا لە چوارچێوەی دامەزراوە گشتییەكانی دا، كاروبارەكانی خۆیانیان پێ ڕێك دەخات و دەستەڵاتی یاسادانان، ئەو لایەنەیە كە یاسا دادەنێ و بڕیار دەردەكات بۆ دامەزراوەكانی دیكە، تاكو وڵات وە كۆمەڵگا سەرپەرشتی بكەن و بەڕێوەی بەرن، لەبەر ڕۆشنایی ئەو یاساو بڕیارانەدا، كە دەستەڵاتی یاسادانان دەریان دەكات، كەواتە: دەبێ ئەو لایەنەی كە دەستەڵاتی یاسادانانی بەدەستەوەیە، بەرزترین دەستەڵات بێ، چونكە لە تێكڕای سیستمە دیموكراسییەكاندا دەستەڵاتی یاسادانان، یان ڕاستەوخۆ بەدەستی خەڵكەوەیە، یاخود بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ، ئنجا ئێمە پێشتر باسمان كرد، كە دووەمین بنەمای سیستمی حوكمڕانیی ئیسلامیی ئەوەیە كە {دەستەڵات هی خەڵكە} واتە: ئەوە خەڵكە دەسەڵاتیان بەدەستەوو بڕیار دەدەن چۆن بژین و چی بكەن و چۆن بكەن؟ بەڵێ حوكمڕانیی (الحاكمية) بەمانای یاسادانان و دیاریی كردنی حەڵاڵ و

www.alibapir.com


حەرام، ئەوە تەنیا مافی خوای پەروەردگارەو سەروەریێتی (سیادة) هی خوایە، کە لەشەریعەتەکەی دا بەرجەستە دەبێ، بەڵام دەستەڵات و سوڵتە بەدەستی خەڵکەوەیە، ئنجا ئایا لە دەوڵەتێکی ئیسلامیی و قەوارەیەکی ئیسلامییدا، یاخود لە سیستمی سیاسیی ئیسلام دا، دەستەڵاتی یاسادانان بەدەست کێ وەیە؟

دیارە ئێمە پێشتر باسمان کرد، کە سەروەریی باڵاو حوکمڕانیێتی ڕەها، تەنیا هی خوایەو پێشتر - لەتەوەرەی دووەم - لە کاتی توێژینەوەی بنەماکانی سیستمی حوکمڕانیی ئیسلامیی دا، بە درێژیی باسی ئەو مەسەلەیەمان کرد، کە دیارە سەروەریی باڵاو حوکمڕانیی ڕەها (السیادة العلیا والحاکمیة المطلقة) بۆ خوا (سبحانه وتعالی) لەشەریعەتەکەی دا بەرجەستە دەبێ، شەریعەتی بەرجەستە لە قورئان و سوننەت دا.

کەواتە: لە دەوڵەتێك و کۆمەڵگایەکی ئیسلامییدا، پێویستە شەریعەتی خوا (سبحانه وتعالی) بەرزترین دەستەڵاتی هەبێ و سایەو سێبەریان بێ، بۆ ئەوەی کە سەروەریێتیی و حوکمڕانیێتی خوا (سبحانه وتعالی) بەرجەستە ببێ، کە دیارە ئەوە لە کاکڵەی ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی و خوا بەیەکگرتنە، وەئەگەر تەماشای ئایەتەکانی قورئان بکەین، زۆر بەڕوون و ڕاشکاویی خوا (سبحانه و تعالی) ئەو حەقیقەتەی خستۆتە ڕوو، کە دەبێ فەرمانڕەوایەتیی سەروەریێتی باڵاو ڕەها تەنیا بۆ خوا (سبحانه وتعالی) بێ، بۆ وێنە:

١- **لە سوڕەتی یوسف** ئایەتەکانی: (٣٩،٤٠)دا یوسف (علیه السلام) لە کاتی دواندنی دووهاوەڵە زیندانییەکەیدا دەفەرمویێ:

﴿ءَأَرْبَابٌ مُّتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ أَمِ ٱللَّهُ ٱلْوَٰحِدُ ٱلْقَهَّارُ ﴿٣٩﴾ مَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ أَسْمَآءً سَمَّيْتُمُوهَآ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَٰنٍ ۚ إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ۚ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّآ إِيَّاهُ ۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٤٠﴾﴾

یوسف علیه السلام دوو هاوەڵە زیندانییەکەی دەدوێنێ و بانگیان دەکات بۆ خوا بەیەکگرتن و پێیان دەڵێ: ئایا چەند سەرپەرشتیار و چەند پەروەردگارێکی جیاجیا باشترن، یاخود خوای تاکی مل پێکەچکەر؟ ئێوە جگە لە چەند ناوێك

www.alibapir.com


کە خۆتان و باب و باپیرانتان ناوتان ناون، هیچی دیکە ناپەرستن، ئەوناوانەی کە خوا هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نەناردوونەتە خوار، حوکم تەنیا هی خوایە، لێرەدا حوکم بەمانای حوکمڕانیی واتە: دەستەڵاتی سیاسیی نیە، بەڵکو بە مانای حوکمڕانیی یاسادانانە، واتە: دەبێ تەنیا خوا (سبحانه وتعالی) حەڵاڵ و حەرام دابنێ تەنیا خوا شایستەی ئەوەیە، کە بۆتان دیاریی بکات چی بکەن و چۆن بکەن و چۆن بژین و حەڵاڵ چیەو حەرام چیەو، چاکە چیەو خراپە چیەو، ڕاست چیەو چەوت چیە؟ پاشان دەفەرمویٚ: ﴿أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ﴾، خوا فەرمانی کردوە کە جگە لەو نەپەرستن ﴿ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ﴾، ئا ئەوە دینی ڕاستە، دینداریی ڕاست ئەوەیە کەتەنیا خوا بپەرسترێ، وە کاتێکیش تەنیا خوا دەپەرسترێ، کە حوکمڕانێتی بەمانا تەشریعییەکەی، تەنیا هی خوا بێ، ﴿وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ﴾، بەڵام زۆربەی خەڵکەکە نازانن.

**٢- لە سووڕەتی (الشورى)** دا خوا (سبحانه وتعالی) دەفەرمویٚ:

﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ۚ وَلَوْلَا كَلِمَةُ ٱلْفَصْلِ لَقُضِىَ بَيْنَهُمْ ۗ وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٢١﴾﴾

واتە: ئایا چەند هاوبەشێکیان هەن کە دینێکیان بۆ داناون خوا مۆڵەتی لەسەر نیە؟ واتە: تەنیا خوا دەبێ دینیان بۆ دابنێ، ئەگەرنا هەرکەسێکی دیکە غەیری خوا، دین و بەرنامەی لێوەربگیرێ، مانای وایە کراوە بە هاوبەشی خواو براوەتە ڕیزی خوا ﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ﴾، واتە: ئایا ئەوان چەند هاوبەشێکیان هەن، چەند کەسێکیان کردووە بە هاوبەشی خوا، لە پەرستران دا، لە مل بۆ کەچکران و لە وەك خوا سەیرکراندا، کە شتێکیان لە دین بۆ داناون خوا ئیزنی لەسەر نیە ﴿وَلَوْلَا كَلِمَةُ ٱلْفَصْلِ لَقُضِىَ بَيْنَهُمْ ۗ وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾، وە ئەگەر ئەوە نەبوایە، کە پێشتر خوا بڕیاری داوە، لە دوا ڕۆژدا خەڵك لێك جیا دەکاتەوە (کاو، دان) لەیەك هەڵداوێرێ و پیس و پاك لەیەك جیادەکاتەوە (لَقُضِىَ بَيْنَهُمْ) - ئەگەر ئەو بڕیارە پێشتر نەدرابووایە- لەسەر ئەو تاوانە هەر لە دونیا دا دادوەرییان لە نێواندا دەکرا،

www.alibapir.com


﴿ وَإِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ ﴾، وە بێگومان ستەمكاران ئازارو سزایەكی بە ئێشیان هەیە، ئنجا ئایا كێ ستەمكارە؟ ئەوانەن كە غەیری خوا وەك خوا تەماشا دەكەن، وەك چۆن خوا (سبحانه وتعالى) مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێ، كە دەبێ چاك و خراپ و حەڵاڵ و حەرام، ئەو دیارییان بكات و، هەر ئەوپەڕی ملكەچی بۆ پێشان بدرێت، ئەوان دێنن بۆ غەیری خواش (سبحانه وتعالى) هەمان شت دەكەن ئەوانە ستەمكارانن.

٣- وە لە **سووڕەتی (التوبة)** ئایەتی (٣١)دا خوا (سبحانه وتعالى) دەربارەی جوولەكەو نەصڕانییەكان دەفەرموێ:

﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗاۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ سُبۡحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ٣١ ﴾ .

واتە: ئەوان[1] زاناكانی خۆیان و ڕەبەنەكانیان[2] كردن بە پەروەردگارو سەرپەرشتیار (مِّن دُونِ ٱللَّهِ ) لە جیاتی خوا، یان لەگەڵ خوا (وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ ) وە مەسیحی كوڕی مەریەمیان كردە پەروەردگاری خۆیان و بەندایەتییان بۆ كردن و پەرستنیان بۆ ئەنجامدان (وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗا) فەرمانیشیان پێ نەكرابوو هیچ شتێك بپەرستن جگە لەیەك پەرستراو، كە خوایە (لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ سُبۡحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشۡرِكُونَ )، جگە لە و، هیچ پەرستراو نین پاكیی بۆخوا لەوەی، كە دەیكەن بە هاوبەش بۆ خوا.

فەرمایشتێكی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) كە لە (سنن الترمذي) و (المسند)ی (أحمد)دا هاتوە زۆر جوان واتای ئەم ئایەتە قورئانییەمان بۆ دەردەخات، ئەویش ئەوەیە كە (عدي) كوڕی (حاتم الطائي) دەچێ بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) خاچێكی زیوی لەمل دا دەبێ دەڵێ:

---

(١) الأحبار جمع حبر: العالم، المعجم الوسيط، ص١٥١.

(٢) الرهبان جمع راهب: المتعبد في صومعةٍ من النصارى يتخلى عن أشغال الدنيا و ملاذها.المعجم الوسيط ، ص٣٧٦.

www.alibapir.com


کە چوومە خزمەت پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە:

﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗاۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ سُبۡحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ٣١ ﴾.

دەڵێ منیش گوتم: (إنهم لم يعبدوهم) جوولەکەو نەصرانییەکان - کە خۆیشی نەصرانیی بووە - زاناکان و ڕاهیبەکانی خۆیانیان نەدەپەرست، پێغەمبەری خواش (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: با، حەڵاڵیان لێ حەرام دەکردن و حەڕامیشیان بۆ حەڵاڵ دەکردن، ئەوانیش شوێنیان دەکەوتن، ئا ئەوەش پەرستنیان بوو بۆیان. ئەمەش دەقی فەرموودەکەیە:

{عن عدي بن حاتم أنه لما بلغته دعوة رسول الله (صلى الله عليه وسلم) فرَّ إلى الشام وكان قد تنصر في الجاهلية... فقدِم عدي المدينة.. فدخل على رسول الله وفي عنق عدي صليب من فضة، وهو يقرأ هذه الآية: {اتخذوا أحبارهم ورهبانهم أربابا من دون الله....} قال: فقلت: إنهم لم يعبدوهم! فقال: بلى، أنهم حرَّموا عليهم الحلال، وأحلّو لهم الحرام، فاتَّبعوهم فذلك عبادتهم إياهم} (أخرجه الترمذي برقم: (٢٩٥٣)، وإبن حبان برقم: (٧٣٦٥)، وحسّنهُ الألباني).

کەواتە: هەرکەسێك لە حەڵاڵ و حەڕامدا بەدوای حیزبێك یان کەسێك یان ڕژێمێك بکەوێ، ئەوە پەرستوویەتی، چونکە ئەو دەڵێ: ئەو شتە حەڵاڵە بیکە، ئەو شتە حەڕامە مەیکە، ئەویش بەقسەی دەکات کە ئەوەش ئەوپەڕی ملکەچیە، تۆ بە ئەمرو نەهی کەسێکەوە پابەند بی، مانای وایە ئەوپەڕی ملکەچییت بۆی هەیە، پەرستن و بەندایەتییش ئەو پەڕی ملکەچییە، پەرستن ئەوەیە کە ئەو پەڕی خۆش ویستن و لێترسان و بەگەورە گرتن و مل بۆ کەچکردن، یاخود یەکێکیان بۆ کەسێك هەبێت، ئەوە پێی دەگوترێ پەرستن.

www.alibapir.com


بەڵام لێرەدا نابێت ڕاستییەکمان لە بیر بچێ کە ڕاستییەکی زۆر گرنگە، وە بێ ئاگابوون لەو ڕاستییە ئینسان تووشی ئەنجامگیریی هەڵە دەکات، ئەویش ئەوەیە کە یاساکانی شەریعەت بە گشتی دوو جۆرن، واتە: ئەو یاسا شەرعییانەی کە لە قورئان و سوننەت دا هاتوون، دوو جۆرن:

**جۆری یەکەمیان:**

ئەو یاسایانەن کە پەیوەستن بە بوارەکانی بووناسیی، ئیمان عەقیدە و خواپەرستیی - بەمانا تایبەتییەکەی - و خوو ڕەوشت و باری کەسێتیی (وەکو نیکاح و تەڵاق و میرات) ئنجا ئەم جۆرە لە یاساکانی شەریعەت، مەگەر چۆن دەنا نوختەیان تێدا خراوەتە سەر پیت و وردو درشتیان ڕوونکراوەتەوە، هەر لێرەشەوە کە زانایان وەك بنچینەیەك هەڵیان هێنجاوە کە دەڵێن: (تفصیل في الثوابت) ئەو شتانەی کە نەگۆڕن لە شەریعەت دا تەفصیلی پێداون ڕوونی کردونەتەوەو نوختەی تێدا ختسوونە سەرپیت، وەك پێشتریش ئەو مەسەلەیەمان باس کردوە، یانی خوا (سبحانە وتعالی) لە بواری بوناسیی و ئیمان عەقیدەو عیبادەت و ئەخلاق و باری کەسێتیی دا، بۆشایی نەهێشتۆتەوەو نوختەی ختسۆتە سەر پیت، مەگەر لە چۆنیەتی جێبەجێکردنیان و پراکتیزەکردنیان، یان هەندێ وردەکاریی و تەفاصیلی زۆر ورددا، ئەگەرنا لە ڕاستیدا هەموو ئەو بوارانە نوختەیان تێدا خراوەتە سەر پیت.

**جۆری دووەمیان:**

ئەو یاسایانەن کە پەیوەندییان بە بواری هەڵسو کەوتەکان و عادەت و نەریتەکان (المعاملات و العادات)ەوە هەیەو ئەم جۆرەیان بە پێچەوانەی جۆری یەکەمەوە، بەئاماژە پێکردن و دانانی چوار چێوەی فراوان و هێڵی گشتی، وازیان لێهێنراوەو وەك زانایان گوتوویانە: (إجمال في المتغیرات) ئەو شتانەی کە دەگۆڕێن شەریعەت بە کورتی باسی کردوون، بەڵکو زۆر جار هەر ئاماژەی بۆ کردوون و چوارچێوە فراوانی بۆ داناون و نەهاتوە بچێتە نێو وردەکارییەکانەوە، بۆچی؟ چونکە زۆر دەگۆڕێن، ئنجا ئەو شتانەی کە نەگۆڕن، بە زۆریی لەبواری

www.alibapir.com


بونناسیی و ئیمان وعەقیدەو عیبادەت و ئەخلاق دان کە پەیوەندییان بەڕووح و جەوهەری ئینسانەوە، یاخود جەوهەری ژیانەوە هەیە، بەڵام ئەو شتانەی کە دەگۆڕێن بە زۆریی پەیوەندییان بە لایەنی ماددیی ژیان و گوزەرانەوە هەیە، وەك: حوکم و سیاسەت و ئابووریی و جەنگ و ئاشتی و کۆمەڵایەتی و، بەکورتیی: لایەنی مامەڵەکردن لەگەڵ ماددەو ژیان و گوزەرانی دنیادا.

ئنجا لێرەدا ئێمە وەڵامی ئەو پرسیارەمان چنگ دەکەوێ، کە لەوبارەوە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، دەڵێ: دەقەکانی شەریعەت، واتە: قورئان و سوننەت، سنووردارن، بەڵام ڕووداوو پێشهاتەکان بێسنوورن - هەڵبەتە لە لای خوا (سبحانه وتعالى) هەموو شتێك سنوورێکی هەیە، بەڵام بۆ ئێمە سنوورو کۆتاییان دیار نیە - باشە چۆن دەقەکانی قورئان سوننەت کە سنووردارن، دەفریای ئەو هەموو ڕووداوو پێشهات و گۆڕانکارییانە دەکەون، کە بۆ ئێمە بێ سنوورن، بە واتایەکی دیکە چۆن دینێکی وەستاو دەفریای ژیانێکی گۆڕاو دەکەوێ!؟ هەڵبەتە ئێمە بە تێگەیشتن و دەرککردنی ئەو حەقیقەتە، کە یاساکانی شەریعەت یەك جۆر نین، بەڵکو دوو جۆرن و شەریعەت یاسای نەگۆڕی داناون بۆ ئەو شتانەی کە ناگۆڕێن لەژیان و ئینسان دا، وە یاسای گۆڕاوی داناون، یاخود تەنیا ئاماژەی کردووەو چوار چێوەی فراوانی داناوە بۆ ئەو شتانەی کە دەگۆڕێن لە ژیانی ئینسان دا.

بەڵێ ئێمە دوای ئەوەی لەو حەقیقەتە حاڵی دەبین، وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەست دەکەوێ. ئنجا لە ڕاستیدا نە دین هەمووی نەگۆڕەو نە ژینیش هەمووی گۆڕاوە! ژیانیش هەندێ شتی تێدایە ناگۆڕێ: مانگ و خۆر هەر لە شوێنی خۆیانن، خەڵك هەر هەوا هەڵدەمژێ و پێویستی بە خەوو خواردن هەر هەیەو پێویستیی بە هاوسەرگیریی هەر هەیە، جەستە پێویستی بە خۆراك هەیە، ڕووح پێویستی بە خۆراك هەیە، کۆمەڵێك شت هەن لە ژیانی ئینسان دا ناگۆڕێن، ئنجا کۆمەڵێك شت هەن لە دینیش دا دەگۆڕێن و دینیش هەمووی نەگۆڕ (ثابت) نیەو گۆڕاو (متغير)یشی هەیە، بۆ وێنە: مامەڵە لەگەڵ خوادا ناگۆڕێ: ئیمان و عەقیدە نەگۆڕە، بڕوا بەڕۆژی دوایی و بەهەشت و دۆزەخ چەند ڕاستییەکی نەگۆڕن، بەندایەتیی کردن بۆ خوا (سبحانه وتعالى)

www.alibapir.com


ڕكووع و سەجدەو ڕۆژوو حەج و ئەو عیبادەتانەی مامەڵەكردنن لەگەڵ خوادا، ناگۆڕێن وە هەندێ ئەخلاق و بەهای بەرزمان هەن ناگۆڕێن: ڕاستیی هەر ڕاستییە، درۆ هەر درۆیە، خیانەت هەر خیانەتە، ئەمانەت هەر ئەمانەتە، ئەوانە ناگۆڕێن، هەروەها لە بواری باری كەسێتیی دا.. بەڵام ئەو شتانەی كە دەگۆڕێن، شەریعەت یاسای وای بۆ داناون، یاخود هەر یاسای بۆ دانەناون، بەڵكو چوارچێوەی فراوانی بۆ داناون و بۆشایی زۆری بەجێ هێشتوە، بۆ عەقڵی ئینسان بۆ گەشەكردنی ژیان.

هەڵبەتە ئێمە لە كتێبی: { تەوژمی ئیسلامیی و عەلمانیی و خاڵە هاوبەش و جیاوازەكانیان}دا بە تەفصیلٚ و وردتر باسی وەستان و گۆڕان لە دین و ژینداممان كردوە.

ئینجا ئێمە لێرەدا دەڵێین: وەك چۆن بناغە لە ئیمان و عەقیدە و عیبادەت و ئەخلاق و هەڵسوكەوت و باری كەسێتییدا، بریتیە لە وەستان و شوێن كەوتنی دەقەكانی شەریعەت، بە پێچەوانەوە بناغە لە هەڵسوكەوت و عادەتەكان دا، بریتیە لە ڕەوایی و دەستكراوەیی، وە هیچ شتێك لەو بوارەدا قەدەغە نیە، مەگەر دەقێكی ڕوون و بێ چەند و چوونی شەریعەت قەدەغەی كردبێ، ئەوە بنەمایەكی زۆر گرنگە و زۆر كەس لەوانەی كە ڕەخنە لە ئیسلام دەگرن و لە پشت پەردەی ڕەشەوە تەماشا دەكەن، لە ئەنجامی بێ ئاگاییان لە شەریعەت و لەئەنجامی ئەوەیە كە نازانن یاساكانی شەریعەت هەر یەك جۆر نین، بەڵكو دوو جۆری سەرەكیین، وەك باسمان كرد، بەڵكو پێیان وایە كە شەریعەت وەختی خۆی چی گوتوە هەر ئەوەیە! نازانن كە نەخێر وەك (عمر بن عبدالعزیز) ڕەحمەتی خوای لێبێ گوتوویەتی: (تَجِدُّ للناسِ مِنَ الأَقضيةِ بِقَدَرِ مَا تَجِدُّ لَهُم مِنَ القَضَايا).

بڕیاری تازە بۆ خەڵك پەیدا دەبن بە ئەندازەی ئەوەی كە كێشەو گرفتی تازەیان بۆ پەیدا دەبن، وەلە ڕاستیدا ئەگەر وا نەبوایە دین لە ژین بە جێ دەما، دین بۆچی لەژین بە جێ نامێنێ؟! بە هۆی ئیجتیهادەوە، بە هۆی ئەوەوە كە زانایان بە هۆی ئەو پێشهاتە تازانەی كە دێنە پێش، تەماشای قوڕئان سوننەت دەكەنەوە، ئەو قوڕئان و سوننەتەی كەلەبارانیان دا هەیە، هەتا دنیا بە كۆتا دێ یاسای تازە و بڕیاری تازەیان لێ هەڵبهێنجرێن، بۆ ئەو شتانەی كە گۆڕانیان بەسەر دا دێت لە ژیانی ئینسان دا، بەڵكو لە بواری دینداریی و دنیاداریی دا.

www.alibapir.com


هەڵبەتە پێشتریش ئەو بابەتەمان باسکردوە، بەڵام بە پێویستی دەزانم بەم بۆنەشەوە ئەو قسەیەی (إبن تيمية) ڕەحمەتی خوای لێبێ دووبارە بکەینەوە، کە باسی ئەم مەسەلەیە دەکات و دەڵێ:

(أَنَّ الْأَصْلَ فِي الْعِبَادَاتِ التَّوْقِيفُ , فَلَا يُشْرَعُ مِنْهَا إلَّا مَا شَرَعَهُ اللَّهُ تَعَالَى وَإِلاَّ دَخَلْنَا فِي مَعْنَى قَوْلِهِ: ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُا۟ شَرَعُوا۟ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ﴿٢١﴾ ﴾ شورى، وَالْعَادَاتُ الأَصْلُ فِيهَا الْعَفْوُ, فَلا يُحْظَرُ مِنْهَا إلاَّ مَا حَرَّمَهُ اللهُ وَإِلاَّ دَخَلْنَا فِي مَعْنَى قَوْلِهِ ﴿ قُلْ أَرَءَيْتُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ لَكُم مِّن رِّزْقٍ فَجَعَلْتُم مِّنْهُ حَرَامًا وَحَلَٰلًا ﴿٥٩﴾ ﴾ يونس).[1]

واتە: بناغە لە خوا پەرستییەکان دا بریتیە لەوەستێنران و ڕەوا نیە لە عیبادەتەکاندا، مەگەر ئەوەی کە خوا دایناب‌ێ و بە ڕەوای دانابێ، ئەگەرنا دەچینە نێو مانای فەرموودەی خوای بەرز، کە دەفەرموێ:

﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُا۟ شَرَعُوا۟ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ﴿٢١﴾ ﴾ شورى.

واتە: ئایا چەند هاوبەشێکیان هەن دینێکیان بۆ داناون کە خوا مۆڵەتی لەسەر نیە؟ واتە: هەر شتێك لە بواری عیبادەت دا زیاد بکرێ، مانای وایە ئێمە لەگەڵ ئەم ئایەتەدا تێکگیراین و بەسەرمان دا جێبەجێ بووە، بەڵام بە پێچەوانەوە هەڵسوکەوتەکان بناغە تێیان دا بریتیە لە ڕێ پێدران، {لە بواری عیبادەت دا، ئەصڵ وەستێنرانە و قەدەغەبوونە، مەگەر ئەوەی کە خوا دایناب‌ێ، بەڵام بناغە لە هەڵسوکەوتەکان دا بریتیە لەڕێ پێدران و ڕەوایی} وە هیچ شتێك قەدەغە نیە مەگەر ئەوەی کە دەقێکی شەرعی قەدەغەی کردبێ ئەگەرنا فەرمایشتی خوامان بەسەردا دەچەسپێ کە دەفەرمووێ:

﴿ قُلْ أَرَءَيْتُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ لَكُم مِّن رِّزْقٍ فَجَعَلْتُم مِّنْهُ حَرَامًا وَحَلَٰلًا قُلْ ءَآللَّهُ أَذِنَ لَكُمْ ۖ أَمْ عَلَى ٱللَّهِ تَفْتَرُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾ يونس.

ئایا دەبینن ئەو ڕزقەی کە خوا بۆی ناردوونە خوار، هەندێکیتان هەر لەخۆوە بە حەرام و هەندێکتان بە حەڵاڵ داناوە، بڵێ: ئایا خوا مۆڵەتی پێداون، یاخود بەناوی خواوە درۆ هەڵدەبەستن؟

---

(١) القواعد النورانية الفقهية، ص ١١٢

www.alibapir.com


# چۆنیەتی مامەڵکردنی

## پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)

## لەبواری یاسا دانان دا

شتێكی ئاشكرایە كە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) سەرمەشقی ئێمەیە بۆ دینداریی و مسوڵمانەتیی بەهەموو بوارەكانیەوە و، خوا (عز وجل) ناردوویەتی كە ئێمە شوێنی بكەوین و، بیكەینە سەرمەشق و پێشڕەومان، وەك دەفەرموێ:

﴿ لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ ﴿٢١﴾ ﴾ الأحزاب

واتە: بێگومان لە پێغەمبەری خوادا بۆ ئێوە سەرمەشقییەكی باش هەیە: هەروەها پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) وێڕای ئەوە كەسەرمەشقمانە بۆ دینداریی و دنیادارییمان سەرۆكی یەكەمین دەوڵەتی ئیسلامییش بووە، ئەو دەوڵەتەی كە لە مەدینە بەردی بناغەی داناو دایمەزراند، ئنجا كاتێك ئێمە سەرنج دەدەینە سیرەو ژیانی ئەو پێغەمبەری خوایە (صلى الله عليه وسلم) كە سەرمەشقمانە لە لایەن خوای پەروەردگارەوەو دەبێ چاوی لێبكەین لەهەموو شتێكدا، پاشان سەرۆكی یەكەم دەوڵەتمانە، چی دەبینین لە بواری دەستەڵاتی یاسادانانداو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) چۆن مامەڵەی كردوە؟ هەڵبەتە شتێكی ئاشكرایە كە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) هەرسێ دەستەڵاتەكەی: یاسادانان و جێبەجێكردن و دادوەریی بەگشتی لە دەستی خۆیدا بوون، چونكە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) پارێزراوە لە هەڵە، بەڵام

www.alibapir.com


کە دەشڵێین دەستەڵاتی یاسادانان لە دەست خۆیدا بووە، واتە: ئەوەی کە وەحی نایفەرموێ، ئەوەی وەحی فەرموویەتی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) هەر جێبەجێکردنی لەسەر بووە، وە کە دەشڵێین دەستەڵاتی جێبەجێکردن لە دەست خۆیدا بووە، واتە خۆی سەر پەرشتیی جێبەجێکردنی کردوە، ئەگەر نا، وە نەبێ بۆ خۆی هەموو کارەکانی کردبێ!

ئنجا بابزانین پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) چۆن لەوبوارەدا کاری کردوە وەك سەرۆکی یەکەمین دەوڵەت؟! ئێمە سێ شتان دەبینین لە ژیانی پێغەمبەری خوادا (صلی الله علیه وسلم) لەو بوارەدا:

١- هەر ڕێنمایی و یاسایەك لە ڕێی وەحییەوە بۆی دابەزیبێ، یەکسەر جێبەجێی کردووە: حاکمێتی ڕەها هی خوایە و سەروەرێتیی باڵا هی خوای بێ وێنەیە، کە لە وەحییەکەیدا بەرجەستە دەبێ، بۆیە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) هەر شتێکی لە خواوە بۆ دابەزیبێ، هەر ڕێنماییەك و هەر یاسایەك، بێ سێ و دوو جێبەجێی کردوە، وەك لەوبارەوە فەرموویەتی:

﴿ ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٍ مِّنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٨﴾ ﴾ الجاثية.

واتە: دوایی تۆمان لەسەر بەرنامەیەك لە خۆمانەوە دانا، دەجا شوێنی بکەوەو بە دوای ئارەزووی ئەوانە مەکەوە کە نازانن، بەڵێ پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لەبەرانبەر جێبەجێکردنی ئەو فەرمانانەدا کە لە خواوە بۆی دابەزیون، هیچ مافی هەڵبژاردن و سەرپشکبوونی نەبووە.

هەروەها لە سوورەتی (النساء)دا خوا دەفەرموێ:

﴿ إِنَّا أَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِتَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ بِمَا أَرَاكَ اللَّهُ ۚ وَلَا تَكُن لِّلْخَائِنِينَ خَصِيمًا ﴿١٠٥﴾ ﴾ النساء.

واتە: ئێمە بەهەق کتێبمان دابەزاندۆتە سەر تۆ، تاکو بەو شێوەیەی خوا پیشانت دەدات دادوەریی لەنێوان خەڵك دا بکەی، وە ئەوانەی کە خائینن تۆ

www.alibapir.com


بەرگرییان لێ مەکە! واتە: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) مولزەم بووە بەوەی کە بەو شێوەیەی خوا پێشانی دەدا لە شەریعەتەکەیدا، بەو شێوەیە دادوەریی بکات لە نێوان خەڵك دا، وەکەسێك کە ناپاکە، بەرگریی لێ نەکات. ئاشکراشە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) هەرکەسێك زانیبێتی غەیان و ناپاکە بەرگریی لێنەکردوە، بەڵام جاری وابووە کەسێك هەرچەندە خائین بووە، بەڵام بەزمانی لووسیی وا خۆی پێشانی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) داوە، کە پاکە، ئەویش بەرگریی لێکردوە، هەڵبەتە ئەم ئایەتە موبارەکە هۆی هاتنە خوارەوەکەی بەسەرهاتێکە، کورتەکەی ئەوەیە کە جوولەکەیەك و مسوڵمانێکی ڕواڵەتیی دەبێتە کێشەیان، پێغەمبەری خواش (صلى الله عليه وسلم) لەبەر ئەوەی بەپێی ڕواڵەت، حاڵ، لە قازانجی مسوڵمانە ڕواڵەتییەکە دەبێت، حەقەکە دەداتە مسوڵمانەکە، لە حاڵێك دا کە مسوڵمانەکە خەتا بارە و جوولەکەکە لەسەر حەقە، دوایی خوای دادگەر نۆ (٩) ئایەت دەنێرێتە خوار لەسوورەتی نیسائدا کە ئەمە ئایەتی یەکەمە، بۆی ڕوون دەکاتەوە کە: نەخێر حەق لەلای جوولەکەکەیە، وە مسوڵمانە ڕواڵەتییەکە کە مسوڵمانێکی دڵنەخۆش بووە، خەتا بارە(١). ئەوە شێوەی یەکەمی هەڵسوکەوتکردنی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە بواری یاسادانان دا، کە هەرچی خوا بۆی دابەزاندبێ، بێ سێ و دوو جێبەجێی کردوە.

٢- وە هەر مەسەلەیەکی هاتبێتە پێش، زانیبێتی کە پێویستە بۆ مامەڵە لەگەڵ کردنی چاوەڕێی وەحی بێ، چاوەڕێی کردوە بەبێ هاتنی وەحی هەنگاوی نەناوە: بەڵگەمان چیە ؟

**یەکەم:** لە مەسەلەی قیبلەدا کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) زۆر پێی خۆشبوو دوای ئەوەی چوو بۆ مەدینە، شازدە حەڤدە مانگ ڕوو بە (البيت المقدس) نوێژی دەکرد، بۆ مسوڵمانان و زۆر حەزی دەکرد خوای پەروەردگار

---

(١) بڕوانە: سنن الترمذي: ٣٠٣٦، جامع البيان للطبري: ١٠٤١٦، والمستدرك للحاكم (٣٨٥/٤-٣٨٨)، و الدر المنثور للسيوطي (٣٨٢/٢)، وحسنه الألباني.

www.alibapir.com


فەرمانی پێ بکات ڕووی پێوەر بسووڕێنێت بەرەو کەعبە کە قیبلەی (ابراهیم) بووە (علیه الصلاة والسلام) وە یەکەم ماڵی خوا بووە لەسەر زەوی، وەك هەرکام لە (بخاری) و (مسلم) لە (صحیح)ەکانی خۆیان دا هێناویانە(١)، بەڵام خوای کاربەجێ تا شازدە حەڤدە مانگ ئەو فەرمانەی بۆ نەنارد، وەك دەفەرموێ:

﴿ قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي ٱلسَّمَآءِ ۖ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَىٰهَا ۚ فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ ۚ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّوا۟ وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُۥ ۗ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ لَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ ۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَـٰفِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ ﴿١٤٤﴾ ﴾ البقرة

واتە: ئێمە ڕوو وەرسووڕاندن و تەماشا کردنی تۆ بەرەو ئاسمان دەبینین، {پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) تەماشای ئاسمانی دەکرد کە کەی وەحی بۆ دێ؟} واتە: بە تەئکید ڕووت پێ وەردەسووڕێنین بەرەو ڕووگەیەك کە دڵپەسەندی تۆیە {کە کەعبە بوو} ڕووی خۆت وەرسووڕێنە بەرەو مزگەوتی حەڕام {نەك هەر ئێستا کە ئەوکاتە لە مەدینە بوون} لەهەر شوێنێکیش بوون، هەر ڕووتان بکەنە کەعبە لە کاتێك دا کە نوێژ دەکەن .

کەواتە: پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) هەرچەند پێی خۆش بووە ڕوو لە کەعبە بکاتەو، بەڵام نەخێر بە پێخۆشبوونی خۆی نەکردوە، تاکو خوای زانا فەرمانی پێکردوە.

**دووەم:** هەروەها لە سووڕەتی (البقرة)دا خوای زاناو شارەزا فەرموویەتی:

﴿ يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ ۖ قُلْ فِيهِمَآ إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَـٰفِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَآ أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا ۗ وَيَسْـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلِ ٱلْعَفْوَ ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْـَٔايَـٰتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١٩﴾ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ ۗ وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْيَتَـٰمَىٰ ۖ قُلْ

---

(١) عن البراء قال: لما قدم رسول الله (صلى الله عليه وسلم) المدينة صلى نحو بيت المقدس ستة عشر أو سبعة عشر شهراً، وكان يحب أن يوجَّه إلى الكعبة، فأنزل الله تعالى ﴿ قَدْ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي ٱلسَّمَآءِ ۖ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَىٰهَا ﴾، البخاري: ٦٨٢٥، ومسلم: ٥٢٥.

www.alibapir.com



إِصۡلَاحٞ لَّهُمۡ خَيۡرٞۖ وَإِن تُخَالِطُوهُمۡ فَإِخۡوَٰنُكُمۡۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ ٱلۡمُفۡسِدَ مِنَ ٱلۡمُصۡلِحِۚ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَأَعۡنَتَكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ﴿٢٢٠﴾ ﴾ .

وەك دەبینین: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) پرسیاری لێكراوە لە لایەن هاوەڵانی بەڕێزیەوە لەبارەی چەند شتێكەوە، خوای زانا وەڵامی داوەتەوە، لە خۆوە وەڵامی نەداوەتەوە:

١) ﴿ يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِۖ قُلۡ فِيهِمَآ إِثۡمٞ كَبِيرٞ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَإِثۡمُهُمَآ أَكۡبَرُ مِن نَّفۡعِهِمَا ﴾ .

پرسیارت لێ دەكەن دەربارەی شەڕاب و قومار بڵێ: گوناهێكی گەورەیان تێدایەو چەند سوودو بەرژەوەندیەكیشیان بۆ خەڵكی تێدان (كە بازرگانییان پێوە دەكەن)، وە گوناهیان گەورەترە لە سوودیان، كە ئەوە ئاماژەیەكە بۆ ئەوە كە وازیان لێ بێنن[1].

٢) ﴿ وَيَسۡـَٔلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ قُلِ ٱلۡعَفۡوَۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّكُمۡ تَتَفَكَّرُونَ ﴾ .

وە پرسیارت لێ دەكەن: چی ببەخشن؟ بڵێ: ئەوەی كە لە پێداویستیی خۆتان و ماڵ ومنداڵتان زیادەو پەكتان ناكەوێ، لەوە ببەخشن، ئاوا خوا ئایەتەكانی خۆیتان بۆ ڕوون دەكاتەوە تاكو بیر لە دونیا و دوا ڕۆژ بكەنەوە[2].

٣) ﴿ وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡيَتَٰمَىٰۖ قُلۡ إِصۡلَاحٞ لَّهُمۡ خَيۡرٞۖ وَإِن تُخَالِطُوهُمۡ فَإِخۡوَٰنُكُمۡۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ ٱلۡمُفۡسِدَ مِنَ ٱلۡمُصۡلِحِۚ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَأَعۡنَتَكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ﴾ .

وە دەربارەی هەتیوان پرسیارت لێ دەكەن: چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دا بكەن، بڵێ: چاكەكارییان بۆ بكەن ئەوە باشترە بۆیان ئێوە، وە ئەگەر لەگەڵیشیان تێكەڵ بن واتە: ماڵی خۆتان لەگەڵ هی ئەوان تێكەڵ بكەن، ئەوە براتانن و

---

(١) بۆ هۆی هاتنە خوارەوەی، بڕوانە: المستدرك للحاكم: ٧٢٢٤، والأوسط للطبراني: ١٤٦٤.

(٢) بۆ هۆی هاتنە خوارەوەی، بڕوانە: تفسير القرآن العظيم، لابن كثير، ج١ ص٥٥٥.

www.alibapir.com


وەك برا مامەڵەیان لەگەڵ دا بکەن، با حەقی ئەوان بەلای ئێوەوە نەیەت، وە خوا چاکەکارو خراپە کار لێك جیا دەکاتەوە دەیانزانێ، وە ئەگەر خوا ویستبای وەزعی لەسەر قورس دەکردن کە بفەرموێ: با ماڵی هەتیوەکان لەگەڵ هی ئێوە تێکەڵ نەبێ، ئەوەش دەبێتە هۆی جۆرێك لە مەشەققەت بۆ ئێوە، وەخوا زاڵی کاربەجێ یە[1]، وەك تەماشا دەکەین پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) پرسیاری لێکراوە، بەڵام خوا وەڵامی داوەتەوە، نەك هەر لەخۆوە وەڵام بداتەوە.

٣- هەرمەسەلەیەکی هاتبێتە پێش و زانیبی کە لەسنووری قەڵەمڕەوی عەقڵ و بیرکردنەوەی ئینسان دایە، ئەوە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) عەقڵی خۆی بەکار هێناوە و ئیجتیهادی کردوەو بیری لێکردۆتەوەو لەگەڵ هاوەڵانی بەڕێزیدا تاوتوێی کردوەو ڕاوێژی پێکردوون، پاشان بڕیاری داوە، ئنجا ئەگەر پێکابێتی، ئەوە وەحی لێی بێ دەنگ بووە، ئەگەر نەشیپێکابێ، وەحی بۆی ڕاست کردۆتەوە وە ئاگاداری کردۆتەوە، بۆ نموونە:

**یەکەم:** لە جەنگی (بەدر)دا دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بە مسوڵمانانی ڕاگەیاند کە ئەوە کاروانی قوڕەیشییەکان بە سەرۆکایەتی (أبو سوفیان) لە شام گەڕاوەتەوە، کە چوو بۆ کاروان گرتن، بەڵام دوایی کاروانەکە تێپەڕی بووو هەواڵیان بیست کە (أبو جهل) بە خۆی و بە سوپایەکی هەزار کەسی یەوە هاتوە، پێغەمبەری خواش (صلی الله علیه وسلم) ڕاوێژی پێکردن: بچین، نەچین؟ دیارە زۆربەیان گوتیان: با بچین و هەندێکیان گوتیان: با نەچین، ئیدی بەو بۆنەیەوە ئەم ئایەتانە هاتنە خوارێ:

﴿كَمَآ أَخۡرَجَكَ رَبُّكَ مِنۢ بَيۡتِكَ بِٱلۡحَقِّ وَإِنَّ فَرِيقٗا مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ لَكَٰرِهُونَ ۝٥﴾ الأنفال.

واتە: هەروا بەو شێوەیەکە خوا تۆی لە ماڵی خۆت بە حەق هێنایە دەر، وە دەستەیەك لە ئیمانداران حەزیان نەدەکرد (واتە: حەزیان نەدەکرد لە دەرچوون بۆ ڕێگرتن لە کاروان، یاخود حەزیان نەدەکرد لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سوپایەکەی قوڕەیش دا کە ئەبو جەهل فەرماندەیەتیی دەکرد).

---

(١) بۆ هۆی هاتنە خوارەوەی، بڕوانە: سنن أبي داود: ٢٨٧١، وسنن النسائي: ٣٦٧١، وتفسير الطبري: ٤١٨٣، ومسند أحمد، ٣٠٠٢.

www.alibapir.com



﴿ يُجَٰدِلُونَكَ فِي ٱلۡحَقِّ بَعۡدَمَا تَبَيَّنَ كَأَنَّمَا يُسَاقُونَ إِلَى ٱلۡمَوۡتِ وَهُمۡ يَنظُرُونَ ٦ ﴾ الأنفال.

دەربارەی شتێکی حەق لەگەڵ تۆدا مشتومڕیان دەکرد، دوای ئەوەی بۆشیان ڕوون بووبووەوە! وەك بەرەو مردن ببردرێن و ئەوانیش تەماشای هۆکارەکانی مردن بکەن، ئەوەندە پێیان ناخۆش بوو، واتە: هێندێکیان هێندەیان پێ ناخۆش بوو!، لێرەدا چونکە وەحی لەو بارەوە هیچ فەرمانی پێ نەکردوە، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ڕاوێژی بە هاوەڵانی بەڕێزی کردوەو فەرموویەتی:

{أَشِـــيرُوا عَــلَـيَّ أَيُّـهَــا الـنَّـــاس!} .

خەڵکینە! پرستان پێدەکەم چی بکەین؟ ئیدی زۆربەیان گوتوویانە: با بچین، هەرچەندە هێندێکیان پێیان ناخۆش بووە، بەڵام پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بڕیاری دەرچوونی داوە، لەسەر ڕای زۆرینەیان[1].

**دووەم:** هەروەها لەسوورەتی (الأنفال) ئایەتەکانی (٦٧و ٦٨)دا خوای کاربەجێ باسی بەسەرهاتی ئازادکردنی دیلەکانی جەنگی بەدر دەکات، کە دەفەرموێ:

﴿ مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَكُونَ لَهُۥٓ أَسۡرَىٰ حَتَّىٰ يُثۡخِنَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ تُرِيدُونَ عَرَضَ ٱلدُّنۡيَا وَٱللَّهُ يُرِيدُ ٱلۡأٓخِرَةَۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ٦٧ لَّوۡلَا كِتَٰبٞ مِّنَ ٱللَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمۡ فِيمَآ أَخَذۡتُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ٦٨ ﴾ الأنفال

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دوای ئەوەی ڕاوێژی بە هاوەڵانی بەڕێزی کرد، لەبارەی دیلەکانی جەنگی (بەدر)ەوە، یان زۆربەیان وایان گوت، یان ئەو ڕایەی زیاتر بەدڵ بوو کە لەبەرانبەر فیدیەدا، وە هەندێکیشیان هەرکەس پارەی نەبوایە فیدیە بدات، (١٠) لە مسوڵمانان لە منداڵی مسوڵمان فێری خوێندەواری بکات و بەریان بدەن[2]، بەڵام دیارە خوای دادگەر ئەوبڕیارەی بەلاوە

---

(١) بڕوانە: السيرة النبوية لابن هشام، ج٢ ص ٢١٢-٢١٤.

(٢) لەوبارەوە بڕوانە: (صحيح مسلم): ١٧٦٣، والمسند لأحمد (٣١/١)، ئنجا هەرچەندە لە فەرموودەکەدا بەس باسی (أبو بكر)و (عمر) کراوە کە ڕاوێژیان پێ کرابێ، بەڵام بەپێی قسەکەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم): (أبكي للذي عرض علي أصحابك من أخذهم

www.alibapir.com


باش نەبوو، بەس تازە بڕیارەکە درابوو، بۆیە دەفەرموێ: هیچ پێغەمبەرێك بۆی نیە دیلی هەبن، هەتاكو كافرەكان شەلاڵ[1] نەكات، تاكو لە پەلوپۆیان نەخات، ئێوە دەستكەوتی دونیاییتان دەویست و خواش دوا ڕۆژی دەوێت، وە خوا زاڵی كاربەجێ یە، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە بڕیارێك لەلایەن خواوە پێشكەوتووە، بە هۆی ئەو فیدیەوە كە وەرتانگرت، ئازارێكی مەزنتان تووش دەبوو، لێرەشدا خوای كاربەجێ ڕەخنە لە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)و لە مسوڵمانان دەگرێ لەسەر ئیجتیهادێكی هەڵە كە تێیدا نەیانپێكاوە، كەواتە: لەكاتی نەبوونی دەقی وەحی دا پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئیجتیهادی كردوە.

**سێیەم:** هەروەها لە سووڕەتی (التوبة) ئایەتی (٤٣)دا دەفەرموێ:

﴿عَفَا ٱللَّهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُوا۟ وَتَعْلَمَ ٱلْكَـٰذِبِينَ ﴿٤٣﴾﴾ التوبة

واتە: خوا لێت ببوورێ بۆچی ئیزنت دان تاكو ئەوانەی ڕاست دەكەن بۆت دەربكەون، وە ئەوانەی كە درۆزنیشن بیان ناسی، كە ئەوەش دیسان بەهۆی ئەوەوە بوو، كە هەندێك لە دڵ نەخۆش و مونافیقەكان لە جەنگی تەبووك دا هاتنە لای پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) مۆڵەتیان لێ وەرگرت كە نەچن، ئەویش مۆڵەتی دان، خوای كاربەجێش ڕەخنەی لێ دەگرێ و دەفەرموێ: خوا لێت ببوورێ نەدەبوو ئیزنت دابانایە!

كەواتە: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە هەرسێ حاڵەت دا: هەم ڕوو بەڕووبوونەوە لەگەڵ سوپای كافرەكان دا، هەم ئازاد كردنی دیلەكان دا، هەم مۆڵەتدانی دڵ نەخۆشەكان دا، ئیجتیهادی كردوەو عەقڵی خۆی بەكارهێناوەو ڕاوێژی بە هاوەڵانی بەڕێزی كردوەو دوایی بڕیاری داوە، ئنجا ئەگەر پێكابێتی، (وەك چوون بۆ جەنگی بەدر) خوا پشتگیریی كردوە، وە ئەگەر نەیپێكابێت خوای پەنهانزان بۆی ڕاست كردۆتەوەو ئاگاداری كردۆتەوە كە نەدەبوو وات كردبایە.

---

الفداء) وادیارە زۆرینە ڕایان وابووە كە فیدیە وەربگرن، هەروەها ئەو فەرموودەیەش كە (الترمذي: ١٥٦٧) لەو بارەوە هێناویەتی بەڵگەیە.

(١) شەلاڵ: ماندوو، شەكەت، لە خوێن هەڵكێشراو.

www.alibapir.com


# چۆنیەتی مامەڵە کردنی
# خەلیفە ڕاشیدەکان لەبواری یاسادانان دا

وەك باسمان کرد پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) کەسەر مەشقی مسوڵمانانە لە هەموو ڕوویەکەوە، وە یەکەمین سەرۆکی یەکەمین دەوڵەتی ئیسلامییش بووە، وە هەرسێك دەستەڵاتەکانی: یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی بەدەستەوە بوون، لەبواری یاسادانان دا، چاوەڕێی وەحی بووە چی وەحی فەرمووبێتی جێبەجێی کردووە، ئەگەرنا کە زانیبێتی مەسەلەکە لە سنووری قەڵەمڕەوی عەقڵ دایە، لەسەر بناغەی ڕاوێژ کۆششی کردوەو، بڕیاری پێویستی لەسەر مەسەلە و پێشهاتەکان وەرگرتوە، ئنجا ئەگەر پێکابێتی خوای پەروەردگار لێی بێ دەنگ بووە، یاخود پشتگیریی کردوە، ئەگەر نەشیپێکابێت خوای بەرزو مەزن بۆی ڕاست کردۆتەوە، بەڵام ئایا جێنشینەکانی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لەو بارەوە چیان کردوە؟ ئەوانیش بەهەمان شێوە، هەرشتێك وەحی لەسەر بووبێت جێبەجێیان کردوەو ئەوەی وەحی لەسەر نەبووبێت ڕاوێژیان کردوەو ئیجتیهادیان کردوە.

(ابن قیم الجوزیة) لە کتێبی (إعلام الموقِّعین عن رب العالمین)دا لەوبارەوە دەڵێت:

{وقال: أبو عبيد في كتاب القضاء: كان أبو بكر الصديق إذا ورد عليه حكم نظر في كتاب الله تعالى فإن وجد فيه ما يقضي به قضى به، وإن لم يجد في كتاب الله، نظر في سنة رسول الله (صلى الله عليه وسلم) فإن وجد فيها ما يقضي به قضى به، فإن أعياه ذلك سأل الناس: هل علمتم أن رسول الله (صلى الله عليه وسلم) قضى فيه بقضاء؟ فربما قام إليه القوم فيقولون: قضى فيه بكذا

www.alibapir.com



وكذا فإن لم يجد سنة سنَّها النبيُّ (صلى الله عليه وسلم) جمع رؤساء الناس فاستشارهم، فإذا اجتمع رأيهم على شيء قضى به}[1]

دەڵێت: ئەبوبەکر خوا لێی ڕازی بێت کاتێك مەسەلەیەکی دەهاتە پێش، تەماشای کتێبی خوای دەکرد، ئەگەر دیبای حوکمەکەی ڕوون و ئاشکرابا، ئیشی پێ دەکرد، وە ئەگەر حوکمەکەی لە کتێبی خوادا نەدیبا، تەماشای سوننەتی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)ی دەکرد، ئەگەر حوکمەکەی بینیبایە (بە ڕوون و ڕاشکاویی) جێبەجێی دەکرد، ئەگەر سەغڵەت بووبا (نە لەقورئان و نە لە سوننەت دا نەیبینیبا) لە خەڵکی دەپرسی: ئایا بیستووتانە یان زانیوتانە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەبارەوە بڕیارێکی دابێت؟ ئنجا جاری وا هەبووە هەندێ کەس هەڵساوە، گوتوویەتی: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئاوای کردوەو ئاوای کردوە، ئنجا ئەگەر لە سوننەتی پێغەمبەری خوادا (صلى الله عليه وسلم) شتێکی نەبینیبێت، ئەوانەی کە سەری خەڵکن و دەمڕاستی خەڵکن، کۆی کردوونەتەوەو ڕاوێژی پێ کردوون، وە هەرکاتێك ڕایان کەوتبێتەسەر شتێك جێبەجێی کردوە، هەروەها عومەریش خوا لێی ڕازی بێت هەروای کردوە، ئەویش کاتێك لەبارەی مەسەلەیەکەوە بڕیارێکی دەست نەدەکەوت، نە لە قورئان نە لە سوننەت دا، دەیپرسی: ئایا (أبو بكر) لەوبارەوە بڕیارێکی هەیە؟ ئەگەر بڕیارێکی هەبوایە، جێبەجێی دەکرد، وە ئەگەر نەیبوایە زانایانی کۆمەڵگای کۆدەکردەوە ڕاوێژی پێ دەکردن، وە کاتێك ڕایان دەهاتە سەر شتێك، چ بە زۆرینە، چ بەیەکدەنگیی، ئەوە جێبەجێی دەکرد.

هەروەها (ابن سعد) هەر لەوبارەوە دەڵێت: (أن أبا بكرٍ صديق رضي الله عنه كان إذا نزَلَ بِهِ أمرٌ يريد فيهِ مشاوَرَة أهلِ الرأي وأهل الفِقهِ، دَعا رِجالاً من المهاجرينَ والأنصار: دعا عُمَر وعثمانَ وَعلياً وَعبدالرحمن بن عَوف وَمعاذَ بنِ جَبَل وَ أُبَي بن كَعب وَزيدَ بن ثابِت ثُم وُلي عُمَر فكانَ يَدعوا هؤلاء النَفَر).

دەڵێت: ئەبوبەکری صدديق ڕەزای خوای لێبێت کاتێك کە مەسەلەیەکی دەهاتە پێش، دەیویست کە ڕاوێژ لەگەڵ ئەوانەدا بکات کە تێگەیشتوو شەرعزانن، وە

---

(١) ج١ ص٥٦٦.

www.alibapir.com


پیاوانێکی لەکۆچکەران و لە پشتیوانان بانگ دەکردن وەك: عومەر و عوسمان و عەلی و (عبدالرحمن)ی کوڕی عەوف و موعازی کوڕی جەبەل و ئوبەی کوڕی کەعب و زەیدی کوڕی سابیت، خوا لە هەمویان ڕازی بێت، وە دوای ئەوەی عومەریش کرا بە خەلیفە کاری پێ سپێردرا، ئەویش بە هەمان شێوە ئەو کەسانەی ناویان هێنرا بانگی دەکردن، بۆ ڕاوێژ پێکردن.

هەروەها (ابن سعد) هەر لەوبارەوە دەڵێت: (كان عمر يستشير في خِلافَته إذا حزب الأمر: أهلَ الشُّورى ومن الأنصار: مُعاذ بن جبل وأبي بن كَعب وزيد بن ثابت) . (١)

واتە: هەروەها عومەریش خوا لێی ڕازی بێت لەسەردەمی خەلیفایەتی خۆیدا کاتێك کە بەکارێکەوە گرفتار دەبوو، ئەوانەی کە ئەهلی ڕاوێژن کۆی دەکردنەوە، وە لە پشتیوانەکان (موعازی کوڕی جەبەل) و (ئوبەی کوڕی کەعب)و (زەیدی کوڕی سابیت) خوا لە هەموویان ڕازی بێت، ئەوانەی کۆدەکردنەوە، کەواتە هەم پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) هەم خەلیفە ڕاشیدەکانیش، هەڵبەتە عوسمان و عەلیش هەروایان کردوە خوا لە هەموویان ڕازی بێت، هەر شتێك بڕیارەکەی ڕوون و ئاشکرا بووبێت لە قوڕئان سوننەت دا، جێبەجێیان کردوە، وە ئەوەی بڕیارەکەی ڕوون و ئاشکرا نەبووبێت، ئیجتیهادیان کردوەو ڕاوێژیان کردوەو بڕیاریان هاتبێتە سەر چی، جێبەجێیان کردوە.

ئەمە کورتەیەك بوو لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) وە جێنشینە سەر ڕاستەکانی لە بواری دەستەڵاتی یاسادانان دا، خوا پشتیوان بێت لە باسی داهاتوودا سروشت و تایبەتمەندییەکانی دەستەڵاتی یاسادانان لە چەند خاڵێکی سەرەکیدا دەخەینە ڕوو.

---

(١) الطبقات الكبرى، ج٢ ص٣٥٠.

www.alibapir.com


# سروشت و تایبەتمەندییەکانی دەستەڵاتی یاسادانان

لەم باسەمان دا تیشك دەخەینە سەر سروشتی دەستەڵاتی یاسادانان و تایبەتمەندییەکانی لە سیستمی حکومڕانیی ئیسلامییدا، وە ئێمە هەوڵمان داوە لە پێنج خاڵی سەرەکییدا بە گوشراویی سروشت و تایبەتمەندییەکانی دەستەڵاتی یاسادانان (السلطة التشريعية) لە ئیسلامدا بخەینە ڕوو:

**خاڵی یەکەم:**

**هەموو ئەو یاسا شەرعییانەی کە لە قورئان و سوننەت دا هاتوون، واتە: دەقیان لە سەرە، پێویستە وەك خۆیان جێبەجێ بکرێن و، دروست نیە ڕاوێژیان لەبارەوە بکرێ:**

چونکە زانایان بنچینەیەکی شەرعییان داناوە دەڵێ: (لا اجتهادَ في مُقابِل النَص) لەبەرانبەر دەق دا ئیجتهاد کردن و ڕاوێژکردن دروست نیە، مەگەر ئیجتیهاد و ڕاوێژەکە بۆ ئەوە بێت کە دەربارەی چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەو یاسا شەرعییە بێ، کە دەقێکی شەرعیی ڕوون و بێ چەند و چوون و ڕاست و ڕاشکاو گرتوویەتە خۆی.

ئنجا ئایا بەڵگەمان لەسەر ئەوە چیە کەهەر یاسایەك لە دەقێکی شەرعیی ڕوون و بێ چەند و چوون ڕاست و ڕاشکاودا هاتبوو، دروست نیە ئیجتیهادی لەبەرانبەردا بکرێ و پێویستە یەکسەر جێبەجێ بکرێ؟! بەڵگەمان گەلێك لە

www.alibapir.com


ئایەتەکانی قورئان یەکێکیان ئەوەیە خوای پەروەردگار لە سوورەتی (الأحزاب) دا دەفەرموێ:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ ٱتَّقِ ٱللَّهَ وَلَا تُطِعِ ٱلۡكَٰفِرِينَ وَٱلۡمُنَٰفِقِينَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمٗا ١ وَٱتَّبِعۡ مَا يُوحَىٰٓ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٗا ٢﴾ .

خوا (سبحانه وتعالى) ڕوو لە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەکات و دەفەرموێ: ئەی پێغەمبەر! پارێز لە خوا بکە، وە فەرمانبەریی کافر و مونافیقەکان مەکە، بێگومان خوا زانای کاربەجێیە، وە بە دوای ئەوە بکەوە کەلە پەروەردگارتەوە بە سروش (وحي) بۆت هاتووە، بێگومان خوا بەوەی کە دەیکەن شارەزایە. کەواتە پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) مافی سەرپشکبوونی نەبووە لە بەرامبەر حوکمە شەرعییەکان و فەرمانەکانی خوای پەروەردگاردا کە دەقێکی قورئان گرتبێتیە نێو خۆی.

**خاڵی دووەم:**

**هەر بابەت و مەسەلەیەك یاسا، شەرعییەکەی دیار و ڕوون نە بێت، پێویستە مسوڵمانان بە گشتی و بە تایبەت زانایان و شارەزایانیان، کۆشش و ڕاوێژ بکەن وە لەبەر ڕۆشنایی ڕووحی گشتی شەریعەت و لەبەرچاو گرتنی چەسپاندنی دادگەریی و هێنانەدی بەرژەوەندیی دا، یاسا و بڕیاری گونجاوی لەبارەوە بدەن:**

ئەو مەسەلانەی کە شەریعەت نوختەی تێدا خستوونەتە سەر پیت، ئەوە پێویستە وەك خۆیان جێبەجێبکرێن، وە ئەگەر کۆشش و ڕاوێژ بکرێ، بۆ ئەوە دەکرێ کە چۆن جێەجێ بکرێن؟ یان ئایا زەمینەی جێبەجێکردنیان ڕەخساوە یان نا؟، بەڵام هەر بابەت و مەسەلەیەکمان بێتە پێش حوکمە شەرعییەکەی ڕوون و دیار نەبێت، پێویستە لەبەر ڕۆشنایی دەقەکانی شەریعەت دا، لە چوارچێوەی فراوانی شەریعەت دا، وە بە لە بەر چاوگرتنی هێنانەدی دادگەریی و دابینکردنی بەرژەوەندیی مسوڵمانان و کۆمەڵگای ئیسلامیی، یاسا و بڕیاری گونجاوی بۆ دەربکرێ، چونکە خوا (سبحانه وتعالى) لەو بارەوە دەفەرموێ:

www.alibapir.com


﴿ وَإِذَا جَآءَهُمۡ أَمۡرٞ مِّنَ ٱلۡأَمۡنِ أَوِ ٱلۡخَوۡفِ أَذَاعُواْ بِهِۦۖ وَلَوۡ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنۡهُمۡ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسۡتَنۢبِطُونَهُۥ مِنۡهُمۡۗ وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ لَٱتَّبَعۡتُمُ ٱلشَّيۡطَٰنَ إِلَّا قَلِيلٗا ٨٣ ﴾ النساء

خوا دەربارەی کەسانێکی ئیمان بێهێزو دڵ نەخۆش، یاخود دەغەڵ ( کەلە ڕۆژگاری پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)دا بوون) دەفەرمویٚ: وە هەر کاتێك هەواڵێکیان بۆ بێت کە پەیوەندیی بە هێمنیی و ئارامییەوە هەبیٚ، یان پەیوەندیی بە ترسەوە هەبیٚ، یەکسەر بڵاوی دەکەنەوە (واتە: هەر هەواڵێك ببیستن، یەکسەر بڵاوی دەکەنەوە) وە ئەگەر ئەو هەواڵەیان گێڕابایەوە بۆلای پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) وە بۆ لای کار بەدەستانیان، ئەوانە یان کە توانای هەڵهێنجانیان هەیە، دەیانزانی (کە ئایا ئەو هەواڵە پێویستە بڵاو بکرێتەوە، یان بڵاو نەکرێتەوە؟!).

کەواتە دەبێت هەموو ئەو مەسەلە و بابەتانەی کە حوکمی شەریعەت دەربارەیان ڕۆشن نیە، بگێڕدرێنەوە بۆ لای کاربەدەستان، وە لە نێو ئەوانیش دا بۆ لای کەسانێك کە توانای هەڵهێنجانیان هەیە. پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه و سلم) خەلیفە ڕاشیدەکانیشی خوا لێیان ڕازی بێت ئەوانیش هەر وایان کردوە، کە پێشتر باسمان کرد، کە چۆن پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ئەوەی کە وەحی خوا بووە، یەکسەر جێبەجێی کردوە، ئەگەرنا ڕاوێژی بە هاوەڵانی بەڕێزی کردوە، وە جاری وا بووە مەسەلەکە شوێنی ڕاوێژ کردن نەبووەو خۆی بە عەقڵی خۆی بە پێی ئەزموونی خۆی بڕیاری گونجاوی لەبارەوە داوە، خەلیفە ڕاشدینەکانیش هەروایان کردووە.

ئێمە لە باسەکانی پێشوودا باسمان کرد کە هەم ئەبو بکر و هەم عومەر خوالێیان ڕازی بێت، دیارە بە هەمان شێوە عوسمان و عەلیش خوا لە هەموویان ڕازی بێت، کاتێك شتێکیان هاتۆتە پێش، تەماشای قورئانیان کردوە، ئەگەر حوکمەکەی دیار بوویێت جێبەجێیان کردوە، وە ئەگەر لە قورئان دا نەبوویێت، سەیری سوننەتی پێغەمبەری خوایان (صلی الله علیه وسلم) کردوە، ئەگەر لە

www.alibapir.com



وێش دا نەبووبێ پرسیویانە: ئایا کێ لەبارەوە شتێکی لە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بیستوە؟ ئەگەر هیچیان لەلا نەبووبێت، ئەوا ڕاوێژیان کردوە بە ئەوانەی کە شارەزان، وە بڕیاری پێویستیان لەبارەوە وەرگرتوە.

ئێمە پێشتر لە باسەکانی پێشوودا ئاماژەمان بە فەرمایشتێکی، یاخود بەوتووێژێکی نێوان پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) و موعازی کوڕی جەبەل کرد کە ئەو وتووێژە هەرکام لە (أبو داود و ترمذي و بیهقی) گێڕاویانەتەوە، کە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) موعازی کوڕی جەبەل دەنێرێت بۆ یەمەن وە پێی دەفەرموێ: ئەگەر کێشەیەکت هاتە پێش چۆن حوکم دەکەی؟ ئەویش دەڵێ: تەماشای قورئان دەکەم (بۆ دۆزینەوەی حوکمەکەی) دەفەرموێ: ئەگەر لە قورئان دا نەتبینیەوە؟ دەڵێ: تەماشای سوننەتی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەکەم، دەفەرموێ: ئەگەر لە سوننەتیش دا نەتبینی؟ دەڵێ:

{قَــالَ أَجْـتَـهِـدُ رَأْيِــي وَلاَ آلُــو}.

واتە: عەقڵی خۆم بەکاردێنم وە کەمتەرخەمیی ناکەم، پێغەمبەری خواش (صلی الله علیه وسلم) دەست لە سینگی دەدات، یان دەست لەسەر شانی دادەنێ و دەفەرموێ:

{الْحَــمْدُ لِلَّهِ الَّذِى وَفَّقَ رَسُولَ رَسُولِ اللَّهِ لِمَا يُرْضِى رَسُولَ اللَّهِ}.

ستایش بۆ ئەو خوایەی کە نێردراوی پێغەمبەری خوای سەرکەوتوو کرد، بۆ شتێك کە مایەی ڕەزامەندیی خواو پێغەمبەری خوایە .

www.alibapir.com


**خاڵی سێیەم:**

**هەرچەندە لە ڕۆژگاری پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و خەلیفە ڕاشیدەکانی دا خوا لێیان ڕازی بێت هەردوو دەستەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن لە دەستی کەسێك دا بوون، بە شێوەیەکی گشتی، بەڵام بە هیچ جۆرێك ناگونجێ ئەو حاڵەتە وەك حاڵەتی پێکەوە بوونی ئەو دوو دەستەڵاتە لە سیستمە نا دیموکڕاسیەکان دا تەماشا بکرێ، چونکە هەمیشە دەستوور و یاسای بنەڕەتیی بەرجەستە لە وەحی دا (کە قورئان و سوننەتن) پابەندکەرو ملپێکەچکەر بوون بۆ حوکمڕانان و لەسەرەوەیانەوە بووە:**

وەك خوا (سبحانە و تعالى) بە پێغەمبەری خۆی (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ:

﴿فَاحْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ عَمَّا جَاءَكَ مِنَ الْحَقِّ ﴿٤٨﴾﴾ المائدة.

واتە: بەوە کە خوا ناردوویەتە خوار دادوەرییان لە نێوان دا بکە، وە بە دوای ئارەزووەکانیان مەکەوە، کە لابدەی لەو حەقەی بۆت هاتوە.

هەروەها لە سووڕەتی (یونس) ئایەتی (١٠٩)دا خوا (سبحانە وتعالى) دەفەرموێ:

﴿وَاتَّبِعْ مَا يُوحَىٰ إِلَيْكَ وَاصْبِرْ حَتَّىٰ يَحْكُمَ اللَّهُ ۚ وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ ﴿١٠٩﴾﴾ يونس.

واتە: وە شوێن ئەوە بکەوە کە بۆت ڕەوانە کراوە، وە خۆڕاگربە تاکو خوا حوکم دەکات، وە بێگومان خوا باشترین دادوەرە.

کەواتە: بەڵێ لەسەردەمی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)و لەسەردەمی خەلیفە ڕاشدینەکانیش دا تا ڕاددەیەکی زۆر، هەردوو دەستەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن لەدەستی یەك کەسدا بوون، بەڵام ئەوە بەو چەمك و واتایە نیە کە لە سیستمە نادیموکراسیەکان دا هەیە، بۆچی؟ چونکە لە ئیسلام دا دەستەڵاتی یاسادانان هەر لە بنەڕەت دا هی خوای پەروەردگارە و خوا (سبحانە وتعالى) حەڵاڵ و حەڕام دیاریی دەکات، وەك هێڵە گشتی و بنەڕەتییەکان.

www.alibapir.com


دیارە پێغەمبەری خواش (صلى الله علیە و سلم) هەر بە فەرمانی خوا ئەوەی کردوە، وەك پێشتر باسمان کردو هەرکاتێك شتەکە پەکی لەسەر وەحی کەوتبێ، پێغەمبەری خوا (صلى الله علیە وسلم) لە خۆوە بڕیاری نەداوەو چاوەڕێی کردوە تاکو وەحی بۆ هاتوە، وەك مەسەلەی قیبلە کە پێشتر باسمان کرد، وە ئەگەر مەسەلەکە لە قەڵەمڕەوی عەقڵ و لە چوارچێوەی توانای بەشەردا بوویێت، پێغەمبەری خوا (صلى الله علیە و سلم) ڕاوێژی لەبارەوە کردوە، یاخود عەقڵی خۆی بەکارهێناوە، ئنجا ئەگەر نەیپێکابێ، خوای پەروەردگار بۆی ڕاست کردۆتەوە.

کەواتە: ئەوە جیایە لەوەی کە کاتی خۆی لە سیستەمەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوادا باو بووە، کە هەردوو دەستەڵاتەکان، بەڵکو جاری وابووە هەرسێ دەستەڵاتەکان لەدەستی کەسێك دا کۆبوونەتەوە، چونکە ئەوان ڕاست و چەوت و ئەمر و نەهیان دیاریی کردوون و بە پێی ئارەزووی خۆیان ڕەفتاریان کردوەو، نەگەڕاونەتەوە بۆ مەرجەعێکی دیکە، وەك لەشەریعەتی ئیسلامییدا هەیە، کە ئەوەی ئەگەر خوا (سبحانە وتعالى) شتێکی حەڕام کردبێ، تاقیامەت حەڕامە و ئەگەر شتێکی حەڵاڵ کردبێت تا قیامەت حەڵاڵە، وە لە بنچینەو بنەڕەتەکانی شەریعەت دا بواری ئیجتیهاد نیە، چونکە خوای پەروەردگار ئەو شتانەی کە بنەڕەتیین، نوختەی تێدا ختوونەتە سەر پیت.

**خاڵی چوارەم:**

**بەڵام بێگومان هیچ دەقێکی قورئان و سوننەت نیە کە ڕێگامان لێ بگرێ، مادام بەرژەوەندیی تێدا ببینین کە دەستەڵاتی یاسادانان لە دەستەڵاتی جێبەجێکردن جیا بکەینەوە:**

ئایا هیچ ئایەتێك و دەقێکی سوننەت هەیە کە ڕێمان لێبگرێ هەرکاتێك بەبەرژەوەندییمان زانی دەستەڵاتی یاسادانان لە دەستەڵاتی جێبەجێکردن جیابکەینەوە ؟ نەخێر ئێمە هیچ دەقێکی قورئان و سوننەتمان نیە، چونکە پێشتریش باسمان کرد ئەو شتانەی کە زیاتر پەیوەندییان بە لایەنی حوکمڕانیی

www.alibapir.com


وسیاسەت و لایەنی هەڵسوکەوتەکانەوە هەیە بە گشتی، شەریعەت نوختەی تێدا نەخستوونە سەر پیت، بەڵکو چوارچێوەیەکی گشتی بۆ دیاری کردوون، وە چەند بنەمایەکی بنەڕەتیی بۆ داناون، بەڵام نەچۆتە نێو وردەکاریی یەکانەوە، بەڵکو ئەوەی بەجێهێشتوە بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگاکان، بۆ ئەوەی ئینسان بە عەقڵی خۆی و بەپێی ئەزموونی خۆی ئەو بۆشاییانە پڕ بکاتەوە.

ئنجا مادام بە ئەزموون دەرکەوتوە کە پێکەوە کۆکردنەوەی هەردوو دەستەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن (تەشریعیی و تەنفیزیی) لە دەستی کەسێك دا یان لایەنێك دا، سەردەکێشێت بۆ ستەم و دەستدرێژیی، کەواتە بەرژەوەندیی لەیەك جیاکردنەوەیان دایە، چونکە بە پێی بنچینەی: (لِلْوَسائِل حُكم مَقاصِدِها) ئامرازەکان هەمان حوکمی ئامانجەکانیان هەیە، ئەگەر ئامانجەکەت پێویستە، ئەو ئامرازەش کە هێنانەدی ئامانجەکەت پەکی لەسەری کەوتوە، ئەو ئامرازەش پێویستە، وە بەگوێرەی بنچنەیەکی دیکەی شەرعیی کە زانایان لەسەری ڕێککەوتوون: (ما لايَتِمُّ الواجِبَ إلاّ بِهِ فَهُو واجب) هەرشتێك فەرزێك پەکی لەسەری کەوت، ئەویش فەرز دەبێ.

بۆیە هەرکات ئامانجێکی باش و بەرژەوەندیەك پەکی لەسەر هۆکار و ئامرازێك کەوت، ئەوە بەکارهێنان و فەراهەمهێنانی ئەو هۆکارو ئامرازەش، حوکمی هەمان ئەو ئامانج و بەرژەوەندییە وەردەگرێ، واتە: وەك چۆن هێنانەدی بەرژەوەندییەکەو هێنانەدی ئامانجەکە فەرزە، ئەو هۆکارو ئامرازەش کە ئەوان پەکیان لەسەریان کەوتوە، بە هەمان شێوەش فەرز دەبێت.

دیارە پێشتریش ئاماژەمان پێداو لێرەش جارێکی دیکە جەختی لەسەر دەکەینەوە کە دەستەڵاتی یاسادانان لە ئیسلام دا هەر لە بنەڕەت دا لە دەستەڵاتی جێبەجێکردن جیا بووەو جیایە، چۆن؟! چونکە تەنانەت پێغەمبەری خواش (صلی الله علیه وسلم) مولزەم بووە بەوە کە پابەندی ئەوشەریعەت و بەرنامەیە بێت کە خوای گەورە لە ڕێی وەحییەوە ڕاستەوخۆ بۆی ڕەوانە کردوە، وەك خوا (سبحانه و تعالی) لە سووڕەتی (الجاثیة) ئایەتی (١٨)دا دەفەرموێ:

www.alibapir.com


﴿ ثُمَّ جَعَلْنَٰكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٍ مِّنَ ٱلْأَمْرِ فَٱتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٨﴾ ﴾

واتە: دوایی تۆمان لەسەر بەرنامەیەك دانا، دەجا شوێنی بكەوە بە دوای ئارەزووی ئەوانە مەكەوە كە نازانن. وە لە ئایەتی ژمارە (١،٢)ی سوورەتی (الأحزاب)یش دا كە پێشتریش هێنامانن دەفەرمووێ:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ ٱتَّقِ ٱللَّهَ وَلَا تُطِعِ ٱلْكَٰفِرِينَ وَٱلْمُنَٰفِقِينَ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿١﴾ وَٱتَّبِعْ مَا يُوحَىٰٓ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا ﴿٢﴾ ﴾

خوا زۆر بە ڕوون و ڕاشكاویی دەفەرموێ: ئەی پێغەمبەر! پارێز لەخوا بكەو فەرمانبەریی كافران و مونافیقان مەكە، بێگومان خوا زانای كاربەجێیە. وە بە دوای ئەوە بكەوە، كە بە وەحی بۆت دێ، بێگومان خوا بەوەی كە دەیكەن شارەزایە.

ئینجا بێگومان پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) وە خەلیفە ڕاشیدەكانی خوا لێیان ڕازی بێت، واتە: (ئەبو بەكرو عومەرو عوسمان و عەلی)، هەروەها زانا و پێشەوایانی دیكەش، كاتێك كەلەسەر بناغەی ڕاوێژ و بیرو ڕا گۆڕینەوە ئیجتیهاد دەكەن، وە یاسا و بڕیاری پێویست دەردەكەن بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانەی بۆیان دێنە پێش، وە بۆ چارەسەری ئەو گیرو گرفتانەی كە سەرهەڵدەدەن، لەسەریان پێویست بووەو لەسەریان پێویستە كە لە چوار چێوەی فراوانی شەریعەت و قەڵەمڕەوی بنەماسەرەكییەكانی و هێڵە گشتیەكانی دا، ئەو كارە بكەن، وە لەو چوار چێوە فراوانە دەرنەچن.

كەواتە: لەبواری ئیجتیهادو ڕاوێژ كردنیش دا دیسان یاسادانان دەبێتەوە بە شتێكی جیا لە جێبەجێكردن، چونكە كۆشش كردن و ڕاوێژ كردنەكە دەبێ لە چوارچێوەی فراوانی شەریعەت دا بێ و، نابێ دەرەنجام و دەرهاوێشتەی ئەو ڕاوێژكردن و كۆشش كردنە شتێك بێت لەگەڵ دەقێكی شەریعەت دا دژ بوەستێ.

ئنجا نابێ ئەو ڕاستییەشمان لە بیر بچێ كە لە درێژەی مێژووی دەوڵەتی ئیسلامیی دا، چ لەسەردەمی خەلیفە ڕاشیدەكان دا خوا لێیان ڕازی بێت، چ

www.alibapir.com


لەسەردەمی بنەماڵەی ئومەویی و عەبباسیی و عوسمانییەکانیش، هەرچەندە لادان و کەم و کوڕیی زۆر بووە، واتە: لەسەردەمی ئومەویی و عەبباسیی و عوسمانیی دا، بەڵام هەمیشە دەستەڵاتی یاسادانان و فەتوا دەرکردن، کە لە زانایان و پێشەوایان دا بەرجەستە بووە، هەر سەربەخۆ بووە، وە نەچۆتە ژێر ڕکێفی حوکمڕانانەوە، بەڵێ کەسانێکی بێهێز بووون لە زانایان کە جار جار فەتوای هەلپەرستانەو غەڵەتیان داون، بەڵام ڕەوتی گشتی زانایان و پێشەوایان ئەوە بووە کە هەمیشە سەربەخۆ بوون، وە ملیان کەچ نەکردوە بۆ حوکمڕانان و دەستەڵاتی یاسادانان ئازادو سەربەخۆ بووەو لەژێر ڕکێف و هەژموونی دەستەڵاتی جێبەجێکردن دا نەبووە، بەڵکو دەستەڵاتی جێبەجێکردن و کاربەدەستان و حوکمڕانان چاریان ناچارو خۆش یان ناخۆش، هەر گەڕاونەتەوە بۆ لای زانایان و تاکو شەرعییەتیان لەوان وەرنەگرتبێ، خەڵك بە حوکمڕانیی دانەناون.

**خاڵی پێنجەم:**

**بێگومان هیچ ڕێگرێك نیە لەوە کە دەستەڵاتی یاسادانان، کەسانێکی دیاریی کراو بن و، لە دامەزراوەیەکی سەربەخۆ دا خۆیان بنوێنن، بەناوی ئەنجوومەنی نوێنەران، یان ئەنجوومەنی نیشتیمانیی، یان ئەنجوومەنی گەل، یاخود ئەنجوومەنی ڕاوێژ:**

بەڵگەی ئەم خاڵەش هەر هی خاڵی پێشوون و ئەو بەڵگانەی هێنامانەوە بۆ خاڵی پێشوو، سەلمێنەری ئەم خاڵەشن، کە هیچ دەقێکی قورئان و سوننەتمان نیە چۆنیەتی و وردەکارییەکانی پێکهێنانی دەستەڵاتی یاسادانان دیاریی بکات، بەڵکو ئەو مەسەلەیە بەئاوەڵایی و کراوەیی جێ هێڵراوە، وە لەلایەکی دیکەشەوە بناغە لە هەڵسوکەوتەکان دا وەك چەندان جار گوتوومانە: بریتیە لە ڕەوایی و ڕێ پێدران و دەستکراوەیی، وە ئەوەی سەنگی مەحەکە لە بواری عادەتەکان و هەڵسوکەوتەکان دا بریتیە لە هێنانەدی بەرژەوەندی، واتە: هێنانەدی بەرژەوەندیی، سەنگی مەحەك و پێوەرە کەفلان شتە، ئایا شەریعەت قبووڵی دەکات یان ناکات، هەرشتێك بەرژەوەندیی مسوڵمانانی دابین کرد، ئەوە باشە، هەرشتێك بووە هۆی چەسپاندنی دادگەریی ئەوە باشە.

www.alibapir.com


دیـــاره بەرژەوەندیی (مصلحة)ش زانـــایان بەم شێوەیە پێناسەیان کردوە، کە دەڵێن: (المصلحة: جلب المنافع ودفع المضار) بەرژەوەندیی بریتیە لە هێنانەدی سوودەکان و دوورخستنەوەی زیانەکان.

پاشان بە پێی هەردوو بنچینەی شەرعیی: (للوَسائِل حُكْمُ المَقاصِد) وە (ما لا يتم الواجب إلاّ به فهو واجب) کە پێشتر شەرحمان کردن، بەرجەستە بوونی دەستەڵاتی یاسادانان لەدامەزراوەی سەربەخۆی وەك: ئەنجوومەنی ڕاوێژ، پەرلەمان، ئەنجوومەنی نوێنەران دا، نەك هەر دروست و ڕەوان بەڵکو جاری واهەیە فەڕزو پێویستیش دەبێت، بۆچی؟ چونکە بەرژەوەندیی مسوڵمانان بەو شێوەیە نەبێ، نایەتەدی، وە دادگەریی بەو شێوەیە نەبێت، ناچەسپێت، وە زوڵم و ستەم بەو شێوەیە نەبێت دوور ناخرێتەوە، ئنجا ئەوانەش هەموویان پێویستە بهێنرێنە دی.

کەواتە: ئەو هۆکارو ئامرازەش کە هێنانەدی ئەو ئامانجانە و ئەو بەرژەوەندییانە یەکی لەسەریان بکەوێت، ئەویش فەڕز دەبێ.

ئنجا ئێمە کاتی خۆی لە کاتی توێژینەوەی بنەماکانی سیستمی حوکمڕانیی ئیسلامییدا، لە توێژینەوەی بنەمای چوارەم دا {ڕاوێژ بناغەی هەموو کارەکانە} باسمان کرد کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) سێ جۆرە ڕاوێژی کردون، واتە: کاتێك کە مەسەلەیەکی بۆ هاتۆتە پێش و دەقێکی شەرعیی لەسەر نەبووەو پێویستی بەوە کردوە ئیجتیهادی بۆ بکات، وە ڕاوێژی بەمسوڵمانان کردوە، بەسێ جۆر ڕاوێژی کردوە:

**یەکەم:** بە گشتی ڕاوێژی بە خەڵکی کردوە، وەك لە جەنگی بەدر و جەنگی ئوحوددا، کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)، کە وەك لە باسەکانی پێشوودا باسمان کرد، هەتا ڕای زۆرینەی بۆ مسوڵگەر و دەسەبەرنەبوو کە موافیقن بۆ چوونە نێو ئەو جەنگەوە، یان ئەو جەنگە چۆن بکەن، بڕیاری جەنگەکانی نەدا.

**دووەم:** جۆری دووەمی ڕاوێژکردنی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئەوە بووە کە ڕاوێژی کردوە بە مشوورخۆران و قسە بەدەستان و قسەڕۆیشتوانی نێو

www.alibapir.com


خەڵك، وەك پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لە کاتێك دا ویستی لەگەڵ هۆزی (غطفان)دا سوڵح بکات لەسەر ئەوە کە سێ یەکی بەروبوومی مەدینەیان بداتێ و ئەوانیش بگەڕێنەوە، ئەو ئابڵووقەیەی کە لەگەڵ موشریکەکانی مەککەدا شاری مەدینەیان ئابڵووقەدا بوو ئەو ئابڵووقەیە بشکێنن، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) نەچوو ڕاوێژ بکات بە هەموو پشتیوانەکان، واتە: بە هەردوو هۆزی ئەوس و خەزرەج کە لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (صلی الله علیه وسلم) بوون، بەڵکو ڕاوێژی کرد بە (سعدی بن معاز) و (سعد بن عوبادە)، واتە: هەردوو سەرۆك هۆزی ئەوس و خەزرەج، کە دیارە ئەوانیش قسەبەدەست و بڕیار بە دەستی هەردووهۆزەکە بوون، ئەوە جۆری دووەمی ڕاوێژکردنی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بوو.

**سێیەم:** جۆری سێیەمی ڕاوێژکردنی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ئەوە بووە کە ڕاوێژی کردوە بە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لەو بوارەدا، تەنیا ڕاوێژی بەوان کردوە، وەك لە جەنگی بەدردا ڕاوێژی کرد بە (الحباب بن المنذر)، کە ئایا لەو مەنزڵەی کە لێیان خستبوو، لەوێ بمێننەوە، یاخود بگوازنەوە بۆ شوێنێکی دیکە؟ کە (الحباب بن المنذر) خوا لێی ڕازی بێت پێشنیارێکی بۆ پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) کرد و ئەویش پێشنیارەکەی لێ وەرگرت.

ئنجا ئێمە پێشتر - هەر لەم تەوەرەیەدا - خستمانە ڕوو کە هەرکام لە ئەبوبەکرو عومەر خوا لێیان ڕازی بێت لەسەردەمی حوکمڕانیی خۆیان دا کەسانێکی دیاریی کراویان هەبووە، لە کۆچکەران و پشتیوانان کە ڕاوێژیان پێکردوون، لە ئەهلی عەقڵ و ئەهلی عیلم وە لە کاتی تێگیران دا بۆ زانینی حوکم و بڕیارێکی شەرعیی، ئەوانیان کۆکردۆتەوەو پاش ئەوەی تاوتوێی بابەتەکەیان لەگەڵ کردوون و گفتو گۆیان لەگەڵ دا کردوون، ئیجتیهادیان کردوەو بڕیاری پێویستیان وەرگرتوە.

وە کاتێك عومەر خوالێی ڕازی بێت بریندار کرا وە تەمای لە ژیان دا نەما، کۆڕێکی شەش کەسیی پێك هێنا، کەلە نێو خۆیان دا یەکێك بەبەرپرسی

www.alibapir.com


یەكەمی مسوڵمانان هەڵبژێرن، ئنجا دوای ئەوەی كە عومەر خوا لێی ڕازی بێت كۆچی دوایی دەكات و گیان دەسپێرێ (كە بە تەئكید شەهید بووە، چونكە كەسێك كە خەنجەرەكەی لێدابوو، (ئەبو لوئلوئەی مەجووسیی) كابرایەكی ئاگر پەرست بوو) ئەو شەش كەسەش كە عومەر خوا لێی ڕازی بێت دیاریی كردن لە نێو خۆیان دا ڕاوێژ بكەن ئەمانە بوون: عوسمان و عەلی و عبدالرحمن كوڕی عەوف و سەعدی كوڕی ئەبی وەققاص و زوبەیری كوڕی عەوام و تەلحەی كوڕی عبیدالله خوا لە هەموویان ڕازی بێت، كە سەرەنجام عوسمانیان هەڵبژارد، ئەویش دوای ئەوەی كە عبدالرحمن كوڕی عەوف وێڕای ئەوەی كە بۆخۆیان لە نێو خۆیان ڕاوێژیان كرد -كە دواتر دێینەوە سەر ئەو بابەتە- بە گشتیش عبدالرحمن كوڕی عەوف ڕای خەڵكی وەرگرت و زۆرینە ڕایان وابوو كە عوسمان لە و قۆناغەدا شایستە ترە بۆ ئەوەی كە سێیەمین جێنشینی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بێت و حوكمڕانیی مسوڵمانان بێت .

ئنجا بێگومان پێكهێنانی كۆڕێكی تایبەت كە مشوورخۆر و بڕیار بەدەستانی كۆمەڵگەی ئیسلامیی كۆبكاتەوە، ئەوە خۆی لەبازنەی هەڵسوكەوتەكان دایەو هیچ دەقێكی شەرعییمان نیە ڕێمان لێ بگرێ، كە ئێمە هەموو ئەوانەی پێویستە تەگبیر بكەن و مشوور بخۆن، وە بڕیار بدەن دەربارەی بەڕێوەبردنی كۆمەڵگای ئیسلامیی، وە لە سیرەو ژیانی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و خەلیفە ڕاشیدەكانیشی دا پێشینەی ئەوەمان هەیە، با بە شێوەیكی سادەش بێت، وە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بنچینەیەكی شەرعیی كە بریتیە لە بنچینەی نوێنەرایەتیی (النيابة)، بەڵێ ئێمە بنچینەیەكمان هەیە لە شەریعەتی ئیسلام دا، كە بریتیە لە (النيابة) واتە، لە جیاتی ئەوە كە هەموو كۆمەڵگا پرسی پێ بكرێ، پرس بە نوێنەرانیان بكرێ، چەند كەسێك كە نوێنەریانن و لە نێو خۆیان دا هەڵیان دەبژێرن، وە ئەوە پێی دەگوترێ: (النيابة عن الأمة - النيابة عن الشعب) هەر بۆیەش پەرلەمان پێی دەگوترێ: ئەنجوومەنی نوێنەران (مجلس النواب) چونكە ئەندامانی نوێنەرانی خەڵكن، ئنجا ئەگەر ئەو كۆڕو ئەنجوومەنە ئەو ناوەشی نەبێ، چونكە لە هەندێ شوێن پێی دەگوترێ: (ئەنجومەنی ڕاوێژ) یان

(پەرلەمان) یان (کۆنگرێس)، یاخود هەر ناوێکی دیکەی بۆ بەکاربێ، گرنگ ئەوەیە نوێنەری خەڵکن و خەڵك لە نێو خۆیان دا هەڵیان دەبژێرن، ئنجا ئایا ئێمە چ بەڵگەیەکمان هەیە لەسەر ڕەوایی بنچینەی (نیابة) نوێنەرایەتیی؟، واتە: ئەوە کە خەڵك و کۆمەڵگا چەند کەسێك بکەنە نوێنەری خۆیان؟! دەڵێین: ئێمە چوار جۆرە بەڵگەمان هەن: بەڵگەی قورئان، بەڵگەی سوننەتی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بەڵگەی کۆڕای زانایان (إجماع العلماء)، هەروەها بەڵگەی فەرزە تایبەتییەکان و فەرزە گشتییەکان.

www.alibapir.com


# بەڵگەکانی ڕەوایی نوێنـەرایەتیی ( النیـابة )

## یەکەم: بەڵگەی قورئـــان:

دیارە دەگونجێ زۆر بەڵگەی قورئان لەوبارەوە بێنینەوە، بەڵام تەنها یەك بەڵگە دێنینەوە، خوا (سبحانه وتعالى ) لەسوورەتی (التوبة)دا دەفەرموێ:

﴿بَرَآءَةٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ إِلَى ٱلَّذِينَ عَـٰهَدتُّم مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ۝١﴾ .

واتە: ئەمە حاشاکردن و بەریی بوون دەربڕینە لە خواو لە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بۆ ئەو هاوبەش دانەرانەی کە پەیمانتان لەگەڵیان بەستوە، کە هەموو جارێك پەیمانەکان هەڵدەوەشێننەوە، بۆیە خواو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەو پەیمانانە بەریین و لەو خاوەن پەیمانانە بەریین.

(القرطبي) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت:

{ ﴿إِلَى ٱلَّذِينَ عَـٰهَدتُّم مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ۝١﴾، يعني إلى الذين عاهدهم رسول الله صلى الله عليه وسلم لأنه كان المتولي للعقود وأصحابه بذلك كلهم راضون فكأنهم عاقدوا وعاهدوا فنسب العقد إليهم. وكذلك ما عقده أئمة الكفر على قومهم منسوب إليهم محسوب عليهم يؤاخذون به إذ لا يمكن غير ذلك فإن تحصيل الرضا من الجميع متعذر فإذا عقد الإمام لما يراه من المصلحة أمراً لزم جميع الرعايا }(١)

---

(١) الجامع لأحكام القرآن، ج٨ ص٤١.

واتە: خوای بەرز کە دەفەرمویّ: ﴿إِلَى ٱلَّذِينَ عَـٰهَدتُّم مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ۝١﴾ واتە: (ئەو هاوبەش بۆ خوا دانەرانەی کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) پەیمانی لەگەڵ بەستوون چونکە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) پەیمان و گرێبەستەکانی دەبەستن و هاوەڵانی بەڕێزیشی هەموویان ڕازی بوون، کەواتە: وەك هەموویان پەیمانەکەیان بەستبیّ وایە، (هەرچەند پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بەتەنیا گریّ بەستەکەی لەگەڵ بەستوون، بەڵام چونکە ئەوانیش هەموو پێی ڕازی بوون و پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) نوێنەریان بووە، وەك هەموویان گرێبەستەکەیان بەستبێت وابووە)، وە ئاواش نەبێت ناگونجیّ و موستەحیلە هەموویان ڕەزامەندییان بزانریّ، بۆیە هەرکاتێك پێشەوای مسوڵمانان گرێبەستێکی بەست کە بەرژەوەندیی مسوڵمانانی تێدا بینی، پێویستە لەسەر هەموو مسوڵمانان پێوەی پابەند بن، با یەك بەیەکیش پرس بە هەمویان نەکرابیّ، کەواتە: دەگونجیّ یەك کەس یان زیاتر نوێنەری کۆمەڵێك بیّ، مادام پێی ڕازی بن و هەڵیان بژاردبیّ.

www.alibapir.com


## دووەم: بەڵگەی سوننەت:

**لەو بارەوە دەگونجێ زۆر نموونە بێنینەوە:**

١- (إبن هشام) لە (السيرة النبوية)دا لەباسی (بيعة العقبة الثانية) واتە: پەیمانی عەقەبەی دووەم دا دەڵێت:

{قَالَ كَعْب بن مالك وَقَدْ قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ أَخْرِجُوا إلَيّ مِنْكُمْ اثْنَيْ عَشَرَ نَقِيبًا، لِيَكُونُوا عَلَى قَوْمِهِمْ بِمَا فِيهِمْ فَأَخْرَجُوا مِنْهُمْ اثْنَيْ عَشَرَ نَقِيبًا، تِسْعَةً مِنْ الْخَزْرَجِ، وَثَلَاثَةً مِنْ الْأَوْسِ}[1].

کەعبی کوڕی مالك دەڵێت: پێغەمبەری خوا (صلی الله عليه وسلم) پێی فەرموون: {واتە: بەئەوانەی هاتبوون بۆ بەیعەت دان بە پێغەمبەری خوا (صلی الله عليه وسلم) لە عەقەبەی دووەم دا} دوازدە نەقیبم لە نێو خۆتاندا بۆ دەربێنن، تاکو سەرپەرشتیاری خەڵکەکەیان بن، ئەوانیش دوازدە نەقیبیان {واتە: مشوورخۆریان} لە نێوان خۆیان دا هەڵبژاردن، نۆیان لە خەزرەج بوون و سێ شیان لە ئەوس بوون.

٢- هەروەها (إبن سعد) هەر هەمان ڕووداوی هێناوە، بەڵام بەم تەعبیرە، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (صلی الله عليه وسلم) فەرمووی:

{أَخرِجُوا أِلَيَّ إِثنَي عَشرَ مِنكم يكونُوا كفلاءَ على قَومِهم فأخرجَوا اثني عَشَرَ رَجُلاً}[2].

واتە: پێغەمبەری خوا (صلی الله عليه وسلم) فەرمووی: دوازدە کەسم لەنێو خۆتان دا بۆ هەڵبژێرن، تاکو کەفیل (سەرپەرشتیار) بن بەسەر خەڵکەکەیانەوە،

---

(١) ج٢ ص٢٢٩.

(٢) الطبقات الكبرى، ج٣ ص ٦٠٢.

www.alibapir.com


ئەوانیش دوازدە پیاویان هەڵبژاردن. کەواتە: ئەوانەیان هەڵبژاردوون کە نوێنەری تیرەو هۆزەکان بوون.

**٣-** هەروەها لە ڕووداوی جەنگی بەدردا هاتوە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) پێش ڕوو بەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو سوپایەدا کە ئەبو جەهل فەرماندەیی دەکرد، چەند جارێك پێی فەرموون:

(أشـــيروا عــليَّ أيهـــا النـــاس) [١].

ئەی خەڵکینە! ڕاوێژتان پێدەکەم ڕای خۆتانم پێ بڵێن. ئنجا لە (السيرة النبوية)دا دەڵێ: وە مەبەستی پێ پشتیوانەکان بوو، چونکە ئەوان زۆرینەی ئەو سێ سەدو ئەوەندە نەفەرەیان پێك دەهێنا کە چوون بۆ ڕێگرتن لە کاروان و، کاروان تێپەڕی بوو، دوایی بەرەنگاری سوپای قوڕەیش بوونەوە، بۆیەش پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) وای دەفەرموو، چونکە کاتێك کە ئەوان لە عەقەبە پەیمانیان لەگەڵ پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بەست بوو، پێیان گوتبوو: ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)! تاکو دەگەیتە لای ئێمەو شاری ئێمە مولزەم نین بەوەی بەرگرییت لێ بکەین[٢]، ئنجا کاتێك پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) چەند جارێك ئەوەی لێ دووبارە کردنەوە (سعد بن موعاذ) گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)! بەخوا وادیارە مەبەستت پێی ئێمەیە؟ ئەویش فەرمووی: بەڵێ، ئەویش گوتی:

{فَقَدْ آمَنّا بِك وَصَدّقْنَاك، وَشَهِدْنَا أَنّ مَا جِئْتَ بِهِ هُوَ الْحَقّ، وَأَعْطَيْنَاك عَلَى ذَلِكَ عُهُودَنَا وَمَوَاثِيقَنَا عَلَى السّمْعِ وَالطّاعَةِ، فَامْضِ يَا رَسُولَ اللّهِ لِمَا أَرَدْتَ فَنَحْنُ مَعَك، فَوَاَلّذِي بَعَثَك بِالْحَقّ لَوْ اسْتَعْرَضْتَ بِنَا هَذَا الْبَحْرَ فَخُضْتَهُ لَخُضْنَاهُ مَعَك مَا تَخَلّفَ مِنّا رَجُلٌ وَاحِدٌ} .

سەعدی کوڕی موعاز لە پێش دا قسە ناکات، وەك ڕێز و ئەدەب نواندن لە خزمەت پیاوانی وەك ئەبو بەکرو عومەر و کۆچکەران دا، کە ئەوان لە پێش

---

(١) السيرة النبوية لابن هشام، ج٢ ص٢٣٢، ٢٣٣.

(٢) السيرة النبوية لابن هشام، ج٢ ص٣٣٢، ٣٣٣.

www.alibapir.com



ئەوان دا ئیمانیان هێناوە وە تێیان دا هەبووە لەوان بەتەمەنتر بووە، بەڵام دوایی هەرچەندە ئەبو بەكرو هەندێك لە قورەیشییەكان قسە دەكەن، بەڵام پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) هەر دەفەرموێ: ئەی خەڵكینە! ڕاتان چییە؟ سەعدی كوڕی موعاز خوا لێی ڕازی بێت سەرۆكی هۆزی ئەوس، تێدەگات كە مەبەستی پێی ئەوانە، بۆیە دەپرسێ: ئایا مەبەستت پێ ئێمەیە؟ دەفەرموێ: بەڵێ، ئەویش دەڵێ: ئێمە بڕوامان بە تۆ هێناوە و تۆمان بە ڕاست زانیوە، وە شایەتییمان داوە كە ئەوەی تۆ هێناوتە حەقە، وە لەسەر ئەوە پەیمانمان لەگەڵ بەستووی كە گوێت بۆ بگرین و بەقسەت بكەین، بۆیە ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئەوەی كە دەتەوێ بیكەو بۆ كوێ دەچی بچۆ، ئێمەش لە خزمەتداین، سوێند بەو كەسەی تۆی بە حەق ڕەوانە كردوە، ئەگەر تۆ پێشمان بكەوی بەرەو ئەو نێو دەریایە، ئێمەش لەگەڵ تۆ بەنێوی دەكەوین و یەك پیاو لە ئێمە دوا ناكەوێ. ئنجا دوای ئەوە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بڕیاری دەست پێكردنی ئەو جەنگە دەدات.

٤- هەروەها (إبن سعد) هەمان ڕووداوی هێناوە وە قسەكەی (سعد بن معاذ) یشی بەم تەعبیرە هێناوە:

{أنا أُجيبُ عنِ الأنصار، كَأنكَ يارسول الله تُريدُنا؟ قالَ أجَل قال:...} (١).

لێرەدا (سەعد) دەڵێ: (أنا أُجيبُ عنِ الأنصار) من لەجیاتی ئەنصار وەڵام دەدەمەوە، ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) وادیارە مەبەستت پێ ئێمەیە؟ فەرمووی: بەڵێ، ئەوجار سەعد قسەكەی خۆی دەكات كە پێشتر هێنامان.

دیارە ئەگەر وەڵام دانەوەی سەعد لە جیاتی پشتیوانان، وە نوێنەرایەتی كردنی بۆیان ڕەوا نەبوایە، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەیفەرموو: باشە ئەوە قسەی سەعدمان بیست، بەڵام ئەی پشتیوانانەكانی دیكە (ئەوس و خەزرەج) چی دەڵێن؟ بەڵام دیارە كە سەعد گوتوویەتی: من لە جیاتی ئەوان وەڵام دەدەمەوە، زانیویەتی كە ئەوانیش هەموویان بە قسەی سەعد ڕازین و بە نوێنەری خۆیان قبووڵیانە.

---

(١) الطبقات الكبرى، ج٢ ص١٤.

www.alibapir.com


## سێیەم: بەڵگەی كۆڕای زانایان:

بەڵگەیەكی دیكە لەسەر ئەوە كە نوێنەرایەتیی كردنی یەكێك یاخود چەند كەسێك بۆ كۆمەڵێك، شتێكی شەرعیی و ڕەوایەو ئەو نوێنەرە هەر بڕیارێكی دا لەجیاتی ئەوان دەبێتە بڕیارێكی پابەندكەر بۆ هەمووان، بریتیە لە یەكدەنگیی زانایان (إجماع العلماء).

دیارە دەگونجێ زۆر نموونە لەو بارە بهێندرێنەوە، بەڵام ئێمە بەیەك نموونە ئیكتیفا دەكەین، ئەویش هەڵبژێردرانی عوسمانە خوالێی ڕازی بێ، لە نێو ئەو كۆڕە شەش كەسییەدا كە عومەر خوا لێی ڕازی بێ، دوای بریندار بوونی دیاریی كردن، وە مسوڵمانانیش ڕازی بوون و پەسەندیان كرد، ئەو شەش نەفەرەش كە عومەر خوا لێی ڕازی بێت، گوتی: لە نێو خۆتان دا یەكێك بە خەلیفەی مسوڵمانان هەڵبژێرن: عوسمان و عەلی و عبدالرحمن كوڕی عەوف و تەڵحەی كوڕی عبیداللە و زوبەیری كوڕی عەوام و سەعدی كوڕی ئەبی وەققاص بوون، خوا لە هەموویان ڕازی بێت.

(إبن سعد) لە (الطبقات الكبرى)دا چۆنیەتی هەڵبژێردرانی عوسمان بە خەلیفە لە نێو ئەو شەش كەسەدا بەم جۆرە دەگێڕێتەوە:

{ فلما اجتمعوا قال عبدالرحمن: اجعلوا أمركم إلى ثلاثةٍ نفر منكم، فجعل الزُّبيرُ أمره الى عليٍ، وجَعَلَ طَلحَةُ أمره الى عُثمانَ وجَعَلَ سَعدُ أمرَهُ الى عبدالرحمن، فاتَمَرُوا الثلاثة حينَ جَعِلَ الأمرُ فِيهِم، فَقالَ عبدالرحمن: تجعَلانِهِ اليَّ وَأنا أخرُجُ منها فَوللهِ لاآلوكُم أَفضَلِكم وخيركم للمسلمين؟ قالوا نَعَم فخَلا بِعَلي فَقالَ: انَ لَكَ مَن القَرابةِ من رسولَ والقِدَم ولا عليكَ لأنَ أستخلِفتَ لَتعدِلَنَ وأن أستخلَفَ عُثمانُ لَتَسمَعَنَ و لَتُطيعَنَ ؟ فقالَ: نَعَم قالَ وخلا بعثمان فقالَ مثلَ ذلِك فقالَ : عثمانُ نَعَم، فقالَ أبسط يَدَكَ يا عُثمانُ، فَبَسَطَ يَدَهُ فَبايَعَهُ عليٌ و الناسُ } (١)

---

(١) ج٣ ص٣٣٨.

www.alibapir.com


واتە: کاتێك کە ئەو شەش کەسە کۆدەبنەوە، عبدالرحمن کوڕی عەوف دەڵێت: ئیشەکەتان بدەن بەسێ کەسان، (واتە: ناگونجێ هەر شەشیان بەتەما بین) ئنجا زوبەیر تەنازولی کرد بۆ عەلی و گوتی: من مافی خۆم دەدەم بەو، وە تەلْحە مافی خۆی دا بە عوسمان و، سەعدی کوڕی ئەبی وەققاصیش مافی خۆی بە عبدالرحمن کوڕی عەوف دا، ئنجا کاتێك ئیشەکە کەوتە نێو ئەو سێیانە کە دەبێ لەوسێیە، یەکیان هەڵبژێردرێ، عبدالرحمن گوتی: ئێوە من دەکەن بەدادوەر کە من لێی بچمە دەرێ و خەلیفایەتیی ناکەم، بۆ ئەوەی کە یەکێك لەو دوانەتان هەڵبژێررێن (عەلی و عوسمان) وە منیش سوێند بە خوا کەمتەرخەمیی ناکەم لەوەی کەبزانم کامەتان باشترە، وە کامەتان زیاتر جێگای ڕەزامەندیی مسوڵمانانە، ئەو دیاریی بکەم؟ گوتیان: بەڵێ (واتە: ڕازی بوون کە عبد الرحمن ئەو کارە بکات) عبدالرحمن بەتەنیا بە عەلی گوت: تۆ خزمی پێغەمبەری خوای (صلى الله عليه وسلم) وە پێشینەی باشت هەیە، خوا لەسەر تۆ بێ، (واتە: بەسەرتەوە چاودێر و شاهید بێ)، ئەگەر تۆ کرای بە خەلیفە دەبێ دادگەر بی، وە ئەگەر عوسمانیش هەڵبژێردرا دەبێ گوێی بۆ بگری و بەقسەی بکەی؟ گوتی: بەڵێ، ئنجا بە جیا لەگەڵ عوسمانیشدا قسەی کرد و بەهەمان شێوەی پێ گوت (واتە: کە بووی بە حوکمڕان دادگەر بی، وە ئەگەر عەلیش هەڵبژێردرا گوێی بۆ بگری و بەقسەی بکەی؟ عوسمان گوتی: بەڵێ، ئنجا عبدالرحمن گوتی: عوسمان دەستت بێنە! ئەویش دەستی هێناو بەیعەتی پێدا، وە دوای ئەویش عەلی و خەڵکیش بەیعەتیان پێدا.

ئنجا لێرەدا یەکێك بۆی هەیە بڵێ: باشە چۆن عبدالرحمن یەکسەر عوسمانی هەڵبژارد؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کە لێرە (إبن سعد) بە کورتیی و دەرەنجامی کۆتایی هێناوە، ئەگەرنا لە شوێنی دیکەدا هاتوە کە عبدالرحمن ڕاوێژی زۆری کردووە سێ شەوو سێ ڕۆژان سەرگەرمی ڕاوێژ کردن بووە، وەك لە (الأحكام السلطانية)دا (الماوردي) دەڵێ:

{فَصَارَتْ الشُّورَى بَعْدَ السِّتَّةِ فِي ثَلَاثَةٍ ثُمَّ بَعْدَ الثَّلَاثَةِ فِي اثْنَيْنِ عَلِي وَعُثْمَانَ ثُمَّ مَضَى عَبْدُ الرَّحْمَنِ لِيَسْتَعْلِمَ مِن النَّاسِ مَاعِنْدَهُمْ...} (1).

---

(١) الأحكام السلطانية، ص٢٥.

www.alibapir.com


واتە: دوای ئەوەی لە نێو شەش کەسەکانەوە چۆتە نێو سێیان، لە نێوسێیەکانیشەوە چۆتە نێوان عەلی و عوسمان، ئەمجار عبدالرحمن چووە پرسی بەگشتی بەخەڵکی کردوە.. کە لە هەندێك ڕیوایەت دا هاتوە دەڵێ: پرسی بەکچانی پشت پەردەش کرد، پرسی بە گەورە و گچکەو وردو درشت کرد، تەماشای کرد زۆرینە ڕایان لەگەڵ ئەوەدایە کە عوسمان خوا لێی ڕازی بێ، خەلیفەی مسوڵمانان بێ، بۆیە ئەویش وەك نوێنەری شەش کەس، پاشان وەکیلی هەرکام لە عوسمان و عەلی و، دواییش وەك دەربڕی ڕای زۆرینەی خەڵك بەیعەتی بە عوسمان دا، خوا لە هەموویان ڕازی بێ.

ئنجا هەر دەربارەی کۆڕای مسوڵمانان، دەڵێین: ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بەڵگەیە لەسەری، کە دەفەرموێ:

{إِنَّ أُمَّتِي لا تَجْتَمِعُ عَلَى ضَلالَةٍ }(أَخْرَجَهُ عَبْد بن حُمَيْد برقم: (١٢٢٠)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٣٩٥٠)).

واتە: ئۆممەتی من لەسەر گومڕایی کۆنابنەوە.

کەواتە: کاتێك کە مسوڵمانان نوێنەرێك، یاخود چەند نوێنەرێك بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن، ئەوە ئومێد وایە کە ئەو کارەیان کارێکی پەسەند بێ، چونکە ئۆممەتی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لەسەر گومڕایی کۆنابێتەوە، واتە: هەر شتێك کەیەکدەنگیی زانایان و یەکدەنگیی مشوورخۆرانی لەسەر دروست بوو، مانای وایە ئەوە (ان شاءالله) ڕەوایەو ڕاستەو، لە لای خوای پەروەردگاریش پەسندە.

www.alibapir.com


## چوارەم: بەڵگەی فەڕزە کیفائییەکان:

بەڵگەیەکی دیکە لەسەر ڕەوابوونی نوێنەرایەتیی، ئەوەیە کە یەکێك یاخود چەند کەسێك نوێنەری کۆمەڵگای مسوڵمان بن، یاخود نوێنەری خەڵکێکی زۆر بن، بریتیە لە بەڵگەی فەڕزە کیفائییەکان، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بەڵگەیەش دەڵێین:

**ئەرکە شەرعییەکان بە گشتی دوو جۆرن:**

١- ئەرکە تایبەتییەکان.
٢- ئەرکە گشتییەکان.

**١- ئەرکە تایبەتییەکان:** کە پێیان دەگوترێ (الفروض العينية) لە سۆنگەی ئەوەوە کە لەسەر تاك تاکی مسوڵمانان فەڕزن، وەك: ئیمانهێنان، نوێژ کردن، زەکات دا، حەج کردن، ڕۆژوو گرتن، خۆپاراستن لە گوناهەکان و......هتد.

**٢- ئەرکە گشتییەکان:** کە (الفروض العامة)یان پێ دەڵێن، ئەوانەن کە بەگشتی لەسەر مسوڵمانان فەڕزن، نەك لەسەر تاك تاکیان، وەهەر کاتێك کۆمەڵێك لە مسوڵمانان یاخود جاری وایە یەکێکیان، یاخود ئەگەر بە یەکێك زیاتر جێبەجێ بێت، ئەو ژمارەیەی کە ئەو فەڕزەی پێ جێبەجێ دەکرێ، بەو کارە هەڵسان، لەسەر ئەوانی دیکەش لادەچێ، بۆ وێنە: حوکمڕانیی کردنی کۆمەڵگاو دەوڵەتی ئیسلامیی کە دەبێ کەسانێك هەبن ئەو ڕۆڵە بگێڕن، وە پیشەسازیی و دروستکردنی کەل و پەلی پێویست، وە جەنگ و جیهاد، وە فەرمان بەچاکە و ڕێگریی لە خراپە، وە نوێژ کردن لەسەر مردوو... وە گەلێك شتی دیکە کە ئەو فەڕزانە بەگشتی ڕوو لە کۆمەڵگای مسوڵمان دەکەن و هەر کاتێك ژمارەیەك کە ئەو فەڕزەیان پێ جێبەجێدەکرێ، پێی هەڵسان، ئەوە ئەو فەڕزە جێبەجێ بووەو لەسەر ئەندامەکانی دیکە لاچوە، ئەگەرنا خەڵکەکە هەموویان گوناهبار دەبن.

www.alibapir.com



ئنجا بێگومان هەبوونی کەسانێك کە ڕۆڵی مشوورخۆریی و بڕیار بەدەستیی و یاسا دانان بگێڕن، فەرزە، وە ئەوەش ناگونجێ تێکڕای مسوڵمانان و کۆمەڵگا پێی هەڵسن، بەڵکو هەر دەبێ کۆمەڵێك پێی هەڵسن و ببنە نوێنەری کۆمەڵگا، واتە: فەرزە کۆمەڵگا ئیدارە بکرێ و سەرپەرشتیی بکرێ و مشووری لێ بخورێ و گرفت و کێشەکانی چارەسەر بکرێن، دیارە ناشگونجێ لە کارێکی وادا هەموو ئەندامان و تاکەکانی کۆمەڵگە بەشدار بن، بەتایبەت دوای ئەوەی کەبەشەر زۆر بووەو کۆمەڵگاکان قەرەباڵغ بوون، بەڵکو پێویستە کەسانێکی دیاریی کراو ببنە نوێنەر، ئەوکۆمەڵگایە لە نێو خۆیدا دیارییان بکات و هەڵیان بژێرێ، بۆ هەرکام لەسێ دەستەڵاتەکانی کۆمەڵگاو دەوڵەت.

www.alibapir.com


# قسەو بیروڕای پسپۆڕانی
# بواری سیاسەت و حوكمڕانیی

ئەگەر سەرنجی قسەی زانایانمان بدەین ڕەحمەتی خوایان لێبێ، واتە: زانایان و پێشەوایانی پسپۆڕو شارەزا لە بواری سیاسەت و حوكم دا، دەگەینە هەمان ئەو ئەنجامگیرییەی كە پێی گەیشتین، كە بریتیە لە ڕەوایی نوێنەرایەتیی كردنی كۆمەڵێك بۆ كۆمەڵگا، كە ئەوە زۆر شتێكی ڕەوایە و نەك هەر ڕەوا بەڵكو فەرزیشە، چونكە بەبێ هەبوونی ئەوە، كۆمەڵگا بەڕێوە ناچێ، دیارە هەرشتێكیش فەرزێك یەكی لەسەری كەوت، ئەویش دەبێتە فەرز، وەك پێشتر باسمان كرد، وە هەر هۆكارو ئامرازێك هێنانەدی ئامانجێكی فەرز یەكی لەسەری كەوت، دابین كردن و دەستەبەركردنی ئەو هۆكارو ئامرازەش فەرز دەبێ.

**ئنجا با گوێ لە قسەی پێنج لە زانا و پێشەوایانی پسپۆڕو شارەزا لە بواری سیاسەتی شەرعییدا بگرین، بزانین لەوبارەوە چی دەڵێن:**

١- **(الماوردي)** لە كتێبی (الأحكام السلطانية)دا لەو بارەوە كەئایا دەبێ كەسی یەكەمی دەوڵەت، چۆن دیاریی بكرێ و دابنرێ؟ دەڵێ:

{فَأَمَّا أَهْلُ الِاخْتِيَارِ فَالشُّرُوطُ الْمُعْتَبَرَةُ فِيهِمْ ثَلَاثَةٌ : أَحَدُهَا الْعَدَالَةُ الْجَامِعَةُ لِشُرُوطِهَا.

وَالثَّانِي : الْعِلْمُ الَّذِي يُتَوَصَّلُ بِهِ إِلَى مَعْرِفَةِ مَنْ يَسْتَحِقُّ الْإِمَامَةَ عَلَى الشُّرُوطِ الْمُعْتَبَرَةِ فِيهَا.

وَالثَّالِثُ : الرَّأْيُ وَالْحِكْمَةُ الْمُؤَدِّيَانِ إِلَى اخْتِيَارِ مَنْ هُوَ لِلْإِمَامَةِ أَصْلَحُ وَبِتَدْبِيرِ الْمَصَالِحِ أَقْوَمُ وَأَعْرَفُ}.

www.alibapir.com


واتە: ئەوانەی شایستەن بۆ ئەوەی کە کەسی یەکەم و حوکمڕانیی مسوڵمانان هەڵبژێرن، سێ مەرجیان تێدا ڕەچاو کراون:

**یەکەم:** دادگەریی یەك کە هەموو مەرجەکانی کۆبکاتەوە. (واتە: دادگەرییەکی تێرو تەواو).

**دووەم:** زانیاری، ئەو زانیارییەی کە وایان لێ دەکات ئەو کەسەی بۆ پێشەوایەتیی دەشێت و مەرجەکانی تێدا هەن، بیناسین.

**سێیەم:** عەقڵ و لێزانین کەدەبنە هۆی ئەوەی کێ گونجاوترە بۆ پێشەوایەتیی و لەسەر بەڕێوەبردنی کاروباری مسوڵمانان بەهێزترەو باشتر بۆی ڕادەپەڕێنرێن و پێیان ئاشناترە، ئەو کەسە هەڵبژێرن.

کەواتە: کە بەلای ماوەردییەوە دەبێ کەسانێك کە حوکمڕان هەڵدەبژێرن - کە ئەو پێیان دەڵێ: (أهل الإختيار) - ئەو سێ مەرجەیان تێدا بن: دادگەریی و زانیاریی و عەقڵ و حیکمەت، مانای وایە دەبێ کەسانێك هەبن نوێنەرایەتیی کۆمەڵگا بکەن بۆ دانانی کەسێك کە پێی دەگوترێ حوکمڕان، یان بە زاراوەی ئەمڕۆ پێی دەگوترێ: دەستەڵاتی جێبەجێکردن.

٢- **(البغدادي)** ئەو کەسانەی کە کەسی یەکەم، یاخود دەستەڵاتی جێبەجێکردن هەڵدەبژێرن، پێیان دەڵێ: (أهل الإجتهاد) واتە: کەسانێك کە دەتوانن کۆشش بکەن بۆ دیاریکردنی کەس و ستافی حوکمڕان، دەڵێ:

{قالَ الجمهور الأعظم من أصحابنا إنَ طَريق ثبوتها الإختيار من الأمة بإجتهادِ أهلِ الإجتهادِ مِنهُم وَاختيارِهِم من يَصلحُ لَها} (١).

واتە: زۆربەی هەرە زۆری هاوەڵانمان گوتوویانە: ڕێگای چەسپاندنی ئەو پێگەیە بریتیە لەوە کە ئۆممەت لە ڕێی کەسانێکەوە کە ئەهلی ئیجتیهادن و توانای کۆشش کردنیان هەیە، ئەوانە کەسێك هەڵبژێرن کە بۆ ئەو پێگەیە شایستەیە.

---

(١) أصول الدين، ص ٢٧٩.

www.alibapir.com


٣- **(النووي)** یش ئەو کەسانەی بە (أهل الحل والعقد) ناو هێناوە، واتە: کەسانێك کە دەتوانن بکەنەوە و گرێ بدەن، لەوبارەوە نەوەویی دەڵێت:

(العلماء والرؤساءُ و وجوهُ الناسِ الذينَ يَتيّسَر اجتماعُهم) (١).

دەڵێت: ئەوانەی کە ئەهلی حەل و عەقدن (وە هەڵبژاردن و دانانی حکومڕانانیان بەدەستە) زانایانن و سەرانی خەڵکن و ئەوانەن کە لە نێو خەڵك دا پێگەیەکی دیاریی کراویان هەیەو دەگونجێ کە بەیەکەوە کۆببنەوە، {ئا ئەوانە بەرپرسیارن بەرانبەر بە دیاریی کردنی کەسی یەکەم}.

٤- **(إبن تيمية)** ش ئەو جۆرە کەسانە بە (أولي الامر) واتە: هەر وشە قورئانییەکە بەکاردێنێ- بەو ناوە ناویان دەبات دەڵێ:

{وَأُولُو الْأَمْرِ أَصْحَابُ الْأَمْرِ وَذَوُوه ؛ وَهُمُ الَّذِينَ يَأْمُرُونَ النَّاسَ، وَذَلِكَ يَشْتَرِكُ فِيهِ أَهْلُ الْيَدِ وَالْقُدْرَةِ، وَأَهْلُ الْعِلْمِ وَالْكَلَامِ، فَلِهَذَا كَانَ أُولُوا الْأَمْرِ صِنْفَيْنِ : الْعُلَمَاءُ، وَالْأُمَرَاءُ. وَيَدْخُلُ فِيهِمْ الْمُلُوكُ وَالْمَشَايِخُ وَأَهْلُ الدِّيوَانِ ؛ وَكُلُّ مَنْ كَانَ مَتْبُوعًا} (٢).

واتە: (أولوا الأمر) {کە خوا دەفەرموێ: ﴿أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ ٥٩﴾ النساء، کە دەبێت بە قسەیان بکرێ و فەرمانبەرییان بۆ بکرێ، چ بۆ دانانی کەسی یەکەم، چ بۆ هەر بڕیارێك کە دەیدەن}، بریتین لەخاوەنانی فەرمان و ئەوانەی کە شایستەی ئەوەن فەرمان بەخەڵك بکەن، کە ئەوەش هەم کەسانێك کە خاوەنی هێز و باڵا دەستیین، هەم کەسانێك کە خاوەنی زانیارییین و قسە ڕۆیشتوون (وشەی (أولي الأمر) هەردوکیان کۆدەکاتەوە) بۆیە دەکرێ بڵێین: ﴿وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ﴾ دوو جۆرە کەسن: زانایان و کاربەدەستان (واتە: ئەوانەی کە شارەزان و فەرمانیان هەیەو قسەیان دەڕوات) ئەوانیش تێکڕای کاربەدەست و شێخ(٣) و ئەهلی

---

(١) المنهاج للنووي، کە (محمد ضياء الدين الريس) لە (النظريات السياسية الإسلامية) ص ١٧٩،دا، هێناویەتی.

(٢) الحسبة في الإسلام، ص ١٠٢.

(٣) دیارە مەبەستم شێخی طەریقەت نیە، بەڵکو مەبەست کەسانی خاوەن ئەزموون و متمانە پێکراوی نێو کۆمەڵگان.

www.alibapir.com


دیوان و هەر کەسێك کە بەقسەی بکرێ، دەچنە نێویان، بەکورتیی: سەرجەم قسە ڕۆیشتوانی نێو کۆمەڵگا، ئەوانەی کە قسەیان دەڕوات و خەڵك بە قسەیان دەکات و ڕێزیان دەگرێ و متمانەیان پێدەکات، بە (أولو الأمر) دادەنرێن.

٥- **(إبن خلدون)** یش لە (المقدمة)کەی خۆیدا ئەوانە بە (الشورى) ناو دەبات، وە بە (أهل الحلِّ والعقد)یش ناویان دەبات دەڵێت:

{لأن الشورى والحل والعقد لا تكون إلا لصاحب عصبية يقتدر بها على حل أو عقد أو فعل أو ترك، وأما من لا عصبية له ولا يملك من أمر نفسه شيئاً ولا من حمايتها، وإنما هو عيال على غيره، فأي مدخلٍ له في الشورى أو أي معنى يدعو إلى اعتباره فيها؟! اللهم إلا شوراه فيما يعلمه من الأحكام الشرعية فموجودة في الإستفتاء خاصة. وأما شوراه في السياسة، فهو بعيد عنها، لفقدانه العصبية والقيام على معرفة أحوالها وأحكامها}[١].

واتە: ڕاوێژو بڕیاردان ڕەوا نیە، مەگەر بۆ کەسێك کە دەستەڵاتێکی هەبێ کە بتوانێ بە هۆیەوە شت بکاتەوە و گرێ بدات، وە فەرمان بکات و وە نەهی بکات، بەڵام کەسێك کە دەستەڵاتی نەبێت و هیچی بەدەست نەبێت و بەڵکو بۆخۆشی پێویستی بەوە بێت کە خەڵك بیپارێزێت، ئەوە چ پەیوەندییەکی هەیە بە ڕاوێژکردنەوە؟! یاخود بە چ ئیعتبارێك لە ڕیزی ئەوانە دادەنرێت؟! مەگەر ڕاوێژ بکات لەوەدا کە دەیزانێت، دەربارەی یاسا شەرعییەکان وەك فتوا، ئەوە بەڵێ لێی وەردەگیرێ، بەڵام ڕاوێژ کردنی دەربارەی کاروباری سیاسی و بەڕێوەبردن، ئەوە دوورە، چونکە پشت و هێزی نیە {واتە: کەسێکی وای لەگەڵ نیە دەستەڵاتێکی نیە کە بتوانێ فەرمان بکات و نەهی بکات و کاروبار بەڕێوەبەرێ}، هەروەها ئاشنایی و شارەزاییشی لەبارەی حاڵ و باڵ و کاروباری حوکمڕانییەوە نیە[٢].

---

(١) المقدمة، ص٢٢٤.

(٢) دیارە من تێبینی و ڕەخنەم لەبارەی هەندێك لە قسەکانی (إبن خلدون)ەوە هەیە، بەڵام ئەوەش کە شەفاعەتی بۆ دەکات و پاساوی قسەکانی دەداتەوە ئەوەیە، کە قسەی لەبارەی ڕۆژگاری خۆیەوە کردووەو قسەکانی زیاتر لەژێر ڕکێفی واقیع دان، نەك شەریعەت!.

www.alibapir.com


دیارە ئەو پێنج پێناسەیە کە ئەو پێنج زانایە کەکردوویانن ڕەحمەتی خوایان لێبێ، هەموویان دەچنەوە نێو ئەوەوە کە مسوڵمانان دەبێ کەسانێکیان لە نێودا هەبن کە مشووریان بخۆن و کاروباریان بەڕێوەبەرن و سەرپەرشیان بکەن وە بڕیار بەدەستیان بن.

www.alibapir.com


# حەوت ئەنجامگیریی گرنگ لە پێناسەکانی زانایان دەربارەی نوێنەرایەتیی کردنی کۆمەڵگاوە

**ئێمە لەبەر تیشکی قسەی زانایان دا کە کران، دەتوانین حەوت دەرەنجام هەڵێنجین:**

**یەکەم:** یەکدەنگیی زانایان لەسەر ئەوە هەیە، کە پێویستە لە نێو کۆمەڵگادا کەسانێکی دیاریی کراو هەبن بۆ بڕیار دان و مشوور خواردن، وەك نوێنەرانی خەڵك، چونکە ناگونجێ خەڵکەکە هەمووی بەو کارە هەڵسێ و هەمووشیان شایستەی ئەوە نین، هەرچەندە لە بناغەدا هەموویان خاوەن مافن لەوبارەوە، بەڵام کەسێك کە توانای نەبێت، دیارە ئەو بەرپرسیارێتییە ڕووی تێناکات.

بەڵێ زانایانی ئیسلام هەموویان لەسەر ئەوە یەکدەنگن، کە دەبێ لە نێو کۆمەڵگادا کەسانێکی وا هەبن بڕیار بدەن و مشوور بخۆن بە نوێنەرایەتی سەرجەم خەڵك و کۆمەڵگا.

**دووەم:** لەو چەند پێناسەیەوە کە بۆ نوێنەران (نواب، ممثلي) کۆمەڵگا کردمانن، کە زانایان پێنج جۆرە پێناسەیان کردن وە لە ڕاستییدا هەموویان نێوەڕۆکیان هەر یەکە: (الماوردي) پێیان دەڵێ: (أهل الإختيار)، وە (البغدادي) پێیان دەڵێ: (أهل الإجتهاد)، وە (النووي) پێیان دەڵێ: (أهل الحل والعقد)، وە (إبن تيمية) پێیان دەڵێ: (أولوا الأمر)، وە (ابن خلدون)یش پێیان دەڵێ: (أهل الشورى) یان (أهل الحل والعقد) لەو پێنج پێناسەیەوە بۆمان دەردەکەوێ: کەسانێك دەبێ

www.alibapir.com


نوێنەری کۆمەڵگا بن، کە بتوانن یاسا بۆ خەڵك دابنێن و بتوان کۆشش بکەن، وە بتوانن فەرمان بکەن و خەڵك بە قسەیان بکات، وەشایستەی ئەوەبن کە تەدبیر بکەن و سەرپەرشتیی بکەن و کاروبار بەڕێوەبەرن.

هەڵبەتە ئەو پێنج پێناسەیەش وەکو گوتم، هەموویان نێوەڕۆکیان دەبێتەوە یەك، چونکە: (أهل الإختيار) واتە: ئەوانەی شایستەی ئەوەن کە کاربەدەستانی مسوڵمانان هەڵبژێرن، دەبێ (أهل الإجتهاد) بن و توانای کۆشش کردنیان هەبێت، وە دەبێ توانای (حل و عقد) یشیان هەبێت، بتوانن شت بکەنەوە وە گرێی بدەن، وە دەبێ (أولي الأمر)یش بن، واتە: کاربەدەست بن و خەڵك بەقسەیان بکات و قسە ڕۆیشتوو بن وە خەڵك شوێنیان بکەوێ وە دەبێت لەسەر بناغەی ڕاوێژ (شورا)یش ئەو کارە بکەن، نەك بە خۆ سەپاندن!

دیارە بۆیەش شەریعەت ناوێکی تایبەتی بۆ ئەو کۆمەڵە کەسە دیاری نەکردوە، چونکە شەریعەت تەماشای نێوەڕۆکی کردوەو دیارە ناوونیشانەکان بەپێی ڕۆژگار و کۆمەڵگاکان دەگۆڕێن، بۆیە پێویستە بزانرێ وشەی (أهل الحل والعقد) وشەیەك نیە شەریعەت دایناببێت، کە ئێمە دەبێ هەر پێوەی پابەند بین، بەڵکو دەگونجێ بڵێین: مشوور خۆران، یان ئەنجوومەنی نوێنەران، یان پەرلەمان، یان هەر ناوێکی دیکەی بۆ بەکار بێنین، گرنگ نێوەڕۆکە.

**سێیەم:** هەرچەندە زانایان بەوردی لەسەر ئەوشتانەی کە بۆ ئەو جۆرە کەسانە بەمەرج گیراون ڕێك نەکەوتوون، (واتە: هەموویان لەسەر هەموو مەرجەکان ڕێك نەکەوتوون) بەڵام هیچ کامیان نکوولّیی لەو سێ مەرج و خەصڵەتە ناکەن کە (الماوردي) هێناونی: دادگەریی، زانیاریی، وە عەقڵ و لێزانین، بۆچی؟ چونکە بەبێ ئەم سێ مەرجە، کارەکەیان بۆ جێبەجێ ناکرێ، ئەگەر دادگەر نەبن، خەڵك متمانەیان پێناکات، نوێنەرێك ئەگەر دادگەر نەبێ، یان زانیاری نەبێ، خەڵك ڕیشی خۆی لە مست نانێت! وە چارەنووسی خۆی ناخاتە بەر دەستی، چونکە باوەڕی پێناکەن بۆ کوێیان دەبات؟ وە ئەگەر تێگەیشتن و زانیاری حیکمەت و وەستایی نەبێت، دادگەریی و زانیارییەکەی بەس نیە، بەڵکو حیکمەت و عەقڵ و لێزانییەکی هەبێ کە بزانێت چی بکات و چۆن بکات؟!

www.alibapir.com


**چوارەم:** تێکڕای زانایان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە پێویستە ئەو کەسانە بە کردەوە نوێنەرایەتیی کۆمەڵگایان پێ بکرێ و گوێیان لێبگیرێ، زانایان لەسەر ئەوە ڕێککەووتون کە دەبێت ئەوانە بە کردەوە قسە بەدەست بن و قسە ڕۆیشتوو بن وە قسەیان بڕ بکات، وە خەڵك متمانەیان پێ بکات، ئەگەرنا نوێنەرایەتیی خەڵکیان پێ ناکرێ، واتە: دەبێت صەلاحیەتیان هەبێت و دەستکراوە بن.

**پێنجەم:** تێکڕای زانایان لەسەر ئەوەش یەکدەنگن کە زانایان و قسە ڕۆیشتوان و خاوەن پێگەی جەماوەریی و سیاسییەکان، بازنەی فراوانی کۆکردنەوەی ئەو جۆرە کەسانەن، واتە: هەموویان لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە زانایان لەو بازنەیەدان و قسە ڕۆیشتوان لەوبازنەیەدان و ئەوانەی کە لە نێو خەڵك و جەماوەردا، یاخود لە ڕووی سیاسییەوە پێگەی بە هێزیان هەیە و خەڵك بەقسەیان دەکات و متمانەیان پێدەکات لەو بازنەیەدان، بەڵام پێویستە لەو ڕاستیە بێ ئاگا نەبین کە ئەوان قسەیان دەربارەی ڕۆژگاری خۆیان کردوە، وە ئەو جۆرە کەسانەی کە لە ڕۆژگاری ئەوان دا مشوور خۆر و نوێنەری خەڵك بوون، دەگونجێ لە ڕۆژگاری ئێمەدا کەسانێکی دیکە بە ناوونیشانی دیکە و بە سیمای دیکەوەو بەمەرجی دیکەوە، خەڵك و کۆمەڵگا بەنوێنەری خۆیانیان بزانن.

**شەشەم:** (إبن خلدون) وەك بابایەکی شارەزای بەکردەوە لە بواری حوکم و سیاسەت دا (چونکە ئەو بە کردەوەش لە نێو کاری حوکمڕانییدا بووە) مافی مشوور خۆریی و نوێنەرایەتیی لەسەر کەسانێك کورت هەڵدێنێ، کە یەکەم: پێگەی جەماوەرییان بە هێز بێت و خاوەنی هێز بن، دووەم: شارەزا و ئاشنای بواری حوکمڕانیی بن، کە بەڕاستی تاڕادەیەکی زۆر ڕایەکەی پەسەندە و ئەگەر کەسێك پێگەی جەماوەریی نەبێت، وە خەڵك متمانەی پێ نەکات و قسەی نەڕوات، نوێنەرایەتیشی پێ ناکرێت[1]، پاشان ئەگەر شارەزای وە ئاشنای بواری حوکمڕانیی نەبێ، دیسان بۆی ناکرێ، جاری وا هەیە کەسێك لە کتێب

---

(١) بەڵام وەك پێشتریش گوتم: مەرج نیە هەر کەسێکیش لە واقیع دا دەستەڵاتی هەبوو و قسە ڕۆیشتوو بوو، نوێنەرایەتیی یەکەی بۆ خەڵکی ڕەواو هەق بێ.

www.alibapir.com


شارەزایە، بەڵام لە واقیع شارەزا نیە، زانیاری هەیە بە حوکمە شەرعییەکان، بەڵام زانیاری نیە بە خەڵکەکان و بە تەوژمە فیکریی و سیاسییەکان!

بۆیە بەڕاستیی تێبنیەکەی (إبن خلدون) جوانە، کەسانێك دەبێت مشوورخۆری کۆمەڵگا بن کە ئاگاداری حاڵ و باڵی کۆمەڵگا بن، وەزعی: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابووریی، فیکریی، فەرهەنگیی، ئەخلاقیی، ئەمما کەسێك کە تەنیا شارەزاییەکەی لە چوار چێوەی کتێبان دایە و شارەزاییەکەی نەزەریی و تیۆریی یە، بەڕاستی بە کەڵکی مشوورخۆریی و نوێنەرایەتیی کۆمەڵگا نایەت.

**حەوتەم و کۆتایی:** هەروەها (إبن خلدون) بەوە کە مافی ئیجتیهاد کردن و ڕاوێژپێکران بە هەموو زانا و شارەزایەك دەدات کە توانای هەیە، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە ئیجتهاد و بڕیارەکانی بە پابەند کەر نازانێت، وەڵامی ئەو ئیشکالەش دەداتەوە کە مە رج نیە تەنیا ئەوانە مافی ڕاوێژ و ئیجتیهادیان هەبێت کە بە شێوەیەکی ڕەسمیی و دامەزراوەیی بەو کارە هەڵدەستن .

**(إبن خلدون)** دەڵێت: کەسێك کە لە بواری یاسا شەرعییەکان دا شارەزایە ئەوە دەگونجێ لە بواری فەتوادا ئیستیفادەی لێبکرێ، بەڵام بە کەڵکی بواری حوکمڕانیی نایەت، قسەکەی جوانە واتە قسەکردن دەربارەی وەزعی مسوڵمانان و کۆمەڵگای ئیسلامیی مەرج نیە تاپۆکرابێ و کورت هەڵێنرابێت لەسەر کەسانێك کە بە شێوەیەکی ڕەسمیی لە نێو دام و دەزگا ڕەسمییەکان دان، بەڵکو هەرکەسێك شارەزا و زانا بێت ئەویش بۆی هەیە قسە بکات، بەڵام وەك فەتواو پێشنیارو بەرچاو ڕوونیی، بەڵام کەسێك کە بڕیارەکەی پابەند کەرە ئەو کەسەیە کە مسوڵمانان کردوویانە بە کاربەدەستی خۆیان و نوێنەری خۆیان، ئنجا چ دەسەڵاتی یاسادانیان پێ سپاردبێ، چ دەستەڵاتی جێبەجێکردنیان پێ سپاردبێ، چ دەستەڵاتی دادوەرییان پێ سپاردبێ.

www.alibapir.com


# لەم ڕۆژگارەمان دا نوێنەرانی كۆمەڵگا كێن و چۆن دیاریی دەكرێن؟!

**پرسیاری یەكەم** - یەكێك بۆی هەیە بپرسێ: لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ئەو كەسانە كێن كە شایستەیی بە جێهێنانی ئەو ئەركەیان هەیە؟ واتە ئەركی نوێنەرایەتیی خەڵك و ئەركی مشوورلێخواردنی كۆمەڵگاو بڕیار دان بۆ كۆمەڵگاو یاسادانان بۆكۆمەڵگا؟! لە وەڵامدا دەڵێین: بە پێی مانای ڕواڵەتیی وشەی: (وأولي الأمر) وە پێناسەی زانایان، هەموو ئەو كەسانەی كە لە كۆمەڵگادا كەسایەتیی و پێگەیەكی سیاسی و جەماوەریی وایان هەیە كە خەڵك قسەیان لێوەر بگرێت و متمانەیان پێ بكات، ئەو مافەیان هەیە كە بچنە ئەو ئەنجوومەنەوە، جا چ بە هۆی زانیاریی و شارەزاییانەوە بێت لە دین و ژین دا، چ بە هۆی خەباتی سیاسییانەوە بێت، چ بە هۆی ئیعتیبارو سومعەی كۆمەڵایەتیی بێت، یان بەهۆی هەر ئیعتیبارێكی دیكە بێ، كە ئەوە لە كۆمەڵگایەكەوە بۆ كۆمەڵگایەكی دیكە دەگۆڕێ، ئەگەرنا هەركەسێك لە نێو كۆمەڵگادا متمانەی پێ بكرێ و خاوەنی پێگە بێت، ئەو چوار چێوەیە دەیگرێتەوە.

ئینجا بێگومان بە مەرجگرتنی هەبوونی توانای ئیجتیهاد بە چەمكە باوەكەی، وەك هەندێك لە زانایان گوتوویانە، هیچ بەڵگەیەكی لەسەر نیە كە هەموویان دەبێت توانای ئیجتیهادیان هەبێت، واتە بتوانن یاسا شەرعییەكان لە دەقە شەرعییەكان هەڵهێنجن، ئەوە بەڕاستی هیچ بەڵگەیەكی لەسەر نیە، بەڵكو گرنگ بە قسە كراویی و ڕێز لێگیراویی و متمانە پێكراوییە، وە توانا هەبوونە،

www.alibapir.com


شایستەبی هەبوونە، وە لە ڕاستیشدا ئیجتیهادو کۆشش کردن لە هەر دوو بواری دینداریی و دنیاداریی دا هەمیشە هەر هەیە، وە هیچ کاتێك کۆمەڵگا بێ ئیجتیهاد نابێت، بەڵام بەچەمکی فراوانی ئیجتیهاد، نەك بەو چەمکە باوەی کە زانایان باسیان کردوە.

**پرسیارێکی دیکەشمان لێ دەکرێت** - دەڵێت لە م ڕۆژگارەدا چۆن چۆنی ئەو کەسانە کە دەبنە نوێنەری خەڵك و دەبنە مشوورخۆری کۆمەڵگا، دیاریی دەکرێن و میکانیزم و شێوازەکەی چۆنە؟ لە وەڵام دا دەڵێین: هەر شێواز و ڕێباز و میکانیزمێك کە لەم ڕۆژگارەدا بە چاکتر دادەنرێت، نەك هەر دروستە، بگرە پێویستیشە بەکار بهێنرێ و سوودی لێوەر بگیرێ، واتە: بۆ دیاریی کردنی نوێنەرانی خەڵك، کە ببنە مشوور خۆرو ببنە یاسادانەرو بڕیار دەر، لە چوار چێوەی فراوانی شەریعەت دا، ئێمە شەریعەت دەستی ئاوەڵا کردووین و بۆی ڕەوا کردووین، کە هەر شێواز و ڕێباز و چۆنیەتییەك، پێمان وابێت لە ڕۆژگاری خۆمان دا باشترە بۆ دیاریی کردنی ئەو نوێنەرانە، ئەوە بۆمان هەیە، چونکە:

**یەکەم:** بواری هەڵسوکەوتەکان وەك چەندان جار گوتوومانە: ئەصڵ و بناغە تێیان دا دەستکراوەیی و ڕێپێدران و ڕەوابیە، وە هیچ دەقێکی شەرعیش نیە ڕێی لێ گرتبین و بڵێ: دەبێ نوێنەران هەر بەو شێوەیە هەڵبژێردرێن، بەڵکو ئەوە بەبۆشایی بە جێ هێڵدراوە.

**دووەم:** ئێمە بنچینەیەکی شەرعییمان هەیە وەك چەندان جار باسمان کردوە:

(ما لایتم الواجب إلا به فهو واجب) واتە: هەرشتێك فەڕزێك پەکی لەسەری بکەوێ، فەڕزە.

ئنجا ئایا واجب نیە لە نێو کۆمەڵگادا کەسانێك هەبن بڕیار بەدەست و مشوورخۆر بن و یاسادا بنێن؟ با، کەواتە: چۆن ئەو نوێنەرانەمان بۆ دیاریی دەکرێ، بەهەر میکانیزم و شێوازێك دیاریی بکرێن، ئەوە ئەو شێواز و میکانیزمەو ئەو هۆکارو ئامڕازە فەڕزە، هەروەها بنچینەیەکی دیکەی شەرعیی کە دەڵێ: (للوسائل حکم المقاصد) ئامڕازەکان هەمان حوکمی ئامانجەکانیان هەیە، ئێمە

www.alibapir.com


مادام ئەو ئامانجەمان بۆ نایەتە دی، بە بێ هۆکار و ئامرازو ڕێبازێکی دیاریی کراو، کەواتە: ئەو هۆکارو ئامرازەش فەرز دەبێت.

(إبن القيم) ڕەحمەتی خوای لێبێ لەو بارەوە قسەیەکی جوانی هەیە چەند جارێکی دیکەش ئاماژەمان بۆ کردوە لەکتێبی (الطرق الحكمية في السياسة الشرعية)دا دەڵێ:

{قد بين سبحانه بما شرعه من الطرق أن مقصوده إقامة العدل بين عباده وقيام الناس بالقسط فأي طريق استخرج بها العدل والقسط فهي من الدين وليست مخالفة له} [١]

دەڵێت: خوای پاك بەوە کە بۆی داناوین لە ڕێبازەکان، بۆی دەرخستووین کە مەبەستی چەسپاندن و بەرپاکردنی دادگەرییە لە نێوان بەندەکانی دا، وە ئەوەیە کە خەڵك بەدادگەریی بەڕێوە بچن، بۆیە هەر ڕێیەك دادگەریی و دادپەروەریی پێ دابینکراو پێ چەسپێنرا، ئەوە لە نێوەڕۆکی دینە وە پێچەوانەی دین نیە.

واتە: چۆن دادگەریی زیاتر بچەسپێت و چۆن بەرژەوەندیی مسوڵمانان باشتر بێتە دی، بەهەر شێوازو ڕێبازێك، چ خۆمان عەقڵمان پێی شکابێت، چ خەڵکی دیکە لە شوێنی دیکە عەقڵی پێی شکابێت، مسوڵمان بێ یان کافر، ئێمە بۆمان هەیە ئەو ئامرازو شێوازە بەکاربێنین، مادام دەمانگەیەنێ، بەو ئامانجەی کە خوای دادگەر دەیەوێ، کە بریتیە لە چەسپاندنی دادگەریی و هێنانە دی بەرژەوەندیی.

---

(١) ص٢٣.

www.alibapir.com


# هەڵبژاردنی نوێنەران

کەواتە: گرتنە بەری ڕێبازی هەڵبژاردن، ئەوەی کە ئێستا لەم ڕۆژگارەی ئێستامان دا باوە، وە ڕەچاوکردنی ئەو شێوازە کە لەم ڕۆژگارەی ئێستاماندا باوە، ئەوە شتێکی پێویست و فەڕزە، بۆ ئێمەی مسوڵمان، ئەویش بە دوو بەڵگە:

**یەکەم:** لەبەر ئەوەی وەك پێشتر باسمان کرد مەسەلەی ڕاوێژ کردن و هەڵبژاردن، وەك بناغەو شێوازی کاروبار بەڕێوەبردن لە دەقەکانی قورئان وسوننەتدا هاتوە و داکۆکیی لەسەر دەکەن وەك خوا دەفەرموێ: ﴿وَأَمۡرُهُمۡ شُورَىٰ بَيۡنَهُمۡ ٣٨﴾ الشوری.

واتە: هەڵسووڕاندنی کاروبار لە نێو مسوڵمانان دا بە ڕاوێژە، مانای وایە دەبێ ڕاوێژ بکەین و سەرەنجامی ڕاوێژیش دێتە سەر هەڵبژاردن، هەروەها خوای بەرز لە سووڕەتی (آل عمران)دا، بە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: ﴿وَشَاوِرۡهُمۡ فِي ٱلۡأَمۡرِ ١٥٩﴾ .

واتە: وە دەربارەی کاروباریان ڕاوێژیان پێ بکە، ئنجا ڕاوێژیان پێدەکات و هەندێك دەڵێن: وا بکەو، هەندێك دەڵێن: وامەکە، وە سەرەنجام پەنا دەبەنە بەر هەڵبژاردن و ڕای زۆرینەش دەبێتە پابەند کەر (مُلزَم) وەك پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) هەمیشە خۆی پابەند کردوە بە ڕای زۆرینەوە، وەك لە جەنگی بەدردا کە فەرموویەتی: {أَشيرُوا عَلَيَّ أَيُّها النَّـــاس!}[1] .

---

(١) السيرة النبوية لابن هشام، ج٢ ص٢٣٢.

www.alibapir.com


هەتا پشتیوانەکان قسەیان نەکردوە، بڕیاری چوونە نێو جەنگەکەی نەداوە، هەروەها لە جەنگی ئوحود دا پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) زۆرینە ڕایان لەسەر چی بوو، هەرچەند پێچەوانەی ڕایەکەی ئەویش بوو، بەڵام خۆی پێوە پابەند کرد، دیارە ئێمەلە ڕابردوودا بەتەفصیل باسی ئەو مەسەلەیەمان کردوە، بۆیە لێرەدا بەو ئاماژە کورتە وازی لێ دێنین.

هەروەها لە (السِّيرة النّبَويَّة لِأبن هِشام)دا هاتوەو پێشتریش هێنامان، کە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی:

(أخرِجوا إِلَيَّ مِنكُم إثْنَي عَشرَ نَقيباً لِيَكونُوا إلى قَومِهِم بِما فِيهِم)[1].

واتە: لە نێو خۆتان دا دوازدە نەقیبم بۆ دەربێنن، (واتە: بۆم هەڵبژێرن) تاکو سەرپەرشتیاری خەڵکەکەی خۆیان بن. دیارە دەبێ دوازدە پێکهاتە بووبن وەك تیرەو هۆز، بۆیە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی: بۆ هەرکامێکیان نەقیبێك (واتە: نوێنەرێك کەسەرپەرشتیان بکات) دابنێین.

هەروەها پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) وەك پێشتریش هێنامان و لە (الأحكام السلطانية)[2] دا هاتوە کە لەساڵی نۆیەمی کۆچیی دا سوپایەك بەرەو ڕۆمەکان دەنێرێ (غَزْوَة مُؤْتة) بە فەرماندەیەتیی (زيد بن حارثة) و دەفەرموێ: ئەگەر زەید کوژرا با (جعفر بن أبي طالب) فەرماندە بێ و، ئەگەر ئەویش کوژرا با (عبدالله بن رواحة) فەرماندە بێت و ئەگەر ئەویش کوژرا دەفەرموێ: (فَلْيَرتَض المسلمونَ رَجُلاً)، با مسوڵمانان لە نێو خۆیان دا لەسەر پیاوێك پێك بێن، (واتە: هەڵیبژێرن).

کەواتە: ئەو مەسەلەی هەڵبژاردنە ئەسڵ و بناغەکەی لە شەریعەتی ئیسلام دایەو، هەم قورئان فەرموویەتی، هەم پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) کردووشیەتی و فەرمووشیەتی بۆ مسوڵمانان، کە دەبێ بەو شێوەیە بکەن، دووەم: دەبێ ئەو ڕاستییەمان هەر لەبەر چاو بێت وەك چەندان جاری دیکەش باسمان

---

(١) ج٢ ص١٢٩.

(٢) ص٢٦.

www.alibapir.com


کردوە، کە بناغە لە هەڵسوکەوت و عادەتەکان دا، ڕەوایی و دەستکراوەیی و ڕێپێدرانە، کەواتە: ئەم مەسەلەیەش مادام لەو بازنەیەدایە، ئێمە دەستمان کراوەیە، یانی: ئەگەر گریمان هیچ ئایەتێکیش نەبوایەو هیچ فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوایش (صلى الله عليه وسلم) نەبوایەو هیچ کردەوەیەکی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)شمان نەبوایە، مادام هیچ دەقێکی شەرعیی نیە ڕێگامان لێ بگرێ، وە ئەو مەسەلەیە دەکەوێتە بواری عادەت و هەڵسوکەوتەکانەوە، دیسان ئێمە خۆمان بە دەستکراوە دەبینین و بۆ خۆمانی بە ڕەوا دەبینین، کە چۆنمان پێ چاکە بۆ ڕۆژگاری خۆمان وا بکەین، واتە: بە کورتیی و کوردیی: ئێستا ئەوەی کە لە هەرێمی کوردستانی ئێمە دا پێی دەگوترێ (پەرلەمان) وە لە بەغدا پێی دەگوترێ (مَجلِس النوّاب) ئەنجومەنی نوێنەران، وە لەشوێنێکی دیکە پێی دەگوترێ: ئەنجوومەنی ڕاوێژ (مجلس الشورى)، وە لە شوێنێکی دیکە پێی دەگوترێ: کۆنگرێس، یان ئەنجوومەنی نیشتیمانیی (المجلس الوطني).. تا کۆتایی، ناوونیشانەکەی هەرچییەك بێت گرنگ نێوەڕۆکە، وەك گوتراوە:

{العِبرة بالمُحتويات والمَضامين ولَيسَت بالأَسْماء والعناوين}.

گرنگ نێوەڕۆك و جەوهەرە، نەك ناوونیشان، ئێمە دەڵێین: پێکهێنانی کۆڕو ئەنجوومەنێکی ئاوا، نەك هەر ڕەواو شەرعییە بەڵکو فەرز و پێویستیشە، وە لە ڕاستیدا لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (صلى الله عليه وسلم) بە شێوەیەکی سادە هەبووەو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کەسانێکی دیاریی کراو هەبوون کە ڕاوێژی پێ کردوون، ئەگەر بابەتی ڕاوێژ تێدا کردنەکە لەو جۆرە بوو بێت کە نوێنەرەکانی خەڵك بۆی بەس بن، وەك دوازدە کەسەکەی کە لەپەیمانی دووەمی عەقەبەدا هەڵبژێرران، وەك لە موناسەبەی دیکەدا فەرموویەتی: با عەریفەکانتان[١] ڕایەکانتانمان بۆ بێنن! {...فارجعوا حتى يرفع الينا عُرفاؤكم أَمركم...}[٢] وە جاری وا بووە ڕاوێژی کردوە بەدوو کەس، وەك (سعد

---

(١) العريف: القيِّمُ بأمور القبيلة من الناس، كلي أُمورهم، و تَعَرَّفُ منه الأخير أحوالهم. التراتيب الإدارية، للكتّاني، ج١ ص٢٠٥.

(٢) ئەوە لە کاتی گێڕانەوەی ژن و منداڵی هۆزی (هوازن)دا بوو، بۆ لای پیاوەکانیان

www.alibapir.com


بن معاذ و سعد بن عباده) خوا لێیان ڕازی بێت کە زانیویەتی ئەنصارییەکان هەموویان متمانەیان بەو دوو کەسە هەیە و نوێنەرایەتی هەموویانیان پێ دەکرێ، وە جاری وابووە پرسی کردوە بە (أبوبکر) و (عمر) خوا لێیان ڕازی بێت کە زانیویەتی هەموو مسوڵمانان متمانەیان بەو دووانە هەیە، وەجاری واش بووە، پرسی بە هەموویان کردوە، وەك جەنگی بەدرو جەنگی ئوحود، چونکە بابەتەکە پەیوەندیی بەهەموویانەوە هەبووە، جاری واش هەبووە ڕاوێژی کردوە بە کەسێك کە لەو بوارەدا شارەزا بووە، وەك پێشتر وێنەمان هێنایەوە کە پرسی کردوە بە (الحباب بن المنذر)[1]، لە بارەی شوێنی دامەزراندنی مەنزڵگای سوپاوە لە جەنگی بەدردا.

گرنگ ئەوەیە ئێمە شەریعەتی خوای پەروەردگار ڕێی پێداوین کە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای خۆمان نێوەندێکی بڕیاردانمان هەبێ، کە بە زارەوەی ئەمڕۆ پێی دەگوترێ: دەستەڵاتی یاسادانان (السلطة التشريعية) پێکهێنەرانیشی نوێنەرانی خەڵك و کۆمەڵگان، وە ئەو میکانیزم و شێوازەی کە ئێستا لەم ڕۆژگارەدا باوە، کە بریتیە لەوە کە خەڵك لە نێو خۆیدا هەڵبژاردن دەکات، وە کەسانێك وەك نوێنەرانی خۆی دیاریی دەکات کە دوایی لە چوار چێوەی مەجلیسێك دا دادەنیشن وە تەگبیر دەکەن و پرس و ڕا بەیەکدی دەکەن و تاووتوێی شتەکان دەکەن، وە پاشان پڕۆژە یاسایەکان دەکەن بە یاسا، ئەو پڕۆژە یاسایانەی کە خۆیان پێشنیاریان دەکەن، یاخود لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆیان دێن، ئائەوە نەك هەر شتێکی ڕێپێدراوە، بەڵکو شتێکی فەرز کراوە لەسەر مسوڵمانان، چونکە بەو شێوەیە نەبێ کۆمەڵگای مسوڵمانان ئیدارە ناکرێ، وە لە ڕابردووشدا بەگشتی هەر بەو شێوەیە ئیدارە کراوە، وە بەدیلی ئەوەش کە خەڵك نوێنەرانی خۆی هەڵبژێرێ ئەوەیە کە یەکێك بێ خۆیان لەسەر فەرز بکات و بە ئاگرو ئاسن خۆیان بەسەردا بسەپێنێ، وەك دەبینین لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیی دا کە حوکمی میراتیی و بنەماڵەییە، یان حوکمی ئاگرو ئاسنەو

پاش مسوڵمان بوونیان، بڕوانە: صحيح البخاري، كتاب العتف، باب: ١٣، ص:٣/١٢١
(١) السيرة النبوية لابن هشام، ج٢ ص١٨٢، دار صادر، ط: ٢٠٠٥.

www.alibapir.com


حوکمی تۆتالیتاریی یە، سەرەنجامیش ئاوایان لێدێ، دوای ئەوەی کە خەڵك زۆر بێزار و نائومێد دەبێ، ئاوا لێیان ڕادەپەڕێ[1]، ئەوە لەڕاستیدا هەمووی دەرەنجامی ئەوەیە کە مسوڵمانان لە جادەی شەریعەت لایان داوە، شەریعەت دەڵێ: دەبێ سوڵتە بەدەستی خەڵکەوە بێ و خەڵك نوێنەرانی خۆی هەڵبژێرێ، وە خەڵك چاودێربێ بەسەر دەستەڵاتەکانەوە، لە ئەنجامی لادان لە و جادە و بەرنامەیە مسوڵمانان تووشی ئەو وەزعانە بوون بە هیوای ئەوە کە خوا بیخاتە دڵی مسوڵمانانەوە هیدایەتیان بدات بگەڕێنەوە بۆ سەر ڕاستە شەقامەکەی خۆیان و بگەڕێنەوە سەر ڕەسەنایەتیی ئیمانیی و ئیسلامیی خۆیان، تاکو لەو هەموو قەیرانە سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتییانە، لە و هەموو کێشە و گرفتارییانە کە پێیانەوە گیرۆدە بوون، دەربازیان بێت.

لێرەشدا هاتینە کۆتایی توێژینەوەمان دەربارەی دەستەڵاتی یاسادانان، یەکەمین دەستەڵات لەسێ دەسەڵاتەکەی نێو حکوومەت و دەوڵەتی ئیسلامیی، خوا پشتیوان بێت لە داهاتوودا دەچینەسەر باسی دووەمین دەستەڵات، کە دەستەڵاتی جێەجێکردن (السلطة التنفیذیة)یە.

---

(١) ئەمە لەگەرمەی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبیی دا گوتراوە.

www.alibapir.com

# دووەم

# دەسـتەڵاتی ڕاپـەڕانـدن

# ( السلطـة التنفـيذية )

www.alibapir.com

www.alibapir.com


**خوێنەری بەڕێز!**

**دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن، کە دەستەڵاتی جێبەجێکردنیشی پێدەگوترێ، کە مەبەست پێی حکوومەتە بە چەمك و واتای باوی ئەم ڕۆژگارەمان، سێ ئەرکی سەرەکیی هەن:**

**یەکەم:** جێبەجێ کردنی یاساو بڕیارەکان لە پێناوی دەستەبەرکردنی ئاساییش و ڕێك و پێکی (نظام) لە کۆمەڵگادا.

**دووەم:** ڕێکخستنی دامەزراوەکانی دەوڵەت، وەك: هێزەکانی سوپاو ئاساییش و پۆلیس و کاروباری دارایی و فێرکردن و... هتد، بەمەبەستی بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگاو هەرچی زیاتر گەشەکردنی.

**سێیەم:** ڕێکخستنی کارو بارە دەرەکییەکانی دەوڵەت لەکاتی ئاشتیی و جەنگ دا.

شایانی باسیشە لەم ڕۆژگارەدا دەستەڵاتی جێبەجێکردن (حکوومەت) لە سەرۆکی حکوومەت و وەزیرەکان و ئەو دامەزراوەو دەزگایانەی پێیانەوە پەیوەستن، پێك دێ[1].

ئنجا خوا پشتیوان بێ ئێمە هەوڵدەدەین لە دە (١٠) بڕگان باسی هێڵە گشتییەکان و سیماو نیشانە سەرەکییەکانی حکوومەت (دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن) بکەین و تیشکی بخەینە سەر، بەڵام پاش ڕوونکردنەوەیەکی گرنگ:

---

(١) بڕوانە: (السلطات الثلاث) للطماوي، ص٤٢، وە: حكومة الرسول: دراسة تأريخية دستورية مقارنة، ص ١٠٠.

www.alibapir.com


## ڕوونکردنەوەیەکی گرنگ لەبارەی حکوومەتەوە لەسەر بناغەی ئیسلام لەم ڕۆژگارەمان دا:

پێویستە هەموو لایەك ئاگادار بین کە بێجگە لە قورئان و سوننەت هیچ شتێکی دیکە لەبواری حوکمڕانیی و غەیری حوکمڕانییش دا، بۆ ئێمە پابەندکەر (مُلْزِم) نیە، کە وەك باسیشمان کرد دەقەکانی قورئان و سوننەت لەو بوارەدا زۆر کەمن.

**کەواتە:**

با هیچکەس وانەزانێ کە ئێمەی مسوڵمان لەم ڕۆژگارەی سەدەی پازدەیەمی کۆچیی و بیست و یەکەمی زایینیی دا، لەسەرمان پێویستە کە بەهەمان شێوەو فۆڕمی ڕۆژگاری پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و خەلیفە ڕاشیدەکانی خوا لێیان ڕازی بێ، یان ڕۆژگاری ئومەویی و عەبباسییەکان کە (الماوردي) و (أبو یعلی) لە کتێبی خۆیان (الأحكام السلطانية والولايات الدينية)دا خستوویانەتە ڕوو، دەوڵەت و قەوارەی سیاسی پێ بێنین و ناچاربین کەسێك بە ناوو نیشانی: (إمام) یان (خلیفە) دابنێین و، وەزیری (تفویض) و (تنفیذ)ی بۆ دیاریی بکەین و، ئنجا بۆ هەر شارو ناوچەیەکیش کەسێك بەناوونیشانی: (أمیر) یان (والي) دابنێین و...هتد!!

چونکە بێگومان تێکڕای ئەو فۆڕم و شێوەو ئەزموونانەی حوکمڕانیی، لە ڕووە ئیداریی و هونەرییەکانیانەوە بەبەشێك لە مێژوو و کەلەپووری مسوڵمانان لە بواری دەوڵەتداریی دا، دادەنرێن و، هیچ جۆرە ئیلزامێکیان تێدا نیەو، بێگومان کاریگەریی دەوڵەتداریی و حوکمڕانیی دەوڵەتانی دنیاشیان بەسەرەوە هەیەو بەردەوامیش لەو بوارەداو لە گەلێك بواری دیکە دا مرۆڤایەتیی لە گەشەکردن دایە، وەك هەمووومان دەیبینین.

ئێستاش لە دە (١٠) بڕگەدا بنەما سەرەکییەکان و نیشانەو دروشمەکانی دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن، لە دەوڵەت و قەوارەیەکی ئیسلامیی دا، دەخەینە ڕوو:

www.alibapir.com


# بنەما و نیشانە سەرەکییەکانی دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن

## بڕگەی یەکەم:

### ناوونیشانی کەسی یەکەمی دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن:

ئاشکرایە کە دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن، یان جێ بەجێ کردن (السلطة التنفيذية) کەسی یەکەم (حوکمڕان) و هاوکارانی دەگرێتەوە، ئنجا ئەو ستافەی هاوکارانی چ وەزیری (تفويض) و وەزیری (تنفيذ) و بەرپرسانی ناوچەکان (أمراء المناطق) بن، وەك کاتی خۆی، چ ئەنجوومەنی وەزیران و پارێزگارەکان بن، وەك ئێستا باوە، چ هەرشێوەیەکی دیکەی وڵات بەڕێوەبردن بێ، کە لە داهاتوودا پەیدادەبێ.

**ئنجا ئێستاش دەپرسین:**

ئایا کەسی یەکەمی دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن، واتە: سەرۆکی حکوومەت، لە ئیسلام دا ناوو نیشانێکی تایبەتی هەیە یان نا؟!

**لە وەڵامدا دەڵێین:**

هیچ دەقێکی قورئان و سوننەت نیە، کە مسوڵمانان مولزەم بکات، بەبەکارهێنانی ناوو نیشانێکی تایبەتەوە، هەڵبەتە هەرکام لە وشەکانی: (خليفة، إمام، أولي الأمر) لە قورئان دا هاتوون:

www.alibapir.com


١- ﴿ يَٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلۡنَٰكَ خَلِيفَةٗ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱحۡكُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ بِٱلۡحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلۡهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ لَهُمۡ عَذَابٞ شَدِيدُۢ بِمَا نَسُواْ يَوۡمَ ٱلۡحِسَابِ ٢٦ ﴾ ص.

٢- ﴿ وَإِذِ ٱبۡتَلَىٰٓ إِبۡرَٰهِـۧمَ رَبُّهُۥ بِكَلِمَٰتٖ فَأَتَمَّهُنَّۖ قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامٗاۖ قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِيۖ قَالَ لَا يَنَالُ عَهۡدِي ٱلظَّٰلِمِينَ ١٢٤ ﴾ البقرة.

٣- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ٥٩ ﴾ النساء.

بەڵام هیچ کامیان بۆ ئەو مەبەستە دیاریی نەکراون، هەر بۆیەش یەکەمین جێگرەوەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە بواری سەرۆکایەتیی دەوڵەت دا (أبو بكر الصديق) خوا لێی ڕازی بێ، ناوو نیشانی: (خليفة رسول الله)ی هەبووە، بەڵام جێنشینی دووەمی (عمر بن خطاب) خوا لێی ڕازی بێ، ناوو نیشانی: (أمير المؤمنين)ی هەبووەو، دوایيش هەروا بەردەوام بووە، هەتا ڕۆژگاری عوسمانییەکان، کە حوکمڕان بەناوی (سلطان)ەوە بانگ کراوە، وە (يوسف بن تاشفين)یش لە سەردەمی (مرابطون)دا نازناوی (أمير المسلمين)ی هەبووە.

**کەواتە:**

بەکارهێنانی هەر ناوو نیشانێك کە دەلالەت لەسەر نێوەڕۆکی ئەو پۆستەو پێگە سیاسییە بکات، شتێکی ئاسایی یە، وەك: سەرۆك، سەرۆك کۆمار، سەرۆك وەزیران، ڕاوێژکار (المستشار)، ئەمیر.....هتد.

www.alibapir.com


### بڕگەی دووەم:

### پێگەی یاسایی کەسی یەکەمی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن:

**زاناو شارەزایانی ئیسلام لەو بارەوە کە ئایا: پێگەی یاسایی (المركز القانوني) کەسی یەکەمی دەوڵەت چییەو چۆنە؟ ڕاجیایی یان هەیە:**

١- هەندێکیان گوتوویانە: بریتیە لە جێنشینایەتیی خوای بەرزو بێ وێنە.
٢- وە هەندێکیان گوتوویانە: بریتیە لە جێگرایەتیی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم).
٣- زۆربەشیان گوتوویانە: بریتیە لە نوێنەرایەتیی و وەکالەتی خەڵك[1].

### ڕای یەکەم: حوکمڕان جێنشینی خوای بەرزو مەزنە:

١- **(فخرالدین الرازي)** یەکێکە لە لایەنگرانی ئەم ڕایەو لەو بارەوە بەبۆنەی ناونرانی (آدم)ەوە بە (خليفة) گوتوویەتی:

{إنما سماه الله خليفة لأنه يخلف الله في الحكم بين المكلفين من خلقه وهو المروي عن ابن مسعود وابن عباس والسدي وهذا الرأي متأكد بقوله: إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ فَاحْكُمْ بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ} [2].

واتە: بۆیە خوا ناوی لێناوە خەلیفە، چونکە جێنشینی خوایە لە دادوەریی کردن لە نێوان مرۆڤەکان یانی دروستکراوانی، وە ئەم ڕایەش لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودو عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس و سوددیی گێڕاوەتەوە، وە ئەم ڕایە پشتڕاست دەبێتەوە بە فەرمایشتی خوا: ئێمە تۆمان لە زەوی دا بە جێنشین داناوە، دەجا بەهەق دادوەریی لەنێوان خەڵك دا بکە ....

---

(١) بڕوانە: (النظام السياسي الإسلامي...) د. منير حميد البياتي، ص ٢٣٠-٢٣٩.
(٢) مفاتيح الغيب، ج٢ ص ١٦٥.

www.alibapir.com


هەروەها لە جێیەکی دیکەدا گوتوویەتی:

(معنى الخليفة: مَنْ يكون نائباً عن الله تعالى في الحكم والقضاء)[١].

واتە: مانای خەلیفە: کەسێکە کە لەڕووی حوکم و دادوەریی یەوە نوێنەری خوا دەبێ.

٢- **(إبن الجوزي)**یش یەکی دیکەیە لەو زانایانەی ئەو ڕایەیان هەیەو لەو بارەوە گوتوویەتی:

(إنَّ الخلافة نيابةٌ عن الله عزَّ وجلَّ، وكفى بذلك شَرَفاً)[٢].

واتە: خەلیفایەتیی نوێنەرایەتیی خوای زاڵ و پایە بەرزەو هیچ ڕێزو شکۆیەکیش لەوە بەرزتر نیە.

هەروەها گوتووشیەتی:

{فإنَّ الخلافة نيابة عن الله عز وجل في عباده وتنفيذ أوامره وأحكامه، وقد كان يقوم بها الأنبياء ثم قام بها بعدهم الخلفاء}[٣].

واتە: بێگومان خەلیفایەتیی نوێنەرایەتیی کردنی خوای زاڵ و پایەدارە لەنێو بەندەکانی داو جێ بەجێ کردنی فەرمانەکان و یاسایەکانیەتی، کە پێغەمبەران پێی هەڵدەستان و دوای وانیش خەلیفەکان پێی هەڵسان.

٣- هەروەها **(القرافي)**یش هەمان ڕای هەیە[٤].

٤- **(أبو الأعلى المودودي)**یش لە زانایانی هاوچەرخ، هەمان ڕای هەبووە[٥].

---

(١) هەمان سەرچاوەو بەرگ، ج٢ ص ١٦٥.

(٢) المصباح المضيء، ص ٣٢.

(٣) هەمان سەرچاوە، ص٨.

(٤) الإحكام في تمييز الفتاوى من الأحكام، وتصرفات القاضي والإمام، ص ٨٤.

(٥) نظرية الإسلام وهديه في السياسة والقانون والدستور، ص ١٢٧.

www.alibapir.com


## ڕای دووەم: حوکمڕان جێنشینی پێغەمبەرە (صلی الله علیه وسلم).

١- **(الماوردي)** یەکێکە لەو زانایانەی کە ئەم ڕایەیان تەبەننی کردوە، کە گوتوویەتی، (الإمامة موضوعة لخلافة النبوّة في حِراسة الدين وسياسة الدنيا) [١].

واتە: پێشەوایەتیی بۆ جێگرایەتیی پێغەمبەرایەتیی دانراوە لە پاراستنی دین و بەڕێوەبردنی کارو باری دنیادا.

٢- **(التفتازاني)**یش هەمان ڕای هەیەو لە پێناسەی (الإمامە)ت دا کە مەبەستیان پێی (خلافة)ە، گوتوویەتی: (رئاسة في أمر الدين والدنيا خلافة عن النبيّ) [٢].

واتە: سەرۆکایەتیی کردنە لە کاروباری دینداریی و دنیاداریی دا لە جێگرایەتیی پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم).

٣- **(أبو يعلى الفراء)**یش هەمان ڕای هەیە[٣].

٤- هەروەها **(ولي الله الدهلوي)**یش هەمان ڕای هەڵبژاردوە[٤].

## ڕای سێیەم: حوکمڕان نوێنەری خەڵکە:

١- **(الماوردي)** لەو بارەوە گوتوویەتی و واش پێدەچێ ئەم ڕایەی تەبەننیی کردبێ کە دیارە لەگەڵ ڕای دووەم کە پێشتریش ڕای ویمان لەو بارەوە هێنا، هەر دەبنەوە یەك:

(وإِذَا كَانَ تَقْلِيدُ الْأَمِيرِ مِنْ قِبَلِ الْخَلِيفَةِ لَمْ يَنْعَزِلْ بِمَوْتِ الْخَلِيفَةِ، وَإِنْ كَانَ مِنْ قِبَلِ الْوَزِيرِ انْعَزَلَ بِمَوْتِ الْوَزِيرِ، لِأَنَّ تَقْلِيدَ الْخَلِيفَةِ نِيَابَةٌ عَنِ الْمُسْلِمِينَ، وَتَقْلِيدَ الْوَزِيرِ نِيَابَةٌ عَنْ نَفْسِهِ) [٥].

---

(١) الأحكام السلطانية، ص ١٥.

(٢) الخلافة، لرشيد رضا، ص١٠، کە لە: ( المواقف في علم الكلام)ی وەرگرتوە.

(٣) الأحكام السلطانية، ص١١

(٤) حجة الله البالغة، ج٢ ص ٧٢٩.

(٥) الأحكام السلطانية، ص ٥٣.

www.alibapir.com


واتە: ئەگەر ئەمیر لەلایەن خەلیفەوە دانرابێ، بەمردنی خەلیفە لاناچێ. بەڵام ئەگەر لەلایەن وەزیرەوە دانرابێ بە مردنی وەزیر لادەچێ، چونکە کار سپاردنی خەلیفە بە کەسێك بە نوێنەرایەتیی مسوڵمانانە. بەڵام کارسپاردنی وەزیر بە کەسێك بەس بە نوێنەرایەتی خۆیەتی.

٢- **(الرملي)**یش لەو بارەیەوە گوتوویەتی:

(الإمام إنَّما يولِّي القضاءَ نيابة عن المسلمين) (١).

واتە: بێگومان پێشەوا بە نوێنەرایەتیی مسوڵمانان ئەرکی دادوەریی دەسپێرێ.

٣- **(إبن تيمية)**ش کە هەمان ڕای هەیە، لەو بارەوە گوتوویەتیی:

(فإن الخلق عبادُالله الولاة نواب الله على عباده وهم وكلاء العباد على نفوسهم) (٢).

واتە: بێگومان خەڵك بەندەی خوان، وە بەرپرسانیش نوێنەرانی خوان بەسەر بەندەکانییەوە، وە لەهەمان کاتدا وەکیلی بەندەکانیشن بەسەریانەوە.

**هەروەها لە زانایانی هاوچەرخیش ژمارەیەکی زۆریان ئەو ڕایەیان هەیە:**

**بـۆ وێنـــــە:**

٤- **(د. ثروت بدوي)** گوتوویەتی:

(الإسلام قد عرف فكرة الدولة المستقلَّة عن أشخاص الحكّام، وكان يعدُّ الحاكم أي الخليفة. بمثابة أمين على السلطة يُمارِسُها بصورة مؤقَّتة ونيابةً عن الأمة) (٣).

واتە: ئیسلام بیرۆکەی دەوڵەتی سەربەخۆ لە کەسە حوکمڕانەکانی ناسیوە، وە حوکمڕان - یانی خەلیفە- ی وەك ئەمیندار لەسەر دەستەڵات داناوە کە بەشێوەیەکی کاتیی و بە نوێنەرایەتی ئۆممەت مومارەسەی دەکات.

---

(١) نهاية المحتاج إلى شرح المنهاج، ج٨ ص ٢٣٤.

(٢) السياسة الشرعية في إصلاح الراعي والرعية، بشرح إبن عثيمين، ص ١٩.

(٣) النظم السياسية، ص٢٢.

www.alibapir.com



٥- **(د. محمد كتمل ليلة)**ش لەوبارەوە گوتوویەتی:

(الحاكِمُ الذي يتولّى تنفيذ أحكام الشريعة وإدارة شؤون الأمةِ يتمُّ إختيارهُ بواسطة أهل الحَلِّ والعَقد وكيلاً عن الأمة) (١).

واتە: ئەو حوكمڕانەی كە جێبەجێ كردنی یاساكانی شەریعەت و بەڕێوەبردنی كاروباری ئۆممەت بە ئەستۆوە دەگرێ، لەلایەن مشوورخۆرانەوەو وەك وەكیلی ئۆممەت هەڵدەبژێررێ.

٦- **(د. عبدالكريم زيدان)** ئەمیش زۆر بەڕوونیی هەمان شت ڕادەگەیەنێ، كە حوكمڕان وەكیل و نوێنەری خەڵكە:

(الأمة هي التي تختار رئيسها - الخليفة - فهو اذن وكيلها ونائب عنها، ومركزه القانوني هو مركز النائب والوكيل عن الأمة) (٢).

واتە: ئۆممەتە كە سەرۆكی خۆی - خەلیفە - هەڵدەبژێرێ بۆیە سەرۆك بە وەكیل و نوێنەری وی دادەنرێ و پێگەی یاساییشی بریتیە لە نوێنەرو وەكیلی ئۆممەت.

٧- **(د. محمد ضياء الدين الريس)**یش هەمان ڕای هەیەو لەو بارەوە گوتوویەتی:

(قد ثبت لدينا أنَّ الإمامة هي نيابة أو وكالة عن الأمة) (٣).

واتە: لەلامان چەسپاوە كە پێشەوایەتیی (سەرۆكایەتیی دەوڵەت) نوێنەرایەتیی و وەكیلایەتیی كردنی ئۆممەتە.

---

(١) فلسفة الإسلام السياسية ونظام الحكم فيه، ص ٢٣.

(٢) أصول الدعوة، ص ١٦٦.

(٣) النظريات الإسلامية السياسية، ص ١٧٥.

www.alibapir.com


## یەکگرتنەوەی ئەو سێ ڕایە لە نێوەڕۆك دا

**ئەو سێ ڕایە لە جەوهەرو نێوەڕۆك دا هەریەكن و لەیەك جیانین، چونكە:**

١- جێنشینی خوا بوونی حوكمڕانیی مسوڵمان، یانی: بوونی بەجێبەجێكەری شەریعەتی خواو ئەو یاسایانەی گرتوونیە خۆی:

﴿.. فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُۖ .. ﴿٤٨﴾﴾ المائدة.

٢- وە جێگریی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بوونی، یانی: شوێنگرتنەوەی لە جێبەجێكردنی شەریعەت و سەرپەرشتی كردنی دین و ژینی مسوڵمانان و سەرجەم كۆمەڵگاشدا، چونكە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دوو سیفەتی سەرەكیی هەبوون:

**یەك:** دابەزینی وەحی بۆ سەری: ﴿قُلۡ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٞ مِّثۡلُكُمۡ يُوحَىٰٓ إِلَيَّ.. ﴿٦﴾﴾ فصلت.

واتە: بڵێ من تەنیا بەشەرێكی وەك ئێوەم، سرووشم بۆ دێ....

**دوو:** شوێن كەوتنی بۆ وەحی خوا: ﴿...إِنۡ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّ.. ﴿٩﴾﴾ الأحقاف.

واتە: بڵێ من تەنیا شوێن ئەوە دەكەوم كە بۆم پەیام دەكرێ....

ئاشكراشە كە بوونە جێگرو جێنشینی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بەس لە شوێن كەوتنی ئەو وەحی و پەیامەدایە كە بۆی سرووش كراوە.

٣- وەجێگرو نوێنەرو وەكیل بوونی حوكمڕان بۆ خەڵك و كۆمەڵگاو ئوممەت، یانی: بەناوی ئەوانەوەو لەجیاتی وان و بەوەكالەتی وان بەرنامەی خواو یاساكانی لە ژیان و گوزەرانی خەڵك دا پیادە بكات.

كەواتە: نێوەڕۆكی هەرسێكیان هەریەكەو هەركام لەو سێ ڕایە لە گۆشەیەكیەوە بە ئیعتیبارێك تەماشای ئەو مەسەلەیان كردووە.

www.alibapir.com


بەڵام بێگومان - بەڕای بەندە - بۆ ڕێگرتن لە بەلاڕێ دابردن و بەهەڵە تەفسیر کردنی ئەو مەسەلەیە، واباشە جەخت لەسەر ڕای سێیەمیان بکرێتەوە. هەر ئەویشیان دەقەکانی قورئان و سوننەت و ڕووحی گشتی شەریعەت و عەقڵ و فیترەت و بەرژەوەندیی گشتی خەڵکیش دەیخوازی و پشتگیریی دەکەن.

## جێنشین و نوێنەر بوونی حوکمڕان بۆ خوا، لە بیردۆزەی ثیۆکراسی جیاوازە

ئەوە مەسەلەیەکی گرنگە بزانرێ، کە بەداخەوە زۆرێك لە سیکۆلاریستەکان، خەلیفەو نوێنەری خوا بوونی حوکمڕان لە ئیسلامداو، بیرۆکەی: (سیۆکراسی)و (التفویض الإلهی) لەکاتی خۆی لە سەدەکانی نێوەڕاست دا، کە دە (١٠) سەدە بوون (٦ تا ١٥)ی زایینی لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا باو بووە، پێکەوە تێکەڵ دەکەن! لە حاڵێکدا کە زۆر لەیەك جیان و بەینیان ئاسمان و ڕێسمانە، چونکە: لە سیستمی سیۆکراسییدا -کە بەحکومەتی ئایینی (الحکومة الدینیة)ش ناسراوە - بابای حوکمڕان دەستەڵاتی ڕەها (السلطة المطلقة)ی هەمەلایەنەی هەبووە، لە هەموو بوارەکانی: یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادوەریی دا، وە یاساو بڕیارەکانی بۆ هەموولایەك پابەندکەر (ملزم) بوون!.

بەڵام لە ئیسلام دا بابای حوکمڕان پاش دەنگ پێدان و هەڵبژاردنی خەڵك و ڕەوایەتیی (شرعیة) پێدرانی، ڕەوایەتیی بەردەوام بوون (شرعیة الأستمرار) لەسەر کورسیی حوکمڕانیی لە پابەندی بە شەریعەتەوە وەردەگرێ و، هەرکات لە شەریعەت لایدا، حوکمی کافربوون، یان ستەمکار بوون، یان لەڕێ دەرچوون: (الکفر أو الظلم أو الفسق)ی بەسەردا دەدرێ و بەگوێرەی ئەو وەسفە کە تێیدا هاتۆتە دی مامەڵەی لەگەڵ دا دەکرێ، وەك خوای کاربەجێ و دادگەر فەرموویەتی:

﴿..وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَـٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾﴾ .

﴿...وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ﴿٤٥﴾﴾ .

﴿..وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَـٰسِقُونَ ﴿٤٧﴾﴾ المائدة.

www.alibapir.com


## بڕگەی سێیەم:

## چۆنیەتی دانان و کار پێ سپێررانی حوکمڕان:

ئێمە کاتی خۆی لە کاتی توێژینەوەی دووەمین بنەمای سیستمی حوکمڕانیی ئیسلامیی (دەستەڵات هی خەڵکە)دا، باسمان کرد، کە خەڵك و کۆمەڵگا بە گشتی خاوەنی دەستەڵاتی سیاسییە و پێویستە کار بەدەستانی هەرسێك دەستەڵاتەکە: (یاسادانان، جێ بەجێ کردن، دادوەریی) لەلایەن خەڵکەوە دابنرێن و پاشان چاودێریی بکرێن و هەر لە لایەن خەڵکەوە لێپرسینەوەشیان لەگەڵ دا بکرێ.

ئنجا ئێمە سەرەتا ئاماژە بە چەند ئایەت و فەرمایشتێکی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەکەین، لەو بارەوە کە دەبێ حوکمڕانان لەلایەن خەڵك و کۆمەڵگاوە دابنرێن و پەیمان وبەڵێنی ئازادانەیان لەگەڵ دا ببەسترێ، دواییش ئاماژە دەکەین بە قسەی هەندێك لە زانایان لەو بارەوە:

١- خوا (سبحانه وتعالی) لەوبارەوە دەفەرموێ:

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِۚ ﴿٥٨﴾﴾ النساء.

کە پێشتریش باسمان کرد مەبەست لە (أمانات) لێرە بە پلەی یەکەم سپاردەی حوکمڕانییە، خوا (سبحانه وتعالی) ڕوو لە ئیمانداران دەکات و دەفەرموێ: خوا فەرمانتان پێدەکات کە سپاردەکان تەسلیمی خاوەنەکانیان و کەسانی خۆیان بکەن.

پێشتر ڕوونمان کردەوە کە لە فەرمایشتی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دا هاتوە، بەرپرسیارێتی خەڵك و کۆمەڵگای بە ئەمانەت ناو ناوە.

www.alibapir.com



٢- وە لە سوورەتی (الشورى)دا هەر لەبارەوە خوا (سبحانه وتعالى) دەفەرموێ:

﴿وَالَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ ﴿٣٨﴾﴾.

وەسفی ئیمانداران دەکات، دەفەرموێ: ئەوانەی کە بەدەم بانگی پەروەردگاریانەوە چوون و نوێژ بەرپا دەکەن، وە کاروباریان بەڕاوێژ بەڕێوەدەبەن، وە لەوەی کە پێمان داون دەبەخشن، کەواتە: مسوڵمانان دەبێت لە نێو خۆیان دا بە ڕاوێژ کاروباری خۆیان بەڕێوەبەرن، ئنجا کاروباری حکوومەتیانە، کاروباری دەستەڵاتی دادوەرییانە، دەستەڵاتی یاسادانانیانە، هەمووی دەبێ بە ڕاوێژی بەینی خۆیان بێ.

٣- هەروەها لە سوورەتی (النساء)دا فەرموویەتی:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنكُمْ ﴿٥٩﴾﴾ النساء.

کە چەندان جار ئەم ئایەتە موبارەکەمان هێنا، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! فەرمانبەریی خوا بکەن، وە فەرمانبەریی پێغەمبەریی خوا (صلى الله عليه وسلم) بکەن، وە هی کاربەدەستانێك کە لە خۆتانن، کەواتە: دەبێ بڕواداران خۆیان کاربەدەستان و مشوورخۆرانی خۆیان دابنێن.

٤- هەروەها خوا لە سوورەتی (النساء)دا دەفەرموێ:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ ﴿١٣٥﴾﴾ .

واتە: ئەی ئیماندارینە! باش دادگەریی بەڕێوەبەرن، وە شایەدیی بدەن لەبەر خوا (سبحانه وتعالى).

٥- لە (الأحكام السلطانية)[١]ی (الماوردي) و (الطبقات)[٢]ی (إبن سعد)دا ئەم ڕستەیە هاتوە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەربارەی دیاریی کردنی فەرماندە بۆ مسوڵمانان لە جەنگی (مؤتە)دا دوای شەهیدکرانی ئەو

---

(١) الأحكام السلطانية، ص٣٦.

(٢) الطبقات الكبرى، ج٢ ص ١٢٨.

www.alibapir.com


سێ فەرماندەیەی کە دیاری کردوون، واتە: (زید بن حارثة و جعفر بن أبي طالب و عبدالله بن رواحة) خوا لێیان ڕازی بێ، فەرموویەتی:

( فَلْيَرْتَض المسلمونَ رَجُلاً ) .

واتە: با مسوڵمانان پیاوێك كە لێی ڕازین و پەسەندی دەكەن دایبنێن، كەواتە: ئەصڵ ئەوەیە مسوڵمانان لەبەرپرسانی خۆیان ڕازی بن و خۆیان دایان بنێن و هەڵیان بژێرن.

٦- هەروەها هەر لە سیرەی پێغەمبەری خوادا (صلى الله عليه وسلم) هاتوە لە: (السيرة النبوية لابن هشام)[1] وە هەروەها (الطبراني) لە (المعجم الكبير)دا، وە (الذهبي) لە (تأريخ الإسلام)دا، وە (إبن سيد الناس) لە (عيون الأثر)دا وە (السيرة النبوية لابن هشام)[2] هێناویانە كە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)لە دوای پەیمانی دووەمی عەقەبە فەرمویەتی:

(أخرجوا إِلَيَّ مِنكُم اثني عَشَرَ نَقيباً، لِيَكونَ على قَومِهِم بِما فيهِم).

واتە: لە نێو خۆتان دا دوازدە مشوورخۆرم بۆ هەڵبژێرن و بۆم دیاریی بكەن تاكو سەرپەرشتیار بن بەسەر خەڵكەكانی خۆیانەوە، دیارە دوازدە تیرە، یاخود دوازدە كۆمەڵبوون و پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) داوای لێكردوون كە هەركام لەو دوازدە كۆمەڵە، نوێنەرێكی خۆیان دیاریی بكەن و هەڵیبژێرن.

٧- وە لە سورەتی (الفتح)دا، خوا (سبحانه وتعالى) باسی بەیعەتدانی مسوڵمانان و پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەكات و دەفەرموێ:

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ ٱللَّهَ يَدُ ٱللَّهِ فَوۡقَ أَيۡدِيهِمۡ ﴿١٠﴾﴾ .

واتە: بێگومان ئەوانەی كە پەیمان لەگەڵ تۆ دەبەستن ئەوە پەیمان لەگەڵ خوا دەبەستن، دەستی خوا لەسەر دەستی ئەوانەوەیە، كەواتە: حوكمڕان و گەورەی مسوڵمانان پێویستە بەڵێن و پەیمانی پێ بدرێ، هەڵبەتە لێرەدا بەڵێن و

---

(١) ج٢ ص١٢١.

(٢) ج٢ ص٢٢٩.

www.alibapir.com


پەیمانێکی تایبەت بووە، بەڵام خۆ ئەگەر ئەمەیان تایبەت بووە بە ڕووداوێکی دیاریی کراوەوە، بەیعەتی یەکەم و دووەمی عەقەبە، دانپێدا هێنانی نوێنەرانی ئەوس و خەزرەج بووە، بەوەدا کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) سەرۆکیانە و فەرماندەو براگەورەیانە.

٨- هەروەها لە سوورەتی (الممتحنة)دا خوای پەروەردگار باسی بەیعەتدانی ئافرەتان دەکات لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (صلى الله عليه وسلم):

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا جَآءَكَ ٱلْمُؤْمِنَٰتُ يُبَايِعْنَكَ ﴿١٢﴾ ﴾ .

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا! کاتێك ئافرەتانی بڕوادار هاتن پەیمانت لەگەڵ دەبەستن و بەیعەتت پێ دەدەن...

٩- وە لەو بارەوە ئەم فەرمایشتەش هەیە:

{عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الْوَلِيدِ بْنِ عُبَادَةَ عَنْ أَبِيهِ عَنْ جَدِّهِ قَالَ بَايَعْنَا رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) عَلَى السَّمْعِ وَالطَّاعَةِ فِي الْعُسْرِ وَالْيُسْرِ وَالْمَنْشَطِ وَالْمَكْرَهِ وَعَلَى أَثَرَةٍ عَلَيْنَا وَعَلَى أَنْ لاَ نُنَازِعَ الأَمْرَ أَهْلَهُ وَعَلَى أَنْ نَقُولَ بِالْحَقِّ أَيْنَمَا كُنَّا لاَ نَخَافُ فِي اللَّهِ لَوْمَةَ لاَئِمٍ} رَوَاهُ مُسْلِمٌ برقم: (١٧٠٩)، وَإبن هشام في سيرَتِهِ [(١)].

واتە: عوبادەی کوڕی صامیت کەیەکێك بووە لەو کەسانەی بەشدار بوون لە پەیمانی دووەمی عەقەبەدا، دەڵێت: پەیمانمان بە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دا لەسەر بیستن و بەقسەکردن، یاخود گوێڕایەڵیی و فەرمانبەریی لەسەغڵەتیی و ئاسانیی دا، وە لە کاتی پێخۆشبوون و پێ ناخۆشبوون دا، وەلە کاتێك دا کە هەست بە بەشخوراوییش بکەین، وە پەیمانمان پێدا کە هەرکەسێك بووبە سەرپەرشتیارو بەرپرسیان کێشەو دووبەرەکیی لەگەڵ دا نەکەین، وە پەیمانمان پێ دا لەسەر ئەوە کە حەق بڵێین لەهەر شوێنێك بووین، وە لە پێناوی خوا لە لۆمەی لۆمەکاران نەترسین.

---

(١) ج٢ ص١٣٥.

www.alibapir.com


## قسەی هەندێك لە زانایان لەسەر ئەوە كە هەقی خەڵكە حوكمڕانانی خۆیان دابنێن

من لێرەدا تەنیا وەك نموونە قسەی حەوت لە زانایان و پێشەوایانی بەرجەستەم هێناوەتەوە لەو بارەوە كە حوكمڕانان دەبێ خەڵك دایان بنێ و خەڵك لێیان ڕازی بێ و پەسەندیان بكات:

**١- (البغدادي) لە كتێبی (أصول الدين)دا گوتوویەتی:**

(قالَ الجمهورُ الأعظَم من أصحابنا- أهل السُنّة - وَمن المُعتَزِلة والخوارِج وَالنجارية أنَ طَريق ثُبوتِها أي الإمامة: الإختيارُ من الأمّةَ) [1]

واتە: جەماوەری هەرە زۆر لە هاوەڵانمان واتە: (أهل السنة)، هەروەها لە موعتەزیلەكان و لە خەواریجەكان و نەجارییەكان، گوتوویانە ڕێگای چەسپانی پێشەوایەتیی بریتیە لە هەڵبژێردران لەلایەن ئۆممەتەوە.

**٢- (الماوردي) لە كتێبی (الأحكام السلطانية)دا باسی ئەومەسەلەیە دەكات، كە دەبێ خەڵك حوكمڕان و كاربەدەستانی خۆیان هەڵبژێرن و دەڵێ:**

{فَقَدْ اسْتَخْلَفَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى جَيْشِ مُؤْتَةَ زَيْدَ بْنَ حَارِثَةَ وَقَالَ فَإِنْ أُصِيبَ فَجَعْفَرُ بْنُ أَبِي طَالِبٍ فَإِنْ أُصِيبَ فَعَبْدُ اللَّهِ بْنُ رَوَاحَةَ فَإِنْ أُصِيبَ فَلْيَرْتَضِ الْمُسْلِمُونَ رَجُلًا فَتَقَدَّمَ زَيْدٌ فَقُتِلَ فَأَخَذَ الرَّايَةَ جَعْفَرٌ وَتَقَدَّمَ فَقُتِلَ فَأَخَذَ الرَّايَةَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ رَوَاحَةَ فَتَقَدَّمَ فَقُتِلَ فَاخْتَارَ الْمُسْلِمُونَ بَعْدَهُ خَالِدَ بْنَ الْوَلِيدِ، وَإِذْ فَعَلَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ذَلِكَ فِي الْإِمَارَةِ جَازَ مِثْلُهُ فِي الْخِلَافَةِ} [2]

واتە: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئەو سوپایەی كە بۆ جەنگی موئتە چوو، زەیدی كوڕی حاریسەی كردە فەرماندەیان، وە فەرمووی: ئەگەر

---

(١) ص ٢٧٩

(٢) ص ٢٦.

www.alibapir.com


ئەو پێكرا با جەعفەری كوڕی ئەبی تاڵیب بێ، ئەگەر ئەویش پێكرا، با عبدالله ی كوڕی ڕەواحە بێت، ئەگەر ئەویش پێكرا (واتە: شەهید كرا، یان بریندار كرا، بەشێوەیەك كەنەتوانێت فەرمانداریەتی بكات) با مسوڵمانان پیاوێك هەڵبژێرن، ئنجا: زەید ئاڵاكەی بەدەستەوە گرت و كوژرا، پاشان جەعفەر بوو بە ئاڵا هەڵگر (ئەوكاتە دیارە كەسێك كە فەرماندە بووە، دەبوایە ئاڵا هەڵگرێ) ئەویش چووە پێشێ و ئەویش كوژرا، دوایی (عبدالله)ی كوڕی رەواحە ئاڵای هەڵگرت و ئەویش چووە پێش و كوژرا، ئنجا مسوڵمانان دوای وی خالیدی كوڕی وەلیدیان هەڵبژارد، بە فەرماندەی خۆیان، ئنجا ئەگەر پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە فەرماندەیەتی كردنی سوپادا ئەوڕێیەی دانابێ، دیارە بۆ جێنشینایەتییش (واتە: سەرۆكایەتیی كردنی مسوڵمانانیش) هەر هەمان ڕێمان لە پێشە، كە مسوڵمانان دەبێت خۆیان حوكمڕانیی خۆیان هەڵبژێرن.

**٣- (أبو حامد الغزالي)یش ڕەحمەتی خوای لێبێ لەكتێبی (فضائح الباطنية)دا گوتوویەتی:**

{فان شرط ابتداء الإنعقاد قيام الشوكة وانصراف القلوب الى المشايعة ومطابقة البواطن والظواهر على المبايعة، فإنَّ المقصود الذي طلبنا له الإمام جمع شتات الآراء في مصطدم تعارض الأهواء ولا تتفق الإرادات المتناقضة والشهوات المتباينة المتنافرة على متابعة رأي واحد إلا اذا ظهرت شوكته وعظمت نجدته وترسخت في النفوس رهبته ومهابته، ومدار جميع ذلك على الشوكة، ولا تقوم الشوكة الا بموافقة الأكثرين من معتبري كل زمان} (١)

دەڵێت: مەرجی لەسەرەتاوە دامەزرانی (واتە: دامەزرانی گرێبەستی ئیمامەت) بریتیە لەوەی كە كەسەكە دەستەڵاتی هەبێ، وە دڵەكانی پێوە پەیوەست بن، وە دەسەڵاتیشی پەیدا نابێت، مەگەر زۆربەی ئەو خەڵكە كە جێی ئیعتیبارن و خەڵك متمانەیان پێدەكات لەگەڵ ئەو كەسەدا بن و پشتگیریی بكەن. كەواتە: سەرەنجام دەبێ ئەو كەسەی كە دەبێتە حوكمڕانیی مسوڵمانان، متمانەی خەڵك و كۆمەڵگاو نوێنەران مشوورخۆرانی خەڵك و كۆمەڵگا وەربگرێ.

---

(١) ص ١٧٧.

www.alibapir.com


**٤- (ابن قدامه المقدسي)ش لە کتێبی (المغني)دا، کە کتێبێکی فیقهی گەورەیە، دەڵێ:**

(من اتفقَ المُسلمونَ على إمامتِهِ وَبَيعَتِهِ، ثَبَتْ إمامَتُهُ ووَجَبَت مَعونَتُهُ)(١).

واتە: هەرکەسێك مسوڵمانان ڕێك کەوتن لەسەر پێشەوایەتیی و لەسەر بەڵێنپێدانی، ئەوە پێشەوایەتییەکەی دەچەسپێت و پێویستە هاوکاریی بکرێ.

**٥- (الباقلاني)یش لە کتێبی (التمهید)دا، کە کتێبێکی ناوداری خۆیەتی، دەڵێت:**

(إنما يصيرُ الإمامُ إماماً بِعَقدٍ من يعقِدُ لَهُ الإمامةَ مِن أَفاضِلِ المُسلمين الذين هم أهلُ الحَلِّ والعَقد وَالمُؤتَمنينَ على هذا الشأن) (٢).

واتە: بێگومان پێشەوا بەوە دەبێتە پێشەوا، کە ئەوانەی لە نێو مسوڵمانان دا خاوەنی چاکەن و خاوەنی پێگەن، ئەوانە گرێبەستەکەی لەگەڵ ببەستن، کە ئەوانیش پێیان دەگوترێ (أهل الحل والعقد) (واتە: ئەوانەی کە لە نێو مسوڵماناندا دەتوانن شت بکەنەوە، وە گرێی بدەن) وە ئەوانەی کە لەوبارەوە متمانەیان پێ دەکرێ، لە نێو مسوڵمانان دا.

**٦- (إبن تيمية)ش ڕەحمەتی خوای لێبێ لە کتێبی: (المنتقى من منهاج الإعتدال) دا لەوبارەوە گوتوویەتی:**

{ولا ريب أن الإجماع المعتبر في الإمامة لا يضر فيه تخلف الواحد والإثنين ولو اعتبر ذلك لم تكن تنعقد إمامة} (٣).

واتە: بێگومان ئەو یەکدەنگییەی کەبەمەرج گیراوە بۆ پێشەوایەتیی، دواکەوتنی یەکێك و دووان زیانی پێ ناگەیەنێت، چونکە ئەگەر زیانی پێگەیاندبایە، هیچ

---

(١) ج٨ ص ١٠٧.

(٢) التمهيد (نصوص من الفكر السياسي الإسلامي)، ص ٤٨، يوسف إيبش.

(٣) ص ٥٤٦.

www.alibapir.com


پێشەوایەتییەك و سەرۆكایەتییەك دانەدەمەزرا. (چونكە هیچ كەسێك نیە كە نەفەرێك دوو نەفەر، یاخود چەند كەسێكی كەم لاملیی و ناڕەزاییان لەبارەیەوە نەبێ.

**٧- (إبن خلدون)یش لەكتێبی: (المقدمة)كەی خۆیدا لەو بارەوە گوتوویەتی: (باسی ئیمامەت دەكات) دوایی دەڵێت:**

{من فروض الكِفايةِ و راجِعٌ إلى اختيار أهلِ الحَلِ وَالعَقد}.

واتە: حكومڕانیی كردنی مسوڵمانان لەفەڕزە كیفائییەكانە، (ئەگەر یەكێكیان پێی هەڵسا لەسەر ئەوانی دیكە لادەچێت) وە دەشگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردنی مشوورخۆرانی مسوڵمانان و ئەوان دایدەنێن.

كەواتە: خەڵك و ئۆممەت هەم خاوەن مافن، وە هەم بەرپرسیارن، بەرانبەر بەدانانی حوكمڕانان، ئنجا چ كەسی یەكەمی ئەو دەستەڵاتە بێ، چ هاوكارەكانی بن، وە دەتوانین بڵێین ئەو ئەركە شەرعییە چوار بنەمای هەن، واتە ئەركی حكومڕانێتی كردن بەسەر مسوڵمانان دا، چوار بنەمای شەرعیی هەن:

www.alibapir.com



# ماف و بەرپرسیاریێتی دانانی بەرپرسانی کۆمەڵگاو چوار بنەمایەکەی

## ١ - بەرپرسیاریێتیی خەڵك و کۆمەڵگا، بەرانبەر بە جێبەجێکردنی شەریعەت:

خەڵك بەگشتی، خوا فەرمانی پێ کردوون کە شەریعەتەکەی پیادە بکەن، شەریعەتیش پیادە ناکرێ تاکو مسوڵمانان مشوورخۆرێکیان نەبێ و بەرپرس و حکومڕانێکیان نەبێ، کە کۆیان بکاتەوە، ئەویش دەبێ خۆیان دایان نابێ و لێی ڕازی بن و هەڵیان بژاردبێ و پەسەندیان کردبێ.

**ئێمە دەبینین خوای تاك و پاك لە قورئان دا ڕووی دواندن دەکاتە کۆی مسوڵمانان، بۆ وێنە:**

١- لە سووڕەتی (آل عمران)دا دەفەرموێ:

﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ ﴿١٠٤﴾﴾

خوای بەرزو مەزن ڕوو لە ئیمانداران دەکات و دەفەرموێ: با لە نێو ئێوەدا کۆمەڵێك هەبن، یان ئێوە کۆمەڵێك بن، کە بانگەواز بکەن بۆ چاکە و فەرمان بە شتە پەسەندەکان بکەن و ڕێ لە شتە ناپەسەندەکان بگرن، وە هەر ئەوانەش سەرفرازن.

دیارە ئەم فەرمانە بە ئیمانداران دەکات، کەواتە: فەڕزە مسوڵمانان ئەو سێ ئەرکە لە نێو خۆیان دا جێبەجێ بکەن، وە جێ بەجێش ناکرێن، ئەگەر لە نێو خۆیان دا سەروبەر و ڕێك و پێکییەکیان نەبێت.

www.alibapir.com


**٢- لە سوورەتی (النساء)دا، خوا دەفەرموێ:**

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ بِٱلْقِسْطِ شُهَدَآءَ لِلَّهِ ﴿١٣٥﴾﴾ .

واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! زۆر دادگەریی بەڕێوەبەرن، وە شایەدیی بۆ خوا بدەن.

دیارە دادگەرییش کاتێك دەچەسپێ، کە دەسەڵاتێك و ڕێك و پێکییەك و سەرو بەرێك هەبێت.

**٣- لە سوورەتی (البقرة)دا، خوا دەفەرموێ:**

﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِصَاصُ فِى ٱلْقَتْلَى ﴿١٧٨﴾﴾ .

واتە: لە کوژراواندا تۆڵەتان لەسەر نووسراوە، باشە کێ ئەو تۆڵەیە جێبەجێ دەکات؟ حەتمەن دەبێ دەسەڵاتێکی سیاسیی هەبێ.

**٤- هەروەها لە سوورەتی (النور)دا دەفەرموێ:**

﴿ٱلزَّانِيَةُ وَٱلزَّانِى فَٱجْلِدُواْ كُلَّ وَٰحِدٍ مِّنْهُمَا مِاْئَةَ جَلْدَةٍ ﴿٢﴾﴾ .

واتە: وە ئافرەتی داوێنپیس و پیاوی داوێنپیس، هەرکامێکیان یەکی سەد قەمچیان لێ بدەن.

هەروەها لە سوورەتی (المائدة) - ٣٨ - دا فەرموویەتی:

﴿وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقْطَعُوٓاْ أَيْدِيَهُمَا جَزَآءًۢ بِمَا كَسَبَا نَكَـٰلًا مِّنَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴿٣٨﴾﴾ .

پیاوی دز و ئافرەتی دز دەستیان ببڕن، ئەوە سزای کردەوەکەیانە، تەمبێ کردنە لەلایەن خواوە، وە خوا زاڵی کارزانە. وە باقی ئەو فەرمانانەی دیکە کە خوای کاربەجێ ئاراستەی کۆی مسوڵمانانی کردوون، کەواتە: مسوڵمانان بە گشتی لەبەرانبەر جێبەجێکردنی شەریعەت دا بەرپرسیارن، وە شەریعەتیشیان پێ جێبەجێ ناکرێ، ئەگەر حوکمڕانێك و دەستەڵاتێکی سیاسی و قەوارەیەکی سیاسیان نەبێ.

www.alibapir.com


## ٢- چەندان دەقی قورئان و سوننەت، کە پێویستیی هەبوونی حکومڕان و بەرپرس دەگەیەنن:

بنەماو بەڵگەی دووەمیان ئەوەیە، کە ئێمە چەندان دەقی قورئان و سوننەتمان هەن، لەسەر مسوڵمانان پێویستی دەکەن، کە دەبێ حوکمڕان و بەرپرسیان هەبێ، بۆ وێنە:

**١- لە سوورەتی (النساء)دا، دەفەرموێ:**

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا ﴿٥٨﴾﴾

واتە: خوا فەرمانتان پێدەکات کە سپاردەکان بگێڕنەوە بۆلای کەسی شایستەی خۆیان. گەورەترین سپاردەش سپاردەی حوکمڕانیی و ئیدارەکردنی وڵاتە و خواش فەرمانمان پێدەکات کە ئەو سپاردەی بەرپرسیارێتیی یە تەسلیمی خەڵکی شایستە و، شیاوی خۆی بکەین و، ئەگەر وانەکەین گوناهبار دەبین.

**٢- هەروەها لە سوورەتی (النساء)دا دەفەرموێ:**

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ ﴿٥٩﴾﴾ النساء

واتە: ئەی ئیماندارینە! فەرمانبەریی خوا بکەن و فەرمانبەریی هی پێغەمبەر بکەن، وە هی کاربەدەستانێك کە لە خۆتانن، کەواتە: پێویستە ئێمە مشوورخۆران و کاربەدەستانێکمان هەبن، وە بە قسەشیان بکەین.

**٣- لە ئەم فەرمایشتەدا هاتوە:**

{كَانَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ تَسُوسُهُمُ الأَنْبِيَاءُ، كُلَّمَا هَلَكَ نَبِيٌّ خَلَفَهُ نَبِيٌّ، وَإِنَّهُ لَا نَبِيَّ بَعْدِي، وَسَيَكُون خُلَفَاءُ فَيَكْثُرُونَ قَالُوا: فَمَا تَأْمُرُنَا قَالَ: فُوا بِبَيْعَةِ فَالأَوَّلِ، أَعْطُوهُمْ حَقَّهُمْ، فَإِنَّ اللهَ سَائِلُهُمْ عَمَّا اسْتَرْعَاهُمْ} (أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٧٩٤٧)، وَالبُخَارِيّ برقم: (٣٢٦٨)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٨٤٢)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٢٨٧١))

www.alibapir.com


پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ: بەنو ئیسرائیل پێغەمبەرانیان سیاسەتیان دەکردن (سیاسەت یانی: سەرپەرشتیی کردن و کاروبار بەڕێوەبردن) هەر کە پێغەمبەرێك وە فاتی دەکرد، پێغەمبەرێکی دیکە دەهاتە جێی بەڵام لە دوای من هیچ پێغەمبەرێك نایەت، ئنجا جێنشینان دەبن لەجێی من (مەبەستی حوکمڕانانە کە دەبنە جێنشینی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) زۆر دەبن گوتیان: تۆ فەرمانمان بەچی پێ دەکەی؟ فەرمووی: یەکەم جار بەڵێنتان بە کێ دا وەفادار بن، وەحەقی خۆیانیان پێ بدەن. بێگومان خواش (سبحانەو تعالی) لەوەدا تێیدا کردوونی بە بەرپرس، لێیان دەپرسێتەوە. واتە: ئەگەر کەم و کوڕییەکیشیان هەبوو یەکسەر لێیان ڕامەپەڕن.

هەڵبەتە ئێمە لە باسێکی پێشووتردا باسی ئەوەمان کردو لێرەدا دەرفەت نیە باسی بکەین، کە چ کاتێك دروستە مسوڵمانان لە حوکمڕانانی خۆیان ڕاپەڕن، وە چ کاتێك دروست نیە؟ بەتەفصیلْ باسمان کرد.

**٤- لە فەرمایشتێکی دیکە دا پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ:**

{مَنْ أَطَاعَنِي فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ وَمَنْ يَعْصِنِي فَقَدْ عَصَى اللَّهَ وَمَنْ يُطِعِ الأَمِيرَ فَقَدْ أَطَاعَنِي وَمَنْ يَعْصِ الأَمِيرَ فَقَدْ عَصَانِي} (أَخْرَجَهُ البُخَارِيُّ برقم: (٢٧٩٧)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٨٣٥)، وَالنَّسَائِيُّ برقم: (٤١٩٣)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٢٨٥٩))

واتە: هەرکەسێك فەرمانبەریی من بکات، فەرمانبەریی خوای کردوە، وە هەرکەسێك سەرپێچیی من بکات، سەرپێچیی لە خوا کردوە، وە هەر کەسێك بەقسەی فەرماندەکەی خۆی بکات، بەقسەی منی کردوە، وە هەرکەسێك سەرپێچیی لە بەرپرس و فەرماندەکەی خۆی بکات، ئەوە سەرپێچیی لەمن کردوە.

کەواتە: ئەم ئایەت و فەرمایشتانە زۆر بە زەقیی و بە ڕاشکاویی ئەوە دەگەیەنن، کە پێویستە مسوڵمانان حوکمڕان و بەرپرس و مشوورخۆریان هەبێ.(١)

---

(١) ئێمە بەرگی یەکەم و تەوەری یەکەمی: (ئیسلام و دەوڵەتداری)مان بۆ ئەو بابەتە تەرخان کردوە و بەدرێژی لەو بارەوە دواوین.

www.alibapir.com


**٣- سوننەتی کردەیی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) کەپاش خۆی هیچ کەسێکی وەك بەرپرسی دەوڵەتی ئیسلامیی دیاریی نەکرد، تاکو ئۆممەت بۆ خۆی ئەو کارە بکات:**

پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لە دوای خۆی کەسی وەك حوکمڕان دیاریی نەکرد، ئەوەش شتێکی ئاشکرایە کە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بە دەقێکی ڕوون و ڕاشکا و هیچ کەسێکی لە دوای خۆی وەك بەرپرس و سەرۆکی مسوڵمانان دانەناوە، وە ئۆممەت و کۆمەڵگای ئیسلامیی، بە دەستکراوەیی هێشتۆتەوە کە بە کەیفی خۆیان کێیان پێ چاکە بیکەنە بەرپرس و حوکمڕانیی خۆیان لە جێی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)، ئەوانەش کە لافی ئەوە لێدەدەن کە گوایە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) کەسێکی دیاری کراویی داناوە، کە شیعەکانن وە دەڵێن: (علی کوڕی أبی طالب)ی داناوە - خوا لێی ڕازی بێت - قسەکەیان بێ بنەمایە، چونکە بە تەئکید ئەگەر وەصیەت و دەقێکی لەو جۆرە هەبوایە لەلایەن پێغەمبەری خواوە (صلی الله علیه وسلم) بۆ عەلی، هەم هاوەڵان بە گشتی -خوا لێیان ڕازی بێ- وەك سەرجەم وەصیەت و فەرمانەکانی دیکەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) یان جێبەجێکردوە، ئەوەشیان جێبەجێ دەکرد، پاشان عەلیش -خوا لێی ڕازی بێت- وەك ئەرکێکی شەرعیی و مافێکی ڕەوای خۆی کەمتەرخەمیی لە ڕوونکردنەوە و بەڵگە هێنانەوەدا نەدەکرد، بۆ بەدەستەوە گرتنی ئەو ئەرکەی خۆی، چونکە ئەوە مافێکی تایبەتیی دنیایی نەبووە {ئەگەر قسەی شیعەکان ڕاست بێت کە دەڵێن: - دیارە ئێمە بەڕاستی دانانێین - ئیمامەت و سەرپەرشتیی کردنی وڵات و کۆمەڵگا، بەشێکە لە ئیمان و یەکێك لە پایەکانی ئیمان ئیمامەتە} ئنجا باشە عەلی خوا لێی ڕازی بێت چۆن چاوپۆشیی دەکات لەوە کە یەکێك لە پایەکانی ئیمان لە بەین بچێ، کە بریتیە لە جێنشینایەتیی ئەو بۆ پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) چۆن چاوپۆشیی لەوە دەکات؟!

www.alibapir.com



كەواتە: دیارە بەو پێیە دەبێ بڵێین: عەلی خوالێی ڕازی بێ، كەمتەرخەمیی نواندوە بەرانبەر بە ئیمان و دین بەرانبەر بە ئیسلام، نەك بەرانبەر بەمافێكی تایبەتیی خۆی، بەڵێ ئەگەر ئینسان حەقێكی شەخصی خۆی بێ، واباشە دەستبەرداری بێ لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا، بەڵام چۆن دەبێ دەسبەرداری تێكچوون و سەربە فەتارەت چوونی یەكێك لە پایەكانی ئیمان و ئیسلام بێ؟! پاشان چۆن دەگونجێ عەلی بێدەنگ بێ لەوەی ئەو هەموو هاوەڵە بەڕێزو دڵسۆزانەی پێغەمبەر، بەهۆی جێبەجێ نەكردنی ئەو وەصییەتەوە، ئەگەر كافریش نەبن، گوناهبار ببن؟! ئەوە هیچ چاكە (فضیلة) نیە، بەڵكو ئەوە گەورەترین نوقصانییە پاڵی دەدەنە لای عەلی[1] خوا لێی ڕازی بێ، كە ئێمە پێمان وایە هەرلە ئەصڵ دا ئەو بیرۆكەیە ڕاست نیە، وە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) كەسی دیاریی نەكردوە، بەڵكو بە ئاوەڵایی و كراوەیی بۆ مسوڵمانی بە جێ هێشتوە، ئەوانیش لە دوای پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ئەبو بەكریان خوا لێی ڕازی بێ، لە هەمووان بە شایستە تر زانیوە و ئەویان لە قۆناغی یەكەم دا كردۆتە جێنشین، دوای ئەو عومەریان بە شایستە تر زانیوەو پاش ئەو عوسمانیان بە شایستە تر زانیوە، وە لە قۆناغی چوارەم دا عەلییان بە شایستە تر زانیوە، خوا لە هەموویان ڕازی بێ، وە هەر كەسە كاتێك كە مسوڵمانان بە شایستەیان زانیوە، بۆتە بەرپرس و گەورەی مسوڵمان و بەیعەتیان پێداوە.

---

(١) بڕوانە: منهاج السنة النبوية في نقض كلام الشيعة القدرية، ج١ ص ١٠٦-١١٠، لابن تيمية.

www.alibapir.com


### ٤ - یەك دەنگیی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) لەسەر ئەوە، كە دانانی بەرپرس و حوكمڕان، ئەرك و مافی ئۆممەت و كۆمەڵگای مسوڵمانەو، هیچ دەقێك نیە كەسێكی دیاریی كردبێ:

هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) یەكدەنگییان لەسەر ئەوەبووە كە دەبێ بەرپرسێكیان هەبێ، بەڵام ئەوەی كە شیعەكان بەبەڵگەی دەهێننەوە، لە ڕاستیدا ئەو كاتە هیچی باس نەكراوە، ئێمە لە عەلییمان نەبیستوە خوا لێی ڕازی بێ، هیچ كام لەو شتانەی كە بەبەڵگە دەهێنرێنەوە لەسەر ئەوە كە دەبێ عەلی خوا لێی ڕازی بێ، سەرۆكی وەصییەت بۆ كراوی مسوڵمانان بێ، دوای پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم)، بەبەڵگەی هێنابنەوە، ئنجا یان دەبێ بڵێین: عەلی نەیزانیون، یان دەبێ بڵێین: لە ئەصڵ دا ئەوانە بەبەڵگە ناشێن و لە ڕاستیدا هەقیش هەر دووەمیانە.

بەڵێ، هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) لەسەر ئەوە یەك دەنگ بوون كە هیچكەس وەك جێنشینی پێغەمبەری خوا دانەنراوە، هەر بۆیەش كەوتوونەتە ڕاجیایی، چونكە لەو بارەوە دەقێك نەبووە، ئەنصارییەكان گوتیان: پێویستە حوكمڕان لە ئێمە بێ، وە كۆچكەرەكانیش گوتیان: پێویستە لە ئێمە بێ، بەشێك لە (بنی هاشم)یش پێیان وابووە پێویستە عەلی بێت خوا لێی ڕازی بێ، ئنجا بێگومان ئەگەر دەقێك هەبووایە، نەدەكەوتنە ڕاجیایی یەوە، بەڵام هەموویان لەسەر ئەوە یەك دەنگ بوون كە پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) ئەو ئەركە، وە ئەو مافەی بۆ مسوڵمانان بە جێ هێشتوە، خۆیان كێیان پێ چاكە دایبنێن، واتە: كەوتنە ڕاجیایی مسوڵمانان لەسەر دیاریی كردنی جێنشینی بۆ پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم)، وە قسە تێدا كردنیان و مشتومڕ پەیدا بوونیان و ڕاوێژ كردنیان، بەڵگەیە لەسەر ئەوە كە پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) بە كراوەیی بە جێی هێشتوەو، ئەگەر

www.alibapir.com


دەقێك هەبوایە هەموویان دەیانزانی، ئەگەر گریمان یەكێك نەیزانیّ، ئەوی دیكە دەیزانیّ كە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: لە دوای من با فلان كەس حوكمڕان بێت، بەڵام هیچ كەس هیچ حەدیسێكی ڕاست و ڕوونی لەو بارەوە نە هێناوەتەوە، بەڵكو كەبەڵگەشیان هێناوەتەوە، بە شتی دیكە بەڵگەیان هێناوەتەوە، بۆ وێنە: ئەنصارییەكان گوتوویانە: ئێمە زیاتر ماندوو بووین و لێمان كوژراوە، وە كۆچكەران گوتوویانە: نەخێر، ئێمە یەكەم كەس بووین كە ڕۆڵمان بینیوەو ئێمە شایستەترین، بەڵام كەس نەیگوتوە: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: با فلان كەس بێت؟!

www.alibapir.com


# کورتە باسێك
# لەبارەی بەیعەتەوە

**لە کۆتایی ئەم بڕگەیەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژەیەکی کورت بکەم بە بەیعەت کردن:**

بەیعەت لە ئەصڵ دا لە (بَیع)ەوە هاتوە (بَیع) یانی فرۆشتن، لەبەر ئەوەی کەسێك کە شتێك بە کەسێك دەفرۆشێ، ئەو کەل و پەلەکەی دەداتێ و لەبەرانبەردا نرخێك وەردەگرێ و دەست دەخەنە نێو دەستی یەك، (بیعة)یش بەیعەت ئەو بەڵێن و پەیمانەیە کە لە نێوان حوکمڕان و خەڵك دا دەبەسترێ، کە نێوەڕۆکەکەی، ئەوەیە کە حوکمڕان بەپێی شەریعەت بە ڕێوە بچێ و دادگەر بێ، وە خەڵکیش ڕێزی لێ بگرن و بە قسەی بکەن و هاوکاری بن لەسنووری شەریعەتدا.

کەواتە: بەیعەت گرێبەستێکی دووسەرەیە و پابەندیی دووسەرە دەخوازێ، واتە: بەیعەت گرێبەستێکی دووسەرەیە، سەرێکی خەڵکە و سەرێکی حوکومڕان و کاربەدەستانن، وە پابەندیی و ئیلتیزامێکی دوو سەرەش پەیدا دەکات، بە پێی ئەو گرێبەستە حکومڕانان دەبێت پابەند بن بە شەریعەتەوە و شەریعەت پیادە بکەن بەسەر خۆیان و خەڵك دا، وە خەڵکیش دەبێ پابەندبن بەئاراستەو فەرمانەکانی کاربەدەستانی خۆیانەوە، مادام لەسنووری شەریعەت دەرنەچن، لەسەر خەڵك پێویستە، ڕێزیان بگرن و دەستباریان بۆ بگرن و بە قسەیان بکەن و هاوکاریان بن.

www.alibapir.com


**(أبو يعلى الحنبلي)** لەبارەوە گوتوویەتی:

{وَصفةُ العَقدِ أن يُقالَ لَهُ بايَعناكَ بيَعَة رِضاً عَلى إقامةِ العَدلِ والإنصافِ والقِيَامِ بفروض الإمامةِ ونحو ذلك}.[1]

واتە: شێوەی ئەو گرێبەستەش ئەوەیە کە پێی بگوترێ: (واتە بە حوکمڕانەکە) ئێمە بەڵێنت پێ دەدەین بە ڕەزامەندیی خۆمان، لەسەر ئەوە کە دادگەریی بەرپا بکەی، وە لە سەر ئینصاف (واتە: حەقی خاوەن حەقان بدەی) وە هەموو ئەرکەکانی پێشەوایەتیی جێبەجێ بکەی، وە وێنەی ئەو وشەو تەعبیرانە بەکاربێنن.

**ئنجا ئەگەر سەرنجی هەندێك لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بدەین، ئەو ڕاستییە زیاتر دەدرەوشێتەوە، بۆ وێنە:**

١- لە فەرمایشتێکدا کە موسلیم بە ژمارە (١٨٤٤) هێناویەتی، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ:

{وَمَنْ بَايَعَ إِمَامًا فَأَعْطَاهُ صَفْقَةَ يَدِهِ وَثَمَرَةَ قَلْبِهِ فَلْيُطِعْهُ إِنِ اسْتَطَاعَ}.

واتە: هەرکەسێك پەیمانی لەگەڵ پێشەوایەك بەست وە دەستی خستە نێو دەستی و قەناعەتی نێو دڵی خۆی بۆ خستە ڕوو، با هەتا دەتوانێ بە قسەی بکات.

٢- هەروەها لە فەرمایشتێکی دیکەدا کە (بوخاریی) بە ژمارە: (٧١٤٤) وەموسلیم بە ژمارە: (١٨٣٩) هێناویانە، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ:

{عَلَى الْمَرْءِ الْمُسْلِمِ السَّمْعُ وَالطَّاعَةُ فِيمَا أَحَبَّ وَكَرِهَ إِلاَّ أَنْ يُؤْمَرَ بِمَعْصِيَةٍ، فَإِنْ أُمِرَ بِمَعْصِيَةٍ فَلاَ سَمْعَ وَلاَ طَاعَةَ}.

واتە: ئینسانی مسوڵمان بیستن و بە قسەکردنی لە شتێك دا کە حەزی لێ دەکات و لە شتێك دا کەحەزی لێ ناکات، لەسەری پێویستە بۆ حوکمڕان، مەگەر

---

(١) الأحكام السلطانية، ص٩.

www.alibapir.com


فەرمانی پێ بکرێ بە سەرپێچیی، هەرکات فەرمانی پێکرا بەسەرپێچیی، نەگوێ دەگرێ و نە فەرمانبەرییش دەکات.

٣- هەروەها لە فەرمایشتێکی دیکەدا کە بوخاریی بە ژمارە: (٧١٥١) وەموسلیم بە ژمارە: (١٨٢٩) هێناویانە، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:

{مَا مِنْ عَبْدٍ يَسْتَرْعِيهِ اللَّهُ رَعِيَّةً يَمُوتُ يَوْمَ يَمُوتُ وَهُوَ غَاشٌّ لِرَعِيَّتِهِ إِلاَّ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ}.

واتە: هیچ بەندەیەك نیە خوا ئەمانەتی سەرپەرشتیی کردنی کۆمەڵێکی پێ بسپێرێ، ڕۆژێك کە دەمرێ لە حاڵێك دا بمرێ کە خیانەتکارو ناپاك بووە لەگەڵ ئەو کۆمەڵەدا کە بەرپرسیانە، مسۆگەر خوا بەهەشتی لێ قەدەغە دەکات.

٤- هەروەها لە فەرمایشتێکی دیکەدا کە موسلیم بە ژمارە (١٨٢٢) هێناویەتی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ:

{مَا مِنْ أَمِيرٍ يَلِي أَمْرَ الْمُسْلِمِينَ ثُمَّ لاَ يَجْهَدُ لَهُمْ وَيَنْصَحُ إِلاَّ لَمْ يَدْخُلْ مَعَهُمُ الْجَنَّةَ}.

واتە: هیچ فەرماندەیەك نیە کاروباری مسوڵمانان بەدەستەوە بگرێ، پاشان خۆیان بۆ ماندوو نەکات و بۆیان دڵسۆز نەبێ لەگەڵ ئەوان ناچێتە بەهەشت.

www.alibapir.com


## بڕگەی چوارەم:

## ماوەی کارکردنی حوکمڕان و هاوکارانی:

ئایا بەرپرسی یەکەمی دەوڵەتی ئیسلامیی، وە هاوکارەکانی لە وەزیر و پارێزگار و هتد. بە زاراوەی ئەمڕۆ، بە شێوەیەکی کاتیی و بۆ ماوەیەکی دیاریی کراو لە کار دا دەبن، یاخود هەتا دەمرن، یان تاکو بەکەڵك نامێنن، هەر بەردەوام دەبن لە حوکمڕانیی کردندا؟! لە وەڵام دا دەڵێین: لە شەریعەت دا هیچ دەقێکمان نیە لەوبارەوە کە بڵێ: با تاکو کۆتایی ژیانیان لە حوکم دا بن، وە هیچ دەقێکیشمان نیە بڵێ: با بە شێوەیەکی کاتیی لەکاردابن، وە ئەم مەسەلەیە یەکێکە لەو بابەت و مەسەلانەی کە شەریعەت لە ڕووی حیکمەتەوە، بە کراوەیی بە جێی هێشتوون، کە وەك پێشتریش باسمان کرد: بواری هەڵسوکەوتەکان -کە بواری دەوڵەتداریی و حوکمڕانیی، جەوهەری بواری هەڵسوکەوتەکانە- زۆر مەسەلە و بابەتی تێدا بە ئاوەڵایی و بە کراوەیی تێدا بە جێهێڵراون، بۆ ئەوەی مسوڵمانان بە پێی ئەو چاخ و سەردەمانەی خۆیان، چۆنیان بە بەرژەوەندی زانی بەو شێوەیە هەڵوێست لە بەرامبەر ئەو مەسەلەو بابەتانەدا وەر بگرن .

(إبن عثيمين) ڕەحمەتی خوای لێبێت لەوبارەوە لە کتێبی (شرح السياسة الشرعية لابن تيمية)دا دەڵێت:

{ولا بأسَ بِتَقْيِيدِ الولايةِ سنةً أو سَنَتين أو ثلاثاً أو أربَعاً أو غيرَ ذلِكَ لا بأسَ بِهِ، فَهذا جَيِّدٌ، لأنهُ يُفيدُ} (١).

واتە: وە قەیدیێ ناکات ئەگەر بەرپرسێتیی و حوکمڕانیی کاتدار بکرێ و ببەسترێتەوە بە کاتێکی دیاریی کراوەوە، بۆ ماوەی ساڵێك یان دوو ساڵ، یان سێ ساڵ یان چوار ساڵ، یاخود ماوەیەکی دیکە، ئەوە قەیدیێ ناکات، چونکە ئەوە شتێکی باشە، وە سوود بەخشە.

---

(١) ص١١.

www.alibapir.com


هەڵبەتە کاتی خۆیشی ئێمە چەند جارێك باسمان کرد کە ئەصڵ لە هەڵسوکەوتەکان دا دەستکراوەییە و دەبێ بەڵگە لەسەر ئەوە هەبێ کەنابێ وابکەن، ئەگەرنا مسوڵمانان دەستیان کراوەیە و چۆنیان پێ چاك بوو بەو شێوەیە دەکەن.

وە باسمان کرد کە ئەوەی سەنگی مەحەکە لە بواری هەڵسوکەوتەکان دا بریتیە لە هێنانەدی بەرژەوەندیی (تحقيق المصلحة) و (مصلحة)ش زانایان و شەرعزانان ئاوا پێناسەیان کردوە: {المَصلَحَة: إما جَلبُ مَنفَعَةٍ أو دَفعُ مَضَرّةٍ} یانی: بەرژەوەندیی ئەوەیە کە قازانجێك وەدەست بهێنرێ، یاخود زیانێك دوور بخرێتەوە.

**یەکێك بۆی هەیە بڵێ:** ئەدی بۆچی خەلیفە ڕاشیدەکان (خوا لێیان ڕازی بێت) بە شێوەیەکی کاتیی دانەنراون، بەڵکو هەتا وەفاتیان کردوە بەردەوام بوون؟ دەڵێین: ڕاستە، بەڵام ئەمە تەنیا ئەوە دەگەیەنێ کە شەریعەت ڕێی داوە حوکمڕان مادام خەڵك لێی ڕازی بن، هەتا مردن بەردەوام بێت، بەڕاستیی خەڵك لێی ڕازی بن، نەك لە ترسان پێی ڕازی بن، یان لە ترسان وا پێشان بدەن کە پێی ڕازین وەك تێکڕای ئەو دەستەڵاتدارە دیکتاتۆرانەی کە بە زۆر خۆیان بەسەر خەڵك دا فەرز دەکەن و، هەرکات خەڵك کە دەرفەتی بوو هەموویان دێنە سەر جادەو دەڵێن: بڕۆ (إِرْحَلْ)! نە، بەڵکو دەبێ لەدڵەوە و بەڕاستی خەڵك پێی ڕازی بن، ئەو کاتە شەریعەت ڕێی داوە، مادام خەڵك لە کەسێك ڕازی بن، دەستی نەبەستوون کە بیهێڵنەوە، بەڵام ئەو حاڵەتەی خەلیفە ڕاشیدەکان بە هیچ شێوەیەك پێویستبوونی بەردەوام بوون (وجوب الإستمرار) ناگەیەنێ، بەڵێ ئەوە کە مسوڵمانان لێ گەڕاون ئەبو بەکر خوا لێی ڕازی بێت، دوو ساڵ و چەند مانگێك جێنشین بێت و، عومەر خوا لێی ڕازی بێت، دە ساڵ و چەند مانگێك و، عوسمان دوازدە ساڵ و، عەلی خوای لێی ڕازی بێت، چوارساڵ و نیو حوکمڕان بن، تەنیا ئەوەندە دەگەیەنێت کە ئەوە ڕەوایەو دروستە، بەڵام ئەوە ناگەیەنێ کەئەوە دینێکە بۆ ئێمە پابەند کەرە، چونکە ئێمە چەندان جار باسمان کرد، کە ئەوەی بۆ ئێمە پابەندکەرە، تەنیا قورئان و سوننەتە، بەڵام کردەوەی خەلیفە ڕاشیدەکان بە تایبەتی لەمەسەلەی حوکمڕانیی دا، پابەندکەر نیە و تەنیا وەک ئەزمونێکی بەشەریی تەماشای دەکرێ.

www.alibapir.com


کەواتە: سەنگی مەحەك ڕازی بوونی خەڵك و پەسەندکردنی خەڵکە، ئیدی دەورەیەکی چوار ساڵیی یان پێنج ساڵیی یان زیاتری بۆ دادەنێن، دوو دەورەی بۆ دادەنێن، سێ دەورەی بۆ دادەنێن، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕای خەڵك، وە ئەگەر دەستوورێکیان هەبوو کە بڵێ: دەبێت دوو دەورە زیاتر بۆی نیە، یان سێ دەورە زیاتربۆی نیە، مەگەر خەڵك دوایی خەڵك خۆیان ئەو دەستوورە خۆیان بگۆڕن بەدەنگدان و بە ڕاپرسییەکی گشتی، ئەگەرنا پێویستە پابەند بن بەو دەستوورەوە، چونکە:

{ " الْمُسْلِمُونَ عَلَى شُرُوطِهِمْ " } (أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ برقم: (٣٥٩٤)، وَالحَاكِمُ برقم: (٢٣٠٩) قَالَ الألباني: حَسَنٌ صَحِيح).

مسوڵمانان پێویستە بەمەرجەکانیانەوە پابەند بن، کەواتە: ئەو دەستوورە کە لە دەوڵەتێکی ئیسلامییدا هەیە، پێویستە هەموو لایەك پێوەی پابەند بن.

ئینجا شتێکی ئاشکرایە کەلە ڕۆژگاری ئێستامان دا، بەرژەوەندیی گەورە گەورە لە کاتییکردنی ماوەی حوکمڕانییدا (تأقيت مدة الحكم) زۆر باش دەرکەوتوون، وە خراپەکانی بەردەوام بوونی ماوەی حوکمڕانییش زۆر چاك ئاشکرا بوون، بۆ حیکمەتی بەکراوەیی هێشتنەوەی ئەو مەسەلەیەش، وە پێویست نەکردنی کاتیی بوونی ماوەی حوکمڕانیی، دەتوانین بڵێین:

**یەکەم:** لەبەر ڕەچاوکردنی هەل و مەرج و کەش و هەوای سیاسی ئەو ڕۆژگارە بووە، ئەو کاتە بە گشتی لە دنیادا وا بووە کە حوکمڕانان لە حوکم دا بەردەوام بوون.

**دووەم:** دەستکردنەوەی مسوڵمانان، کە ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان ویستیان حوکمڕانێك هەتا هەتایە هەر بەرپرسیان بێت، هیچ ڕێگرێك لەبەردەمیان دا نەبێت، بەڵام ئایا ئەوە دینێکی پابەند کەرە بۆ مسوڵمانان ؟ نەخێر، چونکە هیچ ئایەتێکی خوا و فەرمایشتێکی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەوبارەوە نیە.

www.alibapir.com


ئنجا وەك پێشتریش گوتم بە ڕاستیی ئێستا زۆر باش دەركەوتوە بە تایبەتی لەم ئان وساتەدا كە پێویستە حوكمڕان ماوەیەكی دیاریی كراوی هەبێ، ئەوە بینیمان (حوسنی موبارەك) چی لێ بەسەر هات! (زين العابدين) چی لێ بەسەر هات! (موعەممەر قەززافیی) كە چل و دووساڵە خۆی بەسەر خەڵكی لیبیادا سەپاندوە، چۆن خەڵك لێی ڕاپەڕیون! هەرچەندە بەئاگر و ئاسن خەڵك سەركوت دەكات، بەڵام ئەویش - پێم وایە - سەرەنجامی وەك (حوسنی موبارەك و زين العابدين) دەبێت[1]، هەروەها (عەلی عبدالله صالحی یەمەن) وە خەڵكی دیكە كە حوكمیان بە میرات وەرگرتوەو خۆ بەسەر خەڵك دا دەسەپێنن، مانای وایە مافی خەڵك زەوت دەكەن، وەك زانا میصرییەكە كاتی خۆی بە (خدێوی) گوت:

(واللهِ لا نوَرَّثُ بَعدَ اليوم، إنَ اللهَ تعالى خَلَقَنَا أحراراً وَلَم يَخلُقنا عقاراً) .

واتە: بەخوا نابێت بە میرات بگیرێین، خوا ئێمەی بە ئازاد خوڵقاندوە ئێمە زەوی و زار نین كە بەمیرات بگیرێین، بەڕاستی میللەتان ئەگەر هۆش و گۆش و هۆشیارییان هەبێ، ئەگەر عیززەت و غیرەتیان هەبێ، ڕازی نابن وەك مەڕو ماڵات، وەك زەوی و زار مامەڵەیان لەگەڵ دا بكرێ، باب دەڕوات كوڕ بێتە جێی!! بەڵكو هەركاتێك خەڵك لە كەسێك ڕازی بوون، با ببێتە بەرپرس و مشوور خۆریان، بەڵام ئەگەر لێی ڕازی نەبوون، دەبێ بێتە خوار، شەریعەتی ئیسلامی ئاوای داناوە، وە چوار خەلیفە ڕاشیدەكان، بۆیە پێیان وتراوە: خەلیفەی ڕاشید، چونكە خەڵك دایان ناون، ئەوانی دیكەش كە دوایی هاتوون ناو لە حوكمڕانییەكەیان نراوە: حوكمی میراتی و پادشایەتیی (الملوكية) كە ئەوەش لادانێك بووە لە شەریعەتی ئیسلامیی و لادانێك بووە لە ڕێبازی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) كە شێوەی حوكمڕانیی لە ڕاویژییەوە، كراوە بە میراتیی و خۆسەپاندن!

---

(١) كاتێك ئەو قسانە كراون كە ئەو شۆڕشانە یەكلایی نەبوونەتەوە.

www.alibapir.com



## بڕگەی پێنجەم:

## ئەو خەسڵەتانەی لە حوکمڕان و هاوکارانی دا بەمەرج گیراون:

**خوێنەری بەڕێـــز !**

بڕگەی پێنجەم بڕگەیەکی گرنگی توێژینەوەکەمانە بەناوونیشانی: ئەو خەصڵەتانەی لە حوکمڕان و هاوکارانیدا بەمەرج دەگیرێن، کەسێك کە دەبێتە حوکمڕان و کەسی یەکەم لە دەستەڵاتی جێبەجێکردن دا لە حکوومەتێکی ئیسلامییدا، ئەو خەصڵەتانەی کە تێیدا بەمەرج گیراون، چین ؟ هەروەها کەسانێکیش کە هاوکارینی، ئەوانیش ئایا چییان تێدا بەمەرج گیراوە؟ زانایان و شارەزایانی بواری سیاسەتی شەرعیی زۆریان لەو بارەوە قسە کردوە، بۆ وێنە: هەرکام لە: (الماوردي، ابو يعلى، الغزالي، الجويني، البغدادي، الباقلاني، ابن حزم، ابن تيمية، ابن خلدون) وە هی دیکەش ڕەزای خوا لە هەموویان بێت، گەلێك شتیان لەو بارەوە گوتوە، کە دیارە هەندێك لەو شتانەی کە لە و بارەوە گوتوویانە ڕاستەوخۆ لە دەقەکانی قورئان و سوننەتەوە وەریانگرتوە، وە هەندێکیشی یاخود زۆربەشی هەڵقوڵاوی عەقڵ و ئەزموونی خۆیانە، چونکە پێشتر باسمان کرد، کە شەریعەت لە بواری سیاسەت و حکومڕانیی دا، بۆ شایی زۆری بەجێهێشتوە بۆ ئەوەی کە ئینسان بە عەقڵ و ئەزموونی خۆی پڕی بکاتەوە.

**بـۆ وێنـــە:**

ئەگەر قسەی یەکێکیان لەسەرەتاوە بێنین، لەو بارەوە (الماوردي) لە کتێبی (الأحكام السلطانية)دا لەو بارەوە گوتوویەتی:

{ وَأَمَّا أَهْلُ الْإِمَامَةِ فَالشُّرُوطُ الْمُعْتَبَرَةُ فِيهِمْ سَبْعَةٌ:

أَحَدُهَا: الْعَدَالَةُ عَلَى شُرُوطِهَا الْجَامِعَةِ .

وَالثَّانِي: الْعِلْمُ الْمُؤَدِّي إلَى الِاجْتِهَادِ فِي النَّوَازِلِ وَالْأَحْكَامِ .

www.alibapir.com



وَالثَّالِثُ: سَلَامَةُ الْحَوَاسِّ مِن السَّمْعِ وَالْبَصَرِ وَاللِّسَانِ لِيَصِحَّ مَعَهَا مُبَاشَرَةُ مَا يُدْرَكُ بِهَا .

وَالرَّابِعُ: سَلَامَةُ الْأَعْضَاءِ مِنْ نَقْصٍ يَمْنَعُ عَنْ اسْتِيفَاءِ الْحَرَكَةِ وَسُرْعَةِ النُّهُوضِ .

وَالْخَامِسُ: الرَّأْيُ الْمُفْضِي إلَى سِيَاسَةِ الرَّعِيَّةِ وَتَدْبِيرِ الْمَصَالِحِ .

وَالسَّادِسُ: الشَّجَاعَةُ وَالنَّجْدَةُ الْمُؤَدِّيَةُ إلَى حِمَايَةِ الْبَيْضَةِ وَجِهَادِ الْعَدُوِّ .

وَالسَّابِعُ: النَّسَبُ وَهُوَ أَنْ يَكُونَ مِنْ قُرَيْشٍ لِوُرُودِ النَّصِّ فِيهِ وَانْعِقَادِ الْإِجْمَاعِ عَلَيْهِ} (١)

دەڵێت: پێشەوایەتیی مسوڵمانان یان سەرۆکایەتیی دەوڵەتی ئیسلامیی، حەوت مەرجی تێدا دانراون، هەرکەسێك ئەو کارەی پێ دەسپێردرێ، حەوت سیفەتی تیا بەمەرج گیراون:

**یەکەمیان:** دادگەریی بەپێی مەرجە کۆکەرەوەکانی، زانایان باسی دادگەرییان کردوە کە کورتەی پێناسەی دادگەریی ئەوەیە کە ئەو کەسە گوناهێکی گەورەی نەکردبێ وە لەسەر گوناهە گچکەکانیش بەردەوام نەبێ، وە شتێك نەکات کە پێچەوانەی جوامێریی (مروءة) بێ و کەسایەتیی بڕووشێنێت.

**دووەم:** زانیارییەکی وا دەستی بکاتەوە کە بتوانێ کۆشش بکات بۆ ئەو ڕووداوانەی کە دێنە پێش، وە ئەو یاسایانەی کە پێویستە هەڵیان بهێنجێت لە قورئان و سوننەت.

**سێیەم:** سەلامەتیی هەستەوەرەکان لە دیتن و لە بیستن و لە زمان، بۆ ئەوەی کە ئەو شتانەی کە پەکیان لەسەر دیتن و بیستن و، لێدوان کەوتوە بتوانێت بەئەندامەکانی ئەنجامیان بدات .

**چوارەم:** سەلامەتیی ئەندامەکانی، واتە: ئەندامە ڕواڵەتییەکانی لە ناتەواوییەك کە ڕێگا بگرێ لەوە کە وەك پێویست بجووڵێ و هەڵسوکەوت بکات.

**پێنجەم:** عەقڵێك کە ببێتە هۆکاری ئەوەی کە بتوانێت کاروباری خەڵك و کۆمەڵگا ڕاپەڕێنێت وە بەرژەوەندییەکانیان دابین بکات.

---

(١) ص ١٦، ١٧.

www.alibapir.com



**شەشەم:** ئازایەتیی و بوێرییەك كە ببێتە هۆی ئەوەی بتوانێت پارێزگاریی بكات لە وڵاتی مسوڵمانان و بەرهەڵستیی دوژمن بكات.

**حەوتەم:** ڕەچەڵەك ئەویش ئەوەیە كە لە قورەیش بێت لەبەر ئەوە كە لەو بارەوە دەق هاتوە، وە یەك دەنگیی زانایانیشی لەسەر دروستبوە. دیارە بۆ حەوتەمیان ئێمە دوایی موناقەشەی دەكەین، كە لە ڕاستیدا ئەوە ڕاست نیە و هیچ دەقێك لەو بارەوە نیە و، یەكدەنگیی زانایانیش لەسەر ئەوە دروست نەبووە، بەڵام بەهەر حاڵ ئەوە ڕای (الماوردي)یە هێناویەتی.

یەكێك بۆی هەیە بپرسێت: ئەدی كوا مسوڵمانەتیی (الإسلام) پاشان پیاوێتیی (الرجولة) دەڵێین: ئەوانە (الماوردي) بە پێویستی نەزانیوە بیان هێنێت، ئەگەرنا یەكدەنگیی زانایانیش لەسەر ئەوە هەیە كە كەسێك دەبێتە بەرپرسی یەكەمی حكوومەتێكی ئیسلامیی، دەبێت مسوڵمان بێت، بە نسبەت پیاوبوون (الرجولة) یشەوە، دیسان ئەگەر نەشڵێین یەكدەنگیی زانایان - كە پێشتر یەكدەنگییشی لەسەر هەبووە، هەرچەندە هەندێك لە زانایان لە نێو خەواریج دا گوتوویانە پیاو بوون مەرج نیە و، ئافرەتیش دەگونجێت، مادام ئەو سیفەتانەی تێدا هەبن - بەڵام زۆربەی هەرە زۆری زانایان ڕایان وایە كە پیاوبوونیش مەرجە، بۆیەش (الماوردي) نەیهێناون، چونكە بە بەڵگە نەویستی زانیون و زۆر ئاشكرا بوون.

www.alibapir.com


# خەسڵەتە پێویستەکانی حوکمڕان و هاوکارانی لە قورئان و سوننەت دا

ئێستا با تەماشای ئایەتەکانی قورئانی بە پێز و فەرمایشتەکانی پێغەمبەری بەڕێزمان بکەین (صلی الله علیه وسلم) بزانین لەوبارەوە چی دەفەرمون؟، هەڵبەتە ئەم مەسەلەیەش وەك هەموو ئەو مەسەلەو بابەتانەی دیکە کە لە بواری دەوڵەتداریی و حوکمڕانیی دا هەن، شەریعەت بە دیاریی کردنی چوارچێوەیەکی گشتی و دانانی چەند هێڵێکی پان چەند بنەمایەکی بنەڕەتیی وازی لێ هێناون، وە نەچۆتە نێو وردەکارییەکانیانەوە، پێشتریش باسمان کرد حیکمەتی ئەوەش ئەوەیە کە خوای کاربەجێ (سبحانە وتعالی) زانیویەتی کە ئەو خەصڵەت و ئاکارانەی پێویستن بۆ حکومڕانان، چ کەسی یەکەم، چ هاوکارەکانی، لە چاخ و ڕۆژگارێکەوە بۆ چاخ و ڕۆژگارێکی دیکە گۆڕانیان بەسەردا دێ، بەڵام دیارە هەندێ شتی بنچینەیی و بنەڕەتیی هەیە گۆڕانیان بەسەردا نایەت، ئنجا ئەوانەی کە گۆڕانیان بەسەردا نایەت، قورئان و سوننەتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دیارییان کردوون و ئەوانەش کە گۆڕانیان بەسەردا دێ باسیان نەکردوون و نەچوونەتە نێو وردەکارییەکانیانەوەو بۆ عەقڵ و ئەزمونی بەشەر بە جێیان هێشتوون، بۆ وێنە: با تەماشای ئەم یازدە (١١) دەقە بکەین لە قورئان و سوننەت دا:

**یەکەم:** لە سوورەتی (السجدة)دا، خوا (سبحانە وتعالی) لە باسی بەنی ئیسرائیل (جوولەکەکان) دەفەرموێ:

﴿ وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا ۖ وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ ﴿٢٤﴾ ﴾ .

www.alibapir.com


واتە: وە ئێمە لە نێو بەنی ئیسرائیل دا چەند پێشەوا و سەرکردەیەکمان گێڕا بوون (پەیدامان کردبوون) کردبوون بە هۆی ئەوەوە کە خۆڕاگرییان کرد، وە بەهۆی ئەوەوە کە بڕوای پتەویان بە ئایەتەکانی ئێمە هەبوو، کەواتە: ئەوە دوو سیفەت: خۆڕاگریی و بڕوا پتەویی.

**دووەم:** لە سوورەتی (یوسف)دا کاتێك کە پادشای مصر داوا لە یوسف ((علیه السلام)) دەکات کە لە لای بمێنێتەوە، وە هاوکاری بێت بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتی میصر، (یوسف) دەفەرمویٚ:

﴿قَالَ ٱجۡعَلۡنِي عَلَىٰ خَزَآئِنِ ٱلۡأَرۡضِۖ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٞ ٥٥﴾.

گوتی: بمکە بەرپرسی عەمبارەکانی زەوی (واتە: بمکە بە وەزیری ئابووریی)، چونکە من پارێزەر و زانام. کەواتە: ئەوەش دوو سیفەتی دیکەن و هەرکەسێك کارێك بەئەستۆوە دەگریٚ، پێویستە هەم سیفەتی پارێزگاریی تێدابیٚ، هەم زانیاریی پارێزگاریی تاکو کارە کە بپارێزیٚ، وە زانیاریی بۆ ئەوەی بزانێت چۆنی بەڕێوە دەبات!

**سێیەم:** لە سوورەتی (القصص)دا، خوا (سبحانه وتعالى) لەسەر زمانی یەکێك لە دوو کچەکانی ئەو پیاوە بەتەمەنە (پیاوە صاڵحەکە)، دەفەرمویٚ:

﴿قَالَتۡ إِحۡدَىٰهُمَا يَٰٓأَبَتِ ٱسۡتَـٔۡجِرۡهُۖ إِنَّ خَيۡرَ مَنِ ٱسۡتَـٔۡجَرۡتَ ٱلۡقَوِيُّ ٱلۡأَمِينُ ٢٦﴾.

واتە: یەکێك لەدوو کچەکان {هی ئەو پیاوە بەتەمەنە کە موسی (علیه الصلاة والسلام) میوانی بوو} گوتی: ئەی بابە! بەکرێی بگرە، (واتە: بیگرە بە شوان) چونکە باشترین کەسێك کە تۆ بە شوانی بگری، کەسێکە بە هێزبیٚ و ئەمیندار بیٚ، کەواتە: بە هێزیی و ئەمینداریش دوو سیفەتن بۆ هەرکەسێك کە کارێکی پیٚ بسپێردریٚ، بەهێزیی، بۆ ئەوەی بتوانیٚ ئەو کارە ئەنجام بدات، وە ئەمینداریش بۆ ئەوەی کە ناپاکیی تێدا نەکات.

**چوارەم:** لە سوورەتی (النساء)دا، خوا (سبحانه وتعالى) دەفەرمویٚ:

﴿وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِۚ إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓۗ ٥٨﴾.

www.alibapir.com


واتە: وە هەرکاتێك دادوەرییتان لە نێوان خەڵکیدا کرد، بەدادگەرانە دادوەریی بکەن، ئەوە باشترین شتێکە کە خوا (سبحانه وتعالی) ئێوەی پێ ئامۆژگاریی دەکات، کەواتە: دادوەریی کردن بە شێوەیەکی دادگەرانە دیسان یەکێکی دیکەیە لە سیفەتە بنچینەییەکانی هەرکەسێك کە کارێکی مسوڵمانانی دەکەوێتە ئەستۆ.

**پێنجەم:** لە سوورەتی (المائدة) -٤٤، ٤٥، ٤٧- دا، خوا (سبحانه وتعالی) دەفەرموێ:

﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَـٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾ ...وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ﴿٤٥﴾ ... ﴿٤٦﴾ ... وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَـٰسِقُونَ ﴿٤٧﴾﴾.

واتە: هەرکەسێك حوکم نەکات بەوە کە خوا (سبحانه وتعالی) ناردوویەتە خوار، ئەوانەن کافران، وە هەرکەسێك حوکم نەکات بەوە کە خوا ناردوویەتە خوار، ئا ئەوانەن ستەمکاران، وە هەرکەسێك حوکم نەکات بەوە کە خوا ناردوویەتە خوار، ئا ئەوانەن لەڕێ دەرچوان.

کەواتە: یەکێکی دیکە لە سیفەتە بنەڕەتییەکانی کەسێك کە دەبێە حوکمڕانیی مسوڵمانان ئەوەیە کە بەوەی خوا (سبحانه وتعالی) ناردوویەتە خوار، حوکم بکات تاکو کە دوور بێت لە کافر بوون، ئەگەر بڕوای بە حوکمەکە نەبێت، وە لە ستەم بۆ ئەوە کە مافی خەڵکی پێشێل نەکات، وە لە فیسق و لە ڕێ دەرچوون، بۆ ئەوەی کە لە زاتی خۆیدا توشی گوناح و لادان نەبێ.

**شەشەم:** لە سوورەتی (الشورى) -٣٨-دا، خوا (سبحانه وتعالی) دەفەرموێ: (وأمرهم شورى بينهم) واتە: وە بڕواداران کاروباریان لەنێو خۆیان دا بە ڕاوێژە، وە لە سوڕەتی (آل عمران) (١٥٨)یش دا، خوا (سبحانه وتعالی) بە پێغەمبەری خۆی (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: (وشاورهم في الأمر) واتە: وە لە کاروباریان دا ڕاوێژیان پێ بکە، کەواتە: کاروباری مسوڵمانان بە ڕاوێژە و کەسێك حوکمڕانیی مسوڵمانان بێ، پێویستە ڕاوێژیان پێ بکات، تەنانەت ئەگەر پێغەمبەریش بێت (صلى الله عليه وسلم).

www.alibapir.com


**حەوتەم:** لە سوورەتی (القصص)دا، خوا (سبحانه وتعالى) دەفەرموێ:

﴿ تِلْكَ ٱلدَّارُ ٱلْـَٔاخِرَةُ نَجْعَلُهَا لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فَسَادًا ۚ وَٱلْعَـٰقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ ﴿٨٣﴾ ﴾ .

واتە: ئا ئەو مەنزڵگای دوا ڕۆژە بۆ کەسانێکی تەرخان دەکەین، کە نایانەوێ بە ناحەق لە زەویدا خۆیان بەسەر خەڵك دا فەرز بکەن و خۆیان بەرز بکەنەوەو ناشیانەوێ خراپەکاریی بکەن، وە سەرەنجام بۆ پارێزکارانە، کەواتە: سێ خەصڵەتی دیکە لە بابای حوکمڕان و کەسانێك دا کە دەیانەوێ کاروباری مسوڵمانان هەڵسووڕێنن ئەوەن کە نەیانەوێ و مەبەستیان نەبێ خۆیان بەسەر خەڵك دا فەرز بکەن، وەمەبەستیان نەبێ خراپەکاریی بکەن، وە پارێزکاریش بن.

**هەشتەم:** لە سوورەتی (الشعراء) -١٥١، ١٥٢ - دا، خوا (سبحانه وتعالى) دەفەرموێ:

﴿ وَلَا تُطِيعُوٓا۟ أَمْرَ ٱلْمُسْرِفِينَ ﴿١٥١﴾ ٱلَّذِينَ يُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا يُصْلِحُونَ ﴿١٥٢﴾ ﴾ .

دەفەرموێ: لەسەر زمانی صالح (علیه الصلاة و السلام) کە بە گەلەکەی خۆی (ثمود) دەفەرموێ: وە گوێڕایەڵیی زیدەڕۆیی کەران مەکەن، (کەسانێك کە زیدەڕۆیی دەکەن و لەسنوور دەردەچن، ئێوە بە قسەیان مەکەن) ئەوانەی کە خراپەکاریی دەکەن لە زەویداو چاکسازیی ناکەن.

**وە لەو بارەوە کە دەبێت حوکمڕان و کاربەدەستانی مسوڵمانان چۆن بن؟ پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) فەرمایشتی زۆرن بۆ وێنە:**

**نۆیەم:** ئەو فەرمایشتەی کە بوخاریی بە ژمارە (٦٦) و موسلیم بە ژمارە (١٠٣١) هێناویانە، کە دەفەرموێ:

{سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ يَوْمَ لاَ ظِلَّ إِلاَّ ظِلُّهُ الإِمَامُ الْعَادِلُ ...}.

واتە: حەوت کەس خوا دەیانخاتە ژێر سێبەری خۆیەوە، (واتە: دەیانخاتە ژێر سایەی بەزەیی خۆیەوەو پەنایان دەدات، یان بەشێوەیەکی تایبەت سێبەریان لێ

www.alibapir.com


دەكات لە ڕۆژێك دا، جگە لە سایەی ئەو هیچ سایەیەكی دیكە نیە: یەكەمیان پێشەوایەكی دادگەر، سەرۆكێكی دادگەر.

**دەیەم:** لە فەرمایشتێكی دیكەدا كە (حاكم) هێناویەتی و بە صەحیحی داناوە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی:

{مَن وَلِيَ مِن أمرِ المسلمينَ شيئاً فَوَلى رَجُلاً وهوَ يَجِدُ مَن هوَ أصلَحُ للمُسلمينَ منه فَقَد خانَ اللهَ وَرسولهُ والمؤمنين}.

واتە: هەركەسێك كارێكی مسوڵمانانی بكەوێتە دەست و پیاوێك بكاتە بەرپرس، (واتە: لە بازنەی ئەو صەلاحیەتەدا كە هەیەتی، كاربەدەستێك دابنێ) كە لەوی باشتر پێ شك بێت بۆ مسوڵمانان، (واتە: هەر چەند لەویش باشتر هەبێ، بەڵام یەكێكی دیكە دابنێ، دیارە حەتمەن بەرژەوەندییەكی شەخصیی، یان خزمایەتیی یەك شتێكی تێدا ڕەچاو دەكات) ئەوە ناپاكیی كردوە بە رانبەر بە خوا پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)و ئیمانداران.

**یازدەیەم:** فەر مایشتێكی دیكە ئەوەیە كە (أبو ذر) دەیگێڕێتەوە:

{عَنْ أَبِي ذَر قَالَ قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَلاَ تَسْتَعْمِلُنِى قَالَ فَضَرَبَ بِيَدِهِ عَلَى مَنْكِبِى ثُمَّ قَالَ «يَا أَبَا ذَر إِنَّكَ ضَعِيفٌ وَإِنَّهَا أَمَانَةٌ وَإِنَّهَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ خِزْىٌ وَنَدَامَةٌ إِلاَّ مَنْ أَخَذَهَا بِحَقِّهَا وَأَدَّى الَّذِى عَلَيْهِ فِيهَا»} (أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: (١٨٢٥)، وَالحَاكِمُ برقم: (٧٠٢٠))

واتە: ئەبو زەر خوا لێی ڕازی بێت كە هاوەڵێكی بەڕێزی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بووە، دەڵێت ڕۆژێك گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا! (صلی الله علیه وسلم) ئایا بەرپرسیارێتییەكم پێ ناسپێری؟ (نامكەی بەكاربەدەست)؟ پێغەمبەری خواش (صلی الله علیه وسلم) دەستی لەشانم دا وەك {(ملاطفة)و خۆشەویستی پێدان} وە فەرمووی: ئەی ئەبو زەر! تۆ بێهێزی بەرپرسیارێتیش سپاردەیە، وە لە ڕۆژی دواییدا مایەی سەرشۆڕیی و پەشێمانییە، مەگەر كەسێك بە حەقی خۆی وەری بگرێ (واتە: شایستەی بێت) وە ئەو حەقەی

www.alibapir.com


کە لەسەریشیەتی لەو ئەرکەدا جێبەجێی بکات. واتە: حەقی خۆیشی پێ بدات و بە حەقی خۆیشی نەبێ وەری نەگرێ، تەنیا ئەو جۆرە کەسانە بە هۆی بەرپرسیارێتی یەوە دووچاریی شەرمەزاریی و پەشێمانیی نابن، ئەگەرنا ئەوی دیکە هەرکامێك لەو دوو مەرجەی نوقصان بێ، یان هەردووکی نوقصان بێ، شایستە نەبێت و کارەکە وەربگرێ، یاخود باشایستەش بێ، بەڵام دوایی حەقی خۆی پێ نەدات ئەرکی سەرشانی جێبەجێ نەکات، ئەوە دووچاریی شەرمەزاریی دەبێت.

کەواتە: لەبەر ڕۆشنایی ئەم دەقانەدا کە هێنامانن دەتوانین بڵێین: کە حوکمڕان و بەرپرسان بە گشتی و بە تایبەت کەسی یەکەم لە دەوڵەت و حکوومەتێکی ئیسلامییدا، پێویستە خاوەنی ئەو حەڤدە (١٧)ە سیفەتە بن:

١و٢ - خۆراگریی و ئیمان پتەویی (الصبر والیقین)، کە پێشتر ئایەتەکەمان هێنا واتە: خۆڕاگر بن (بەدووفوان ئەژنۆی نەلەرزێ) خۆڕاگر بێ و صەلابەتیی هەبێ، بە تایبەتی لە کاتی ترس و لە بەرامبەر تەماع دا، وە لەبەرانبەر ناڕەحەتییەکان دا، وە ئیمان پتەوییش بێ و ئیمانێکی لەرزۆکی نەبێ، هەڵبەتە ئیمان پتەوییش دەبێتە هۆی ئەوە کە ئینسان خۆڕاگر بێ.

٣و٤ - پارێزگاریی و زانیاریی (الحفظ والعلم)، کە پێشتر ئایەتەکەمان هێنا، پارێزگاریی بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو کارەو ئەو شتەی پێی دەسپێردرێت پارێزگاریی لێ بکات، وە زانیارییش بۆ ئەوەی بتوانێ کارەکەی بە شێوەیەکی سەر ڕاستانە و پیشەییانە و بە وردەکاریی ئەنجام بدات.

٥و٦- توانایی و ئەمینداریی (القوة والأمانة) توانایی، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو کارە چاك ڕاپەڕێنێ، وە ئەمیندارییش بۆ ئەوەی دوور بێ لەوە کە خیانەت و ناپاکی تێدا بکات.

٧- دادگەریی، چ لە دادوەرییدا چ دادگەریی بەگشتی، کەئێمە پێشتر باسیی دادگەرییمان کردوە، لە بنەماکانی سیستمی حوکمڕانیی ئیسلامیدا.

٨- حوکم کردن بە شەریعەت و ئەوەی کە خوا (سبحانه وتعالى) دایبەزاندوە، واتە: شەریعەتی دابەزێنراوی خوا، کە لە قورئان و سوننەتدا بەرجەستەیە (الحكم بما أنزل الله) کە پێشتر ئایەتەکەمان هێنا، چونکە کەسێك حوکم نەکات بە شەریعەتی خوا، یان کافر دەبێ ئەگەر بڕوای پێ نەبێ، یان ستەمکار دەبێ ئەگەر مافی خەڵك بخوات، یان فاسق دەبێ، ئەگەر گوناهەکە بەس زیانی بۆخۆی بێ.

٩- ڕاوێژکردن، چونکە خوا (سبحانه وتعالى) بە پێغەمبەری خۆی (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: (وشاورهم في الأمر) وە لە کاروباردا ڕاوێژیان پێ بکە!، ئنجا ئەگەر پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) مولزەم کرا بێت بەوە کە ڕاوێژ بکات بە خەڵك و کۆمەڵگا بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبار، دیارە غەیری پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) چاکتر لەسەری پێویستە کە ڕاوێژ بکات.

١٠و١١- خۆبەرزنەکردنەوەو خراپەکاریی مەبەست نەبوون، خۆبەرزنەکردنەوە بەسەرخەڵك دا، بڵێت: من لە ئێوە گەورەترو گرنگ ترم، بەهەر شێوەیەك لە شێوەکان خۆیان بەسەردا فەرز بکات و خۆیان بەسەردا بەرز بکاتەوەو خۆی پێ لەوان بەرزتر بێ، وە نابێت مەبەستی خراپەکاریشی هەبێ، لەو کار و بەرپرسیارێتییەدا کە وەری دەگرێ (عدم إرادة العلو و الفساد) هەڵبەتە ئێمە پێشتر ئایەتەکەمان هێنا .

١٢- پارێزکار بوون، وەك خوا (سبحانه وتعالى) دەفەرموێ: (والعاقبة للمتقين) وە سەرەنجام بۆ پارێزکارانە.

١٣- خۆپاراستن لە زیدە ڕۆیی، (تجنب الإسراف)، کەسێك کە ئەرك و بەرپرسیارێتیی پێ دەسپێردرێ، دەبێ خۆی بپارێزێت لە زێدەڕۆیی لە هەموو شتێکدا، چ لە کاروباری خۆیدا، چ لە خەرج و مەسرەف دا، چ لە لێپرسینەوەو سزادانی خەڵکدا، لە هەموو شتێك دا پێویستە خۆی لە زێدەڕۆیی بپارێزێ.

١٤- دەبێ ئەو کەسە هەوڵ بدا باشترین کەس بێ بۆ مسوڵمانان، وە ئەگەر کەسێکی دانا، دەبێ چاو بۆ باشترین کەس بگێڕێ و کێ بۆ مسوڵمانان باشتر بێ، ئەو دابنێ وەك فەرمایشتەکەمان پێشتر هێنا.

www.alibapir.com



١٥- بە ئەمانەت تەماشاکردنی حوکمڕانیی، دەبێ بەرپرسیارێتیی بە سپاردە تەماشا بکرێ، وەك پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ: (إنها أمانة)، کەواتە: دەبێ وەك سپاردەیەك بپارێزرێت و بگەیەنرێتە شوێنی خۆی، نەك وەك غەنیمەت و دەسکەوتێك سەیر بکرێ!.

١٦و١٧- بە حەق وەرگرتنی و، حەقپێدانی، دەبێ ئەو بەرپرسیارێتییە کە وەردەگرێ بە حەق وەری بگرێ و بە شێوەیەکی حەق، نەك بە میراتیی یان بە خۆسەپاندن، یان بە درۆو دە لەسەو تەزویر!، دەبێت لە ڕێیەکی حەقەوە وەری بگرێ، پاشان کە وەریشی گرت، دەبێ حەقی خۆیشی پێ بدات، جاری وا هەیە کەسێك کارێك بە حەقی خۆی وەردەگرێ بەڵام دوایی تێیدا تووشی لادان دەبێ، بۆ وێنە: زۆرینەی خەڵك هەڵیانبژاردوە، بەڵام دوایی تەماشا دەکەی هەر ئەوەندەیە دەستی لە کورسیەکەی گیر دەبێ، بە شێوەیەك حوکم دەکات پێچەوانەی ئیرادەی خەڵکەوە بە پێچەوانەی بەرژەوەندیی خەڵکەوەیە، کە دیارە ئەوەش ڕەوایەتیی (شرعية) لە دەست دەدات، نەك لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی ناڕەوا حوکمەکەی وەدەست گرتوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە بە شێوەیەکی ناڕەوا حوکم دەکات، تەنیا ئەوەندە بەس نیە کە بە شێوەیەکی ڕەوا چووبێتە سەر کورسی حوکمڕانیی، بەڵکو دەبێ بە شێوەیەکی ڕەواش ئەو حوکمڕانییە بکات.

**ئنجا من پێم وایە هەموو ئەو سیفەتانەی گوتران، دەگونجێ ئێمە لە سێ شتاندا کۆیان بکەینەوە:**

**یەکەم:** ملکەچیی بۆ شەریعەت.

**دووەم:** لێهاتوویی (الكفاءة).

**سێیەم:** پابەندیی بە ڕاوێژەوە.

وە لەڕاستییدا ملکەچیی بۆ شەریعەت، لێهاتوویی و پابەندیی بە ڕاوێژیشەوە دەخاتەوە نێوخۆی.

www.alibapir.com


## تیشك خستنە سەر سێ مەسەلەی گرنگ

**ئێستا پێویستە تیشك بخەینە سەر سێ مەسەلەی گرنگ، کەلە نێو زانایان دا، چ زانایانی پێشین، چ زانایانی پاشین، وە ئەمڕۆش تاڕاددەیەك مشتومڕیان لەسەر هەیە:**

### مەسەلەی یەکەم:

### بەمەرجگیرانی مسوڵمانەتیی لەحوکمڕانیی مسوڵماناندا:

ئایا کەسێك دەبێتە حوکمڕانیی مسوڵمانان، تێیدا بەمەرج گیراوە مسوڵمان بێت؟ یان ئەگەر نامسوڵمانیش بێ، مادام هاووڵاتی بێ، هەر دروستە؟ هەڵبەتە ئێمە چەند جارێك باسمان کردوە کە خوا پشتیوان بێت لە تەوەرەیەکی سەربەخۆدا باسی حاڵ و باڵی نامسوڵمانانی ژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامیی دەکەین، بەڵام لێرەدا لەو بارەوە هەر بە کورتیی دەڵێین: ئەوەی لە ڕواڵەتی دەقەکانی قورئان و سوننەت وەردەگیرێ بە ڕوون و ڕاشکاویی دەیڵێم بە هیچ جۆرێك ناگونجێت کەسی یەکەمی دەوڵەتی ئیسلامیی مسوڵمان نەبێت، چونکە خوا سبحانە وتعالی زۆر بەڕوونیی دەفەرموێ:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ ﴿٥٩﴾ ﴾ النساء.

واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! فەرمانبەریی خوا بکەن وە فەرمانبەریی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیە وسلم) بکەن، وە هی کاربەدەستانێك کە لە خۆتانن، کەواتە: دەبێت ئەو کاربەدەستانەی کە مسوڵمانان گوێڕایەڵییان بۆ دەکەن و فەرمانبەرییان بۆ دەکەن، لە خۆیان بن، واتە: مسوڵمان بن.

ئنجا ئێمە لە بڕگەی شەشەم دا کە باس دەکەین، کە ئەرکی سەرەکیی سەرشانی حوکمڕانیی مسوڵمانان ئەوەیە کە پارێزگاریی بکات لە دین و ژینیان، یاخود لەدین و دنیایان، ئنجا ئایا کەسێك نامسوڵمان بێ، چۆن دەتوانێ

www.alibapir.com


پارێزگاریی ئەگەر لە ژینیشیان بكات، ئەدی لەدینیان چۆن بۆی دەكرێ،.. لە حاڵێك دا كە شارەزای دینەكەیان نیەو بڕوای بە دینەكەیان نیە؟! ئەوە بە نسبەت كەسی یەكەم، بەڵام بە نسبەت هاوكارانی سەرۆكی دەوڵەت، كەم و زۆر بواری تێدا هەیە، وەك لە شوێنی خۆیدا دەیخەینە ڕوو.

هەڵبەتە لێرەدا وەك ئەمانەتێكی عیلمیی دەمەوێ كە ئاماژە بەوە بكەم كە هەندێك لە زانایانی هاوچەرخ (بە ژمارەیەكی كەم) ڕایان وایە كە لە نێو دەوڵەتی ئیسلامییدا و لە نێو كۆمەڵگایەكی ئیسلامییدا، غەیری مسوڵمانیش بۆی هەیە ببێتە كەسی یەكەم یەكێك لەوانە (د.محمد سليم العوا)یە كە كتێبێكی هەیە دەربارەی دەوڵەتی ئیسلامیی و لەوبارەوە ئەو ڕایەی هەیە، بەڵام بە تەئكید ڕایەكەیان بە بۆچوونی من هەڵەیە، چونكە لەگەڵ دەقی قوڕئان دا تێك دەگیرێ، وە لەگەڵ دەقی سوننەتی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)دا، تێك دەگیرێ، كە زۆر بە ڕوون و ڕاشكاویی باسی ئەوە دەكەن: دەبێ كەسی یەكەمی قەوارەی مسوڵمانان، مسوڵمان بێ و ئیماندار بێ.

**مەسەلەی دووەم:**

## بەمەرجگیرانی پیاوێتیی (الرجولة) لە حوكمڕانیی مسوڵمانان دا:

ئایا ئەو كەسەی دەبێتە گەورەی مسوڵمانان و كەسی یەكەمی دەوڵەتی ئیسلامیی مەرجە پیاو بێت؟ یاخود دەگونجێ ئافرەتیش بێ؟ بۆ ئەم مەسەلەیەش زۆر بەی هەرەزۆری زانایان، ئەگەر نەڵێین تێكڕایان لە ڕابوردوودا وەك پێشتریش ئاماژەم پێدا، جگە لە كۆمەڵێك لە خەواریج، هەموو زانایان ڕایان وابووە كە پیاوان نەبێ، بۆیان نیە سەرۆكایەتیی كۆمەڵگاو دەوڵەتی ئیسلامیی بكەن، وە لەو بارە شەوە زانایان ئەو شتانەیان بە بەڵگە هێناوەتەوە:

**١- خوای پەروەردگار لە سووڕەتی (النساء)دا دەفەرمووێ:**

﴿ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ ﴿٣٤﴾﴾ .

واتە: پیاوان سەرپەرشتیارن بەسەر ژنانەوە، دیارە ئێمە دوایی باس دەكەین

www.alibapir.com


کە ئەوانی دیکەش لەبارەی بە بەڵگە هێنانەوەی ئەم ئایەتە موبارەکەوە بۆ ئەو مەبەستە، چی دەڵێن؟

**٢- بەڵگەی دووەم ئەو فەرمایشتەیە کە دەڵێ:**

{ لَمَّا بَلَغَ رسولَ الله (صلى الله عليه وسلم) أنَّ أهلَ فَارِسَ مَلَّكُوا عليهم بِنْتَ كِسرَى، قَالَ: " لَنْ يُفْلِحَ قَومٌ وَلَّوْا أمْرَهُمْ امْرَأة "} (أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٠٥٣٦)، وَالبُخَارِيُّ برقم: (٦٦٨٦)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٢٦٢)، وَقَالَ: حَسَنٌ صَحِيح، وَأَخْرَجَهُ النَّسَائِيُّ برقم: (٥٣٨٨)).

واتە: کاتێك هەواڵی ئەوە کە گەلی فارس (ئێران) کچی کیسرایان کردوە بە پادشای خۆیان، بە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) گەیشت، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: گەلێك کە ئافرەتێکیان کردوە بە سەرپەرشتیارو بە سەرۆکی خۆیان سەرفراز نابن.

ئنجا هەندێك لە زانایان دەڵێن: کەواتە: ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە بەرپرسی یەکەمی حکوومەت و دەوڵەتی ئیسلامیی نابێ ئافرەت بێ، چونکە سەرفراز نابن.

**٣- بەڵگەیەکی دیکەیان بریتییە لەیەکدەنگیی زانایان، (الجويني) لەو بارەوە گوتوویەتی:**

(وَاجمَعُوا أن المَرأة لايَجوزُ أن تكونُ إماماً).(١)

واتە: زانایان یەکدەنگن لەسەر ئەوە کە دروست نیە ئافرەت سەرۆك و پێشەوا بێت، واتە: ناگونجێ ئافرەت سەرۆکی دەوڵەت، یان بە زاراوەی ئەمڕۆ: سەرۆك کۆمار یان سەرۆك وەزیران بێت، هەڵبەتە زانایانی هاوچەرخ لە بارەی ئەم مەسەلەیەوە ڕاجیاییەکیان هەیە، وە ئەوانەی کە ڕایان وایە ئافرەت ڕێی وەرگتنی هیچ پۆست و پلە و پایەکی لە نێو کۆمەڵگا و دەوڵەتی ئیسلامییدا لێ نەگیراوە، لەبارەی ئەو بەڵگانەوە کە زۆربەی زانایان هێناویاننەوە، قسەیان هەیە، بۆ وێنە: دەڵێن:

---

(١) الإرشاد في قواطع الأدلة في أصول الإعتقاد، ص ٤٢٧.

www.alibapir.com



١) جارێ ئايەتەكە كە دەفەرموێ:

﴿ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ ﴿٣٤﴾﴾ .

پياوان سەرپەرشتيارن بەسەر ژنانەوە، ئەوە هيچ پەيوەندييەكى بەو مەسەلەيەوە نيە كە ئێمە دەيتويژينەوە، چونكە باسى خێزان و ماڵ دەكات، وە باسى پەيوەنديى نێوان ژن و مێرد دەكات، كە لە ژن و مێرد، پێويستە مێرد سەرپەرشتيار بێت و بڕيارى كۆتايى بە دەست بێت.

٢) وە بە نسبەت فەرموودەكەوە دەڵێن: هۆى گوتران (سبب الورود)ى ئەو فەرمايشتە ئەوە دەگەيەنێ كە پێغەمبەرى خوا (صلى الله عليه وسلم) مەبەستى پێى كۆمەڵگا و خەڵكى ئێران بووە، كە ئەو كاتە (بورانى كچى شێرۆيە) كە بابى خۆى كوشتووە لە جێى بابى بۆتە پادشاى ئێران و لە دواى (شێرۆيە) (بورانى) كچيان كردە پادشا و نازناوى كيسراى وەرگرت، پێغەمبەرى خوا (صلى الله عليه وسلم) بە تايبەت بۆ ئەوان ئەوەى فەرمووە، نەك بۆ هەر گەلێكى ديكە، هەروەها دەڵێن: فەرمايشتى پێغەمبەرى خوا (صلى الله عليه وسلم) نابێت لەگەڵ واقيعدا تێك بگيرێ، ئنجا ئەگەر نەڵێين: پێغەمبەرى خوا (صلى الله عليه وسلم) مەبەستى خەڵكێكى تايبەتى بووە، فەرمايشتەكەى لەگەڵ واقيع دا تێك دەگيرێ واقيعى ئەو گەل و ميللەت و كۆمەڵگايانە كە ژنێكيان كردۆتە بەرپرس و سەرفرازيش بوون، بۆ وێنە گەلى (سبأ) كە خوا بە سەرهاتەكەيان لە سوورەتى (النمل)دا دەگێڕێتەوە كە ئافرەتێك پادشايان بووە، وەك دەفەرموێ:

﴿إِنِّي وَجَدتُّ ٱمۡرَأَةٗ تَمۡلِكُهُمۡ وَأُوتِيَتۡ مِن كُلِّ شَيۡءٖ وَلَهَا عَرۡشٌ عَظِيمٞ ﴿٢٣﴾﴾ النمل.

واتە: ئافرەتێكم بينى مەليك و پادشايان بوو، دوايى تەماشا دەكەين ئەو ئافرەتە لە ئەنجامى ئەوەدا كە ڕاوێژى بە ميللەتەكەى كردوە، سەرەنجام چارەنووسى خۆى و ميللەتەكەى بەرەو خێر بردوەو ئەوە بووە كە لەگەڵ سولەيمان (عليه السلام)دا لە كۆتاييدا دەڵێ:

﴿وَأَسۡلَمۡتُ مَعَ سُلَيۡمَٰنَ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٤٤﴾﴾ النمل.

www.alibapir.com


کەواتە: ئەو گەلە سەرفراز بوون کە مەلیکەی (سەبە ) سەرپەرشتیاری کردوون، کە هەندێك دەڵێن: ناوی (بەلقیس) بووە، ئنجا لەو لاوە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ: هەرگەلێك ئافرەتێك بکەنە گەورەی خۆیان سەرفراز نابن، بەڵام تەماشا دەکەین گەلی (سبأ) ئافرەتیشیان کردۆتە سەرپەرشتیاری خۆیان و سەرفرازیش بووا ئنجا ناگونجێت فەرمایشتی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لەگەڵ واقیع دا تێك بگیرێ، هەروەها لە ڕۆژگاری ئێستاش دا ئافرەتانی وەك (ئندیرا غاندی ) کە لە هیند هەبوو، هەروەها (ئەنجیلا میرکل) لە ئەڵمانیا هەیە، وە ئافرەتانی دیکە بوون تاك و تەرا، کە سەرکەوتوو بوون لە حوکمڕانییدا.

کەواتە: ناگونجێ بڵێین: ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) مەبەستی پێ حاڵەتی گشتییە، بەڵکو مەبەستی پێی گەلێکی تایبەت بووە، کە گەلی ئێران بوون، واتە: گەلی ئێران بەو حاڵەتەوە کە هەیانبووە، لە ئەنجامی ئەوەدا کە ئەو کچەی شێرۆیەیان کردوە بە پادشای خۆیان، سەرفراز نابن.

٣) وە بە نسبەت کۆڕای زانایان (إجماع العلماء)ەوە دەڵێن: کە هەمیشە دەبێت پشت بە دەقێکی قورئان یان سوننەتی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ببەستێ، بەڵام لێرەدا هیچ دەقێکی ڕوون و ڕاشکاو مان نیە، تاکو یەکدەنگیی زانایانی لەسەر هەڵبەستین.

**ڕای خـــۆم لەو بـارەوە:**

**یەکەم:** ئەسڵ ئەوەیە کە پیاوان ئەو ئەرکە قورسە وەربگرن، واتە ئەرکی سەرۆکایەتیی و بوونە بەرپرسی یەکەمی کۆمەڵگا و دەوڵەت، وە لەوەتەی خوای پەروەردگاریش دنیای داناوە و بەشەر دەوڵەتی پێکهێناوە، مەگەر بە دەگمەن، ئەگەرنا هەر پیاوان ئەو ئەرکەیان بە ئەستۆوە گرتوەو، واقیعی ئێستاو کۆن باشترین بەڵگە و شایەدە و پێویست ناکات بەڵگەی لەسەر بێنینەوە، تەماشای دیموکراسیترین وڵاتانی دنیا بکە (ئەگەر ڕاست بکەن لەگەڵ دیموکراسی دا) وەك ئەمریکاو شوێنانی دیکە، تەماشا دەکەین، هەر پیاوان بوونە سەرۆك تێیاندا.

www.alibapir.com


وە لە ڕاستیدا بە پێی داخوازی فیترەت و یاساکانی شەریعەتیش بواری سەرەکی ڕۆڵ تێدا گێڕانی ئافرەت، بریتیە لە ماڵ و خێزان، هەرچەندە شەریعەت ڕێگای چوونە دەرو چالاکییە جۆراو جۆرەکانی لە ئافرەت نەگرتوە، ئەگەر لە توانایدا هەبێت، بەڵکو هەندێکیانی لەسەریش پێویست کردوە[١]، وەك زۆر جار باسمان کردوە، بەپێی ئەو ئایەتە موبارەکەی کە دەفەرموێ:

﴿ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ يَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ ﴿٧١﴾ ﴾ التوبة.

واتە: پیاوانی ئیماندار و ئافرەتانی ئیماندار، هەندێکیان دۆست و پشتیوانی هەندێکیانن، فەرمان بە شتە پەسەندەکان دەکەن، وە ڕێ لەشتە ناپەسەندەکان دەگرن.

بەڵام ئەو بوارە سەرەکییەی کە ئافرەت دەتوانێت ڕۆڵی خۆی تێدا ببینێت، چوار چێوەی ماڵ و خێزانە، ئەگەرنا لە دەرەوەی ماڵ و خێزانیش شەریعەت دەستی نەگرتوەو ڕێی لێ نەگرتوە کە دەوری خۆی ببینێت لە هەموو کایەکان دا وەك سیاسی ئابووری هەروەها...

**دووەم:** هەندێك لە ئەرکەکانی سەرۆکی دەوڵەتی ئیسلامییش، ئەسڵەن بە ئافرەت هەر ئەنجام نادرێن، وەك فەرماندەیەتی سوپا، نەمان بینیوە لە مێژوودا ئافرەتێك بووبێتە فەرماندەی سوپا، وە پێشنوێژیی کردن، دیارە ئافرەت ناگونجێت ببنە پێشنوێژی مسوڵمانان، وە جگە لەوەش کە ئافرەتان هەندێك حاڵەتی تایبەتی خۆیانیان هەیە، وەك زەیستانیی کاتی منداڵبوون و کاتی کەوتنە حەیزەوە، کەلەو حاڵەتەدا گۆڕان بەسەر حاڵەتی جەستەیی و نەفسیی دا دێ.

**سێیەم:** ئنجا ئەو ئایەتەش کە دەفەرموێ:. بەڵێ تایبەتە بە ماڵ و خێزانەوە، بەڵام بە پێی بنچینەی (القياس بالطريق الأولى) زۆر مەنتیقییە کە بڵێین: ئەگەر ژن شایستەیی بە ڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردنی خێزان و ماڵێکی چەند

---

(١) لە کتێبی (ئافرەت و خێزان)دا بە درێژیی ئەو بابەتەمان توێژیوەتەوە.

www.alibapir.com


کەسی نەبێت، ئەدی چۆن چۆنی شایستەیی بەڕێوەبردنی وڵات و دەوڵەتێکی هەیە؟! ئایا دەگونجێ کەسێك کارێکی بچووکی پێ ئەنجام نەدرێ، بەڵام ئەرکی گەورەتری پێ ئەنجام بدرێ؟ یان کەسێك نەتوانێ دە کیلۆ هەڵبگرێ، بەڵام بڵێی: بە سەد کیلۆوە هەر فڕکەی دێ؟!! ئەوە شتێکی نامەنتیقییە.

کەواتە: ئەگەر خوا سبحانە وتعالى دەقى لەسەر داناوە کە دەبێت لە چوارچێوەی ماڵ و خێزاندا پیاو سەرپەرشتیار و بڕیار بەدەستی کۆتایی بێ، هەڵبەتە ئەویش بە ڕاوێژ لەگەڵ ئافرەت، نەك بەخۆ سەپاندن و کوێخایەتیی، ئەوە بە تەئکید لە چوارچێوەی خێزانی فراوانترو گەورەتردا، کە دەوڵەت و کۆمەڵگەیە، دیارە پیاوان بە گشتی شایستە ترن.

**چوارەم:** بەڵام بەپێی بنچینەی (الضرورات تُبيحُ المحظورات) ناچارییەکان قەدەغەکراوەکان ڕەوا دەکەن، هەرکاتێك لە کۆمەڵگایەك دا هیچ پیاوێکی وا نەبوو، کە شایستەی وەرگرتنی پۆست و پایەی سەرۆکایەتیی بێت، وە ئافرەتێکی هەڵکەوتووو شایستەی واش هەبوو، کە لێهاتوویی وەرگرتنی ئەو ئەرکەی هەبێ، وە لایەنە چاك و ئیجابییەکانی سەرۆکایەتیی کردنی ئەو ئافرەتە بۆ ئەو وڵات و دەوڵەتە، زیاتر بوون لەو لایەن و ئیشکالانەی کە لێوەی پەیدا دەبن، ئەوە لەو حاڵەتەدا بە گوێرەی بنچینەی (جلبُ أعظم المصلحتين و دفعُ أعظمِ المفسدتين) واتە: وەدەستهێنانی گەورەترینی دوو بەرژەوەندییەکان، وە دوورخستنەوەی گەورەترینی دوو خراپەکان، لەو حاڵەتەدا شەریعەت ڕێگە دەدات، کە ئەو ئافرەتە لەو هەل و مەرجە تایبەتییەدا، ببێتە بەرپرسی یەکەم و سەرۆکی دەوڵەت، واتە: بنچینەی گشتی ئەوەیە کە پیاوان ئەو ئەرکە بە ئەستۆوە دەگرن، بەڵام هەندێك حاڵەتی هەڵاوێردراو هەن، کە دەگونجێ ئافرەتیش ئەو ئەرکە بە ئەستۆوە بگرێ.

www.alibapir.com


**مەسەلەی سێیەم:**

**بەمەرجگرتنی قورەیشی بوون:**

وە (البغدادي) لە کتێبی (أصول الدين)دا لە بارەوە دەڵێت:

(دليلُ أهلِ السُنَّة على أنَّ الإمامَةَ مَقصُورةُ على قُرَيش قولُ النبيّ (صلى الله عليه وسلم) الأئمَّة من قُرَيشٍ) .

واتە: بەڵگەی ئەهلی سوننەت لەسەر ئەوە کە پێشەوایەتیی کورت هەڵێندراوە، لەسەر هۆزی قورەیش، فەرموودەی پێغەمبەری خوایە (صلى الله عليه وسلم) کە دەفەرموێ: پێشەوایان لە هۆزی قورەیشن، بەڵام بە ڕاستی پاش سەرنجدان و تێوەڕامان لە دەقەکانی قورئان و سوننەت (کە من بۆخۆم زۆر لە و مەسەلەیە ورد بوومەتەوە، وەك هەموو ئەو مەسەلە و بابەتانەی کە دەیانتوێژمەوە) بۆمان دەردەکەوێت بەمەرجگیرانی ڕەچەڵەك (إشتراط النسب) (واتە: ڕەچەڵەکی قورەیشی بوون، یان وەك شیعە دەڵێن: سەر بەبنەماڵەی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب خوای لێ ڕازی بێت، بوون، یان لە (بني هاشم) بوون، یان وەك عەبباسییەکان داوایان دەکرد، سەربە عەبباسی مامی پێغەمبەری خوادا (صلى الله عليه وسلم) بوون)، هیچ کام لەوانە هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر نیە، بەڵکو ئەو بیرۆکەیە لەگەڵ چەندان ئایەتی قورئان وە دەقی سوننەتی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) تێك دەگیرێ، وێڕای تێکگرانی لەگەڵ عەقڵ و مەنتیق و واقیعیش دا، بابزانین چۆن:

سەرەتا با تەماشای چەند دەقێکی قورئان و سوننەت بکەین، کە زۆر بەڕوونیی ئەوە دەردەخەن، کە بەمەرجگرتنی ڕەچەڵەك و بنەماڵە بۆ ئەوەی کەسێك بەرپرسیارێتیی وەربگرێ، لە دەوڵەتی ئیسلامییدا، جا چ بەرپرسیارێتیی کەسی یەکەم بێت، چ پلەکانی دیکە بن، هیچ پێگەیەکی نیەو هیچ شوێنێکی لە دەقەکانی قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دا نیە.

**باسەرنجی ئەم بەڵگانە بدەین:**

**١- خوا لە سوورەتی (الحجرات)دا، دەفەرموێ:**

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٞ ١٣ ﴾ .

خوای بەرزو مەزن بانگی مرۆڤایەتیی دەکات و دەفەرموێ: ئەی خەڵکینە! ئێوەمان لە نێرو مێیەك وەدی هێناوە، وە گێڕاومانن بەچەند گەل و تیرەیەك تاکو یەکدی بناسن، پێك ئاشنا بن، بێگومان بەڕێزترتان لەلای خوا پارێزکارترتانە، بە ڕاستیی خوا زانای شارەزایە، کەواتە: کێ لە لای خوا بەڕێزترە؟ کەسێك کە پارێزکارترە.

**٢- خوای گەورە لە سوورەتی (النساء)دا، کە زۆر جار ئەو ئایەتە موبارەکەمان هێناوەتەوە، دەفەرموێ:**

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ٥٩ ﴾ .

واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! فەرمانبەریی خوا بکەن و فەرمانبەریی پێغەمبەری خوا بکەن، وەهی کاربەدەستانێك کە لە خۆتانن، کەواتە: کاربەدەستەکان هەر لە مسوڵمانان بن، ئەوەندە بەسسەو هیچی دیکەی تێدا بەمەرج نەگیراوە، کە دەبێت لە فلاَن هۆز بێت، یان لە فلاَن گەل و نەتەوەیە بێ.

**٣- پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ:**

{ يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَلا إِنَّ رَبَّكُمْ وَاحِدٌ وَإِنَّ أَبَاكُمْ وَاحِدٌ أَلَا لَا فَضْلَ لِعَرَبِيٍّ عَلَى أَعْجَمِيٍّ وَلَا لِعَجَمِيٍّ عَلى عَرَبِيٍّ وَلَا لِأَحْمَرَ عَلَى أَسْوَدَ وَلَا أَسْوَدَ عَلَى أَحْمَرَ إِلَّا

www.alibapir.com


بِالتَّقْوَى أَبَلَّغْتُ، قَالُوا بَلَّغَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ } (أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٢٣٥٣٦)، عَن أَبِي نَضرَةَ وقالَ الهَيثَمى رجالهُ رِجالُ صحيح[1]،تعليق شعيب الأرنؤوط : إسناده صحيح).

لە وتاری حەجی ماڵئاواییی دا، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمویێت: ئەی خەڵکینە! بێگومان پەروەردگارتان یەکە، وە بابتان یەکە آدم (عليه السلام)، ئاگاداربن! هیچ عەرەبێك لە هیچ عەجەمێك گەورەتر نیە، وە هیچ عەجەمێك لە هیچ عەرەبێك گەورەتر نیە، وە هیچ ڕەشپێستێك لە سپی پێستێك گەورەتر نیە، وە هیچ سپی پێستێك لە ڕەشپێستێك گەورە تر نیە، مەگەر بە پارێزکاریی، ئایا پێم ڕاگەیاندن؟ گوتیان: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ڕایگەیاند.

**٤- هەروەها پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە فەرموودەیەك دا کە بوخاریی بە ژمارە (٧١٤٢) هێناویەتی، دەفەرموێ:**

{اسْمَعُوا وَأَطِيعُوا وَإِن اسْتُعْمِلَ عَلَيْكُمْ عَبْدٌ حَبَشِيٌّ كَأَنَّ رَأْسَهُ زَبِيبَةٌ}.

واتە: گوێ بگرن وە فەرمانبەریی بکەن، ئەگەر کۆیلەیەکی حەبەشیی کرا بە حوکمڕان بەسەرتانەوە، کە سەری وەك مێوژ وا بوو! (واتە: وەك چۆن مێوژ ڕەشە و دێتەوە یەك و گنجی تێدا هەن. یانی: ئەگەر شکڵ و شێوەشی ڕەش و ناشیرینیش بوو، مادام بەسەرتانەوە کرا بەحوکمڕان. (لە شوێنی دیکەدا دەفەرموێ: مادام بە پێی کتێبی خوا حوکمتان بکات فەرمانبەریی بۆ بکەن). هەروەها پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ:

{وَلَوِ اسْتُعْمِلَ عَلَيْكُمْ عَبْدٌ يَقُودُكُمْ بِكِتَابِ اللَّهِ فَاسْمَعُوا لَهُ وَأَطِيعُوا } (أَخْرَجَهُ ابْنُ أَبِي شَيْبَة برقم: (٣٢٥٣٧)، وَمُسْلِمٌ برقم: (١٢٩٨)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٢٨٦١)، وَابْنُ حِبَّانَ برقم: (٤٥٦٤)).

---

(١) مجموعة الوثائق السياسية، محمد حميدالله، ص٣٦٤، الوثيقة: ٢٨٧، ألف، خطبة حجة الوداع.

www.alibapir.com


واتە: ئەگەر کۆیلەیەك بەسەرتانەوە کرا بە حوکمڕان، مادام بە کتێبی خوا سەرپەرشتییتان بکات و بە کتێبی خوا پێشتان بکەوێ، گوێی بۆ بگرن و فەرمانبەریی بۆ بکەن.

**٥- هەروەها هەر لە صەحیحی موسلیم دا هاتوە، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ:**

{وَمَنْ بَطَّأَ بِهِ عَمَلُهُ لَمْ يُسْرِعْ بِهِ نَسَبُهُ} (أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٧٤٢١) ، وَمُسْلِمٌ برقم: ٢٦٩٩) ، وأبو داود برقم: (٤٩٤٦)، والترمذي برقم: (٢٩٤٥)، وابن ماجه برقم: (٢٢٥)، وابن حبان برقم: (٥٣٤)).

واتە: وە هەرکەسێك کردەوەکەی دوای بخات، ڕەچەڵەکەکەی پێشی ناخات. هەروەها لە (سنن الدارمی )یشدا بە هەمان شێوە هاتوە:

{ومن يبطئ به عمله لم يسرع به نسبه} قال حسين سليم أسد : إسناده صحيح.

واتە: وە هەرکەسێك کردەوەکەی دوای بخات، نەسەب و ڕەچەڵەکی پێشی ناخات.

ئنجا یەکێك بۆی هەیە بڵێ: باشە ئەدی چۆن ئەو زانایانە ئەو فەرمایشتانەیان بە بەڵگە هێناونەوە، کە پێشەوایەتیی و سەرۆکایەتیی کردن، وەك کەسی یەکەم، لە هۆزی قورەیش دا کورت هەڵاتوە؟ لەبارەی ئەو فەرمایشتانەوە دەڵێین چی؟

**لــە وەڵام دا دەڵــێیــن:**

١- هەندێکیان باسی واقیعی ئەوکاتە دەکەن، نەك باسی حوکمێکی شەرعیی، بۆنموونە: تەماشای ئەو فەرمایشتە بکەن کە بوخاریی بە ژمارە (١٤٩٥) هێناویەتی و موسلیم بە ژمارە (١٨١٨) هێناویەتی، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ:

{النَّاسُ تَبَعٌ لِقُرَيْشٍ فِي هَذَا الشَّأْنِ مُسْلِمُهُمْ لِمُسْلِمِهِمْ وَكَافِرُهُمْ لِكَافِرِهِمْ}.

واتە: خەڵك لەم کارەدا (واتە: لەحوکمڕانییدا ) بەدوای هۆزی قورەیش دەکەون) مسوڵمانەکانیان بە دوای مسوڵمانەکەیان دەکەون و، کافرەکانیشیان بە دوای

www.alibapir.com


كافرەكانیان، لێرەدا پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) باسی واقیعێكی مێژوویی دەكات باسی هەل و مەرجێك دەكات، كە ئەو كاتە هەبووە، ئەو كاتە هۆزی قورەیش هۆزێكی بەدەستەڵات بوون، وە كەعبەیان بە دەستەوە بووەو هەموو هۆزەكانی دیكە بە قسەیان كردوون، لەسەردەمی نەفامیی دا ڕێزیان لێگرتوون و بە قسەیان كردوون، وە دواییش كە ئیسلامیش هاتوە، دیسان هۆزی قورەیش بەقسەیان دەكرا، واتە: مسوڵمانەكان و هاوەڵە بەڕێزەكانی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) كە زۆربەیان - ئەوانەی مەككە - لە هۆزی قورەیش بوون، لە سۆنگەی ئەوەوە كە لەپێش تیرەو هۆزەكانی دیكەوە دەستیان بە ئیسلامەوە گرت، وە لە دینداریی دا پێش كەوتن، وەك چۆن لەسەردەمی نەفامێتیی دا خەڵك بە قسەیان دەكردن، لەسەردەمی ئیسلامەتییشدا دیسان خەڵك زیاتر بە قسەی ئەبو بەكرو عومەر و عوسمان و عەلی و باقی هاوەڵانیان خوالێیان ڕازی بێت دەكرد، كەلە هۆزی قورەیش بووەو لەپێش هەموو خەڵكەكەی دیكە دا مسوڵمان بووبوون، پارێزكارتر بوون و بەتواناتر بوون.

٢- وە هەندێكیان (واتە هەندێك لەو دەقانەی كە بەناوی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) گێڕدراونەوە، ناگونجێ فەرمایشتی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بن) بۆ؟ چونكە لەگەڵ واقیع دا تێك دەگیرێن، وە زانایانی فەرموودەناس كە باسی فەرموودەكانی پێغەمبەری خوا دەكەن، بەتایبەت (زانایانی جەرح و تەعدیل) دەڵێن: یەكێك لەو هۆكارانەی كە دەڵێین: ئەو فەرمایشتە كە بەناوی پێغەمبەری خواوە (صلی الله علیه وسلم) هاتوە هی ئەو نیە، ئەوەیە كە لەگەڵ عەقڵ دا تێكبگیرێ، یان لەگەڵ واقیع دا تێكبگیرێ، یان لەگەڵ عیلمدا تێكبگیرێ، ئەوە بەتەئكید فەرمایشتی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) نیە، ئنجا با ئەو دەقە با لە صەحیحی بوخاریی دا هاتبێ، یان لە صەحیحی موسلیم دا هاتبێ، لەهەر شوێنێك دا هاتبێ، مادام لەگەڵ عەقڵ و عیلم، یان لەگەڵ واقیعی مێژوویی تێككگیرا، ناگونجێ فەرمایشتی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بێ و دەبێ بڵێین: ئەوە كە بەناوی پێغەمبەری خواوە (صلی الله علیه وسلم) نەقڵ كراوەو هی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) نیە، ئەگەرنا بێگومان ئینكاریی واقیعەكە ناكرێ.

www.alibapir.com


**بــۆ وێنــە:** یەکێك لەو دەقانە دەڵێ:

{لاَ يَزَالُ هَذَا الأَمْرُ فِي قُرَيْشٍ مَا بَقِيَ مِنَ النَّاسِ اثْنَانِ} (رواه البخاري برقم: (٣٤٩٥)، ومسلم برقم: (١٨١٨).

واتە: ئەم کارە لەنێو هۆزی قورەیش دا دەمێنێتەوە، تاکو لە خەڵك دوو کەس بمێنن. (یانی هەتا دوو کەس لە مرۆڤایەتیی بمێنن، حوکمڕانیی و سەرۆك دەوڵەتیی هەر لە نێو هۆزی قورەیش دا دەمێنێتەوە) ئێمە دەڵێین: ئەمە لەگەڵ واقیعدا تێك دەگیرێ، چونکە هەر لە ڕۆژگاری عوسمانییەکانەوە، بگرە پاش نەمانی بنەماڵەی عەباسییەکان لە سەر کورسی حوکم، بەتەئکید خەڵك هەر ماوەو حوکمیش بەدەست هۆزی قورەیشەوە نەماوە.

کەواتە: ناگونجێ پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) شتی وا بفەرموێ، کەلەگەڵ واقیع دا تێك بگیرێ، عوسمانییەکان تورك بوون نەك هەر قورەیشی نەبوون، عەرەبیش نەبوون! کەواتە: خەڵك لەسەر زەوی هەر مابووو هۆزی قورەیشیش حوکمڕانییان بەدەستەوە نەمابوو، کەواتە: ناگونجێت پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) شتی وا بفەرموێ، مەگەر بە جۆرێك ئەو فەرموودەیە تەئویل بکرێ کە لەگەڵ عەقڵ و واقیع دا تێك نەگیرێ، ئەگەرنا بە تەئکید دەبێت بڵێین : ئەو دەقە فەرمایشتی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) نیە، چونکە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) شتێك نافەرموێ پێچەوانەی واقیع و عەقل بێ و لەگەڵیان تێکبگیرێ.

ئنجا ئەو دەقەش کە دەڵێ: (الأئِمَّةُ من قرَيش) ئەگەر گریمان لە ڕووی سەنەدەوە ڕاستیش بێت و فەرموودەی پێغەمبەری خواش (صلى الله عليه وسلم) بێ، دەڵێین: مەبەست پێی ئەو واقیعە سیاسییەی ئەو کاتەیە، ئنجا ئایا لەچییەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ؟! لەو مشتومڕەی کە لە ژێر کەپری بەنی ساعیدەدا (سقيفة بني ساعدة)دا کرا لە نێوان کۆچکەران و پشتیوانەکان دا، کاتێك یەکێك لە پشتیوانەکان گوتی: (مِنا أميرٌ وَمِنكُم أمير) با فەرماندەیەك لە ئێمە بێت و فەرماندەیەکیش لە ئێوە بێت، ئەبو بەکرو عومەریش خوا لێیان ڕازی بێت گوتیان:

www.alibapir.com



{إنَ العَرَبَ لا تَدينُ إلاّ لِهذا الحَيِّ من قُرَيشٍ}.[١]

ئەبو بەکر و عومەر خوا لێیان ڕازی بێت بە ڵگەیان بەو ئایەت و حەدیسانە نەهێنایەوە کە ئێستا پێیان دەهێنرێتەوە، بەڵکو گوتیان: گەلی عەرەب ملکەچ ناکەن، مەگەر بۆ ئەم هۆزەی قورەیش، واتە: بەڵگەیان بەوە هێنایەوە، کە وەك واقیع کە چۆن لەسەردەمی نەفامییدا هۆزی قورەیش باڵادەست بووە، لە نێو نیوە دورگەی عەرەبی دا، ئێستاش ئەو تیرەو هۆزانە تەنیا مل بۆ قورەیش کەچ دەکەن، کەواتە: دەبێ کەسێك بکرێتە خەلیفەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کە لە هۆزی قورەیش بێ و بۆ ئەوەی هۆزو تیرەکانی دیکەی عەرەب بە قسەی بکەن، واتە: بۆ ئەوەی کە بەقسەی بکەن، دەبێت لە قورەیش بێت، نەك لەبەر ئەوە کە خوا فەرموویەتی، یان پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی! بەڵکو لەبەر ئەوەی ئاوا نەبێ بەرژەوەندیی نایەتە دی.

کەواتە: مەسەلەی بە مەرجگرتنی قورەیشی بوون لە ڕاستیدا هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە، بەڵکو قەزیەکە ئەوەیە کە ئەو کاتە وەك واقیع، هۆزەکانی عەرەب ئامادە نەبوون بە قسەی غەیری قورەیش بکەن، وەك (إبن خلدون) لە کتێبی (المقدمة)[٢]ی خۆیدا جوانی ڕوون کردۆتەوە.

---

(١) الأحكام السلطانية، لأبي يعلى الفراء، ص٣.

(٢) المقدمة، ص ١٩٥.

www.alibapir.com


# ئەرکەکانی حوکمڕان و هاوکارانی
# ( دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن )

## بڕگەی شەشەم:

ئێمە لەبەر ڕۆشنایی چەند ئایەت و فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)دا، سەرنجی ئەرکی سەرشانی حوکمڕان و هاوکارانی دەدەین، پاشان قسە و بیرو ڕای هەندێك لە زانایانیش لەو بارەوە دێنین و، سەرەنجام لە چەند خاڵێك دا دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن سەرژمێر دەکەین.

**با پێشێ تەماشای ئەم دە (١٠) ئایەتەی قورئان و فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بکەین:**

١- خوای پەروەردگار لە سووڕەتی (المائدة) (٤٨)دا، دەفەرمویٚ:

﴿فَٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُۖ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ عَمَّا جَآءَكَ مِنَ ٱلۡحَقِّۚ ﴿٤٨﴾﴾

واتە: دادوەرییان لە نێواندا بکە بەوەی کە خوا ناردوویەتە خوار، وە بە دوای ئارەزووەکانیان مەکەوە، کەواتە: ئەرکی یەکەمی حوکمڕان و هاوکارانی حوکمڕانان دەستەلاتی جێبەجیٚ کردن، ئەوەیە کە بەوەی خوا ناردوویەتە خوار، حوکم بکەن و بە ڕێوە بچن و سەرپەرشتی وڵات بکەن، وە دادوەریی لە نێوان خەڵك دا بکەن.

www.alibapir.com


٢- هەروەها لە سوورەتی (النساء)دا، كە پێشتریش هێنامان خوا فەرموویەتی:
﴿وَإِذَا حَكَمْتُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحْكُمُوا۟ بِٱلْعَدْلِ ﴿٥٨﴾﴾ .

واتە: وە ئەگەر دادوەرییتان لە نێوان خەڵك دا كرد (خەڵك نەك هەر مسوڵمانان) بەدادگەریی حوكم بكەن.

هەروەها لە سوورەتی (الشورى) خوا (سبحانە و تعالى) لەسەر زمانی پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) دەفەرمویٚ: ﴿وَأُمِرْتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُمُ ﴿١٥﴾﴾

واتە: وەفەرمانم پێكراوە كە لە نێوانتان دا دادگەریی بەرپا بكەم.

٣- وە لە سوورەتی (الحج)دا، خوا (سبحانە و تعالى) باسی چەند ئەركێكی دیكەی دەستەڵاتی جێبەجێكردن و دەوڵەت دەكات و دەفەرمویٚ:

﴿ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّـٰهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ أَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُا۟ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُوا۟ بِٱلْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا۟ عَنِ ٱلْمُنكَرِ ۗ وَلِلَّهِ عَـٰقِبَةُ ٱلْأُمُورِ ﴿٤١﴾﴾ .

واتە: ئەوانەی كاتێك كە دەستەڵاتمان پێدان لەسەر زەویدا (كردمانن بە حوكمڕان) نوێژ بەرپا دەكەن و زەكات دەدەن و فەرمان بە شتە پەسەندەكان دەكەن و شتە خراپەكان قەدەغە دەكەن، وە سەرەنجامی كارەكان بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە.

٤- لە سوورەتی (آل عمران)دا، خوا (سبحانە و تعالى) چەند ئەركێكی دیكەی حوكمڕانیی مسوڵمان (كە دیارە ئەو كاتە لە پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) بەرجەستە بووە) دەخاتە ڕووو دەفەرمویٚ:

﴿فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمْ ۖ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلْقَلْبِ لَٱنفَضُّوا۟ مِنْ حَوْلِكَ ۖ فَٱعْفُ عَنْهُمْ وَٱسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِى ٱلْأَمْرِ ۖ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُتَوَكِّلِينَ ﴿١٥٩﴾﴾

واتە: بە هۆی بەزەیی خواوە بۆیان نەرم بووی، وە ئەگەر قسەڕەق و دڵڕەق بووایەی (ئەی پێغەمبەر) لە دەورت دەپرژان، بۆیە لێیان ببوورەو داوای لێبووردنیان بۆ لە خوا بكە، وە لە كاروبار دا ڕاوێژیان پیٚ بكە، وەهەر كاتێك

www.alibapir.com


(دوای ڕاوێژ) دڵی خۆت ساغکردەوە لەسەر بڕیارێك، ئەوە پشت بە خوا ببەستەو جێبەجێ بکە.

٥- پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەو بارەوە زۆر فەرموودەی هەن، یەکێکیان ئەوەیە کە موسلیم بە ژمارە (١٨٢٨) هێناویەتی:

{اللَّهُمَّ مَنْ وَلِيَ مِنْ أَمْرِ أُمَّتِي شَيْئًا فَشَقَّ عَلَيْهِمْ فَاشْقُقْ عَلَيْهِ وَمَنْ وَلِيَ مِنْ أَمْرِ أُمَّتِي شَيْئًا فَرَفَقَ بِهِمْ فَارْفُقْ بِهِ}.

واتە: ئەی خوایە! هەرکەسێك کارێکی لە کاروبارەکانی ئۆممەتی من کەوتە دەست و لەگەڵیان سەختگیر بوو (زەحمەتی دەدان) تۆش زەحمەتی بدە، وە هەر کەسێك کارێکی لە کاروبارەکانی ئۆممەتم کەوتە دەست و لەگەڵیان نەرم و نیان و میهرەبان بوو، تۆش لەگەڵی میهرەبان و نەرم و نیان بە.

٦- هەروەها لە فەرموودەیەکی دیکە دا کە موسلیم بە ژمارە (١٨٤١) هێناویەتی، دەفەرموێ:

{إِنَّمَا الإِمَامُ جُنَّةٌ يُقَاتَلُ مِنْ وَرَائِهِ وَيُتَّقَى بِهِ...}.

واتە: بێگومان پێشەوا قەڵغانە لە پشتیەوە شەڕ دەکرێ و خۆی پێ دەپارێزرێت، کەواتە: حوکمڕانیی مسوڵمانان، وەکاربەدەستانی مسوڵمانان، دەبێ قەڵغان و پەرژین بێت بۆ خەڵکەکە .

٧- لە فەرموودەیەکی دیکەدا کە (حاکم) هێناویەتی و بەصەحیحی داناوە، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ:

{مَن وَلِّي مِن أمرِ المُسلمينَ فَوَّلى رَجُلاً وَهُوَ يَجِدُ مَن هوَ أصلَحُ للمُسلمين فَقَد خانَ اللهُ وَرسولَهُ والمؤمنين}.

- کە پێشتریش هێنامان - واتە: هەر کەسێك کاروبارێکی مسوڵمانانی کەوتە دەست، پاشان پیاوێکی کردە کاربەدەست (بەو صەلاحیەتەی کە هەیەتی) کە لەو کەسەی پێ چاکتر شك دەهات لە نێو مسوڵمانان دا، ئەوە خیانەتی کردوە بەخواو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و بە ئیمانداران.

www.alibapir.com


٨- لە فەرموودەیەکی دیکە دا کە ئەبوو داوود بە ژمارە (٢٩٤٥) وە ئەحمد بە ژمارە (١٨٠٤٦) لە (المستورد بن شداد) هێناویەتی، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:

{مَنْ كَانَ لَنَا عَامِلاً فَلْيَكْتَسِبْ زَوْجَةً، فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ خَادِمٌ فَلْيَكْتَسِبْ خَادِمًا فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ مَسْكَنٌ، فَلْيَكْتَسِبْ مَسْكَنًا. قَالَ قَالَ أَبُو بَكْرٍ أُخْبِرْتُ أَنَّ النَّبِيَّ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ مَنِ اتَّخَذَ غَيْرَ ذَلِكَ فَهُوَ غَالٌّ أَوْ سَارِقٌ}.

واتە: هەرکەسێك کارێکی بۆ ئێمە کرد (واتە: بوو بە کاربەدەستی دەوڵەتی ئیسلامیی) با هاوسەری هەبێت، وە ئەگەر خزمەتکاری نەبوو (کەسێك کە کارەکانی بۆ ڕاهی بکات و خزمەتی بکات) با خزمەتکارو بەردەستێك پەیدا بکات (بە زمانی ئەمڕۆ با سکرتێرێك، بەردەستێکی بۆ دابین بکرێت کە کارەکەی پێویستی پێی بوو) وە ئەگەر جێگاو ڕێگای نەبوو، با جێگاو ڕێگایەکی هەبێت، هەر کەسێك زیاد لەوانە پەیدا (بکات لەسەر حیسابی کاروباری مسوڵمانان) ئەوە بە ناپاکییکەر کەر لە دەسکەوتی مسوڵمانان دا، یاخود بە دز دادەنرێ.

٩- فەرمایشتێکی دیکە لەوبارەوە هەیە کە (طبراني) لە (الكبير والأسط)دا هێناویەتی وە (أبو يعلى) هێناویەتی و وە (الهيثمي)یش لە (مجموع الزوائد) بە ژمارە (١٣٧١٠) هێناویەتی، کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ڕۆژێك فەرمووی:

{( أيها الناس أَلا أنه قد دنا مني حقوق من بين أظهركم، فمن كنت جلدت له ظهره فهذا ظهري فليستقد منه، أَلا ومن كنت شتمت له عِرْضاً، فهذا عرضي فليستقد منه، أَلا لا يقولن رجل إني أخشى الشحناء من قبل رسول الله صلى الله عليه و سلم، ألا وإن الشحناء ليست من طبيعتي، ولا من شأني، ألا وإن أحبكم إليّ من أخذ حقاً، إن كان له أو حلَّلني فلقيت الله وأنا طيب النفس، ألا و إني لا أرى ذلك مغنياً عني حتى أقوم فيكم مراراً}.

واتە: ڕۆژێك پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) (لە شوێنی دیکە دا باس کراوە، کە ماوەیەکی کەم پێش کۆچی دوایی بووە) فەرمووی: ئەی خەڵکینە! هەندێك حەق و مافی ئێوە کەوتۆتە لای من، ئنجا هەرکەسێك ڕۆژێك قەمچییەك، یاخود مستێکم لە پشتی داوە، ئەوە پشتم با لێم بداتەوەو تۆڵەم لێبکاتەوە، وە هەرکەسێك قسەیەکم پێ گوتوە، ئەوە من با قسەکەم پێ بڵێتەوە و تۆڵەی خۆیم لێ بکاتەوە (چیم پێ گوتوە با قسەکەم پێ بڵێتەوە)، وە هەرکەسێك ماڵ و دارایییەکم لێوەرگرتوە، یان لە بیرم چۆتەوە، ئەوە ماڵ و سامانەکەم با تۆڵەی خۆی وە ربگرێتەوە، دوایی چوو بۆ ژوورەکەی عائیشە خوا لێ ڕازی بێ وە هەمان شت کە بە پیاوانی گوت بە ئافرەتانیشی گوت.

کەواتە: حوکمڕانیی مسوڵمانان دەبێت ئاوا ئامادە بێت کە هاووڵاتیان و ئەو کەسانەی کەلە بەردەستنی، سەرەتا دەبێ خۆی بپارێزێ لەوە کە حەقی ئەوانی بێتە لا، پاشان کە هاتە لای، دەبێ ئامادەبێ کە حەقەکەیان بۆ ڕەت بکاتەوەو خۆی بخاتە بەردەستیان، بۆ ئەوەی تۆڵەی لێ بکەنەوە.

١٠- هەروەها پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە فەرموودەیەك دا کە ئەبو داوود بە ژمارە (٢٥٩٤) وە تیرموذیی بە ژمارە (١٧٥٤) هێناویانە، دەفەرموێ:

{ابْغُونِي الضُّعَفَاءَ فَإِنَّمَا تُرْزَقُونَ وَتُنْصَرُونَ بِضُعَفَائِكُمْ}.

واتە: بێ هێزەکانم بۆ بێنن و بۆم پەیدا بکەن، بێگومان ئێوە ڕۆزییتان دەدرێ و سەردەخرێن بەهۆی بێهێز و کەم دەستەکانتانەوە.

ئەمە چەند دەقێکی قورئان و سوننەت بوون، سەبارەت بە
ئەرکەکانی حوکمڕان و هاوکارانی.

www.alibapir.com


# بیروڕای زانایان
# لەبارەی ئەرکەکانی حکوومەتەوە

ئێستاش با سەرنجی قسەو بیرو ڕای هەندێك لە زانایان بدەین لە وبارەوە، پێش ئەوەی کە ئەرکەکانی حکومەت، وەك سەرۆکی حکوومەت و وەك هاوکارانی، سەرژمێر بکەین، با بزانین زانایان چی دەڵێن؟

**یەکەم:** لەهەرکام لە (الماوردي)و (إبن خلدون) لە پێناسەی ئیمامەت دا (واتە: پێشەوایەتیی و سەرۆکایەتیی) گوتوویانە:

(الإمامةُ موضوعَةٌ لِخلافةِ النُبوَّةِ في حِراسةِ الدِّين وسياسة الدُنيا بِهِ) [(١)].

دەڵێن: پێشەوایەتیی دانراوە بۆ جێنشینایەتیی کردنی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە پاسەوانیی کردنی دین و بە ڕێوەبردنی دنیادا بە هۆی ئەو دینەوە.

**دووەم:** (النَّسفي) لە بارەی ئەرك و کارەکانی پێشەوای مسوڵمانانەوە گوتوویەتی:

{والمُسلمونَ لابُدَّ لَهُم مِن إمامٍ: يقومُ بِتَنفِذِ أحكامِهِم وإقامةِ حُدودِهِم وسَدِ ثغورِهِم وَتَجهيزِ جيوشِيهِم وَأخذِ صَدَقاتِهِم وَقَهرِ المُتَغَلِبَةِ والمُتَلَصِّصَةِ وقطّاعِ الطُرُقِ وَ إقامَةِ الجُمَعِ والأعيادِ وَقطعِ المُنازعاتِ الواقِعَةِ بينَ العِبادِ وقبولِ شهاداتِ القائمَةِ على الحقوقِ وَتزويجِ الصغار والصغائرِ الذينَ لا أولياءَ لَهُم} [(٢)].

---

(١) الأحكام السلطانية، ص ١٥، وە (المقدمة) ص ١٤٥.

(٢) العقائد النسفية بشرح التفتازاني، ص ٤٧٨.

www.alibapir.com


واتە: مسوڵمانان پێویستە پێشەوایەك، حوكمڕانێكیان هەبێت كە ئەم دە (١٠) ئەركەیان بۆ جێبەجێ بكات:

١- حوكمە شەرعییەكانیان بۆ بەسەردا جێبەجێ بكات.
٢- سزاو سنوورە شەرعییەكان ئەنجام بدات.
٣- سنوورەكانی وڵات بپارێزێت و نەهێڵێ دەستدرێژیی بكرێتە سەر.
٤- سوپای مسوڵمانان ئامادە بكات و هەمیشە سوپایەكی ئامادە هەبێت بۆ بەرگریی كردن.
٥- زەكاتەكانیان وەربگرێ لە دەوڵەمەندەكان و بیانگەیەنێ بە ئەوانەی موستەحەقن.
٦- ئەوانەی كە دەیانەوێ بەسەر خەڵك دا خۆ زاڵ بكەن و، دزیی لەخەڵك بكەن و وە ڕێگریی بكەن، ملیان پێ كەچ بكات و نەهێڵێ هێمنیی و ئاسایشی وڵات بخەنە مەترسییەوە.
٧- نوێژی جومعەیان بۆ بكات و نوێژی جەژنەكانیان بۆ بكات.
٨- ئەو ناكۆكییانەی كە دەكەونە نێوان خەڵكەوە كۆتاییان پێ بهێنێت (واتە: دادوەرییان لە نێوان دا بكات).
٩- ئەو شایەدییانەی كە لەسەر مافەكان هەن قبووڵیان بكات، (كەسێك حەقی لەسەر كەسێك بوو شایەدو و بەڵگەیەكی هەبوو بیهێنێت و گرفتەكانیان بۆ چارەسەر بكات.
١٠- ئەوانەی كە بچووكن و بێ سەرپەرشتیارن، لە كوڕان پرۆسەی هاوسەرگیرییان بۆ ئەنجام بدات، وە ئەو ئافرەتانەی كە بێ سەرپەرشتیارن دیسان ئەوانەش بەشوو بدات.

**سێیەم:** (الشهرستاني)یش هەر لەو بارەوە ئەرك وكارەكانی حوكمڕانیی مسوڵمان وە دەستەڵاتی جێبەجێكردن لە دوازدە خاڵ دا دێنێ و دەڵێت:

{إذ لا بد لكافتهم من إمام ينفذ أحكامهم، ويقيم حدودهم، ويحفظ بيضتهم، ويحرس حوزتهم، ويعبي جيوشهم، ويقسم غنائمهم وصدقاتهم، ويتحاكموا إليه في خصوماتهم ومناكحاتهم، ويراعي فيه أمور الجمع والأعياد، وينصف المظلوم وينتصف من الظالم، ويُنَصِّب القضاة والولاة في كل ناحية، ويبعث القرّاءَ والدعاة إلى كل طرف}[1].

---

(١) نهاية الأقدام في علم الكلام، ص٤٧٨.

www.alibapir.com


**تێکڕای مسوڵمانان پێویستە پێشەواو سەرۆکێکیان هەبێت، کە:**

١- حوکمە شەرعییەکانیان بۆ جێبەجێ بکات.

٢- سزاوسنوورەکانیان بۆ بەرپا بکات.

٣- وڵاتیان بپارێزێت.

٤- وە پاسەوانیی هێمنیی و ئاسایشیان بکات.

٥- وە سوپایان بۆ ئامادە بکات.

٦- وە دەستکەوتەکان و زەکاتەکانیان بەسەردا دابەش بکات.

٧- وە کێشەو مشتومڕ کە لەبواری نیکاح و تەڵاق و...هتد (لە بواری باری کەسێتییدا) دێنە پێشێ چارەسەر بکات.

٨- وە کاروبارەکانی جومعەکان و جەژنە کانیان بۆیان جێبەجێ بکات.

٩- وە حەقی ستەملێکراو وەربگرێ و حەق لە ستەمکار بستێنێت.

١٠- وە سەرپەرشتیاری ناوچەکان (وەك پارێزگارو قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە) دابنێت.

١١- وە قازیی و دادوەرەکان دابنێت.

١٢- وە شارەزایانی قورئان و بانگەوازکاران بۆ شوێنەکان بە ڕێ بکات (تاکو خەڵك لە دین شارەزا بێ).

**چوارەم:** (الماوردي)یش لە بارەی ئەرکەکانی بەرپرسی یەکەمی دەوڵەتی ئیسلامییەوە بەتەفصیل تر قسەی کردوە، کەمن یەکسەر قسەکانی بە کوردیی وەردەگێڕم:

گوتوویەتی: (وَالَّذي يَلزمُهُ مِنَ الأمورِ العامةِ عَشرَةُ أشياءَ)[1].

---

(١) الأحكام السلطانية، ص٣٠.

www.alibapir.com



**واتە: ئەوەی کە لەسەر بەرپرسی یەکەمی حکوومەت و دەوڵەت پێویستە، وەك ئەرکی سەرشان (دە) (١٠) شتن:**

١- پاراستنی دین لەسەر ئەو بنچینانەی کە لەسەریان دامەزراوە، وە ئەوەی کە پێشینی ئۆممەت لەسەریان پێك هاتوە، ئنجا ئەگەر لادەرێك و لاڕێیەك پەیدا بوو، یان کەسێك پەیدا بوو کە گومان و شوبهەیەکی هەبوو، پێویستە بەبەڵگە بۆی ڕوون بکاتەوە و ڕێی ڕاستی پێشان بدات، وە پێویستە ئەو ماف و سنوورە شەرعییانەی کە دەکەونە سەری، لەگەڵیدا جێبەجێیان بکات، تاکو دین پارێزراو بێت لە کەم و کوڕیی، وە ئۆممەتیش پارێزراو بێت لە لادان و خلیسکان.

٢- جێبەجێ کردنی حوکمە شەرعییەکان لە نێوان ئەوانەدا کە ناکۆکییان دەکەوێتە نێوان، بۆ ئەوەی کە مشتومڕ و ناکۆکیی نەهێڵێت، تاکو دادگەریی هەموو لایەك بگرێتەوە، نەهیچ کەس ستەم بکات، وە نە هیچ ستەم لێکراوێکیش بچەوسێنرێتەوە و بێهێز بێ.

٣- پاراستنی وڵاتی ئیسلام، وە بەرگریی کردن لە حورمەتی مسوڵمانان، تاکو خەڵك بە شێوەیەکی ئارامانەو هێمنانە، ژیان و گوزەرانی خۆیان بگوزەرێنن وە بە سەفەر بێن و بچن، بێ ئەوەی کە بترسێن لەوەی کە لە بەین بچن یاخود ماڵیان لێ زەوت بکرێ.

٤- بەرپا کردنی سزا و سنوورە شەرعییەکان، تاکو حورمەتەکانی خوای بەرز پارێزراو بن، لەوە کە دەستدرێژییان بکرێتە سەرو مافی بەندەکانیش بپارێزرێن لەوەی کە لە بەین بچن، یاخود دەستیان بەسەردا بگیرێ.

٥- قایم کردنی سنوورەکان، بە هێزێکی بەرگرییکەر وە بەهێزێك کە دوژمن پاڵ پێوە بنێت، بۆ ئەوەی کە دوژمنان بەسەر مسوڵمانان دا زاڵ نەبن وە دەرفەتیان نەبێ کە حورمەتیان بشکێنن و خوێنی مسوڵمانێك یاخود کەسێك کە هاووڵاتییە با مسوڵمانیش نەبێت، لە دەوڵەتی ئیسلامیی دا بڕێژرێ.

www.alibapir.com


٦- جەنگکردن لە دژی کەسێك کە مل بۆ ئیسلام کەچ ناکات دوای ئەوەی کە بانگ دەکرێ، تاکو مسوڵمان دەبێ، یاخود ئامادە دەبێت کە سەرانە بدات، بۆ ئەوەی کە مافی خوای بەرز جێبەجێ بکرێ، لەوەدا کە ملکەچیی تەنیا بۆ خوا بێت.

٧- کۆکردنەوەی دەستکەوت و زەکاتەکان و خەڕاج و ئەوەی کە شەریعەت فەڕزی کردوە، بە دەقی شەرع یاخود بە ئیجتیهادی زانایان فەڕز کراوە بێ ئەوەی کەترس هەبێت و بێ ئەوەی کە زوڵم بکرێ.

٨- ئەندازەگیریی کردنی ئەوەی کە دەدرێ بە خەڵك وەك موچەو وەئەوەی کە لە (بيت المال)ی مسوڵمانان دا حەقێکی هەیە، بێ زیادەڕۆیی کردن و دەست قووچاندن، وە لە کاتی خۆیداو بێ دواکەوتن و بێ پێش خستن.

٩- سپاردنی ماڵ و سامانی مسوڵمانان بە کەسانی ئەمین و دەستپاك، وە سپاردنی کاروباریان بە کەسانی دڵسۆز بۆ ئەوەی کردەوەکان بە هۆی خەڵکی شایستەوە زەبت بکرێن و چاك بەڕێوە ببرێن، وە ماڵ و سامانەکانیش بە هۆی خەڵکی دەستپاکەوە بپارێزرێن.

١٠- دەیەم و کۆتایی ئەوەیە کە حوکمڕانیی مسوڵمانان بۆ خۆی کاروبارەکان سەرپەرشتیی بکات و جێ بەجێ بکات و لە نزیکەوە ئاگای لێیان بێت (نەك لە بورجێکی عاجیدا بێ و دوایی بڵێت: نەمزانیوە، مادام بەرپرسە دەبێت ئاگای لێی بێ) تاکو سیاسەتی ئۆممەت و کۆمەڵگا بۆ خۆی بەڕێوە بەرێ وە ئاگای لەدین و ژینی مسوڵمانان بێت، وە تەنیا بەوەندە لێ نەگەڕێ کە کارەکە بە غەیری خۆی بسپێرێت و لە کوڵ خۆی بکاتەوە، وە سەرەنجام بۆ خۆی بە لەززەتێکی جەستەییەوە بەڵکو ئەگەر تەنانەت بە عیبادەتێکی مەعنەوییشەوە سەرگەرم بێ، لەسەر حیسابی سەرپەرشتیی کردنی کۆمەڵگا، ئەوە شتێکی هەڵەی کردووە چونکە: (فَقَد يخونُ الأمينُ وَ يَغُشُّ الناصِحُ) جاری وا هەیە ئینسانی ئەمین و دەستپاکیش خیانەت دەکات، وە ئینسانی دڵسۆزیش غەش و فێڵ دەکات.

www.alibapir.com


ئێستاش بەر لەوەی بێینە سەر سەرژمێركردنی گرنگترین ئەرك و كارەكانی سەرۆك و بەرپرسی دەوڵەتی ئیسلامیی وە هاوكارەكانی، چەند تێبینیەیكی كورت لە بارەی قسەو بیرو ڕای زانایان لەو بارەوە دەخەینە ڕوو، دوایی دێینە سەر سەرژمێر كردنیان:

**یەكەم:** بەڕاستیی پێناسەی سەرۆكایەتیی دەوڵەتی ئیسلامیی بە (الإمامَةُ موضوعَةٌ لِخِلافَةِ النبوةِ في حِراسةِ الدين وسياسةِ الدُنيا بِهِ) كە هەركام لە (الماوردي) و (إبن خلدون) وە زانایانی دیكەی سیاسەتی شەرعییش هێناویانە، پێناسەیەكی زۆر ڕاست و بە جێیە كە سەرۆكایەتیی دەوڵەتی ئیسلامیی دانراوە بۆ جێنشینایەتیی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە پاسەوانیی كردنی دین و بەڕێوە بردنی دونیادا بەهۆی ئەو دینەوەوە لە ڕاستییدا ئەو پێناسەیە هەموو شتانەی كە (النسفي)و (الشهرستاني)و (الماوردي) كە پێشتر هێنامانن، هێناویانن، ئەو پێناسەیە هەموو ئەو ئەرك و كارانە دەگرێتە خۆی.

**دووەم:** ئەوەی تێبینی دەكرێ ئەوەیە كە زانایانمان زیاتر ئەركەكانی حكوومەت و دەوڵەتیان لەكەسی یەكەم دا كەئیمام و خەلیفەو (أمير المؤمنين) و سوڵتانی پێ گوتراوە، زیاتر لەودا كورتیان هەڵێناوە، هۆكاری ئەوەش ئەوەیە كە ئەوان زیاتر ڕەچاوی واقیعی سیاسی سەردەم و ڕۆژگاری خۆیانیان كردوە، كە نەك هەر لە دەوڵەتی ئیسلامیی دا، لە هەموو دەوڵەتانی دنیادا، زیاتر كەسی یەكەم ئەو سەرپەرشتیی كردن و كاروبار هەڵسووڕاندن و ئەرك و كارانەی تێدا بەرجەستە بوون، ئەگەرنا وە نەبێت لە خودی شەریعەت دا بەو شێوەیە بێت، وە تەنانەت خوا (سبحانه وتعالى) یەك جاریش لە قورئان دا باسی (ولي الأمر) نەكردوە، بەڵكو بەكۆ (جمع) هێناویەتی:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ ﴿٥٩﴾ ﴾ النساء.

كاربەدەستان لە خۆتان، ئەوانەی كە خاوەن كارن خاوەن ئەركن.

هەروەها هەر لە سوورەتی (النساء)دا لە شوێنێكی دیكەشدا هاتوە:

﴿ وَلَوۡ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنۡهُمۡ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسۡتَنۢبِطُونَهُۥ مِنۡهُمۡ ﴿٨٣﴾ ﴾ النساء.

www.alibapir.com



چونکە لەئیسلام دا (وەك پێشتر باسمان کرد) کۆمەڵگاو خەڵك بە گشتی خاوەنی بەرپرسیارێتییە و ئەویش بە کەسانێك دەسپێرێ کە بە ئەمینیان دەزانێت:

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا ﴿٥٨﴾﴾ النساء.

وە ئەوانیش لە نێو خۆیان دا دوایی یەکێك هەڵدەبژێرن، بەڵام ئەویش دیسان لەسەر بناغەی ڕاوێژ کردن بەوانەی لە دەوریني و هاوکارینی، وە لەسەر بناغەی ڕاوێژیش بە خەڵکی بە گشتی ئەگەر پێویست بکات، کاروبارەکانی وڵات بە ڕێوە دەبات.

**سێیەم:** تێبینی دەکرێ کە زانایانمان کارو صەلاحیەتی دەستەڵاتی دادوەرییشیان هەر خستۆتەوە سەر جوغزی دەستەڵاتی بەرپرسی یەکەمی حکوومەت و دەوڵەتەوە، لە کاتێك دا کە ئەرکەکانی حکوومەتیان باس کردوە، ئەو ئەرکانەی کە لە ئەستۆی دەستەڵاتی دادوەریشن، هەر لە ڕیزی ئەرکەکانی حوکمڕان دا هێناویانن، لەبەر ئەوەی هەر حوکمڕان بووە کە دادوەرییشی داناون، هەرچەندە دەستەڵاتی دادوەریی سەربەخۆ بووەو دەستەڵاتی جێبەجێکردن، یاخود حکوومەت بۆی نەبووە، دەست وەربداتە کاروباریەوە.

# ئەرکەکانی حکوومەت
# ( حوکمڕان و ستافەکەی )

**ئێمە لە پازدە خاڵ دا باسی ئەو ئەرکانە دەکەین و سەرژمێریان دەکەین:**

**ئەرکی یەکەم:**

**پابەندیی بەو وەحیی و شەریعەتەوە کە خوای زانا ناردوویەتی:**

خوا (جل شأنه) بە پێغەمبەری خۆی (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ:

﴿ٱتَّبِعۡ مَآ أُوحِيَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ١٠٦﴾ الأنعام.

واتە: بە دوای ئەوە بکەوە کەلە پەروەردگارتەوە بۆت نێردراوە وە بێجگە لەو هیچ پەرستراو نین، وە پشت لە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان بکە .

هەروەها فەرموویەتی: (فأحكُم بَيْنَهم بِما أنزَلَ الله..) واتە: وەبەوەی خوا ناردوویەتە خوار، حوکمیان لەنێوان دا بکە.

کەواتە: یەکەمین ئەرکی سەرشانی حوکمڕان ئەوەیە، کە شوێن وەحی خواو شەریعەتی خوا بکەوێ و پێوەی پابەند بێت، هەم خۆی و هەم هەمو و ئەو هاوکارانەی، کە دەستەڵاتی جێبەجێکردن پێك دێنن.

www.alibapir.com



## ئەرکی دووەم:

## دادگەر بوون لە حوکمڕانیی دا:

دادگەریی یەکێکە لە بەها هەرە بەرزەکان کە خوای کاربەجێ لە قورئان دا زۆر باسی کردوە وەلە ئایەتی ژمارە (٢٥)ی سووڕەتی (الحديد)دا کە پێشتریش هێنامان، خوا (سبحانه وتعالى) ڕایدەگەیەنێ کە هەموو پێغەمبەرانی (عليه السلام) ڕەوانە کردوە بۆ چەسپاندنی دادگەریی، وەك دەفەرموێ:

﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِٱلْبَيِّنَٰتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلْقِسْطِ ﴿٢٥﴾﴾ الحديد.

واتە: بێگومان پێغەمبەرانی خۆمانمان بەبەڵگە ئاشکرایەکانەوە ناردوون و کتێب و تەرازووشمان لەگەڵ ناردوونە خوار، تاکو خەڵك بە دادگەریی بەڕێوە بچن، واتە: دادگەریی لە نێو خۆیان دا بچەسپێنن. وە خوا بە پێغەمبەری خۆی (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ:

﴿وَأُمِرْتُ لِأَعْدِلَ بَيْنَكُمُ ﴿١٥﴾﴾ الشورى.

واتە: تۆ بڵێ (ئەی موحەممەد!) فەرمانم پێ کراوە کەلە نێواناتان دا دادگەر بم و دادگەریی بەرپا بکەم.

کەواتە: دووەمین ئەرکی گرنگی سەرشانی حوکمڕان و ستافەکەی لە ئیسلام دا، بریتیە لە چەسپاندنی دادگەریی، هەڵبەتە کە دەڵێین: چەسپاندنی دادگەریی یانی: لە نێوان تاکەکان دا، وە لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگا دا، وە لەنێوان نەتەوەکان دا، ئەگەر دەوڵەتەکە زیاتر لە نەتەوەیەك بگرێتە خۆی، وە لەنێوان ئایین و بەرنامەکان دا، ئەگەر جگە لە مسوڵمانان خەڵکی دیکەشی تێدا بوو.

www.alibapir.com


**ئەرکی سێیەم:**

**بەرپاکردنی دروشمەکانی ئیسلام (إقامة شعائر الإسلام):**

مەبەستمان لە (شعائر) کە کۆی (شعیرە)یە، واتە: دروشم، مەبەستمان لە دروشمەکانی ئیسلام ئەو شتانەن کە ئینسانی مسوڵمانیان پێ لەنامسوڵمانان پێ جیا دەکرێتەوە، یان کۆمەڵگایەکی مسوڵمانیان پێ لە کۆمەڵگایەکی نامسوڵمان جیا دەکرێتەوە، ئینسانی مسوڵمان بەچی جیا دەکرێتەوە؟ بە خوا پەرستیی، کە لەنوێژو ڕۆژووگرتن و نەزرو قوربانیی و لە خوا پاڕانەوەو یادی خوا کردن و... هتددا بەرجەستە دەبێت، وە لە بواری باری کەسێتییدا، دیارە مسوڵمان لەسەر چ بنەمایەك خێزان پێك دێنێت، وە سەرجەم ئەو شتانەی کە وەك دروشم و نیشانە وان بۆ ئینسانی مسوڵمان و کۆمەڵگای مسوڵمان، لەسەر دەستەڵاتی حکومڕانیی لە ئیسلام دا پێویستە بەرپایان بکات.

وەك خوا (سبحانە و تعالى) لە سوورەتی حەج دەفەرمویٚ: کە پێشتریش ئایەتەکەمان هێنا:

﴿ ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَنَهَوۡاْ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۗ وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلۡأُمُورِ ﴿٤١﴾ ﴾ الحج .

واتە: ئەوانەی کاتێك کە دەستەڵاتمان پێدان لە زەوی دا، (کردمانن بەخاوەنی دەستەڵات و قەوارە) نوێژ بەرپا دەکەن و زەکات دەدەن و فەرمان بەچاکە دەکەن و ڕێگریی لە خراپە دەکەن، کەواتە: ئەرکێکی دیکەی گرنگی حکوومەتی ئیسلامیی ئەوەیە، کەدروشمەکانی دینداریی کە ئیسلام فەرمانی پێکردوون ئاشکرا بکات و بەرپایان بکات، وە بەشێوەیەك ئەنجامیان بدات، کە ببێتە هۆی هاندانی مسوڵمانان و ببێتە هۆی ئەوە کە ئەو کۆمەڵگا مسوڵمانە دیار بێت و بزانرێت کە ئەوە کۆمەڵگایەکی مسوڵمان و دیندارە، کە وەك گوتم: دروشمەکانیش بەپلەی یەکەم لە عیبادەت دا بەرجەستە دەبن: لە نوێژکردن و بانگ و قامەت و لە نوێژی

www.alibapir.com



جەژنەکان و حەج و عومرە کردن و ڕۆژوو گرتن و زیکرو قوربانیی سەربڕین و.. لەهەموو ئەو پەرستن و تاعەتانەدا کە بۆ خوا ئەنجام دەدرێن.

**ئەرکی چوارەم:**

**ڕاگرتنی هاوسەنگی ئابووریی:**

دەستەڵاتی جێبەجێکردن (حکوومەت) لە ئیسلام دا لەسەری پێویستە کە لە نێو کۆمەڵگادا هاوسەنگیی ئابووریی بەرپا بکات، واتە: نەهێڵێ چینایەتیی و قڕیی و پڕیی پەیدا ببێ، وەك ئێستا هەیە لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی دنیاداو لە نێویشیان دا کۆمەڵگای عێراقیی و کۆمەڵگای هەرێمی کوردستانی خۆشمان، تەماشا دەکەین کەسانێکی کەم زۆریان لەسەرەوە ڕژاوەو خەڵکێکی زۆریش لەبەری بڕاوە، گوتراویشە (لەهەر شوێنێك چیای زۆر بەرزت بینی، شیوی زۆر قووڵیش دەبینی)، وە بە تەئکید (ئەوانەی لە تێریان زگیان دێشێ، ئەوە سزای ئەو کەسانەیە کە لەبرسان سکیان دێشێ)!! وەك (مصطفى لوطفي المنفلوطي) ئەدیبی ناوداری عەرەب دەڵێ، کە لە ڕاستیدا هەرکاتێك کەسانێك زیاد لە مافی خۆیان ڕایان کێشا، ئەوە لەسەر حیسابی کەسانێکی دیکەیە کە لەبەریان دەبڕێ، ئنجا دەستەڵاتی ئیسلامیی لەسەری پێویستە کە لەڕووی ئابورییەوە هاوسەنگی بەرقەرار بکات، وەك خوا سبحانە و تعالى لە سوورەتی (الحشر) (٧)دا، دەفەرموێ:

﴿كَيۡ لَا يَكُونَ دُولَةَۢ بَيۡنَ ٱلۡأَغۡنِيَآءِ مِنكُمۡ ۝٧﴾ .

واتە: با سامان و ماڵ تەنیا لەدەستی دەوڵەمەندەکانتان دا کورت هەڵ نەیەت و هەر هی ئەوان نەبێ، ئەوان ببنە خاوەن ملیارو خەڵکی دیکەش هیچی نەبێ!!

بەڵێ، ئیسلام دژی ئەوەیە کە قڕیی و پڕیی و چینایەتیی هەبێت، دەگونجێت کەسێك لە کەسێکی زیاتر هەبێت، کەسێك بە شێوازی شەرعیی و لە ڕێی شەرعییەوە بەکەسابەتی حەڵاڵ زیاتر خۆی ماندوو بکات و زیاتری بێتە دەست، بەڵام ناگونجێ هەندێکیان لەبرسان بمرن و هەندێکیشیان زۆریان

www.alibapir.com


لەسەرەوە بڕژێ، وەك گوتم: ئەگەر ئیسلام بە ڕاستیی پیادە بکرێ هەرگیز ڕێی شتی وا نادات بەڵکو لە سایەی سیستمی سەرمایەداریی دا کە ئێستا لە دنیادا باڵادەستە، ئەو حاڵەتە دروست دەبێت.

هەڵبەتە ئەوە پێویستیی بە ڕوونکردنەوەو وردەکاریی زۆر دەکات، بەڵام ئێمە ئەو شتانە وەك کۆمەڵێك پرەنسیپ و کۆمەڵێك بنەمای گشتیی، کەئەرکی سەرشانی حکومەتی ئیسلامیین، بە کورتیی ئاماژەیان پێ دەکەین.

**ئەرکی پێنجەم:**

**فەرمان بە چاکە کردن و ڕێ لە خراپە گرتن:**

وەك هەر لە ئایەتەکەی پێشوودا دەفەرمویێ: ﴿وَأَمَرُوا۟ بِٱلْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا۟ عَنِ ٱلْمُنكَرِ﴾ {ئەوانەی کە خوا دەستەڵاتیان پێدەدا لە زەوییدا} فەرمان بە شتە پەسەندەکان دەکەن و ڕێ لەشتە ناپەسەندەکان دەگرن، کە دیارە (المعروف)و (المنكر)یش (أل)ی (تعريف)یان لەسەرەو واتە: هەرچی شتی پەسەندەو هەرچی شتی ناپەسەندە، هەرچی شتی باش و سوود بەخش و پەسەندە، دەبێت حکوومەتی ئیسلامیی فەرمانی پێ بکات و هەوڵ بدا بیچەسپێنێت، وە هەر چی شتی ناپەسەند و خراپ و زیانبەخشە، دەبێت هەوڵبدات ڕیشە کێشی بکات، ئنجا ئەو شتە پەسەندە، چ پەیوەندیی بەلایەنی ئیمان و عەقیدەوە هەبێت (بە لایەنی فیکرییەوە هەڵبەتە ئەوە بە شێوازی بانگەواز و تێگەیاندن و گفت و گۆ، نەك بە شێوەی زۆر لە خەڵك کردن) چ پەیوەندیی بەلایەنی ئابووریی و ژیان و گوزەرانەوە هەبێت، چ پەیوەندیی بەلایەنی سیاسەت و حوکمەوە هەبێت، چ پەیوەندیی بەلایەنی ڕاگەیاندنەوە هەبێت، چ پەیوەندی بەلایەنی کۆمەڵایەتیی و خێزانیی یەوە هەبێ، هەروەها شتە ناپەسەندەکانیش بەهەمان شێوە، حکوومەتی ئیسلامیی مولزەمە بەوەی کە لە نێو کۆمەڵگادا هەوڵ بدات هەموو شتە چاك و سوود بەخشەکان بچەسپێنێت، وە سەرجەم شتە زیان بەخش و خراپەکان ڕیشەکێش بکات، واتە: پاکسازیی کۆمەڵگا بکات و چاکسازیی بکات، پاکی بکاتەوە و بژاری بکات لە شتە خراپەکان، وە بیشیڕازێنێتەوە بە شتە باشەکان.

www.alibapir.com


## ئەركی شەشەم:

## بەزەیی نواندن و نەرم و نیانی و لێبوردەیی و خۆپاراستن لە دڵڕەقیی و زمانزبریی:

ئەمیش ئەركێكی دیكەی سەرشانی حوكمڕان و كاربەدەستانی مسوڵمانە، بەبەڵگەی چی؟ بە بەڵگەی ئەو ئایەتە موبارەكە كە خوا لە سوورەتی (آل عمران)دا (١٥٨)دا، خوای گەورە ڕوو بە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمویَ:

﴿ فَبِمَا رَحۡمَةٖ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمۡۖ وَلَوۡ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلۡقَلۡبِ لَٱنفَضُّواْ مِنۡ حَوۡلِكَۖ فَٱعۡفُ عَنۡهُمۡ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ وَشَاوِرۡهُمۡ فِي ٱلۡأَمۡرِۖ فَإِذَا عَزَمۡتَ فَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُتَوَكِّلِينَ ١٥٩ ﴾ آل عمران.

واتە: (ئەی موحەممەد!) تۆ بەهۆی بەزەییەكی تایبەت لەلایەن خواوە، بۆیان نەرم بوووی (پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)) بۆ ئۆممەتەكەی بۆ میهرەبان و نەرم بووە) وە ئەگەر تۆ قسە ڕەق و دڵڕەق بوای لەدەورت دەپرژان، لێیان ببوورە وداوای لێبوردنیشیان بۆ لە خوا بكە (واتە: لە حەقی خۆت بیان بوورەو لەحەقی خواش داوای لێبوردنیان بۆبكە)، وە ڕاوێژیشیان پێ بكە لە كاروباردا، ئنجا دوای ڕاوێژكردن، ئەگەر بڕیارێكت دا (مادام ساغتان كردەوە چ بە زۆرینە، چ بە پێی ڕای پسپۆڕان و شارەزایان، وەك پێشتر باسی ڕاوێژمان كرد) ئەوكاتە پشت بە خوا ببەستە (و ئەو بڕیارە كە دراوە جێبەجێی بكە) بێگومان خوا پشت پێ بەستووانی خۆشدەوێن.

كەواتە: حوكمڕان پێویستە دڵنەرم و بەڕەحم و لێبوردە بێ لەگەڵ خەڵك و كۆمەڵگادا.

www.alibapir.com


**ئەركی حەوتەم:**

**ڕاوێژكردن و ڕاوێژ پێ كردن (الشورى والإستشارە):**

ڕاوێژكردن بناغەی بەڕێوەبردنی كاروبارەكانە لە نێو مسوڵمانان دا، وەك خوا دەفەرموێ:

﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ ﴿٣٨﴾﴾ الشورى.

كاروباریان بە ڕاوێژە، هەموو كاروبارێكیان، هەرچی كە دەقی لەسەر نەبوو، ئەوەی ڕاستەوخۆ كە شەریعەت دیاری نەكردوە كە چۆن بێت! ئەوە بە ڕاوێژی خۆیان و بە پێی ئیجتیهاد و عەقڵی خۆیان ئەو كاروبارە بە ڕێوەدەبەن.

دەربارەی ڕاوێژ پێكردنیش خوا دەفەرموێ: (وَشاوِرهُم في الأمر) واتە: لە كاروباریاندا ڕاوێژیان پێ بكە، واتە: هەم لە بناغەدا كاروباریان بە ڕاوێژەو هەم بەرپرسانیش پێویستە ڕاوێژ بكەن بەتایبەت بەوانەی كە لەگەڵیان دان وەك ستافی حوكمڕانیی، وە بە خەڵكەكەیان بەگشتی، وە ئەنجامی ڕاوێژكردنەكەش دەبێ هەموویان دەبێت پێوەی پابەند بن، وەك پێشتر باسمان كرد، كە سەرەنجامی ڕاوێژكردن بە زۆریی دێتە سەر ئەوە كە دەگەنە ڕاستترین ڕا، ئنجا زۆر جار ئەوە بەهۆی زۆرینەوە دەست دەكەوێ، وە جاری وایە بە هۆی ڕای پسپۆڕان و شارەزایانەوە، بەگوێرەی ئەو شتەی كە ڕاوێژی تیا دەكرێت، جاری وا هەیە هەندێك بابەت كە ڕاوێژی تێدا دەكرێ، ڕای زۆرینە دەیخوات، چونكە شتەكە پەیوەندیی بە هەموانەوە هەیە، بۆیە ڕای هەمووان وەردەگیرێ و ڕای زۆرینەیان لەسەرچی بوو، ئەوە جێبەجێ دەكرێت، جاری واهەیە بابەتەكە لەو جۆرەیە كە پەیوەندیی بە هەموویانەوە نیە، بەڵكو پەیوەندیی بە كەسانێكی پسپۆڕو شارەزا وە هەیە لەو بوارە دا، ئنجا بۆ ئەو بابەتە پێویستە بەرپرس ڕاوێژ بە كەسانی پسپۆڕو شارەزا بكات، وە لەو حاڵەتەدا ڕای پسپۆڕان دەیخوات، نەك ڕای زۆرینە، چونكە مەسەلەكە پەیوەندیی بەكەسانێكی تایبەتەوە هەیە، بۆ وێنە: ئەگەر

www.alibapir.com



باسی مەسەلەیەکی شەرعیی بکەن: ئایا لە قورئان و سوننەت دا حوکمەکەی چیە؟ دەبێ پرس بەزانایان بکرێ، بەڵام ئەگەر باسی مەسەلەیەکی تەندروستیی بکەن، دەبێ پرس بە پزیشکان بکرێ، وە ئەگەر باسی مەسەلەیەکی سیاسی بکەن، دەبێ پرس بە سیاسەتمەداران بکرێ، وە ئەگەر باسی مەسەلەیەکی تەکنۆلۆجیی بکەن، یان پەیوەندیی بەلایەنی پیشەسازییەوە هەبێت، پێویستە ڕاوێژو پرس بە کەسانی شارەزای بواری تەکنەلۆجیاو پیشەسازیی بکرێت.

**ئەرکی هەشتەم و نۆیەم:**

## بوونە سێبە ر و سوپەر و پێشڕەو لە کاتی تەنگانەو گرفتاریی دا، وە بەرگریی کردن لـە خـەڵـك و وڵات لەبەرانبـەر دوژمـنان دا:

ئەم دووانەش ئەرکی سەرشانی وەحوکمڕانیی ئیسلامیی و ستافەکەیەتی کە لەکاتی تەنگانەو گرفتاریی و نارەحەتییدا پێویستە بۆ خەڵك و وڵات سوپەرو قەڵغان بین و لەپێشەوە بن، پاشان ئەرکی سەرشانیانە کە بەرگریی لەخەڵك و وڵات بکەن لەبەرانبەر دوژمنان و دەستدرێژکاران.

پێغەمـبەری خـوا (صلى الله عليه وسلم) لەو بـارەوە لە فەرمـایشتێکدا دەفەرموێ:

{إِنَّمَا الإِمَامُ جُنَّةٌ يُقَاتَلُ مِنْ وَرَائِهِ...} (أخرجه البخاري برقم: (٢٧٩٧)، ومسلم برقم: (١٨٣٥)، والنسائي برقم: (٤١٩٣)، وَابْنُ أَبِي شيبة برقم: (٣٢٥٢٩)، وَأَحمد برقم: (٧٤٢٨)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٢٨٥٩)).

واتە، بێگومان پێشەوا قەڵغانە، سوپەرە، لەپشتی ئەوەوە جەنگ دەکرێ، واتە: پێشەوای مسوڵمانان و سەرۆکی دەوڵەتیان وەك سوپەر و قەڵغانێك وایە، کە مسوڵمانان لە پشتیەوە، لەگەڵ دوژمنان و ناحەزانیان دا ڕووبەڕوو دەبنەوە.

www.alibapir.com


**ئەرکی دەیەم:**

**کارسپاردن بە چاکترین و شیاوترین کەس و تەنیا بەسەرنجدانی لێهاتوویی:**

واتە ئەرکی بەرپرسانی حکوومەتی ئیسلامییە، کە بۆ هەر کارێك چاو بگێڕن بزانن کێ شایستەترە، کێ بە توانا ترە، کێ لێهاتووترە، بۆ جێبەجێ کردنی ئەو کارە، لەسەر بناغەی لێهاتوویی و شایستەیی، کارو ئەرکەکان بە خەڵك بسپێرن، وەك لە فەرمایشتەکەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دا هاتوە کە (حاکم) هێناویەتی و بەصەحیحی داناوە:

{مَن وَلِّی مِن أَمر المُسلمینَ شَیئاً فَوَلَّی رَجُلاً وَهُوَ یَجِدُ من هُوَ أصلَحُ للمسلمینَ مِنهُ فَقَد خانَ اللهُ وَرَسولَهُ وَالؤمنین}.

واتە: هەرکەسێك سەرپەرشتیی مسوڵمانان بە ئەستۆوە بگرێ، پاشان پیاوێك بکات بە بەر پرس لە سەر کارێك، کەلەو باشتری شك بردبێ و لەو باشتر بزانێ، لە نێو مسوڵمانان دا، بۆ مسوڵمانان، ئەوە خیانەتی بە خواو پێغەمبەری خواو بە ئیمانداران کردوە.

کەواتە: ئەرکی سەرشانی بەرپرس و حوکمڕانیی کۆمەڵگای مسوڵمانانە، کەسێك کە لە هەرەمی دەستەڵات دا قەراری گرتوە، کە چاوبگێڕێ کێ بۆ چ کارێك شایستە ترە، پێی بسپێرێ، هەڵبەتە پێشتریش باسی ئەو بابەتەمان کرد، کە ڕەچاو کردنەوەو خوێندنەوەی خزمایەتیی و ناوچە گەرێتیی و ناسیاویی و ... هتد لەجیاتی ڕەچاوکردنی تواناو شایستەیی مایەی دووچاری ستەم بوون و لادانە.

شایانی باسە کە لە ڕۆژگاری ئێستامان دا، بۆ کار سپاردن بە کاربەدەستان، زانایانی شارەزای بواری ئیدارە، پێنج شێواز و ڕێبازیان دیارییکردوون، کە هیچ کام لە و شێواز و ڕێبازانە لەگەڵ دەقەکانی شەریعەت دا دژ ناوەستن، واتە: مسوڵمانان دەستیان کراوەیە کە ئەو پێنج شێوازە هەر پێنجیان پێکەوە،

www.alibapir.com


هەرکامێکیان لە شوێنی خۆی دا، یان یەکێك لەو پێنجانە کامیان بە گونجاوتریان زانی، بە کاری بێنن، بۆ دانانی بەرپرسان و بۆ دیاریی کردنی کارمەندان و کاربەدەستان:

### شێوازی یەکەم:

هەڵبژاردنی ئازادانەی ئیدارە بۆ کارمەندان و ڕەچاوکردنی شایستەیی کە هەر فەرمانگەیەك، یان هەر وەزارەتێك دەستی کراوە بێ و چەند بنەمایەکی گشتیی بۆ دابنرێ بگوترێ: فەرموو تۆ بۆ خۆت کارمەندەکانی خۆت کاربەدەستەکانی خۆت هەڵبژێرە.

### شێوازی دووەم:

هەڵبژێردران لە لایەن خەڵکەوە بە گشتی، یان لە نێو بازنەی دامەزراوەیەك دا، ئەوەش دیسان شێوازێکی دیکەیە، کە لە نێو خەڵك دا بە گشتی هەڵبژاردن بکرێ، یاخود لە نێو دامەزراوەیەکی تایبەت دا هەڵبژاردن بکرێ، بۆ کەسانێك کە شایستە و بە توانان، کێ زیاتر ڕای خەڵکی بە دەست هێنا، ئەو کەسە ئەو کارەی پێ بسپێردرێ.

### شێوازی سێیەم:

ئامادەکردن و پەروەردەکردنی هونەریی و تایبەت بۆ کارمەندان، بەڵام بە مەرجێك هیچ پاوان و قۆرخکارییەکی تێدا نەبێ، واتە: خول (دورە) بکرێتەوە، یاخود کۆمەڵێك پێوەر لەلایەن کەسانێکی پسپۆڕو شارەزاوە دابنرێن، بەڵام بەبێ ئەوەی کە هیچ کەس قەدەغە (حظر) بخرێتە سەرو خەتی سووری بۆ بکێشرێ، بەڵکو خەڵك ئازاد بێ و کامیان لیاقەتی زیاتری لێ بینراو تواناو شایستەیی زیاتری هەبوو، بۆ ئەو کارانە دەستنیشان بکرێن .

### شێوازی چوارەم:

تایبەت کردنی هەندێك پۆست و کار بۆ کەسانێکی دیاریی کراو، بە هۆی خزمەتێکەوە کە پێشتر پێشکەشی خەڵك و وڵاتیان کردوە، وەك: کەس و کاری

شەهیدان، برینداران و پەککەوتەکان، ئەوانەی لە ڕۆژانی خەباتی ڕزگاریخوازییدا دەروریان بینیوە، کە دەگونجێت بەشێك لە پۆست و ئەرك بۆ کەسانێکی ئاوا دیاریی بکرێ، دیارە ئەویش بەشێکیان، ئەگەرنا ناگونجێ بکرێتە حاڵەتێکی گشتی، وەك هەندێك لەو حاڵەتانە بە داخەوە لە هەرێمی کوردستانی ئێمەدا هەن، کە پێشمەرگە بوون و دەوربینینی پێشتر لە خەباتی ڕزگاریی خوازییدا بکرێت بە مەرجی ئەوە کە هەرکەسێك ڕۆژێك لە ڕۆژان لە شاخ بووبێت، ئێستا دەبێت حەقی خۆی بێ هەر ئەرکێکی پێ بسپێردرێ، بێ ئەوەی کە تواناو شایستەیی هەبێت!، کە ئەوە لە ڕاستییدا ستەمێکە، هەم لە کەسەکە دەکرێ و هەم لە کارەکە دەکرێ و هەم لە کۆمەڵگایەکەش دەکرێ، بەڵام دەگونجێ بازنەیەکی یان ڕێژەیەکی سنووردار، دیاریی بکرێ بۆ ئەو جۆرە کەسانەش.

**شێوازی پێنجەم:**

پێشبڕکەکردن و تاقیکرانەوەو بە گوێرەی ڕێژەی سەرکەوتن کەسەکان دابمەزرێن، واتە: مەیدان بکرێتەوە کە خەڵك پێشبڕکە بکات وەتاقی بکرێنەوە وەکێیان سەرکەوتنی بە دەست هێنا، ئەوە زیاتر حەقی ئەوەی هەبێ کە لەو کارە دابمەزرێ، یاخود بۆ بەرپرسێتیی ئەو کارە دابنرێ.

بەڵێ، لە کۆمەڵگایەکی ئیسلامیی و لە حکوومەتێکی ئیسلامییدا، سەرنج دەدرێ، کام لەو شێوەو ڕێبازانە زیاتر بووە هۆی چەسپاندنی دادگەریی و لە حەقەوە نزیکتر بوو، ڕەچاو دەکرێت، کە پێموایە ئەوەی پێنجەمیان دەگونجێ وەك بنچینەیەکی گشتی دابنرێ و، لە هەموویان زیاتر لە دادگەرییەوە نزیکە[1].

---

(١) حقوق الإنسان السياسية في الإسلام والنظم العالمية، د. ساجد ناصر حمد الجبوري، ص ٣٣٧- ٣٤٢.

www.alibapir.com



**ئەركی یانزەیەم:**

**دابینكردنی پێداویستییە سەرەكییەكانی و بەرپرسەكان و كارمەندەكان، تاكو باشتر بتوانن ئەركی سەرشانیان جێبەجێبكەن:**

كە هەموو ئەوانەی دەبنە كارمەندو كاروباریان پێ دەسپێردرێ، پێویستییەكانیان بۆ دابین بكرێن، وەك پێشتریش لەفەرمایشتەكەی پێغەمبەری خوادا (صلى الله عليه وسلم) هێنامان كە پێویست ناكات دووبارەی بكەینەوە، كە سەرەتاییەكەی دەفەرمویَ:

{مَنْ كَانَ لَنَا عَامِلاً فَلْيَكْتَسِبْ زَوْجَةً، فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ خَادِمٌ، فَلْيَكْتَسِبْ خَادِمًا، فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ مَسْكَنٌ، فَلْيَكْتَسِبْ مَسْكَنًا} [١].

واتە: هەركەسێك كارێكی بۆ ئێمە كرد، ئەگەر هاوسەری نەبوو، با هاوسەر بگرێ، (واتە: هاوكاریی بكرێ هاوسەرگیریی بكات) وە ئەگەر بەردەستێكی نەبوو كە هاوكاریی بێت، با بەردەست و كەسێك پەیدا بكات هاوكاریی بێت، وە ئەگەر جێگاو رێگای نەبوو، با جێگاو رێگای هەبێت....

بێگومان دابینكردنی پێداویستییەكانی ئەوانەی بەڕێوەبردنی كاروباری وڵاتیان پێ دەسپێردرێ، كاریگەریی زۆری هەیە لەوەدا كە ئەدائێكی باشیان هەبێت، چونكە ئەگەر ئینسان پێداویستییەكانی ژیانی بۆ دابین كران، ئەو كاتە دەست بەتاڵ دەبێت و بە عەقڵێكی ئازادەوەو بە ئیرادەیەكی سەربەستەوە بیر دەكاتەوە، چۆن ئەو كارەی خۆی ڕاپەڕێنێ! نەك فیكری هەر لەلای ماڵ و منداڵەكەی و پێداویستییەكانیان بێت.

---

(١) رواه أحمد: ١٨٠٤٦، وأبو داود: ٢٩٤٥.

www.alibapir.com


**ئەرکی دوانزەیەم:**

## ئامادەبوون بۆ ڕەتکردنەوەی مافی مافداران و ملکەچکردن بۆ حوکمی شەریعەت:

هەرکەسێك دەبێتە حوکمڕانیی مسوڵمانان، چ لە هەرەمی دەستەڵات دابێ، چ لە خوارەوە، پێویستە حەقی هەر کەسێکی کەوتە لا، ئامادەبێ بە پێی تەرازووی شەریعەت حەقەکەی بۆ ڕەتبکاتەوە، وە ملکەچیش بێت بۆ شەریعەت بەگشتی، بەڵێ بەرپرسانی مسوڵمانان دەبێت لە خەڵکی دیکەی ئاسایی زیاتر ئامادەبن بۆ گەڕانەوە بۆ شەریعەت و ملکەچکردن بۆ تەرازووی شەریعەت، پێشتریش فەرمایشتەکەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) مان هێنا کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ڕۆژێك هاوەڵانی بەڕێزی کۆکردەوە وە فەرمووی:

{يا أيها الناس إنه قد دنى مني حقوق من بين أظهركم فمن كنت جلدت له ظهراً فهذا ظهري فليستقد منه، ومن كنت شتمت له عرضاً، فهذا عرضي فليستقد منه، ومن كنت أخذت له مالاً، فهذا مالي فليستقد منه} [(١)].

لە درێژەی فەرموودەکەدا دەفەرموێ: هەرکەسێك ماڵی کەوتۆتە لای من، با بۆی ڕەت بکەمەوە، وە هەرکەسێك حەقێکی لەلای منە، با مافەکەی بۆ ڕەتبکەمەوە، وە هەرکەسێك ئازارێکم داوە ئەوە پشتی من و با تۆڵەی خۆیم لێ بکاتەوە.

ئەگەر بەرپرس ئاوا بێ لەگەڵ خەڵك و کۆمەڵگادا بە تەئکید ئەو خەڵك و کۆمەڵگایەش خۆشیان دەوێ و ڕێزی دەگرن، وە سەرەنجام کاروباری چاك بۆ بەڕێوە دەچێت، نەك بە چاوێك تەماشای خەڵك بکات کە بۆ خۆی لە شوێنێکی زۆر بەرزە، وە خەڵکیش زۆر لەنزمیی دەبینێ، ئەو کاتە بێگومان هەرکەسێك

---

(١) مجموع الزوائد للهيثمي: ١٣٧١٠، والطبراني في (الكبير) وأبو يعلى.

www.alibapir.com


خەڵك وەك (کەللە شەکر ببینێت)! خەڵکیش ئەو وەك {قەلە ڕەشە تەماشا دەکات}!!، دەڵێن: جارێك کابرایەکی خۆبەزلگر بە کابرایەکی سادە دەڵێت: من هەرچەند تەماشای تۆ دەکەم، هەر بەقەدەر کەللە شەکرێك دەبی، ئەوەندە گچکەی لەبەر ئەوەی من زۆر لەبەرزییم تۆش زۆر نزمی! ئەویش دەڵێ: منیش کەتەماشای جەنابت دەکەم و تێتهەڵدەڕوانم، هەر هێندەی قەلەڕەشێك دیاری!!)، بەتەئکید کەسێك خەڵك بەقەدەر کەللە شەکرێك ببینێ، خەڵکیش وەك قەلەڕەش دەیبینن، بەڵام لە ئیسلام دا کاربەدەستان و حوکمڕانان هیچ حەقێکیان پێ نەدراوە کە خۆیان لە خەڵك بە زیاتر بزانن، تۆش وەك ئەو خەڵکەی! هەمومان لە ئادەمین و ئادەمیش لەگڵە، هەمووومان بەندەی خواییین و خوای پەروەردگار، پەروەردگاری هەمووولایەکە، وە لە ڕاستییدا هیچ کەس هیچ نەسەبێکی نیە، لەگەڵ خوای پەروەردگارداو نەسەبی هەمووومان دەچێتەوە، بۆ ئادەم وە بۆ خوای پەروەردگاریش، هەمووومان یەکسانین و هەمووومان وەك یەك دروستکراوی خوای بەدیهێنەرین.

### ئەرکی سێزدەیەم:

## بەتەنگەوە بوون و خەم لێخواردنی بێ تواناو کەمدەرامەت و ئاتاجەکان وە چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانیان:

ئەمیش گەلێك لە ئایەتەکانی قورئان و فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەلالەتی لەسەر دەکەن، بۆ وێنە: ئەو فەرمایشتەی کە پێشتریش هێنامان و پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ:

(أُبغُوني الضُّعَفاء) [(١)].

واتە: کەمدەستەکانم بۆ بێنن و بۆم پەیداکەن، ئەوانەی کە کەمدەستن و بێهێزن و ماف پێشێلکراون، ئەوانەم بۆ بدۆزنەوە، گرفتەکانیان چارەسەر بکەم!

---

(١) رواه الترمذي: ١٧٥٤، وأبو داود: ٢٥٨٤.

www.alibapir.com


پێغەمبەری خواش (صلی الله علیه وسلم) هەموو کەس دەزانێ و لەسیرەی دا دیارە، وەخەلیفە ڕاشیدەکان، لە سیرەو ژیانیان دا دیارە، وە هەموو حوکمڕانانی مسوڵمان، کە بە دوای پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)و خەلیفە ڕاشیدەکان کەوتوون و پابەند بوون بەشەریعەتەوە، لەسیرەو ژیانیان دا دیارە، کە خاکیی بوون و خۆ بەکەمگر (متواضع) بوون!! لەگەڵ هەژارو نەدار و پەککەوتەو ئاتاجەکان دا، چەندە میهرەبان بوون و خۆیان پێ لەوان زیاتر نەبووە!

کەواتە پێویستە حوکمڕانیی مسوڵمانان بە شێوەیەکی تایبەت ئاگای لە خەڵکی هەژار و نەدار و کەمدەست و، لێقەوماوان و بێ دەرەتاندا بێ.

**ئەرکی چواردەیەم:**

**ئاگاداربوون و سەرپەرشتیی کردنی ڕاستەوخۆی کاروبار:**

کار بەوەندە پێکنایەت حوکمڕانیی مسوڵمان کارەکان دابەش بکات بەسەر کاربەدەستان دا و بۆ خۆیشی لاق لەسەر لاق دانێت! بەڵکو دەبێت ئاگای لە کاروبارە کان بێ و بۆ خۆی بەکردەوە ڕاستەوخۆ بەسەریانەوە بگەڕێ، بۆچی؟ چونکە جاری واهەیە کەسێك کە کارێکت پێ سپاردوە، کەمتەرخەمیی تێدا دەکات، وە کەسێك سامانێکت پێ سپاردوە خیانەتی تێدا دەکات، ئەگەر بۆ خۆت ئاگات لێبێت و سەرپەرشتی بکەی و لێی بپێچیەوە، ئەو کاتە ئەوە دەبێتە پەرژینێك، کە ئەو کەسەی چاوی لە خیانەتە نەوێرێ خیانەت بکات، چونکە دەزانێ لێی دەپێچیەوە، بەڵام ئەگەر دنیا شاری بێ ساحێب بێ، ئەوە بە تەئکید دزیی و خیانەتی خۆی دەکات، یان زوڵمی خۆی دەکات، چونکە لەکەس ناترسێ کە لێی بپرسێتەوە، بۆیە یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی سەرشانی حوکمڕانیی مسوڵمان، ئەوەیە کە بۆ خۆی ڕاستەوخۆ - هەڵبەتە هەموو کارەکان بەخۆی هەر ناکرێن - بەڵام بۆ خۆی جار جار ڕاستەوخۆ بەسەر کارەکانەوە بگەڕێ، وەك حوکمڕانانی پابەند بە شەریعەتەوە، بە درێژایی مێژووی ئیسلام وایان کردوە.

www.alibapir.com


**ئەرکی پازدەیەم و کۆتایی:**

**فەراهەمهێنانی هەل و مەرج و کەش و هەوایەك، کە سەرەنجام تاکەکانی کۆمەڵگا:**

دین و ژین و ئاساییش و نامووس و کەرامەت و عەقڵ و ڕەوشت و ماڵ و سامان و ..هتدیان تێیدا سەلامەت و پارێزراو بێت: ئەوانە شەرعزانان ناویان لێناون: (الضروريات الخمس) یان (الضروريات الست)، بەڵام من پێم وایە دەگونجێ لێیان زیاد بکەین و بڵێین: (الضروريات السبع) یان (الضروريات الثماني) حەوت شتە گرنگەکان، یان هەشت شتە گرنگەکان. کۆمەڵگایەك کە ئیسلام تێیدا دەستەڵاتدارە، دەبێت دینی هەموو تاکەکان تێیدا سەلامەت بێت، چ شوێنکەوتووی دینی حەق بن، کە ئیسلامە، یان شوێنکەوتووی دینێکی ناحەق بن، کە غەیری ئیسلامە، دەبێ هەرکەسە ڕێگای بدرێ دینداریی خۆی بکات، وە دەبێ ژینی هەموو لایەك سەلامەت بێت، وە ئاساییش و هێمنییان سەلامەت بێ، وە نامووس و کەرامەتیان سەلامەت و پارێزراو بێ، وە عەقڵیان سەلامەت و پارێزراو بێ و، ڕەوشت و ئەخلاقیان سەلامەت و بێت ماڵ و سامانیان سەلامەت بێت هتد...، چونکە ئەگەر تەماشای دەقەکانی قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بکەین، بەتایبەت هەر لە قورئاندا دابینکردنی سەلامەتیی هەموو ئەو شتانەی کە باسم کردن زۆر بە ڕوون و ڕاشکاویی هاتوە، بۆ وێنە:

١- دەربارەی سەلامەتیی دین، خوا دەفەرموێ:

﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ ﴿٢٥٦﴾ ﴾ البقرة.

واتە: تۆبزیی کردن و ناچارکردن نیە لە دیندا، نە لە نەصرانیی و جوولەکەییەوە بیکەی بە مسوڵمان، نە لە مسوڵمانەتییەوە بیکەی بە شتێکی دیکە، هەرکەسە و بۆ خۆی ئازادە هەر دینێکی بوێ هەڵیبژێرێ.

www.alibapir.com


٢- وەدەربارەی سەلامەتیی و پارێزرانی ژیان، دەفەرموێ:

﴿ وَلَكُمْ فِي ٱلْقِصَاصِ حَيَوٰةٌ يَٰٓأُوْلِي ٱلْأَلْبَٰبِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٧٩﴾ ﴾ البقرة.

واتە: وە لەتۆڵەدا ژیان هەیە بۆ ئێوە....

٣- وە دەربارەی پارێزرانی هێمنیی و ئاسایيشی کۆمەڵگا، خوا لە سوورەتی (المائدة) فەرموویەتی:

﴿ إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسْعَوْنَ فِي ٱلْأَرْضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوْ يُصَلَّبُوٓاْ أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلَٰفٍ أَوْ يُنفَوْاْ مِنَ ٱلْأَرْضِۚ ذَٰلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي ٱلدُّنْيَاۖ وَلَهُمْ فِي ٱلْأٓخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿٣٣﴾ ﴾ المائدة.

واتە: بێگومان سزای ئەوانە کە دژایەتیی خواو پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەکەن وە خراپەکاریی لەزەوییدا دەکەن، ئەوەیە کە بکوژرێن یان هەڵبواسرێن یان دەست و پێی ڕاست و چەپیان ببڕدرێت یان لەوڵات دەربکرێن.

٤- وە بۆ سەلامەتیی کەرامەتی خەڵك و وەچەی خەڵك، خوای پەروەردگار دەفەرموێ:

﴿ ٱلزَّانِيَةُ وَٱلزَّانِي فَٱجْلِدُواْ كُلَّ وَٰحِدٍ مِّنْهُمَا مِاْئَةَ جَلْدَةٍ ﴿٢﴾ ﴾ النور.

واتە: پیاوی زیناکەر و ئافرەتی زیناکەر، یەکی سەد قامچییان لێبدەن.

٥- وە دەربارەی پارێزرانی ئابڕووی خەڵك، دەفەرموێ:

﴿ وَٱلَّذِينَ يَرْمُونَ ٱلْمُحْصَنَٰتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُواْ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَآءَ فَٱجْلِدُوهُمْ ثَمَٰنِينَ جَلْدَةً ﴿٤﴾ ﴾ النور.

وە ئەوانەی ئافرەتانی داوێنپاك تۆمەتبار دەکەن بە زینا، پاشان چوار شایەد ناهێنن، یەکی هەشتا قەمچییان لێ بدەن.

٦- وەدەربارەی سەلامەت بوونی عەقڵ، دەفەرموێ:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلْخَمْرُ وَٱلْمَيْسِرُ وَٱلْأَنصَابُ وَٱلْأَزْلَٰمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ فَٱجْتَنِبُوهُ ﴿٩٠﴾ ﴾ المائدة.

www.alibapir.com


واتە: بێگومان شەڕاب و قومارو بتەکان و زەلەمەکان (یانسیب) پیسن لە کردەوەی شەیتانن، خۆتانیان لێ دوور بگرن.

٧- هەروەها دەربارەی سەلامەتیی سومعەی خەڵك و بەدناو نەکردنیان دەفەرموێ:

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحِبُّونَ أَن تَشِيعَ ٱلۡفَٰحِشَةُ فِي ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۚ ﴿١٩﴾ ﴾ النور.

بێگومان ئەوانەی کە دەیانەوێ لەنێو بڕواداران تۆمەتی خراپ و تۆمەتبارکردنی خراپ تەشەنە بکات و بڵاو دەبێتەوە، ئەوانە سزایەکی بەئێشیان هەیە لە دنیاو دوا ڕۆژدا.

٨- هەروەها دەربارەی سەلامەتیی ماڵ و سامانی خەڵك، دەفەرموێ:

﴿ وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقۡطَعُوٓاْ أَيۡدِيَهُمَا ﴿٣٨﴾ ﴾ المائدة.

واتە: وە پیاوی دزو ئافرەتی دز دەستیان ببڕن.

بەڵێ، ئەوانەی لەو پازدە خاڵەدا باسکران، ئەرکە گرنگەکانی سەرشانی حوکمڕان و حکوومەت بوو لە ئیسلام دا بەرانبەر بە هاووڵاتیانی ژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامیی.

www.alibapir.com


## بڕگەی حەوتەم:

## دەستکراوەیی دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن، لەبازنەی شەریعەت و سنووری بەرژەوەندیی خەڵك دا:

حوکمڕانیی مسوڵمان و هاوکارانی، واتە: ئەوانەی کە دەستەڵاتی جێبەجێکردن یاخود حکوومەت پێك دێنن، لەدەوڵەتی ئیسلامیی دا تا ڕاددەیەکی زۆر ئازادن و دەستکراوەن، مادام لە بازنەی فراوانی شەریعەت دەرنەچن وە ئامانجیشیان هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی خەڵك بێت. چونکە وەك پێشتر باسمان کرد، شەریعەت لە بواری حوکمڕانیی دا بۆشایی زۆری بەجێهێشتوە کە لەسەر بناغەی ڕاوێژو بناغەی ئیجتیهاد کردنی پسپۆڕان و شارەزایانی بواری حوکم و سیاسەت ئەو بۆشاییە پڕ بکرێتەوە، تاکو مسوڵمانان دەست و پێیان نەبەسترێ، کە هەر بەو شێوازە دیاریکراوە ڕەفتار بکەن، چونکە خوا -سبحانە وتعالی- زانیویەتی کە لە بواری حوکمڕانیی و ئیدارەی وڵات دا ژیانی بەشەر زۆر گەشە دەکات و بەرەو پێشەوە دەچێت، بۆیە دەقی کەمی لەو بارەوە داناون و مسوڵمانانی لە قاڵب نەداون، بەڵکو دەستی کردوونەوە.

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەو بارەوە لە فەرمایشتێك دا دەفەرموێ:

{إِنَّ الله تَعَالَى فَرَضَ فَرَائِضَ فَلاَ تُضَيِّعُوهَا، وَحَدَّ حُدُودًا فَلاَ تَعْتَدُوهَا، وَنَهَى عَنْ أَشْيَاءَ فَلاَ تَنْتَهِكُوهَا، وَسَكَتَ عَنْ أَشْيَاءَ مِنْ غَيْرِ نِسْيَانٍ لَهَا رَحْمَةً لَكُمْ فَلاَ تَبْحَثُوا عَنْهَا} ( أخرجه الطبراني في «الكبير» برقم: (٥٨٩)، قال الهيثمي: رجاله رجال الصحيح).

ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) زۆر جێی تێڕامانە! واتە: بێگومان خوا چەند ئەرکێکی فەرز کردوون، بە زایەیان مەدەن، (واتە: کەمتەرخەمییان تێدا مەکەن و جێبەجێیان بکەن) وە چەند شتێکیشی قەدەغە کردوون، قەدەغەکان مەشکێنن، وە چەند سنوورێکیشی کێشاون، ئەو

www.alibapir.com



سنوورانەش مەبەزێنن، لە هەندێ شتیش بێ دەنگ بووە لە ڕووی بەزەیی نواندنەوە بەرامبەرتان نەك لەو ڕووەوە كە لەبیری چووبێ، دەجا پرسیار مەكەن لەو شتانەی كە خوا لێیان بێدەنگ بووە.

دیارە ئەو شتانەی كە خوا لێیان بێ دەنگ بووە، بەزۆریی لە بواری هەڵسوكەوتەكان دان، تاكو خەڵك بتوانێ هەڵسوكەوتی زۆر بكات و دەستی زۆر كراوە بێ، بەڵام لە بواری ئیمان و عیبادەت دا - وەك پێشتریش باسمان كردوە - لەبەر ئەوەی كە دەرفەتی عەقڵ تێیدا كەمترەو لەمەودای عەقڵ دا نیە، خوای پەروەردگار لە بواری عەقیدە و عیبادەت دا نوختەی خستۆتە سەر پیت، تاك و ئینسان بە هەڵەدا نەچێت.

وە ئێمە دەتوانین لە مێژووی دەوڵەتی ئیسلامییدا زۆر بەڵگان بێنینەوە، لەسەر ئەوە كە حوكمڕان و بەرپرسانی دەوڵەت، مافی ئەوەیان هەیە سەر پشك بن لە هەڵبژاردنی یەكێك لەوڕایانەدا، كە لە بنەڕەت دا ڕەواو دروستن، بۆ وێنە:

**١- یەكسانكردن یان جیاواز كردنی خەڵك لە مووچەدا:**

(أبو يوسف) لە (الخراج)[1]ەكەی دا بۆمان باس دەكات، هەروەها (ابن سعد) یش لە (الطبقات الكبرى)[2]دا {فجاء ناس من المسلمين وقالوا: يا خليفة رسول الله إنك قسمت هذا المال فسوَّيتَ بين الناس، ومن الناس من لهم فضل وسوابق وقدم. فلو فضلت أهل السوابق والقدم والفضل بفضلهم! فقال: أما ما ذكرتم من السوابق والقدم والفضل، فما أعرفني بذلك، وإنَّما ذلك ثوابه على الله جلَّ ثناءه، وهذا مَعاشٌ فالأسوة فيه خير من الأثرةِ...}

واتە: كۆمەڵێك لە مسوڵمانان هاتن بۆ لای ئەبو بەكر خوا لێی ڕازی بێ گوتیان: ئەی خەلیفەی پێغەمبەری خوا! (صلى الله عليه وسلم) تۆ ئەم ماڵ و سامانەت (ئەم مووچەیەت) دابەش كردوە لە نێوان خەڵك دا، وە هەموویانت

---

(١) ص ٤٢.

(٢) ج٣ ص٢٩٦.

www.alibapir.com


یەکسان کردوون، لەحاڵێك دا کەلە نێو ئەو خەڵکەدا هەیەو پلەی زیادەی هەیە، هەیە پێشینەی هەیەو پێشتر مسوڵمان بووەو دەوری زیاتری بینیوە، دەبووایە ئەوانەی کە خاوەنی پێشینەی چاکترن و ڕۆڵی زیاتریان بینیوەو پلەی زیاتریان هەیە، ئەوانە زیاتریان پێ بدەی! ئەویش لەوەڵامیان دا گوتی: ئەوەی کە باستان کرد کە کەسانێك پێشکەووتون و ڕۆڵیان بینیوەو خاوەنی پلەی زیاترن، ئەوە ڕاستە، وەمن بەوە زۆر ئاگادارم، بەڵام ئەوانە پاداشتیان لەسەر خوایە (سبحانە وتعالى) هەرکەسە بە پێی خۆی، بەڵام ئەم مووچەیە کە دابەشی دەکەین بۆ ژیانی دنیایەو یەکسان کردنیان باشترە، لە بەرزو نزمیی پێ کردنیان.

بەڵام عومەر (خوالێی ڕازی بێت) کە بوو بە خەلیفەی مسوڵمانان، لەو بارەوە هەڵوێستی جیابوو: {فَلَمّا كَانَ عُمَرُ بنُ خَطابِ وَجاءتِ الفتوحُ، فَضَّلَ وَقالَ: لا أجعَلُ مَن قاتَلَ رَسوُلُ اللهِ، كَمَن قاتَلَ مَعَهُ} ئنجا کاتێك کە عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێ) بوو بە خەلیفە و (دەوڵەتی ئیسلامیی فراوان بوو) دەستکەوت و غەنیمەت زۆر هات، گوتی: ئەوەی کە لە دژی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) جەنگیوە، وەك ئەوەی تەماشا ناکەم کە لە خزمەت پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)دا جەنگی کردوە، واتە: ئەوەی کە لە خزمەتییدا بووە، وەك هاوەڵان، وەك ئەوە مووچەی پێنادەم کە تا دوێنێ کافر بووە و دژایەتیی ئیسلامی کردوە، بۆیە موچەکانی بەرزو نزم پێ کردن. دیارە هەردوولاش بواری تێدا هەیە.

**٢- ڕێگا گرتن لە سەرانی قوڕەیش کە لەمەدینە بچنە دەرێ، یان ڕێ پێدانیان:**

وێنەیەکی دیکە ئەوە بوو کە لەسەردەمی عومەردا خوالێی رازی بێت، عومەر ڕێگای نەدەدا سەرانی مسوڵمانان لە قوڕەیش بچن بۆ شارەکانی دیکە و دەیگوت: لەمەدینەدا بمێننەوە، پێویستم پێتانە، ڕاوێژتان پێدەکەم!

دیارە مەبەستیشی بووە کە هەر کەسە نەچێت بۆ شارێك و خەڵکێك لە خۆی کۆبکاتەوەو چەند جەمسەرێك پەیدا بن، با مەرکەزییەت پارێزراو بێت، بەڵام لەسەردەمی عوسمان دا خوا لێی ڕازی بێت، ئەو دەرفەتی دا کە خەڵك

www.alibapir.com



لە هاوەڵانی بەڕێزو سەرانی قورەیش بە شارەکان دا بڵاو ببنەوە، وەکو لە کتێبی (الإباحة عند الأصوليين والفقهاء)دا هاتوە، کەواتە: ئەوانەش دوو هەڵوێستی جیابوون لە یەك مەسەلەدا، عومەر وای پێ باش بووەو عوسمان وای پێ باش بووەو هەرکامێکیان پاساوو بەڵگەی خۆی هەبووە، خوا لە هەمویان ڕازی بێت.

**٣- نموونەی سێیەم:**

**تەبەننیی کردنی چەند بیرو بۆچوونێکی فیقهیی دیاریکراو وە خەڵك پێوە پابەند کردنیان، یاخود سەرپشك کردنی خەڵك کە پێیانەوە پابەند بن، یان پابەند نەبن:**

وەك (أبو جعفر المنصور) کە (مالك)ی بانگ کرد وەپێی گوت: دەمەوێ کتێبێك دابنێی کە ئەو بیروڕا میانگیریانەی فیقهی تێدا کۆبکەیتەوە، ئەوەی کە زیاتر پێشەوایان و هاوەڵان لەسەریان کۆك بوون، وەخۆت دوور بگری لەسەختگیرییەکانی (عبدالله بن عمر)، وەخۆت دووربگری لە مۆڵەتەکانی (عبدالله بن عباس)، وە لە شتە ڕیزپەڕەکانی (عبدالله بن مسعود)، وەگوتی: {لِنَحمِلَ الناسَ على عَمَلِكَ وَكُتُبِكَ وَ نَبُثّها في الأمصار وَنعهدَ إلَيهِم ألا يُخالِفوها} (١)

واتە: بۆ ئەوەی کە ئێمە مسوڵمانان لەسەر کتێبەکەی تۆ کۆبکەینەوە وە بە شارەکان دا بڵاوی بکەینەوەو بەخەڵك ڕابگەیەنین کە پێچەوانەی نەجووڵێنەوەو پێیەوە پابەندن. (واتە: مسوڵمانان لەسەر یەك مەزهەب کۆبکەینەوە)، بەڵام (مالك) خوا لێی ڕازی بێت گوتی: نەخێر زانایانی دیکەش هەن و بیرو ڕای دیکەش هەن، کە بەشارەکان دا بڵاو بوونەوە، وە ئەوە باش نیەو وا باشە لە مسوڵمانان بگەڕێین، ڕای هەرکام لە زانایان و پێشەوایانیان پێ باش بوو، بە دوای ئەو ڕایە بکەون، نەك هەموو مسوڵمانان مولزەم بکەین بە بیروڕایەکەوە، بەڵام دیارە (مالك) بە (أبو جعفر المنصور)یش نەگوت: بۆت نیە ئەوە بکەی!

کەواتە: دەستەڵاتی شەرعیی بۆی هەیە لە هەندێ حاڵەت دا خەڵك مولزەم بکات بە بیرو ڕایەکی فیقهیی دیاریی کراوەوە، وە بۆشی هەیە سەرپشکیان بکات، کە بە تەئکید سەرپشکردنەکەیان باشترە، چونکە ئازادیی بیروڕا و

---

(١) هەمان سەرچاوە، ص ٣١٢.

www.alibapir.com



فراوانبوونی شەریعەتی زیاتر تێدا بەرجەستە دەبێت، بێگومانیش (مالك) و (أبو جعفر) لە تێگەیشتنی ئیسلام و بۆ دڵسۆزبوون و پێوە پابەند بوونی دا، زۆر لێك دوور بوون!

**لە کۆتاییدا دەڵێین:** حوکمڕان و کاربەدەستان لە بازنەی شەریعەت و سنووری بەرژەوەندیی گشتی مسوڵمانان دا، دەستیان کراوەیە کە مسوڵمانان پابەند بکەن بە بیروڕایەکی دیاریی کراوەوە، مادام لە شەریعەت دا جێگای ببێتەوە.

(العز بن عبد السلام) لەو بارەوە دەڵێ:

{يَتَصَرَّفُ الولاة وَنُوابُهُم بِما ذَكَرنا مِنَ التَصَرُّفاتِ بِما هُوَ الأَصلَحُ للموَلى عَلَيها وَدَرءاً لِلضَرَرِ وَالفَسادِ وَجَلباً للنَفعِ وَالرَشادِ}. (١)

واتە: مشوورخۆران و جێگرەکانیان دەستیان کراوەیە لە هەڵسوکەوت لەوەدا کە بە قازانجی دەبینن بۆ خەڵکەی کە لەبەردەستیانن، تاکو زەرەر و خراپەیان لێ دور بخەنەوەو قازانج و سەر ڕاستییان بۆ بێننە پێش.

---

(١) القواعد الكبرى، ج٢ ص ١٥٨.

www.alibapir.com


## بڕگەی هەشتەم:

## فەرمانبەریی بۆ كرانی حوكمڕان و هـــاوكارانــی ســـــنوورەكــەی:

ئێمە پێشتر لەكاتی توێژینەوەی بنەماكانی سیستمی حوكمڕانیی ئیسلامیی دا لە بنەمای هەشتەمدا: {فەرمانبەریی لە سنووری چاكەدایە} (الطاعة في حدود المعروف) بە درێژیی باسی ئەم مەسەلەیەمان كرد، كە حوكمڕانیی مسوڵمان، چ ئەوەی لە هەرەمی دەستەڵات دا قەرار دەگرێ، ئنجا هەرناوێكی هەبێت، وە چ ئەوانەش كە لە خوار ئەوە وەن، فەرمانبەریی بۆ كرانیان لە لایەن خەڵكەوە فەرزە، بەڵام لە سنووری شەریعەت داو لە شتێك دا كە لەگەڵ شەریعەت دا تێك نەگیرێ، كە دیارە شەریعەتیش هەمیشە فەرمان دەكات بەو شتانەی كە بەرژەوەندیی خەڵكیمان تێدایە، وە ڕێگریی لەو شتانە دەكات، كە زیان و زەرەری خەڵكیان تێدایە.

**جا ئێمە لە بەرئەوەی كە لەوێ بە تەفصیل باسمان كردووە، لێرە دووبارەی ناكەینەوەو تەنیا ئاماژە دەكەین بە چەند دەقێكی قورئان و سوننەت لەو بارەوە:**

١- خوا (سبحانە و تعالی) لەسوورەتی: (النساء) - ٥٩ - دا، دەفەرموێ:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ ﴿٥٩﴾ ﴾ النساء.

واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! فەرمانبەریی خوا بكەن، وە فەرمانبەریی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بكەن، وەهی كاربەدەستانێك كە لە خۆتانن، كەواتە: كاربەدەستانێك كە لە خۆمانن، مسوڵمانن و مسوڵمانان دایان دەنێن و كاریان پێ دەسپێرن، پێویستە بە قسەشیان بكەن - دیارە لە سنووری شەریعەت دا -.

www.alibapir.com


٢- پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە فەرمایشتێکدا دەفەرموێ:

{السَّمْعُ وَالطَّاعَةُ حَقٌّ مَا لَمْ يُؤْمَرْ بِالْمَعْصِيَةِ فَإِذَا أُمِرَ بِمَعْصِيَةٍ فَلَا سَمْعَ وَلَا طَاعَةَ} (أخرجه البخاري برقم: (٢٧٩٦)).

واتە: بیستن و بەقسەکردن یان گوێڕایەڵیی و فەرمانبەریی حەقە (واتە: مافی حوکمڕانە لەسەر خەڵك) بەمەرجێك فەرمان بە سەرپێچیی نەکرابێت، (واتە: شتێك کە سەرپێچیی فەرمانی خوا بێت و پێچەوانەو دژی شەریعەت بێت) هەرکاتێك فەرمان بە سەرپێچیی خوا کرا، نەگوێ دەگیرێ و نە فەرمانبەرییش دەکرێ.

٣- هەروەها پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:

{إِنَّمَا الطَّاعَةُ فِي الْمَعْرُوفِ} (أخرجه البخاري برقم: (٦٧٢٦)، ومسلم برقم: (١٨٤٠)، وأبو داود برقم: (٢٦٢٥)، والنسائي برقم: (٤٢٠٥)، وابن حبان برقم: (٤٥٦٧)).

کەپێشتر ئەو بەسەرهاتەمان هێنا کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئەم دەقەی لەبارەوە فەرمووە: واتە: گوێڕایەڵیی تەنها لە شتی پەسەند و چاك دایە، بەسەرهاتەکەشی بەکورتیی ئەوەیە: کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) مەفرەزەیەك دەنێرێ، فەرماندەی مەفرەزەکە لە سەر شتێك لێیان تووڕە دەبێ و دەڵێ: ئاگر بکەنەوە! ئەوانیش ئاگرێك دەکەنەوەو مەشخەڵی بەرز دەبێتەوە، ئنجا دەڵێ: بچنە نێو ئاگرەکە، هەندێك دەڵێن: بچین، هەندێك دەڵێ: نەچین، دوایی ڕادەوەستن، یەکێکیان دەڵێ: ڕاوەستن! بۆیە ئێمە شوێنی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کەوتووین و ئیمانمان پێی هێناوە، کە لە ئاگر بپارێزرێین، ئێستا چۆن بە پێی خۆمان دەچینە نێوی!!

دەچینەوە خزمەت پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)و بۆی دەگێڕینەوە، ئەگەر فەرمووی: بچنە نێو ئاگر، با ئاگرێکی دیکەمان بۆ بکاتەوەو دەچینە نێوی، وەئەگەر فەرموویشی مەچن! ئەو ناچین، کاتێك دەگەڕێنەوە بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) وە بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێڕنەوە دەفەرموێ:

{لَوْ دَخَلُوهَا مَا خَرَجُوا مِنْهَا أَبَدَاً}!!

ئەگەر چووبانە نێوی، هەرگیز لێی نەدەهاتنە دەرێ، واتە: كە لەدونیادا پێی سووتاون، لە دوارۆژیشدا پێی دەسووتان، چونكە ئەوە سەرپێچییە لە فەرمانی خوا!، ئنجا لەوەدا بوو فەرمووی:

{إِنَّمَـــا الطَّاعَـــةُ فِـــي الْمَعْـــرُوف}.

بێگومان بە قسە كردنی كاربەدەستان و حكومڕانان تەنها لە شتی پەسەند و چاك دایە، شتێك كە شەرع بە پەسەند و چاكی زانیوە.

٤- هەروەها پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەو بارەوە فەرمایشتی دیكەی زۆرن، بەڵام با كۆتایی ئەم مەسەلەیە، بەو هەڵوێستەی ئەبو بەكری صیددیق بێنین خوالێی ڕازی بێت كە هەڵدەبژێردرێ بە سەرۆكی مسوڵمانان (یەكەم خەلیفەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەچێتە سەر مینبەر وتار بۆ مسوڵمانان دەدات و دەڵێ:

{أَطيعوني ما أَطَعتم اَللهَ ورَسولَه فيكُم فإِن عصيتُ فلا طاعَةَ لي عليكم}.[1]

واتە: بەقسەم بكەن و فەرمانبەرییم بۆ بكەن، تاكو من فەرمانبەریی خواو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بكەم، ئەگەر سەرپێچییم كرد، هەقی فەرمانبەریی بۆ كرانم بەسەرتانەوە نیە.

(١) السيرة النبوية لابن هشام، ج٤ ص٣٩٣.

www.alibapir.com


## بڕگەی نۆیەم:

## مافی خەڵك لەچاودێریی و لێپرسینەوە و ڕاستكردنەوەی حوكمڕان و كاربەدەستاندا:

ئەم بابەتەش زۆر بەتەفصیڵ و بە ڕوونیی لە كاتی خستنە ڕووی نۆیەمین بنەمای سیستمی حوكمڕانیی ئیسلامییدا، لەژێر ناوونیشانی: {چاودێریی كردنی حوكمڕان و كاربەدەستان و ڕاستكردنەوەو لێپرسینەوەیان}دا، خراوەتە ڕوو، بۆیە لێرەدا هەر بەكورتیی دەڵێین: وەك لە ڕابردوودا باسمان كرد: لە ڕوانگەی ئیسلامەوە خەڵك خاوەنی ئەصڵیی دەستەڵاتە، وە حوكمڕانان تەنیا نوێنەری خەڵكن و وەكیلی خەڵكن، بۆ ئەوەی ئەو دەستەڵاتە كە لە ئەسڵ دا هی خەڵكە، بە پێی ئەو دەستەڵاتە شەریعەتیان بەسەردا پیادە بكەن.

كەواتە: حوكمڕان و بەرپرسان هەم لە بەرانبەر خوا (سبحانە وتعالى)و شەریعەتی خوادا بەرپرسیارن، وە هەم لە بەرانبەر خەڵك و جەماوەریش دا بەرپرسیارن، ئنجا بە تەئكید خوای زاڵ و توانا ئەنجامی بەرپرسیاربوونی خەڵك لە بەرانبەر خوا و شەریعەتەكەیدا، لە دوا ڕۆژدا دێنێتەوە دی و سزا و پاداشتی خەڵك دێنێتە گۆڕێ و دادگاییان دەكات، بەڵام خەڵك و جەماوەر لەدنیادا بەرپرسیارن بەرانبەر بەدەستەڵاتداران و حكومڕانانێك كە بۆ خۆیان دایان دەنێن و ئەركی حوكمڕانییان پێ دەسپێرن، بەرپرسیارن كە لێپرسینەوەیان لەگەڵ دا بكەن و چاودێرییان بكەن و ئەگەر لایان دا ڕاستیان بكەنەوە، وە ئەگەر پێویستی كرد لاشیان بدەن، وەك بەتەفصیڵ لەكاتی توێژینەوەی بنەمای نۆیەمین لە: بنەماكانی سیستمی حكومڕانیی ئیسلامییدا، باسمان كردووە.

**ئێستاش با تەماشای ئەم چەند دەقە بكەین:**

١- خوای بەرزو مەزن فەرموویەتی:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَخُونُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ وَتَخُونُوٓاْ أَمَٰنَٰتِكُمْ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٧﴾ ﴾ الأنفال.

www.alibapir.com


ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! خیانەت بە خواو بە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)و بە سپاردەکانتان مەکەن، لە حاڵێك دا کە دەشزانن. (أمانات) کۆی (أمانة)ە، واتە: سپاردە، کە هەر شتێکە کە بەکەسێك دەسپێردرێ، بۆ ئەوەی بیپارێزێ، ئنجا لەڕاستییدا گەورەترین ئەمانەت ئەمانەتی دەسەڵات و حوکمڕانییە دەبێت، وە کاتێك ئەمانەتی حوکمڕانیی دەپارێزرێ ئەمانەتەکانی دیکەش دەپارێزرێن، ئنجا لێرەدا خوای بێ وێنە بەگشتی ڕوو لە ئیمانداران دەکات.

کەواتە: مسوڵمانان هەموویان بەرپرسیارن بەرانبەر بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە لانەدات و تەنیا حوکمڕان بەرپرسیار نیە و تەنیا کاربەدەستان بەرپرسیار نین، بەڵکو خەڵك و جەماوەریش بەگشتی بەرپرسیارە، کە ئەگەر حوکمڕان و بەرپرسان لایان دا، دەستیان بگرن، وەك لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خوادا (صلی الله علیه وسلم) کە دەیانهێنن بە ڕوونیی دیارە.

٢- وە لە سوورەتی (ص)دا، خوای زاناو شارەزا بە (داود) کە پێغەمبەرێکی پایەبەرزی خوا بووەو مەلیکیش بووە، دەفەرموێ:

﴿ يَٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلۡنَٰكَ خَلِيفَةٗ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱحۡكُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ بِٱلۡحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلۡهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ لَهُمۡ عَذَابٞ شَدِيدُۢ بِمَا نَسُواْ يَوۡمَ ٱلۡحِسَابِ ٢٦ ﴾ .

خوا (سبحانه و تعالی) (داود) دەدوێنێت و دەفەرموێ: ئەی داود! ئێمە تۆمان کردۆتە جێنشین لەسەر زەوی، ئنجا لە نێو خەڵك دا بە حەق دادوەریی بکەو شوێن ئارەزوو مەکەوە (بەدوای عاتیفە مەکەوە) دەنا لە ڕێی خوا لات دەدات، بێگومان ئەوانەی لە ڕێی خوا لادەدەن، سزایەکی بە ئێشیان هەیە، چونکە ڕۆژی لێپرسینەوەیان لە بیرچۆتەوە.

٣- پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)یش لەو بارەوە فەرمایشتی زۆرن بۆ وێنە: فەرموویەتی:

{مَا مِنْ عَبْدٍ يَسْتَرْعِيهِ اللَّهُ رَعِيَّةً يَمُوتُ يَوْمَ يَمُوتُ وَهُوَ غَاشٌّ لِرَعِيَّتِهِ إِلاَّ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ} (أخرجه البخاري برقم: (٦٧٣١)، ومسلم برقم: (١٤٢)).

www.alibapir.com


واتە: هیچ بەندەیەك نیە خوا خەڵكێكی بخاتە بەردەست (واتە: بیكاتە سەرپەرشتیاریان) ئنجا دڵسۆزییەكی بۆیان نەبێت كە دەورەی هەموویان بدات، (ئەگەر وا نەبێت) بۆنی بەهەشتیَ ناكات (واتە: چاوی بە بەهەشت ناكەویَ) مادام دڵسۆز نەبێت بۆ خەڵك و وڵاتەكەی و هەر لە خەم خۆی و بنەماڵەی خۆی و وابەستەو دابەستەكانی دا بیَ و ئاگای لە خەڵك نەبێت، ئەوە بۆنی بەهەشتیَ ناكات.

٤- لە فەرمایشتێكی دیكەدا پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) دەفەرمویَ:

{ إِنَّهَا أَمَانَةٌ، وَإِنَّهَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ خِزْيٌ وَنَدَامَةٌ، إِلاَّ مَنْ أَخَذَهَا بِحَقِّهَا، وَأَدَّى الَّذِي عَلَيْهِ فِيهَا} (أخرجه مسلم برقم: (١٨٢٥)).

واتە: پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) بە یەكێك لە هاوەڵانی بەڕێزی - كە ئەبو زەڕە - دەفەرمویَ: بێگومان بەرپرسیارێتیی ئەمانەتە، وە لە ڕۆژی دواییدا مایەی شەرمەزاریی و پەشێمانییە، مەگەر كەسێك كە بە حەقی خۆی وەری بگریَ و ئەو حەقەی كە لەسەریشی پێویستە تێیدا، جێبەجێی بكات. بەحەقی خۆی وەری بگریَ، واتە: بە تەزویرو بە خۆ فەرزكردن و بەمیراتیی نا، بە قەناعەت و ئیرادەی ئازادانەی خەڵك چووبێتە سەر كورسی حوكم و ئەوكارەی پیَ سپێردرا بیَ، بەهەقی خۆی بەشایستەیی خۆی، پاشان هەر بەوەندەیش كاری تەواو نابێت بەڵكو دوای ئەوەی كە دەچێتە سەر حوكمیش، دەبێت بە حەقیش لە سەر ئەو كورسیە دابنیشێت و حوكمڕانیی بكات و دادگەریی بەرپا بكات، ئەگەر وانەكات ئەوە لە ڕۆژی قیامەت دا بۆی دەبێتە مایەی شەرمەزاریی و پەشێمانیی، بەڵكو هەر لەدنیاشدا تووشی شەرمەزاریی و پەشێمانیی دەبێت، وەك ئەوە ئێستا دەبینین تاغووت و دیكتاتۆرەكانی كە ساڵەهای ساڵە، خۆیان بەسەر مسوڵمانان دا فەرز كرد بوو، وەك موعەممەڕ قەززافیی و حوسنی موبارەك و زین العابدین و علی عبدالله صالح و بشار أسد...، دەبینین چۆن تووشی شەرمەزاریی و پەشێمانیی و ڕۆژڕەشیی و سەر بەهەشیی بوون!!!

www.alibapir.com


٥- هەروەها پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەربارەی ئەوە کە خەڵك بەپرسیارە بەرانبەر بە دەستەڵاتی جێبەجێکردن و حکومڕانان دەفەرموێ:

{وَاللَّهِ لَتَأْمُرُنَّ بِالْمَعْرُوفِ وَلَتَنْهَوُنَّ عَنِ الْمُنْكَرِ وَلَتَأْخُذُنَّ عَلَى يَدَيِ الظَّالِمِ وَلَتَأْطُرُنَّهُ عَلَى الْحَقِّ أَطْرًا وَلَتَقْصُرُنَّهُ عَلَى الْحَقِّ قَصْرًا -أَوْ لَيَضْرِبَنَّ اللَّهُ بِقُلُوبِ بَعْضِكُمْ عَلَى بَعْضٍ ثُمَّ لَيَلْعَنَنَّكُمْ كَمَا لَعَنَهُمْ} (أبو داود برقم: (٤٣٣٩)، وضعفه الألباني.

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) سوێند دەخوات و دەفەرموێ: دەبێ فەرمان بە شتی پەسەند بکەن و ڕێ لە شتی ناپەسەند بگرن، وە دەستی ستەمکار بگرن و بیگێڕنەوە بۆ حەق، وە کورتی بکەنەوە لە سەر حەق و نەهێڵن بەرەو ناهەق بڕوات، یان ئەگەر وانەکەن خوا دڵی هەندێکتان بە هەندێکتان دا دەدات و پێکتان وەردەکات، پاشان لەعنەتتان لێ دەکات (ئەی خەڵکی بێ هەڵوێست!) وەك چۆن لەعنەتی لە دەسەڵاتدارە زاڵمەکان کردوە (یان وەك چۆن لەعنەتی لە میللەتە پێشووەکان کردوە، کە دەستی ستەمکارەکانیان نەگرتوە و دەستی حوکمڕانەکانیان نەگرتووەو لەبەرانبەریان دا بێ هەڵوێست بوون، وەك چۆن لە عنەتی لەوان کردوە، لەعنەت لە ئێوەیش دەکات) کەسێك با مسوڵمانیش بێت کە بێ هەڵوێست بوو، ئەو هەڵوێستەی موستەهەقی نەفرەتی خوای باڵادەست دەبێ.

٦- هەروەها پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) هەر لەو بارەوە لە فەرموودەیەکی دیکەدا دەفەرموێ:

{أَفْضَلُ الْجِهَادِ كَلِمَةُ عَدْلٍ عِنْدَ سُلْطَانٍ جَائِرٍ} رواه ابو داود و الترمذي، وقال حديث حسن.

واتە: گەورەترین جۆری جیهادو تێکۆشان، گوتنی قسەیەکی هەقە لە لای دەستەڵاتدارێکی ستەمکار.

www.alibapir.com


٧- ئەبوبەکری صیددیقیش خوا لێی ڕازی بێت ڕۆژێك گوتی:
{قَالَ أَبُو بَكْرٍ بَعْدَ أَنْ حَمِدَ اللَّهَ وَأَثْنَى عَلَيْهِ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّكُمْ تَقْرَءُونَ هَذِهِ الآيَةَ وَتَضَعُونَهَا عَلَى غَيْرِ مَوَاضِعِهَا (عَلَيْكُمْ أَنْفُسَكُمْ لاَ يَضُرُّكُمْ مَنْ ضَلَّ إِذَا اهْتَدَيْتُمْ) قَالَ عَنْ خَالِدٍ وَإِنَّا سَمِعْنَا النَّبِيّ (صلى الله عليه وسلم) يَقُولُ (إِنَّ النَّاسَ إِذَا رَأَوُا الظَّالِمَ فَلَمْ يَأْخُذُوا عَلَى يَدَيْهِ أَوْشَكَ أَنْ يَعُمَّهُمُ اللَّهُ بِعِقَابٍ}
(أخرجه الحميدي برقم: (٣)، وأبو داود برقم: (٤٣٣٨)، والترمذي برقم: (٢١٦٨) وقال: صحيح، وابن ماجه برقم: (٤٠٠٥)).

ئەبو بەکری صدیق خوا لێی ڕازی بێت، ڕۆژێك ئەم ئایەتەی خوێندەوەو گوتی: ئەی خەڵکینە! ئێوە ئەم ئایەتە دەخوێننەوە: (ئەی خەڵکینە! وریای خۆتان بن! ئەگەر ئێوە ڕێی ڕاست بگرن، ئەوانەی کە ڕێیان ونکردوە، زیانتان پێ ناگەیەنن) گوتی: بەڵام من گوێم لە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بووە دەیفەرموو: هەرکاتێك خەڵك ستەمکاریان بینی، دەستیان نەگرت (کە: ڕێی لێ بگرن نەهێڵن زوڵم بکات) زۆر نێزیکە خوا سزایەکی گشتییان بۆ بنێرێ، کە هەموویان بگرێتەوە.

بۆیەش ئەبو بەکر خوای لێی ڕازی بێ، وایگوتوە، چونکە: ئەم ئایەتەکە ئەگەر مرۆڤ بە سەرکێڵیی تەماشای بکات، وەك بڵێی ئەوەی لێ وەردەگرێ کە مرۆڤ ئەگەر بۆ خۆی مسوڵمان بوو لە ماڵەکە خۆی دا، با حەقی نەبێت خەڵك چی دەکات، زەرەری بۆی نیە! بەڵام نەخێر، ئەم ئایەتە ئەوە ناگەیەنێ، چونکە ئەگەر تۆ مسوڵمانی باش بی، دەبێت نەهێڵی خەڵك زوڵم بکات و زوڵمیشی لێ بکرێ، مسوڵمانەتیی باش هەر ئەوە نیە کە ڕۆژوو بگری و نوێژ بکەی! دەبێ نەهێڵێ لە بازاڕیش زوڵم بکرێ و لە دائیرەش زوڵم بکرێ و نەهێڵی گەندەڵیی و دزیی بکرێ و نەهێڵێ خراپەکاریی هەبێ و فەرق و جیاوازیی هەبێت و...هتد.

مسوڵمانەتیی، تەنیا لە ماڵێ جێبەجێ نابێت، لە مزگەوت، لەبازاڕ لەکێڵگە، لە فەرمانگە، لەسەر دوانگە، لەهەموو کایەکانی ژیان دا دەبێ مسوڵمانەتیی بەرجەستە بکەین، مسوڵمانەتیی: تاکیی و خێزانیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی.

www.alibapir.com


## بڕگەی دەیەم:

## دەستلەکار کێشانەوەی حوکمڕان و کاربەدەستان و لادانیان و، کۆتاییهاتنی ماوەی کاریان:

هەرکەسێك دەبێتە بەرپرسی مسوڵمانان، چ حوکمڕانێکی گشتی بێت، کە وەك گوتم: کاتی خۆی پێی گوتراوە: پێشەوا، یان خەلیفە، یان فەرماندەی بڕواداران، سوڵتان، وە بە زاراوەی ئەمڕۆ پێی: دەگوترێ: سەرۆك کۆمار، یان سەرۆك وەزیران، بەڵێ بابای بەرپرس و لە بواری دووركەوتنەوەی لە کارەکەی دا، سێ حاڵەت ڕووی تێدەکەن:

**١- یان بۆ خۆی دەست لە کار دەکێشێتەوە.**

**٢- یان لادەبرێت.**

**٣- یاخود ماوەی حوکمڕانییەکەی کۆتایی پێ دێ.**

مردنیش ئەوە هەر هەیە، بەڵام مەبەستمان ئەوەیە کە کەسێك کە دەبێتە حوکمڕان، بەیەکێك لەو سێ شێوەیە لەسەر کار نامێنێت.

دیارە هەر کام لەو حاڵەتانەش لەشەریعەت دا ڕێگایان پێدراوەو هیچ تێکگیرانێکیان نیە لەگەڵ هیچ دەقێکی شەریعەت دا: دەگونجێت حوکمڕان و کاربەدەستی مسوڵمانان بۆ خۆی دەست لەکار بکێشێتەوە، وەك هەندێ لە خەلیفەکان وایان کردوە، وە دەگونجێ لایبدەن وەك هەندێك لادراون، وە دەشگونجێ ماوەی کارکردنی تەواوبێ و بڵێین: تۆ ماوەکەت تەواو بوو، نۆرەی یەکێکی دیکەیە، کە ئێستا ئەوە پێی دەگوترێ: دەستاو دەست پێ کردنی دەستەڵات، ئەویش دیسان لە شەریعەت دا، وەك پێشتریش بە تەفصیلٚ باسمان کردوە، هیچ دەقێکمان نیە ڕێمان لێ بگرێ، کە دەستەڵات دەستاو دەستی پێ بکرێ.

www.alibapir.com


## حاڵەتی یەکەم: دەستلەکار کێشانەوە (الإستقالة):

ئاشکرایە لەحاڵێك دا کە ئەو فەرزە کیفائییەی مرۆڤ پێی هەڵدەسێ، پەکی لەسەر وی بکەوێ، ئەو کاتە دەبێتە فەرزی عەین (واتە: فەرزە کۆمەڵییەکان کاتێك ڕوو لە کەسێکی دیاریی کراو دەکەن، دەبنە فەرزی تایبەت)، لەو حاڵەتەدا بۆی نیە دەستی لێ بکێشێتەوە، ئەگەرنا فەرزی کیفائیی، مرۆڤ بۆی هەیە دەستی لێ بکێشێتەوە، مادام کەسێکی دیکە هەبێت ئەو کارە بکات، بەڵام ئەگەر کەسی دیکە نەبوو، ئەو کاتە لەسەری دەبێتە فەرزی عەین، جا حوکمڕانێتی مسوڵمانانیش مەگەر لە هەقی ئەو کەسەدا بوویێتە فەرزی عەین و مسوڵمانانیش هەموو پێیان خۆش بێت بمێنێتەوە، واتە: کەسێکی دیکە نەبێت بیکات، ئەگەرنا بۆی هەیە دەستبەرداری کارەکەی بێ و وازی لێ بێنێت، جا چ حوکمڕانیی گشتی بێت، چ ئەرك و کارێکی دیکەی خوارتری پێ بسپێردرێ.

(الماوردي) لەو بارەوە گوتوویەتی: (وإذا خلَعَ الخليفة نفسه انتقلت إلى وَلي عَهدِهِ)[1]، واتە: هەر کات خەلیفە خۆی دارنی، دەستەڵات دەچێت بۆ ئەو کەسەی کە ئەو ڕای سپاردوە. دیارە ئێمە تێبینییمان لەسەر ئەو بڕگەیەی دووەمی هەیە و پێمان وایە کە لە ڕاستییدا دەستەڵاتی حوکمڕانیی هی کەسێك نیە، تاکو بیداتە کوڕەکەی، یان بیدات بە خزمەکەی، یان بیدات بەکەسێکی دیکەو ڕایسپێرێ! بەڵکو دەستەڵات هی خەڵکە و کاتێك ئەو کەسەی حوکمڕانیی مسوڵمانانی بەدەستەوەیە، دەستبەرداری بەرپرسیارێتییەکەی و ئەرکەکەی دەبێت، ئەوە حەقەکە دەچێتەوە بۆ خەڵك، چونکە لە ئەسڵ دا هی خەڵکە، وە دووبارە خەڵك بۆیان هەیە کە کەسێکی دیکە هەڵبژێرن و ڕابسپێرن، نەك مافێکی تایبەتی ئەو بێت و بیداتە کوڕەکەی یان خزمەکەی، ئنجا وەك بێشتریش باسمان کرد: ئەوانەی کە هەڵوێستەکەی ئەبو بەکر خوای لێی ڕازی بێت بە بەڵگە دێننەوە، لەو بوارەدا، کە ئەوەبوو لە نەخۆشیی کۆچکردنیدا نامەیەکی نووسیی و

---

(١) الأحكام السلطانية، ص٢٤.

www.alibapir.com



عومەری کوڕی خەتتابی ڕاسپاردو داوای لە مسوڵمانان، کرد کە من ئەوە (عومەری کوڕی خەتتاب) پێشنیار دەکەم، وەك (إبن تيمية)و زانایانی دیکەی بواری سیاسەتی شەرعیی گوتوویانە: ئەوەی ئەبوبەکر، دانانی عومەر نەبووە بە خەلیفە، چونکە ئەبو بەکر خوا لێی ڕازی بێت، حەقی نەبووە کەسێك دابنێت بە خەلیفە، وەك خۆی حەقی نەبووە خۆی دابنێت، مسوڵمانان دایان ناوە.

کەواتە: ئەوە تەنیا پێشنیاری ئەبوبەکر بووە بۆ مسوڵمانان، کە من وا پێشنیار دەکەم و عومەر خوا لێی ڕازی بێت، پیاوێکی شایستەیە، ئنجا (إبن تيمية) ڕەحمەتی خوای لێ بێت کە پێشتریش قسەکەیمان هێناوە، دەڵێ: ئەگەر گریمان مسوڵمانان بەیعەتیان بە عومەر نەدابایە، ئایا بەوە کە ئەبوبەکر ڕای سپاردوون و وەصیەتی بۆ کردوون، دەبووە خەلیفە؟![1] بە تەئکید نەخێر، چونکە کاتێك مرۆڤ دەبێت بە سەرۆکی مسوڵمانان کە مسوڵمانان ڕازی بن و پەیمانی پێ بدەن، بۆیە ئەگەر گریمان بەیعەتیان پێ نەدابایە، بەتەئکید نەدەبوو بە خەلیفە.

کەواتە: لەجێی خۆدانان (- ولاية العَهْد - )ە کە دوایی لە سەردەمی ئومەوییەکان و عەبباسییەکان دا بە غەڵەت مومارەسە کراو کردیان بە حوکمی میراتیی، هیچ پەیوەندیی بەشەریعەتی ئیسلامییەوە نیە، وەئەوەی ئەبو بەکریش خوا لێی ڕازی بێت، تەنیا پێشنیارکردن بوو، کە بە تەئکید هەرکەسێکی دیکەش بۆی هەیە پێشنیار بکات و بڵێت: پێم چاکە فلان کەس سەرۆك بێت، بەڵام بێگومان پێشنیارەکەی پابەندکەر نیە بۆ مسوڵمانان، بەڵام دیارە لە سەردەمی ئومەویی و عەبباسییەکان دا، کردبوویان بە شتێکی پابەندکەر، باب دەمرد، کوڕەکەی هەر بە ئۆتۆماتیکی ئەوە خۆی حازر کردوەو تازە لە جێی بابی خەلیفەیە! ئنجا ئەوە لە کوێ و ئەوەی ئەبوبەکر لەکوێ کە گوتوویەتی: پێشنیار دەکەم عومەری کوڕی خەتتاب خەلیفە بێت و مسوڵمانانیش هەموویان پێیان چاك بووەو لە بەر ئەوەی کەپێیان چاك بووە بۆتە خەلیفە، نەك لە بەر ئەوەی ئەبوبەکر خوا لێی ڕازی بێت، پێشنیاری کردوە!!.

---

(١) (... وكذلك عمر صار إماماً لما بايعوهُ و أطاعوه، ولو قُدِّر أَنهم لم يُنفِّذوا عهد أَبي بكرٍ في عمر، لم يَصِرْ إماماً...) المنتقى (مختصر منهاج السنة النبوية) لابن تيمية، للذَّهبي: ص٦٢.

www.alibapir.com


(إبن قتيبة) لەوبارەوە کە ئەبو بەکر دوای ئەوەی مسوڵمانان دایدەنێن، پێش ئەوەی دەست بەکاربێت، سێ ڕۆژان داوا لە مسوڵمانان دەکات، دەست لە کار بکێشێتەوە، ئنجا (إبن قتيبة) دەڵێت: ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە حوکمڕانیی مسوڵمانان بۆی هەیە دەست لە کار بکێشێتەوە، دەڵێ:

{لَمّا تَمّت بَيعة أَبي بَكر فَقامَ ثلاثة أيّام على المنبر، يَقوم في النّاس ويستقيلهم فيَقول: قَد أقلتُكم في بَيعتي هَل مِن كارِهٍ هَل مِن مبغضٍ؟ فيقوم عليٌّ في أوّلِ النّاس فيَقول: وَاللهِ لا نقيلك ولا نستقيل أَبَداً قَد قدمك رسول الله لتَوجيهِ ديننا من الذي يَأخرك تَوجيه دُنيانا ؟!}. [١]

واتە: کاتێك ئەبو بەکر بەیعەتی پێدرا، سێ ڕۆژان دەچووە سەر مینبەرو داوای لە خەڵك دەکردو دەیگوت: من دەست لە کار دەکێشمەوەو ئەوە من ئازادم کردن لەو پەیمانەی کە بە منتان داوە، ئایا کەس پێی ناخۆشە؟ ئایا کەس ڕقی لەمن هەڵدەستێ ؟ عەلی خوالێی ڕازی بێت لە پێش خەڵکیەوە هەڵدەستا دەیگوت: بەخوا هەرگیز لات نادەین و داوات لێناکەین لابچی، کاتێك پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) تۆی بۆ دینمان پێش ئێمە ختسوە، (واتە: لە نەخۆشی مەرگیدا تۆی کردوە بە ئیمامی ئێمە بۆ نوێژمان) کێ تۆ دوادەخات بۆ ئەوەی کە پێشمان بکەوی بۆ کاروباری دنیامان؟!

یانی: مادام پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) تۆی بۆ دینداریيمان پێش ختسوە، ئێمەیش تۆ بۆ دنیاداریيمان پێش خۆمان دەخەین. کەواتە: لە شەریعەتی ئیسلامییدا بواری تێدا هەیە کە حوکمڕانێك خۆی دەست لەکاربکێشێتەوە.

---

(١) الإمامة والسياسة، ج١ ص٢٦.

www.alibapir.com


## حاڵەتی دووەم: لادان (العــزل):

دیارە ئێمە ئەم مەسەلەیەمان لە بارەی کاتی توێژینەوەمان لە دەیەمین بنەمای سسیتەمی حوکمڕانیی ئیسلامییەوە: {چاودێریی کردنی دەستەڵات و حوکمڕانانداو ڕاستکرنەوەو لێپێچینەوەیان}، جوان ڕوونکردەوە وە مشتومڕی زانایانیشمان لەو بارەوە هێناوەو بەڵگەکانیشیانمان ختسۆتە ڕوو، بۆیە لێرە بەدرێژیی قسەی لێناکەین و بەکورتیی دەڵێین: لە ڕوانگەی شەریعەتەوە مادام مسوڵمانان گەیشتبنە ئەو قەناعەتەی کە فلان حوکمڕانە بە ئەرکی خۆی هەڵناسێ و وە ئامادەیی گەڕانەوەو ڕاستبوونەوەشی نیە، پاشان لە خۆشیان ڕادەبینن و لە هەل و مەرجی خۆشیان ڕادەبینن، کە بە زیانێکی کەمتر لەوەی کە تێیدان، دەتوانن بیگۆڕن، ئەوە لەو حاڵەتەدا نەك هەر دروستە، بەڵکو پێویستیشە کەلای بدەن، وە خۆیان لە حوکم و دەستەڵاتی ئەو حوکمڕانە ناشایستەو نەگونجاوە دەرباز بکەن.

**ئینجا ئایا لادانی حوکمڕانان بنەما شەرعییەکەی چییە؟**

**لەڕاستییدا چوار بنەمای شەرعیی هەن، واتە مسوڵمانان لە سەر چوار بنەماو بەڵگەی شەرعیی دەتوانن حوکمڕانێك کە لێی ڕازی نەبن، لایبدەن:**

**١- بنەمای یەکەم :**

حوکمڕان وەکیل و نوێنەری خەڵکەو هەرکاتێك لە سنووری وەکیلایەتیی و نوێنەرایەتییەکەی کە بۆی دیاریی کرابوو دەرچوو، ڕەوایەتیی (شرعیه) لە دەست دەدات، یانی: کەسێك کە کەسێك دەکاتە وەکیلی خۆی و دەڵێت: تۆ وەکیلی منی، برۆ فلان کارم بۆ بکە! کاتێك چوو ئیشەکەی بە جۆرێکی دیکە کرد، کە بەزیانی ئەو کەسەیە کە (مَوَکِّل)یەتی، بۆی هەیە بڵێ: ئەوە تۆم لادا، دیارە خەڵك (موکِّل)ەو حوکمڕان وەکیلە، خەڵك دەڵێ: ئێمە تۆمان کردۆتە وەکیل و نوێنەری خۆمان، کە شەریعەتمان بەسەردا پیادە بکەی و دادگەرییمان بەسەردا بچەسپێنی و بەرژەوەندییەکانمان دابین بکەی! بەڵام کاتێك ئەو حوکمڕانە

www.alibapir.com


دادگەریی ناچەسپێنێت و ستەم دەكات و بەرژەوەندیی خەڵك جێبەجێ ناكات و، تووشی زیانیان دەكات و، ئەو دەستەڵاتەی پێی دراوە وە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆی بەكاری دێنێت، مانای وایە ئەو وەكیلە ئەو سنوورەی كە بۆی دیاریی كراوە، لێی دەرچووە، كەواتە: خەڵكەكە بۆی هەیە لای بدات.

**٢- بنەمای دووەم:**

حوكمڕان لە شەریعەتی ئیسلامییدا، لەسەر گرێبەست (عقد)ێك دەبێتە حوكمڕان، وە خەڵك بەیعەتی پێ دەدات و دەست دەخاتە نێودەستی: ئێمە تۆمان كردوە بەسەرۆكی خۆمان و بە بەرپرسی خۆمان، كە بەو ڕێیەماندا بەری، وە ئەو بەرژەوەندییەمان بۆ دابین بكەی، كاتێك ئەو حوكمڕانە كارێك دەكات و بە شێوەیەك ڕەفتار دەكات پێچەوانەی ئەو مەرجانەیە كە بۆی دانراون و پێچەوانەی نێوەڕۆكی ئەو گرێبەستە بێت، ئەوە مانای ئەوەیە كە گرێبەستەكەی هەڵوەشاندۆتەوەو لەهەمان كاتیش دا ڕەوایەتیی حوكمڕانییەتیی نەماوە.

**٣- بنەمای سێیەم:**

خەڵك و كۆمەڵگا فەرمان بە چاكە و ڕێگریی لە خراپەكردنیان لەسەر فەرزە، وەك پێشتر باسمان كرد، وە لادانی حوكمڕانان و كاربەدەستانی ستەمكارو لاڕێیش، لە پێشەوەی ئەو ئەركەیە، چونكە لە ڕاستیدا ئەو دەرهاوێشتە خراپانەی بە هۆی دەستەڵاتێكی نادادگەرو ستەمكارەوە پەیدا دەبن، زۆر زۆرن، بۆیە لابردنی ئەو مونكەرە، لە پێش هەموو مونكەرێكەوەیە، وە بەڕاستی چەسپاندنی ئەو چاكە (معروف)ە، كە هێنانی حوكمڕانێكی دادگەرە، لە پێش هەموو چاكەیەكەوە.

**٤- بنەمای چوارەم:**

مادام خەڵك هەقی دانان و كارپێسپاردنی حكومڕانیان هەبێت، دیارە مافی ئەوەشیان هەیە كە لاشیان بدەن، چونكە ئەوە بنچینەیەكی شەرعییە (من يملك حق التعيين، يملك حق العزل) هەركەسێك مافی دانانی كەسێكی هەبێت، مافی ئەوەیشی هەیە كە لایبەرێت.[1]

---

(١) النظام السياسي الإسلامي، ص٢٦٢، د. منير حميد البياتي.

www.alibapir.com


## حاڵەتی سێیەم: کۆتاییهاتنی ماوەی کار:

ئایا لە شەریعەتی ئیسلامییدا ڕێگا دراوەو دەرفەت هەیە، کە ماوەیەك دابنرێ بۆ کاری حوکمڕان؟ بۆ وێنە: ماوەی چوار ساڵ یەك دەورە، دوو دەورە، سێ دەورە، ئایا بواری تێدایە بۆ حوکمڕان دیاریی بکرێ؟ - وەك پێشتریش باسمان کردوە - بەڵێ، بواری تێدا هەیە و هیچ دەقێکی شەریعەت نیە کە مسوڵمانانی بەستبێتەوەو دەستی گرتبن، کە هەرکەسێکیان دانا بە حوکمڕان کاربەدەست، هەتا بۆ خۆی دێتە خوار، یان تا دەمرێ، هەر لەسەر کورسی بێت و ئەو کارەی بەدەستەوە بێت! هیچ دەقێکی شەرعیی لەو بارەوە نیە.

هەندێك کەس دەڵێن: ئەدی بۆچی بۆچی چوار خەلیفە ڕاشیدەکان (ئەبوبەکر) خوا لێی ڕازی بێت دوای دوو ساڵ و چەند مانگێك بۆ خۆی کۆچی دوایی کرد، (عومەر) خوا لێی ڕازی بێت دوای (دە) ساڵ و چەند مانگێك شەهید کرا، (عوسمان) خوا لێی ڕازی بێت دوای (دوازدە) ساڵ و چەند مانگێك شەهید کرا، (عەلی ) خوا لێی ڕازی بێ دوای چوار ساڵ و شەش مانگ شەهید کرا، دەڵێن: تەماشا دەکەین تاکو بۆ خۆیان نەمردوون یان نەکوژراون، هەر حکومڕان بوون!! دەڵێین: بەڵێ ڕاستە، بەڵام ئەمە تەنیا ئەوە دەگەیەنێت کە شەریعەتی ئیسلامیی لەسەر مسوڵمانانی فەرز نەکردوە کەلایان بەرن، بەڵام مانای وانیە کە ڕێی لێ گرتبن، لایان بەرن، ئەدی بۆچی بەجێی هێشتوە؟ بۆ ئیجتیهادی مسوڵمانانی بەجێهێشتوە، مسوڵمانان بۆیان هەیە لێیان گەڕێن، وە بۆشیان کاتی دیارییکراویان بۆ دابنێن.

بەڵێ، شەریعەت ڕێی لە مسوڵمانان نەگرتوە کە کاتێك دیاریی بکەن، بۆ وێنە: دوو دەورە دیاریی بکەن، وەك ئێستا لە سیستمی دیموکڕاسیی دا هەیە، بڵێن: ئەو سەرۆك وەزیرانە، ئەو سەرۆك کۆمارە، بۆی هەیە دەورەیەك سەرۆك بێت، دوو دەورە بێت، دەورەکە چوار ساڵ بێت، پێنج ساڵ بێت، حەوت ساڵ بێت، شەریعەت لەو بوارەدا دەستی مسوڵمانانی ئاوەڵا کردوە وە ڕێی لێ نەگرتوون کە چی بۆ خۆیان بە بەرژەوەندیی دەزانن وا بکەن.

www.alibapir.com



**دەتوانین لێرەدا ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بەبەڵگە بێنینەوە:**

{الْمُسْلِمُونَ عِنْدَ شُرُوطِهِمْ إِلاَّ شَرْطاً حَرَّمَ حَلاَلاً أَوْ شَرْطاً أَحَلَّ حَرَاماً} (أخرجه الطبراني برقم: (٣٠)، والبيهقي في (السنن الكبرى) برقم: (١١٢١٢)).

واتە: بڕواداران پابەندن بە مەرجەکانی خۆیانەوەو لە سەریان پێویستە لەسەر مەرجەکانی خۆیان بوەستن، مەگەر مەرجێك قەدەغەیەك حەڵاڵ بکات، یان حەڵاڵێك قەدەغە بکات.

واتە: مسوڵمانان کە مەرجێك لەسەر یەکدی دادەنێن، مەگەر ئەو مەرجە لەگەڵ دەقێکی شەریعەت دا تێکبگیرێ، ئەگەرنا دەبێت پێوەی پابەند بن، ئنجا ئایا ئەگەر مسوڵمانان بڵێن: فلان کەسی حوکمڕان! تۆمان بۆ یەك دەورە بەسەرۆك داناوە، بۆ چوار ساڵ، بۆ پێنج ساڵ، بۆ سێ ساڵ، یان چەند مەرجێکی دیکەی لەسەر دابنێن و بڵێن: تۆمان بەو مەرجانەوە داناوە: دەبێت دادگەریی بکەی، یان بەو مەرجە تۆمان داناوە کە نابێت پارتەکەت دەست وەربداتە کاری حکوومەت، یان. تۆمان بەو مەرجە داناوە، نابێت کوڕەکەت هیچی پێ بسپێری، یان تۆمان بەو مەرجە داناوە، نابێت خزمەکانت بکەی بە(ملۆزم) بەسەر خەڵکەوە! ئایا ئەگەر چەند مەرجێکی وای بۆ دابنێن، بۆیان هەیە؟ بەڵێ بۆیان هەیە، چونکە ئەو مەرجانە دژ ناوەستن لەگەڵ هیچ دەقێکی شەریعەت دا، بەڵکو دەبنە هۆی ئەوە کە زیاتر دادگەریی بچەسپێنرێ.

دیارە شەریعەت حوکمڕان و خەڵکی مولزەم نەکردوە بەوەوە کە مەرج دابنێن، بەڵام دیسان ڕێشی لێ نەگرتوون، کە مەرج دابنێن، وەك گوتیشمان: زۆربەی هەرە زۆری مەسەلەکانی حوکم و سیاسەت دەکەونە نێو بازنەی هەڵسوکەوتەکانەوە و بازنەی هەڵسوکەوتەکانیش چەند جارێك باسمان کرد، کە بناغە تێیان دا دەستکراوەیی و ڕەواییە و شەریعەت دەستی خەڵکی نەگرتوە کە حکومەت حەتمەن دەبێت ئاوا بێت و چوارچێوەو قاڵبێکی دانەڕشتووە،

www.alibapir.com



بەڵکو مسوڵمانانی ئازاد کردوە، چونکە خوا (سبحانە وتعالی) زانیویەتی کە بەڵێ: جەوهەری مرۆڤ نەگۆڕە، ڕووحی مرۆڤ، کەسایەتیی مرۆڤ، وەك مرۆڤ دەمێنێت، بۆیە یاسای نەگۆڕی بۆ داناون (وەك لەکتێبی: {تەوژمی ئیسلامیی و عەلمانیی خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان} دا {چەسپاوو گۆڕاو و لەدین و ژیندا} بە تەفصیلْ باسم کردوە)، شەریعەت بۆ ئەو لایەنانەی ژیانی مرۆڤ، کە ناگۆڕێن حوکمی نەگۆڕی بۆ داناون، وەك: ئیمان و عەقیدە، کە ناگۆڕێت، جیهانبینیی و بوونناسیی، کە ناگۆڕێت، عیبادەت، کە عیبادەت هەڵسوکەوتە لەگەڵ خواداو ناگۆڕێت: نوێژ، شتێکی دیاریی کراوە، ڕۆژووو حەج و زیکرو دوعا، ئەوانە دیاریی کراون و ناگۆڕدرێن، چونکە پەیوەندییان بەجەوهەری ئینسانەوە هەیە و ڕووحی ئینسانیش ناگۆڕێت، باری کەسێتیی گۆڕانی کەم بەسەردا دێ، لایەنی ئاکارو و ڕەوشت، ناگۆڕێ: درۆ هەر خراپە، ڕاستیی هەر جوانە، ئنجا ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بەو لایەنانەوە هەیە کە نەگۆڕن لە ژیاندا، شەریعەت یاسای نەگۆڕی بۆ داناون، بەپێچەوانەی لایەنە گۆڕاوەکانی ژیانەوە ئەو لایەنانەی کە گۆڕان زۆر ڕوویان تێدەکات، وەك بواری ئابووریی، بواری حوکم و سیاسەت، بواری جەنگ و ئاشتی، بواری پەیوەندییەکان، پەیوەندیە نێو دەوڵەتییەکان، شەریعەت دەقی کەمی داناون، بەڵکو چوارچێوەیەکی فراوانی داناوەو چەند هێڵێکی گشتی داناون، کە گرنگ ئەوەیە لەو چوار چێوە گشتییە نەچیینە دەرێ، بەڵام بۆشاییی زۆری هێشتۆتەوە، تاکو مسوڵمانان بە پێی پێداویستی کات و ژینگە و قۆناغ و هەل و مەرجەکانی ژیان گوزەرانی خۆیان، وە بەپێی پێداویستی ژیانی خۆیان، ئەو بۆشاییانە پڕبکەنەوە، وە یاسای پێویست هەڵهێنجن، لە یاسا گشتییەکانی قورئان و سوننەت، لەو دەقە کەمانەی کە شەریعەت دایناون بۆ ڕێکخستنی ئەو بوارانەی ژیانی مرۆڤ کە گۆڕانیان زۆر بەسەردا دێت، تاکو مسوڵمانان ئازاد بن، وە دەست و پێیان نەبەسترێ.

لێرەدا کۆتایی بە توێژینەوەمان دەربارەی سێیەمین پایەی دەوڵەتی ئیسلامیی دێنین کە بریتیی یە لەدەستەڵاتی جێبەجێکردن یان حکوومەت، وە خوا پشتیوان

بێت لە داهاتوودا دەست دەکەین بە توێژینەوەی سێیەمین و دوایەمین دەستەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامیی کە بریتیە لە دەستەڵاتی دادوەریی (السلطة القضائية).

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی هاوکارو یارمەتی دەری هەموو لایەکمان بێت، کە ئێمەش وڵاتی خۆمان، کە دەستەو یەخەین لەگەڵ کۆمەڵێك قەیران و تەنگژەدا، یارمەتیمان بدات کە هەمووومان کار بکەین بۆ ئەوەی سستەمێکی حوکمڕانیی دادگەرانانەی وامان هەبێت، کە هەمووومان لە ژێر سایەی دا کەسایەتیی و ماف و بوون و ئازادییەکانمان ببینینەوە، وە خوا یارمەتیمان بدات کە هەمووومان هاوکاری یەکدی بین و دەستبارگری یەکدی بین، بۆ ئەوەی دادگەریی بچەسپێنین و بەرژەوەندییەکانی هەمووولایەك بچەسپێنین، کە بەتەئکید وڵات بە دادگەریی بۆ هەموو لایەك فراوان دەبێت، بەڵام بە زوڵم و ستەم لە هەمووولایەك وەتەنگ دێت و مرۆڤ بە زوڵم ماڵی خۆشی لێوەتەنگ دێ، بەڵام بە ڕاستیی بە دادگەریی وڵات فراوان و فەڕاح دەبێت.

www.alibapir.com

# سـێیەم

# دەستەڵاتی دادوەریی

www.alibapir.com

www.alibapir.com


١- پێناسەی دەسەڵاتی دادوەریی.

٢- حوكمی هەبوونی دەسەڵاتی دادوەریی.

٣- ئەركی دەسەڵاتی دادوەریی و سنووری دەسترۆیشتنی.

٤- سەرنجێكی مێژوویی لەبارەی دەسەڵاتی دادوەریی یەوە لە ئیسلام دا.

٥- بنەماكانی دادوەریی كردن لە شەریعەت دا.

٦- مەرجەكانی دادوەر.

٧- چاودێریی كردنی دەسەڵاتی دادوەریی بەسەر هەرسێك دەسەڵاتەكانی: یاسادانان و جێ بەجێ كردن و دادوەریی دا.

٨- چۆنیەتی دانرانی دادوەران (القضاة).

٩- سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی.

١٠- دەستەبەركەرەكان (ضمانات)ی پاكیی و سەرڕاستیی دەسەڵاتی دادوەریی.

١١- دەسەڵاتی دادوەریی بواری گەشە كردن و بەرەو پیشچوونی زۆری تێدایە.

www.alibapir.com


## خاڵی یەکەم:

## پێناسەی دەسەڵاتی دادوەریی، (السلطة القضائية):

(إبن خلدون) لە کتێبی (المقدمة)دا ئاوا پێناسەی دەسەڵاتی دادوەریی دەکات:
(القضاء مَنصِبُ الفَصلِ بَين النّاسِ في الخُصوماتِ حَسماً للتَداعي وَقَطعاً للتَنازُع). (١)

واتە: دادوەریی پایەی لێکجیاکردنەوەی خەڵکە لە ناکۆکییەکان دا، بۆ ئەوەی کە داوای حەق لەیەکدی نەکەن، وە ناکۆکیی لە نێویان دا کۆتایی پێ بێت.

وە (المعجم الوسيط) کە فەرهەنگێکی ناوداری زمانی عەرەبی هاوچەرخە، ئاوا پێناسەی دەسەڵاتی دادوەریی دەکات:
(الهَيئةُ التي يُوكَلُ إلَيْها بحثُ الخصوماتِ للفَصلِ فيها طبقاً للقَوانين). (٢)

واتە: دەسەڵاتی دادوەریی دەستەیەکە کە لێکۆڵینەوە دەربارەی ناکۆکییەکانی پێ دەسپێردرێ، تاکو بە پێی یاساکان یەکلایی بکرێنەوە وەکێشەو ناکۆکییەکان بنبڕ بکرێن.

هەڵبەتە ئەرك و ئامانجی دەسەڵاتی دادوەریی بریتیە لە هەڵبڕین و یەکلایی کردنەوەی کێشەو گرفتەکانی خەڵکی بە پێی یاسا، تاکو دادگەریی بچەسپێت، وە هێمنیی و ئاسایش بەرقەرار بێت و ڕێ لە ئاشووب و ناکۆکیی و دووبەرەکیی نێوان خەڵکی بگیرێ.

دیارە ئێمە لە خاڵی سێیەم و خاڵی حەوتەم دا، باسی ئەرك و ئامانجەکانی دەسەڵاتی دادوەریی دەکەین، بەڵام لێرەدا هەروا بە کورتی ئاماژەمان پێدا، لە میانەی پێناسەکەیدا.

---

(١) ص٢٢٠.
(٢) ص ٧٤٣.

www.alibapir.com


## خاڵی دووەم:

## حوکمی هەبوونی دەسته‌ڵاتی دادوەریی:

ئایا دەستەڵاتی دادوەریی حوکمەکەی چیە؟ پێویستە هەبێت؟ سوننەتە؟ موباحە؟ چۆنە؟ دەڵێین: مادام ژیانی بەشەر لە تێکگیران و گرفت و کێشە و مشتومڕ خاڵی نابێت، وە بە بێ هەبوونی دەستەڵاتێکیش، کێشە و گیرو گرفتەکان و دەمە قاڵێیەکان و تێکگیرانەکان یەکلایی ناکرێنەوە، وە هەتا گرفت و کێشەکانیش یەکلایی نەکرێنەوە، وە خاوەن ماف و، ئەوەی کە لەسەر ناحەقە لێك جیانەکرێنەوەو، وە خاوەن حەق بە حەقی خۆی نەگات و ئەوەی کە ناحەقە حەقی لێ وەرنەگیرێتەوەو حوکمی بەسەردا نەچەسپێنرێ، دادگەریی ناچەسپێ.

ئنجا خوای پەروەردگاریش فەرمانی کردوە بەچەسپاندنی دادگەریی، کەواتە: هەبوونی دەستەڵاتی دادوەریی کە دەبێتەمایەی چەسپاندنی دداگەریی، پاشان نەهێشتنی گرفت و کێشەی نێوان خەڵکی، ئەوە شتێکی ئاشکرایەو عەقڵ دەلالەتی لەسەر دەکات و فیترەتی ساغ و وێڕای ئەوەش خوا (سبحانه و تعالى) لە قورئان دا لە چەند شوێنێکدا فەرمانی بە چەسپاندنی دادگەریی کردو.

بۆ وێنە: خوا دەفەرموێ:

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِۚ إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ سَمِيعَۢا بَصِيرٗا ﴿٥٨﴾﴾ النساء.

واتە: بێگومان خوا فەرمانتان پێدەکات کە سپاردەکان بە خەڵکی شایستەی خۆیان بسپێرن، وە هەر کاتێك لە نێوان خەڵك دا دادوەرییتان کرد، دادگەرانە دادوەریی بکەن، باشترین شتێك کە خوا ئامۆژگاریی ئێوەی پێدەکات ئەوەیە، بێگومان خوا بیسەری بینەرە. هەروەها خوا (سبحانه و تعالى) فەرموویەتی:

www.alibapir.com



﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ بِٱلۡقِسۡطِ شُهَدَآءَ لِلَّهِ وَلَوۡ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمۡ أَوِ ٱلۡوَٰلِدَيۡنِ وَٱلۡأَقۡرَبِينَۚ إِن يَكُنۡ غَنِيًّا أَوۡ فَقِيرٗا فَٱللَّهُ أَوۡلَىٰ بِهِمَاۖ فَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلۡهَوَىٰٓ أَن تَعۡدِلُواْۚ وَإِن تَلۡوُۥٓاْ أَوۡ تُعۡرِضُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٗا ١٣٥﴾ النساء

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! زۆر دادگەریی جێبەجێ بکەن و بیچەسپێنن، وە لەبەر خوا شایەدیی بدەن ئەگەر لەسەر خۆتان بێت، یان لەسەر باب و دایکتان، یاخود لەسەر خزمانیش بێت، ئەگەر ئەو کەسەی شایەدیی بۆ دەدەن، یان شایەدیی لەسەر دەدەن، هەژار بێ یان دەوڵەمەند بێ، خوا لەوان لە پێشترە، {واتە: لەبەر ئەوەی کە هەژارە بەلای دا دامەشکێنن، وە لەبەر ئەوەش کە دەوڵەمەندە دیسان بەزیانی و حوکم مەدەن، یاخود خاتری مەگرن} بەدوای ئارەزوو مەکەون بۆ ئەوەی دادگەریی بکەن، وە ئەگەر شایەدییەکە بگۆڕن یان پشتی تێبکەن، بێگومان خوا بەوەی دەیکەن شارەزایە.

کەواتە: خوا (سبحانه وتعالى) لەسەر ئیماندارانی فەرز کردوە، کە زۆر دادگەریی بچەسپێنن، وە بە تەئکید - وەك گوتمان - بە بێ هەبوونی دەستەڵاتی دادوەرییش ناگونجێ دادگەریی لە نێوان خەڵك دا بچەسپێندرێ بۆ یەکلاکردنەوەوی کێشە و مشتومڕەکانیان.

بۆیە زانایانی ئیسلام و شەرعزانان، دەستەڵاتی دادوەرییان بە یەکێك لە فەرزە کیفائیەکان داناوە، واتە: هەر کاتێك لە نێو مسوڵمانان دا دادوەریی کردنی دادگەرانە لە نێوان خەڵك دا نەبوو، بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەو مشتومڕەکانیان، ئەو کۆمەڵگایە هەموویان گوناهبار دەبن، وەك چواندنی هەر فەرزێکی دیکەی بەکۆمەڵ، فەرزە کیفائییەکانیش ئەوانەن کە بەگشتی ڕوو لە خەڵك دەکەن، ئنجا هەر کامێکیان ئەگەر کۆمەڵێك هەبوون پێی هەڵسن، لەسەر هەموویان لادەچێ، وە ئەگەر کەس نەبوو بەو ئەرکە هەڵسێ، هەموویان گوناهبار دەبن، بەڵکو (أَبو حامِد الغَزالي)و (إمامُ الحَرَمين) ڕەحمەتی خوایان لێبێت، دەستەڵاتی دادوەرییان بە گرنگتر لە جیهادیش داناوە، وە گوتوویانە:

www.alibapir.com



چونكە بە هۆی هەبوونی دەستەلاتی دادوەرییەوە خوێن و ماڵ و نامووس و هێمنیی و ئاساییشی خەڵك پارێزراو دەبێ، وە هەموو ئەو شتانەی كە پێویستە بپارێزرێن: دین و ژین و ئابڕوو كەرامەت و وەچەو ماڵ و سامان و هێمنیی و ئاساییشیان دەپارێزرێن.

بەڵام دەتوانین بڵێین: لەبەرامبەر دوژمنانی دەرەكییدا، جەنگ و جیهاد گەورەترین فەرزە لە كاتێك دا كە دەوڵەتی ئیسلامیی كۆمەڵگای ئیسلامیی لەلایەن دوژمنانەوە هەڕەشەی لێ دەكرێ، جەنگ و جیهاد لەو ڕووە وە گەورەترین ئەركی سەرشانی مسوڵمانانە، بەڵام بۆ هێمنیی ئاساییشی نێو خۆو بۆ بەرقەراركردنی دادگەریی لەنێو خۆدا، دیارە دەستەڵاتی دادوەریی لەو ڕووەوە، گەورەترین ئەركی سەرشانەو گەورەترین فەڕزی كیفائییە.[1]

---

(١) المغني لابن قدامة، ج٩ ص٣٤، كە قسەی هەركام لە (الغزالي) و (إمام الحرمين) ی هێناوە.

www.alibapir.com


## خاڵی سێیەم:

## ئەرکی دەسەڵاتی دادوەریی و سنووری دەستڕۆیشتنی:

ئێستا کە زانیمان دەسەڵاتی دادوەریی یانی چی؟ وە زانیشمان حوکمەکەی چۆنە؟ کە فەرزە لەسەر مسوڵمانان دەسەڵاتێکی دادوەرییان هەبێت، وە بە تەئکید تەنیا کاتێکیش دەگونجێ دەسەڵاتی دادوەریی هەبێت و کاری خۆی بکات، کە مسوڵمانان قەوارەی سیاسییان هەبێ، چونکە دەسەڵاتی دادوەریی بەبێ دەسەڵاتی سیاسیی ناتوانێ کاری خۆی بکات، لەبەر ئەوە دەبێ مسوڵمانان خاوەن قەوارەی خۆیان بن، ئنجا دەتوانن دەسەڵاتێکی دادوەرییان هەبێت بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەو مشتومڕەکانیان.

**ئنجا بزانین ئەرکی دەسەڵاتی دادوەریی چییەو سنووری دەستڕۆیشتنی چۆنەو تاکو کوێیە؟**

دیارە لە دەوڵەتی ئیسلامیی دا، قازی و دادوەر دەسەڵاتێکی زۆر فراوانی هەبووەو تاڕاددەیەکی زۆر دەستڕۆیشتوو بووە، وەهەر لە سەرەتاشەوە دەسەڵاتی دادوەریی سەرەبەخۆبووەو حکوومەت یان دەسەڵاتی جێبەجێکردن نەیتوانیوە دەست وەربداتە کارو بارییەوە، ئەگەر ویستبیێشی مەگەر لە چەند حاڵەتێکی دەگمەن دا، ئەگەرنا بۆی نەچۆتە سەر.

هەڵبەتە ئێمە لە دواییدا باسی ئەو مەسەلەیە دەکەین، بەڵام ئێستا باسی ئەرکی دەسەڵاتی دادوەریی و سنووری دەستڕۆیشتنی دەکەین، لەبەر ڕۆشنایی هەندێ قسەی (الماوردي)دا کە لە (الأحكام السلطانية)دا هێناویەتی، (الماوردي) ڕەحمەتی خوای لێ بێت، ئەرکەکانی دەسەڵاتی دادوەریی لە دە (١٠) خاڵ دا خستوونەتە ڕوو، کە ئێمە بەڕیز پێیاندا دەچین: دەڵێ:

{أَحَدُهَا: (فَصْلُ) فِي الْمُنَازَعَاتِ وَقَطْعُ التَّشَاجُرِ وَالْخُصُومَاتِ ، إمَّا صُلْحًا عَنْ تَرَاضٍ وَيُرَاعَى فِيهِ الْجَوَازُ ، أَوْ إجْبَارًا بِحُكْمٍ بَاتٍّ يُعْتَبَرُ فِيهِ الْوُجُوبُ}.

www.alibapir.com


واتە: **یەکەم:** ئەرکی دەسەڵاتی دادوەریی بریتیە لە یەکلایی کردنەوەی ناکۆکییەکان و کۆتایی پێ هێنانی مشتومڕەکان و دەمەقاڵێیەکان، یان بە هۆی صوڵحێکەوە کە هەردوو لا پێی ڕازی بن، کە لێرەدا ئەوە ڕەچاو دەکرێ کە دروست بێ، یاخود بە زۆرو بە بڕیارێکی یەکلایی کەرەوە کە بەسەر هەردوو لادا بسەپێنرێ و لەو حاڵەتەشدا پێویست دەبێ.

{وَالثَّانِي إِسْتِيفَاءُ الْحُقُوقِ مِمَّنْ مَطَلَ بِهَا وَإِيصَالُهَا إِلَى مُسْتَحِقِّيهَا بَعْدَ ثُبُوتِ اسْتِحْقَاقِهَا مِنْ أَحَدِ وَجْهَيْنِ: إِقْرَارٌ، أَوْ بَيِّنَةٌ}.

**دووەم:** وەرگرتنی حەق لەکەسێك کە وەخراندوویەتی و پشتگوێی خستوە گەیاندنی بە خاوەن حەق دوای ئەوەی کە ئەو مافانە دەچەسپێنرێن، بە یەکێك لە دوو ڕێگا: یان دەبێ ئەوەی کە حەقەکەی لەسەرە دانی پێدا بێنێ، یان دەبێ ئەوەی کە داوایەکە دەکات، بەڵگەیەك بێنێتەوە کە ئەو حەقەی لەسەر ئەو کەسە هەیە.

{وَالثَّالِثُ: ثُبُوتُ الْوِلَايَةِ عَلَى مَنْ كَانَ مَمْنُوعَ التَّصَرُّفِ بِجُنُونٍ أَوْ صِغَرٍ وَالْحَجْرُ عَلَى مَنْ يَرَى الْحَجْرَ عَلَيْهِ لِسَفَهٍ أَوْ فَلَسٍ حِفْظًا لِلْأَمْوَالِ عَلَى مُسْتَحِقِّيهَا وَتَصْحِيحًا لِأَحْكَامِ الْعُقُودِ فِيهَا}.

**سێیەم:** چەسپانی سەرپەرشتیی کردن لەسەر کەسێك کە ڕێی لێی گیراوە بۆ خۆی تەصەڕوف لە ماڵ و سامانی خۆیدا بکات، لەبەر شێتیی یان لەبەر گچکەیی (تەمەنی کەم بێت) وە (حَجر) خستنە سەر کەسێك کە پێویستە قەدەغەی بخرێتە سەر، (واتە: ڕێی لێ بگیرێ کە تەصەڕوف لە ماڵ و سامانی خۆیدا بکات) یان لەبەر ئەوە کە حاڵەتی عەقڵیی تەواو نیە، یان لەبەر ئەوەی کە موفلیس بووەو هیچی بە دەستەوە نەماوە، بۆ ئەوەی کە ماڵ و سامانەکان بپارێزرێن بۆ کەسانێك کە لەسەریانە، وە بۆ ئەوەی گرێبەستەکان ڕێك و ڕاست دەربچن.

{وَالرَّابِعُ: النَّظَرُ فِي الْأَوْقَافِ بِحِفْظِ أُصُولِهَا وَتَنْمِيَةِ فُرُوعِهَا وَالْقَبْضِ عَلَيْهَا وَصَرْفِهَا فِي سَبِيلِهَا، فَإِنْ كَانَ عَلَيْهَا مُسْتَحِقٌّ لِلنَّظَرِ فِيهَا رَاعَاهُ وَإِنْ لَمْ يَكُنْ تَوَلَّاهُ، لِأَنَّهُ لَا يَتَعَيَّنُ لِلْخَاصِّ فِيهَا إِنْ عَمَّتْ، وَيَجُوزُ أَنْ يُفْضِيَ إِلَى الْعُمُومِ وَإِنْ خُصَّتْ}.

www.alibapir.com


**چوارەم:** ئەرکی دەستەڵاتی دادوەریی: پاراستنی وەقفەکان (ئەو زەمین و خانوو شتانەی کە وەقف دەکرێن) ئەویش بە وەوە کە بنەڕەتەکانیان بپارێزرێن وە لق و پۆپەکانیان گەشە پێ بدرێن، (واتە: وەك ئەصڵەکەی پارێزگاریی لێ بکرێ، وە هەوڵیش بدرێ کە گەشەی پێ بدرێ و زیاد بکرێ وە لە کاتێك دا کە دێتە دەست وەربگیرێ و لە شوێنی خۆی دا بە شێوەیەکی شەرعیی خەرج بکرێ.

{وَالْخَامِسُ : تَنْفِيذُ الْوَصَايَا عَلَى شُرُوطِ الْمُوصِي فِيمَا أَبَاحَهُ الشَّرْعُ وَلَمْ يَحْظُرْهُ...}.

**پێنجەم:** جێبەجێکردنی وەصیەتەکان بەپێی مەرجی (وەصیەتکەر)، وە لەوەدا کە شەریعەت ڕێگای پێ داوە وە قەدەغەی نەکردوە.

{وَالسَّادِسُ : تَزْوِيجُ الْأَيَامَى بِالْأَكْفَاءِ إذَا عَدِمْنَ الْأَوْلِيَاءَ وَدُعِينَ إلَى النِّكَاحِ}.

**شەشەم:** ئافرەتانێك کە هاوسەریان نیە (جا چ بێوەژن بن و هاوسەریان مردبێ کە لێرەدا (زیاتر مەبەست پێی ئەوانە ئەگەرنا وشەی (أيم) دەگونجێ مەبەست پێی ئافرەتێك بێت کەهەر لەئەصڵ دا شووی نەکردوە) بەشوودانیان بەکەسانی هاوکوفی خۆیان مادام سەرپەرشتیاریان نەبێ و پێویستیش بکات شوو بکەن، یاخود داوا بکەن کە شوو بکەن (دەستەڵاتی دادوەریی پێویستە ئەو جۆرە ئافرەتانە بەماڵ و حاڵی خۆیان بگەیەنێ و وەپرۆسەی هاوسەرگیرییان بۆ ئەنجام بدات)..

{وَالسَّابِعُ: إقَامَةُ الْحُدُودِ عَلَى مُسْتَحَقِّيهَا، فَإِنْ كَانَ مِنْ حُقُوقِ اللَّهِ تَعَالَى تَفَرَّدَ بِاسْتِيفَائِهِ مِنْ غَيْرِ طَالِبٍ إذَا ثَبَتَ بِإِقْرَارٍ أَوْ بَيِّنَةٍ، وَإِنْ كَانَ مِنْ حُقُوقِ الْآدَمِيِّينَ كَانَ مَوْقُوفًا عَلَى طَلَبِ مُسْتَحِقِّهِ}.

**حەوتەم:** بەرپاکردنی سزا شەرعییەکان لەسەر کەسانێك کە پێویستە سزا یان لەسەر جێبەجێ بکرێ، ئنجا ئەگەر ئەو سزایە لەو جۆرە بوو کە مافی خوای بەرزن، ئەوە دەستەڵاتی دادوەریی بۆ خۆی بە تەنیا بێ ئەوەی هیچ کەسێك داوا بکات، ئەو سزایە دەچەسپێنێ مادام بە دانپێداهێنان یاخود بەبەڵگە لەسەر ئەو کەسە چەسپابێت، وەئەگەر پەیوەندیی بە مافی ئینسانەکانەوە هەبێ، ئەوە دیارە ڕادەگیرێ تاکو ئەو کەسەی کە مافیەتی داوای دەکات.

www.alibapir.com


{وَالثَّامِنُ: النَّظَرُ فِي مَصَالِحِ عَمَلِهِ مِن الْكَفِّ عَنْ التَّعَدِّي فِي الطُّرُقَاتِ وَالْأَفْنِيَةِ وَإِخْرَاجِ مَا لَا يَسْتَحِقُّ مِن الْأَجْنِحَةِ وَالْأَبْنِيَةِ}.

**هەشتەم:** تەماشاکردنی بەرژەوەندیی گشتی لەوەدا کە کەسانێك سنوور نەشکێنن لە ڕێگاو بان و دروستکردنی خانوو بەرە، لە شوێنێك دا کە جێگای پێدا ڕۆیشتنی خەڵکەو بەرژەوەندیی گشتی خەڵکی تێدایە، وە لابردنی ئەوەی کە حەق نیە لەو خانوانەدا کە دروستکراون، لەسەر ڕێگاوبان لابردنیان و وە بەرگریی کردن لە مافی گشتی خەڵك.

{وَالتَّاسِعُ: تَصَفُّحُ شُهُودِهِ وَأُمَنَائِهِ وَاخْتِيَارُ النَّائِبِينَ عَنْهُ مِنْ خُلَفَائِهِ فِي إقْرَارِهِمْ وَالتَّعْوِيلِ عَلَيْهِمْ مَعَ ظُهُورِ السَّلَامَةِ وَالِاسْتِقَامَةِ وَصَرْفِهِمْ وَالِاسْتِبْدَالِ بِهِمْ مَعَ ظُهُورِ الْجُرْحِ وَالْخِيَانَةِ}.

**نۆیەم:** ئەرکی سەرشانی دەستەڵاتی دادوەریی ئەوەیە: کەچاو بەشاهیدەکانی داو ئەوانەی کە بەئەمینداری داناون، بگێڕێت، وە کەسانێك دابنێ بە نوێنەری خۆی لە دانپێداهێنان و لەپشت پێ بەستنیان دا، لە حاڵێك دا کە بزانێ سەلامەتن وە ڕاست ڕاوەستاوو پاکن (واتە: پشتیان پێ ببەستێ بۆ شایەدیی دان و بیانکاتە نوێنەر) وە گۆڕینیان بە کەسانی پاك و دادگەر لەکاتی لێدەرکەوتنی ناپاکیی و سیفەتی ڕووشێنەردا.

{وَالْعَاشِرُ: التَّسْوِيَةُ فِي الْحُكْمِ بَيْنَ الْقَوِيِّ وَالضَّعِيفِ وَالْعَدْلُ فِي الْقَضَاءِ بَيْنَ الْمَشْرُوفِ وَالشَّرِيفِ ، وَلَا يَتَّبِعْ هَوَاهُ فِي تَقْصِيرِ الْمُحِقِّ أَوْ مُمَايَلَةِ مُبْطِلٍ}. (١)

**دەیەم:** بریتیە لە یەکسانکردنی حوکم لە نێوان بەهێزو بێهێزدا، وە دادگەریی کردن لە دادوەریی دا لە نێوان کەسێك دا کە بەکەم پێگە دادەنرێ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، وە کەسێك بە خاوەن پێگە دادەنرێ، وە بە دوای ئارەزووی نەکەوێ لەوەدا کە کەسێك خاوەنی حەقە حەقەکەی بدرێتێ، هەروەها شوێن ئارەزووی ناکەوێ لەوەدا کە بەلای کەسی ناحەق دا دابشکێنێت.

---

(١) الأحكام السلطانية، ص١١٨، ١٢٠.

www.alibapir.com


لێرەدا پێویستە ئەوە بزانرێ کە ئەو دە (١٠) ئەرکە کە (الماوردي) بە ئەرکی سەرشانی دەستەڵاتی دادوەریی دایناون، لە دەوڵەتانی ئەم ڕۆژگارەی ئێستای ئێمەدا، ژمارەیەك لەو ئەرکانە چوونەتە چوارچێوەی صەلاحیەتی وەزارەتەکانی دیکەوە، وەك: وەزارەتی ئەوقاف و وەزارەتی شارەوانیی و وەزارەتی مافی مرۆڤ، لەو شوێنانە دا کە هەن، بەڵام دیارە ئەوکاتە هەموو ئەو ئەرك و دەستەڵاتانە لە چوارچێوەی دەستەڵاتی دادوەریی دا بوون، هەڵبەتە ئەوەش کە ئایا ئەو ئەرك و مافانە لە دەستەڵاتی دادوەریی دا کۆ بکرێنەوە یاخود هەندێکیان دابەش بکرێن بەسەر وەزارەتەکانی دیکە دا، لەو شتانەیە کە لەبازنەی ڕەوادایەو دەکەوێتە سەر ئیجتیهادو بۆچوونی پسپۆڕ و شارەزایان، واتە: شەریعەت دەستی خەڵکی نەگرتوە کە لە و بارەوە چ بڕیارێك بدەن، گرنگ ئەوەیە دادگەریی بچەسپێنرێ، ئنجا ئایا تەنیا لە ژێر ناوونیشانی دەستەڵاتی دادوەریی دا دەچەسپێنرێن؟ یاخود هەندێك لەو کارانە بە وەزارەتەکانی دیکە دەسپێردرێن؟ چۆن بەرژەوەندیی بێتەدی، شەریعەت هیچ تێبینییەکی لەسەری نیە.

www.alibapir.com


## خاڵی چوارەم:

## سەرنجێکی مێژوویی لەبارەی دەستەڵاتی دادوەرییەوە لە ئیسلام دا:

دەستەڵاتی دادوەریی لە دەوڵەتی ئیسلامییدا، پلە بە پلە گەشەی کردووەو فراوان بووە، وەك ڕیشەو بنەڕەتەکەی دیارە - وەکو باسی دەکەین - هەر لەسەردەمی پێغەمبەری خواوە (صلی الله علیه وسلم) دامەزراوە، بەڵام دوایی وردە وردە لەگەڵ فراوانبوونی دەوڵەتی ئیسلامییداو لەگەڵ ئاڵۆز بوونی کۆمەڵگاو بەرەو پێشچوونی دا ئەو دەستەڵاتەش، وەك هەر لایەنێکی دیکەی حوکمڕانیی و دەوڵەتداریی ئەویش گەشەی کردووەو زیاتر ڕێکخستن (نظم)ی تێدا پەیدا بووە.

**ئێمە لەسێ برگەدا مێژووی گەشەکردنی دەستەڵاتی دادوەریی باس دەکەین:**

**یەکەم:** لە ڕۆژگاری پێغەمبەری خوادا (صلی الله علیه وسلم).

**دووەم:** لە ڕۆژگاری خەلیفە ڕاشیدەکان دا.

**سێیەم:** لە ڕۆژگاری ئومەویی و عەبباسییەکان و ئەوانەی دوای وانیش.

### ١- لە ڕۆژگاری پێغەمبەری خوادا (صلی الله علیه وسلم):

ئەگەر تەماشای سیرەو ژیانی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بکەین، بۆمان دەردەکەوێ، کە دەستەڵاتی دادوەریی هەر لە سەرەتاوە هەبووە وە بە پلەی یەکەم بە دەستی پێغەمبەری خواوە (صلی الله علیه وسلم) بووە کە ئەویش لە سێ قۆناغ دا خۆی دەبینێتەوە:

**قۆناغی یەکەم لە مەککە:** دیارە مسوڵمانان کاتێك کەلە مەککە بوون، خاوەنی قەوارەی سیاسی نەبوون، تاکو دەستەڵاتێکی دادوەرییان هەبێت و کێشەو مشتومڕەکانیان یەکلا بکاتەوە، بەڵام دیسان ئەگەر ناکۆکیی و مشتومڕ و

www.alibapir.com


دەمەقاڵێ لە نێوانی دوو مسوڵمان دا هەبووبێ، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) وەك چۆن مامۆستاو چاوساغی مسوڵمانان بووە، لە هەموو ڕوویەكەوە، دیارە حەكەمیشیان بووە، بۆ چارەسەری ئەو كێشەو مشتومڕ و دەمە قاڵێیانەی كە هاتوونە پێشیان، وەك خوا (سبحانه و تعالى) فەرموویەتی:

﴿ وَمَا ٱخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِن شَيْءٍ فَحُكْمُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبِّى عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ ﴿١٠﴾ ﴾ الشورى.

واتە: لە هەر شتێك دا كەوتنە ڕاجیاییەوە حوكمەكەی دەگێڕدرێتەوە بۆلای خوا، ئەو پەروەردگاری منە، پشتم بەو بەستوەو بۆلای ویش دەگەڕێمەوە، بێگومان لێرەدا ئایەتەكە چەمكەكەی فراوانە، بەڵام بە تەئكید ئەوەش دەگرێتەوە كە ئەگەر مسوڵمانان مشتومڕێكیان هەبێت، كاتێك كە قەوارەی سیاسییان هەیە، چ كاتێك كە نیانە، دەبێ بگەڕێنەوە بۆ لای كەسێك كە پێشەوایانەو مشوورخۆرو سەرپەرشتیاریانە، تاكو كێشەو مشتومڕەكەیان بۆ چارەسەر بكات.

هەروەها لەسوورەتی (ص)دا كە ئەویش سوورەتێكی مەككییەو وەك سوورەتی (الشورى) خوا (سبحانه و تعالى) ئاماژە بەو مەسەلەیە دەكات و دەفەرموێ:

﴿ يَٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلْنَٰكَ خَلِيفَةً فِى ٱلْأَرْضِ فَٱحْكُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ بِٱلْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌۢ بِمَا نَسُوا۟ يَوْمَ ٱلْحِسَابِ ﴿٢٦﴾ ﴾ .

خوای كاربەجێ لە كۆتایی بەسەر هاتێك دا داوود ((عليه السلام)) دەدوێنێت و دەفەرموێ: ئەی داوود! ئێمە تۆمان كردوە بەجێنشین لەسەر زەوی، دەجا حوكم لە نێوان خەڵك دا بكەو دادوەرییان لە نێوان دا بكە بە حەق، وە بە دوای ئارەزوو (واتە: عاتیفەو سۆز) مەكەوە، دەنا لە ڕێی خوا لات دەدات، بێگومان ئەوانەی لە ڕێی خوا لا دەدەن، سزایەكی بە ئێشیان هەیە، بە هۆی ئەوەوە كە ڕۆژی لێپرسینەوەیان لە بیر كردوە.

www.alibapir.com


مەبەستم ئەوەیە کە هەر لە سوورەتە مەککییەکانیش دا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەگەر کێشەو مشتومڕ هەبوو، دەبێت بیگێڕنەوە بۆ لای خوا (سبحانە و تعالی) یانی: حوکمی خواو شەریعەتی خوا، کە دیارە پێغەمبەران (علیە الصلاة والسلام) ئەو حوکم و شەریعەتەی خوای پەروەردگاریان پیادە کردوە، لەسەردەمی (داوود)دا، وە لە دوای ئەو (سولەیمان)، وە هەموو پێغەمبەرانی دیکەدا بەهەمان شێوە، وە لە سەردەمی پێغەمبەری کۆتایشدا موحەممەد (صلی الله علیە وسلم)، هەڵبەتە ئەمە ئەوەی لێوەردەگیرێ، کە خوای پەروەردگار هەر لە سەرەتاوە ویستوویەتی مسوڵمانان حاڵی بکات کە بۆ چارەسەری کێشەو گرفتەکان هەموویان، بگەڕێنەوە بۆ لای شەریعەت، یانی بگەڕێنەوە بۆلای پێغەمبەری خوا (صلی الله علیە وسلم) و بۆ لای کەسێك کە شەریعەتیان بەسەردا پیادە دەکات، کە ئەوە وەك ڕاهێنان و مەشق پێکردن وابووە، بۆ ئەوەی کە دوایی مسوڵمانان دەوڵەتیان پەیدا بوو، لەلایان شتێکی بەڵگە نەویست و ڕوون بێ کە دەبێ بگەڕێنەوە بۆ لای شەریعەت و بۆلای کەسێك کە شەریعەتیان بەسەردا پیادە بکات بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەو گرفتەکانیان، ئەگەرنا بە تەئکید لە قۆناغی مەککە دا قەوارەی سیاسییان نەبووە، تاکو دەستەڵاتێکی دادوەریی هەبێت و حەق و ناحەق لەیەك جیا بکاتەوەو مشتومڕەکان کۆتایی پێ بهێنێت، ئنجا چ لەنێو مسوڵمانان خۆیان دا بێت، چ لە نێوان مسوڵمانان و نا مسوڵمانان دا، بەڵام وەك گوتم: ئەوە ڕاهێنانێك و مەشق پێکردنێك بووە، بۆ ئەوەی کە دوایی لەقۆناغی مەدینەدا زۆر بە شێوەیەکی ئاسایی بزانن کە دەبێت کێشەو مشتومڕەکانیان بگێڕنەوە بۆ لای تەرازووی شەریعەت.

**قۆناغی دووەمی لە مەدینەدا:** دووەمین قۆناغ لەسەردەمی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیە وسلم) دا سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامیی بووە لە مەدینە، دوای ئەوەی کە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیە وسلم) لە شاری مەدینەدا نیشتەجێ بووو دەستی کرد بە بنیاتنانی کۆمەڵگاو دەوڵەتی ئیسلامیی، یەکێك لە کارە گرنگەکانی کە لەو بوارە دا کردی، ئەوە بوو کە صەحیفەیەکی نووسی کە لە جێی دەستووری ئەم ڕۆژگارەی ئێستا بوو، وە

www.alibapir.com


لەو صەحیفەیەدا کۆمەڵێك هێڵی گشتی و بنەمای داناون بۆ بەڕێوە بردنی قەوارەو ئەو کۆمەڵگایە، یەکێك لەوانە لەو صەحیفەیەدا هاتوە: کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بە دادوەرو بە مەرجیع دانراوە، بۆ چارەسەری هەر کێشەو گرفتێك کە دێتە پێش، وەك لە بەندی (٢٣) ی صەحیفەدا هاتووە

(وَأنكُم مَهما اختَلَفتم فيهِ من شَيئٍ فإنَّ مَرَدّهُ إلى اللهِ وَإلى محمدٍ (صلى الله عليه وسلم)).

واتە: وە لە هەر شتێکدا کە کەوتنە ڕاجیاییەوە، پێویستە بگێڕدرێتەوە بۆ لای خواو بۆلای موحەممەد (صلى الله عليه وسلم)، هەروەها لە بەندی (٤٢)دا لە صەحیفەدا هاتوە:

(وَأنهُ ماكانَ بَينَ أهلِ هذهِ صَحيفةِ مِن حَدَثٍ أو إشجارٍ يُخافُ فَسادُهُ، فإنَّ مردَّهُ إلى اللهِ وإلى محمدٍ رسولِ الله وَإنَ اللهَ، على أتقَى ما في هذه الصحيفة وَأبَرّه). [(١)]

واتە: وە هەر شتێك لە نێوان کەسانێك دا کە ئەو صەحیفەیان ئیمزا کردوە، ڕووداوێك یان دەمە قاڵەیەك پەیدا بوو، کە مەترسیی هەبوو، پێویستە بگێڕدرێتەوە بۆلای خواو بۆ لای موحەممەد پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) وە بێگومان خوا ڕازییە بەباشترین شتێك کە لەو صەحیفەیەدا هاتوەو کامەی زیاتر پارێزی بۆ خوا تێدایە و سوودی بۆ خەڵك تێدایە پێویستە بەو شێوەیە جێبەجێ بکرێ.

دیارە هەر لەم قۆناغەش دا بوو کە ئەو ئایەتانەی سووڕەتی (النساء) هاتنە خوارێ، کە خوا (سبحانە وتعالى) لە ئایەتی: (٦٠) تاکو (٦٦)ی دابەزاند کە لەسەرەتاوە دەفەرموێ:

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓا۟ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوٓا۟ أَن يَكْفُرُوا۟ بِهِۦ وَيُرِيدُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا ﴿٦٠﴾﴾.

---

(١) مجموعة الوثائق السياسية للعهد النبوي والخلافة الراشدة، ص٦٢،٦١، ط ٨-٢٠٠٩.

www.alibapir.com


تاکۆتایی ئایەتەکان واتە: تەماشای ئەوانە ناکەی کە پێیان وایە ئیمانیان هێناوە بەوە کە بۆ تۆ نێردراوەتە خوار وە بەوە کە لە پێش تۆدا نێردراوەتە خوار، واتە ئیدیعا دەکەن کە ئیمانیان بە کتێبەکانی خوا هەیە کەچی دەیانەوێت تەحاکوم بۆلای تاغوت بکەن واتە کێشەو مشتومڕەکانیان بەرن بۆلای تاغوت لە حاڵێك دا کە فەرمانیشیان پێ کراوە کوفر بە تاغوت بکەن وە شەیتانیش دەیەوێت کە زۆر دووریان بخاتەوە تووشی گومڕاییەکی دوور لە ڕاستە شەقامیان بکات کە دیارە تاغوت مەبەست پێی هەرکەسێکە کە بە بێ شەریعەتی خوا حوکم دەکات، ئەم ئایەتانە لەو قۆناغە دا هاتونەتە خوارەوە.

**قۆناغی سێیەمی دەستەلاتی دادوەریی لەڕۆژگاری پێغەمبەری خوادا (صلى الله عليه وسلم) سالانی کۆتایی تەمەنی موبارەکی پێغەمبەری خوایە (صلى الله عليه وسلم):** کە لەو قۆناغەدا دەوڵەتی ئیسلامیی فراوان بووو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بۆی نەدەلوا کە بۆ خۆی ڕاستەوخۆ دادوەر بێت، کێشەو مشتومڕەکانی خەڵك یەکلایی بکاتەوە، بۆیە دادوەری دادەنان، یەکێك لەو کەسانە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) وەك دادوەر داینا (عومەری کوڕی خەتتاب) بوو، یەکی دیکە: (عەلی کوڕی ئەبو تالیب) بوو، یەکێکی دیکەیان (موعازی کوڕی جەبەل) بووە، وەك (الكتاني) لەکتێبی: (نِظام الحكومة الإسلامية، المسمّى بالتراتيب الإدارية)دا[1] باسی هەرکام لەعومەری کوڕی خەتتاب و عەلی کوڕی ئەبو تالیب و موعازی کوڕی جەبەل دەکات، کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کردوونی بە (قاضي) بۆ وێنە: لە (سنن الترمذي)دا هاتوە:

{أَن عُثْمَان قَالَ لابن عُمَر: اذْهَبْ فَاقْضِ بَيْنَ النَّاسِ، قَالَ: أَوْ تُعْفِينِي يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ! قَالَ فَمَا تكره من ذلك وقد كان أبوك يقضي؟}، (أخرجه الترمذي برقم: (١٣٢٢)، وإبن حبان برقم: (٥٠٥٦) وَضَعَّفَهُ كُل مِن الألباني وشعيب الأرنؤوط).

واتە: عوسمان خوا لێی ڕازی بێت بە عبداللە ی کوڕی عومەری گوت: دادوەریی لەنێوان خەڵکدا بکە! ئەویش گوتی: لێم ناگەڕێی ئەی فەرماندەی بڕواداران؟ ئەویش

---

(١) ج١ ص٢٢١، (فصل في قضاة رسول الله (صلى الله عليه وسلم)).

www.alibapir.com


گوتی: بۆچی بۆت ناکرێ و پێت ناخۆشە، خۆ بابیشت دادوەریی دەکرد.

(إبن العربي) گوتوویەتی:

(قَولُ عُثمانَ لعَبدِ اللهِ: إنَ أباكَ كانَ قاضياً، يعني لِرَسولِ اللهِ).

واتە: کە عوسمان بە عبدالله ی کوڕی عومەر دەڵێت: باببشت دادوەر بووە، واتە: دادوەری پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بووە.

دەربارەی (عەلی) خوا لێی ڕازی بێ:

{عن ابن عباس رضي الله عنهما قال: بعث النبي صلى الله عليه و سلم إلى اليمن علياً فقال: عَلِّمهمُ الشرائع و اقض بينهم قال: لا علم لي بالقضاء فدفع في صدره فقال: اللهم اهده للقضاء} (رواه الحاكم برقم: (٧٠٠٣) هذا حديث صحيح على شرط الشيخين و لم يخرجاه، تعليق الذهبي في التلخيص: على شرط البخاري مسلم).

عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) عەلی نارد بۆ یەمەن و فەرمووی: دەڵێ: بەرنامەکانی خوایان فێر بکەو دادوەرییشیان لەنێوان دا بکە، ئەویش گوتی: شارەزای دادوەریی نیم، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەستی لە سینگی داو فەرمووی: ئەی خوایە! دادوەریی فێربکە (ڕێنمایی بکە بۆ دادوەریی).

وە دەربارەی (موعازی کوڕی جەبەل) دەڵێ:

(وَمِنهُم مُعاذُ بنُ جَبَلٍ بَعَثَهُ النَبيّ (صلى الله عليه وسلم) كَما في {الإستيعابِ} إلى الجند: يُعَلِمُ الناسَ القرآن وشَرائعَ الاسلامِ وَيَقضِي بينَهُم وَجَعَل لَهُ قَبضَ الصَدَقاتِ مِنَ العُمّالِ الذين باليَمَنِ وَذلِكَ عامُ فَتحِ مَكَّة). (١)

واتە: یەکێکی دیکە لەوانە موعازی کوڕی جەبەلە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ناردی بۆ (جەنەد) کە خەڵك فێری قورئان بەرنامەکانی ئیسلام بکات و دادوەرییشیان لە نێوان دا بکات، وە زەکات و صەدەقاتیش لەوانەی کە سەرپەرشتیارن لەیەمەن کۆبکاتەوە، ئەوەش لە ساڵی فەتحی مەککە دا بوو.

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ج١ ص٢٢٢.

www.alibapir.com


هەروەها (الكتاني) باسی ژمارەیەكی دیكە لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەكات كەلە ڕۆژگاری پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دادوەرییان كردوەو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەستەڵاتی پێداون كە دادوەر بن، (اخرَجَ الطَبَرانيُ قالَ الشاميُّ بِرِجالِ الصحيحِ عَن مَسروقِ كانَ أصحابُ القَضاءِ على عَهدِ رَسولِ اللهِ (صلى الله عليه وسلم) سِتّاً: عُمَرَ وَعَلّياً وَعَبدَاللهِ بنِ مَسعودٍ وَأُبي بن كَعب وَزَيدَ بنِ ثابِت وَأبا موسى الأشعري) .[١]

دەڵێت: ئەوانەی كە لە سەردەمی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دادوەرییان دەكرد، شەش كەس بوون: عومەرو عەلی و عبدالله ی كوڕی مەسعوودو ئوبەی كوڕی كەعب و زەیدی كوڕی سابیت و ئەبو موسای ئەشعەریی خوا لە هەموویان ڕازی بێت، وەك (طبراني) هێناویەتی.

## ٢- لە سەردەمی چوار خەلیفە ڕاشیدەكان دا:

**(الكتاني) گوتوویەتی: لە (فتح الباري)دا هاتوە:**

{أخرج البيهقي بسند قوي أن أبا بكر لما ولي الخلافة ولى عمر القضاء و بسند آخر قوي: أن عمر استعمل عبد الله بن مسعود على القضاء، وكتب عمر إلى عماله: إستعملوا صالحيكم على القضاء وأكفوهم} .[٢]

واتە: بەیهەقیی بە سەنەدێكی بە هێز هێناویەتی: ئەبو بەكر خوا لێی ڕازی بێ كە كرا بەسەرپەرشتیارو خەلیفەی مسوڵمانان، عومەری كرد بە قازی، وە بە سەنەدێكی بە هێز هاتوە: كە عومەر خوا لێی ڕازی بێت عبدالله ی كوڕی مەسعوودی كرد بە دادوەر، وە عومەر نامەی نارد بۆ (عامل)ەكانی نارد (ئەوانەی كە لەسەر شارەكان دایدەنان وەك بەرپرس) كە ئینسانە صاڵحەكانتان بكەنە دادوەر وە مووچەشیان بۆ ببڕنەوە بۆ ئەوەی كە پێویستیان نەبێ (تاكو خەڵك نەتوانێت لەڕێی بەرتیل پێدانەوە زەفەریان پێ بەرێ و تووشی ناعەدالەتیان بكات).

---

(١) هەمان سەرچاوەو بەرگ و لاپەرە.

(٢) هەمان سەرچاوە، ج١ ص٢٢٣، ٢٢٤.

هەروەها (الكتاني) هێناویەتی، دەڵێت:

{وَفي (وفياتِ الاسلاف) ص٣٦٦: أَوَّلُ مَن نَصَبَ القاضيَ رَسولُ اللهِ (صلى الله عليه وسلم) حينَ بَعَثَ علياً وَمعاذاً إلى اليَمن وَأَوَّلُ مَن دَفَعَهُ إلى غَيرِه مِن الخُلَفاءِ عُمَرُ فولِيَ أَبا الدّرداءَ بِالَمدينَة وَأَبا موسى الأشعَري بِالكُفّة وَشُرَيحاً بِالبَصرَة تَخفيفاً لِنَفسِهِ في القِيامِ بِأَعْباءِ الخِلافَةِ وَالسّياسة}. [1]

واتە: لە كتێبی (وفيات الأسلاف) لاپەڕە: **٣٦٦**دا هاتوە: یەكەمین كەسێك كە دادوەری دانا لە ئیسلام دا، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بوو كە (عەلی كوڕی ئەبو تالیب)و موعازی كوڕی جەبەلی ناردن بۆ یەمەن، وە یەكەمین كەسێكیش كە دادوەریی بە غەیری خۆی سپارد، عومەری كوڕی خەتتاب بوو، كە ئەبو دەردائی لە مەدینە كردە دادوەر، وە ئەبو مووسای ئەشعەریی لە كووفەو شورەیحیشی لە بەصرە كردنە دادوەر، تاكو هەڵسووڕاندنی كاروباری خیلافەت و سیاسەت لەسەر شانی خۆی سوك بكات (چونكە بە هەموو ئیشەكان ڕانەدەگەیشت).

## ٣- لەسەردەمی ئومەویی و عەبباسیی دا:

پێویستە بگوترێ كە هەر لە سەردەمی چوار خەلیفە ڕاشیدەكانەوە دەستەڵاتی دادوەریی بە شێوەیەكی پلە پلەیی و هەنگاو بە هەنگاو جیا بۆتەوەو سەربەخۆیی پەیدا كردوە لە دەستەڵاتی یاسادانان و جێبەجێكردن، چونكە كە وردە وردە دەوڵەتی ئیسلامیی فراوان بووە و گەشەی كردوە، دەستەڵاتی دادوەرییش، وەك هەر دام و دەزگایەكی دیكەی دەوڵەت زیاتر گەشەی كردوە، لەسەردەمی ئومەوییەكان دا كە جارێ دەوڵەتی ئیسلامیی زۆر فراوان نەبوو بووو گەشەی نەكردبوو، جیاوازییەكی زۆری نەبوو لە چاو ڕۆژگاری پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و چوار خەلیفە ڕاشیدەكان دا، بەڵام لە ڕۆژگاری عەبباسییەكانەوە، دەستەڵاتی دادوەریی زۆر گۆڕانكاریی بەسەرداهات، هۆكارەكەشی وێڕای فراوانبوونی سنووری دەوڵەتی ئیسلامیی، چالاكبوونی جووڵانەوەی فیكریی و

---

(١) هەمان سەرچاوە، ج١ ص ٢٢٣، ٢٢٤.

www.alibapir.com


ئیجتهادو هەڵهێنجان بوو لەلایەن زانایانەوە، وە گرنگترین گۆڕانکاریی کە لە دەستەڵاتی دادوەریی دا لە سەردەمی عەبباسییەکان دا، دوو شت بوون:

**یەکەم: پەیدابوونی پلەی (قاضي القضاة)**

واتە: دادوەری دادوەرەکان، کە ئەوە لەسەردەمی (أبو جعفر المنصور)دا داهێنرا، یەکەم کەسیش کە ئەو پلەیەی پێدرا (أبو یوسف یعقوب بن إبراهیم) بوو کە شاگردو قوتابی (أبوحنیفه) بوو ڕەحمەتی خوایان لێبێت، خاوەنی کتێبی: (الخراج) کە کتێبێکی ناوداره وە کۆمەڵێك کتێبی دیکەشی هەن، (أبو یوسف) کرا بە دادوەری دادوەرەکان، واتە: سەرپەرشتیاریی هەموو دادوەرەکانی دەوڵەتی ئیسلامیی دەکرد.

**دووەم:**

گۆڕانکارییەکی دیکە کە پەیدا بوو، بریتی بوو لە پەیدا بوونی دادگای (ولایة المظالِم) مەبەست پێی چارەسەری ئەو کێشە و گرفتانە بوو کەلە نێوان خەڵکی ئاسایی و کەسانی بەرپرس و خاوەن پێگەی حکوومی و سیاسی دا ڕوویان دەدا، کە دیارە دادوەری ئاسایی دەستەڵاتی نەبووەو دەستی نەڕۆیشتوە بەسەر بەرپرسەکان دا، بۆیە دادگایەکی تایبەتیان دانا کە خاوەن دەستەڵات بێت و پێگەیەکی بە هێزی هەبێ تاکو حوکمی هەبێ و بڕیاری بڕوات بەسەر بەرپرسەکانیش دا کە ئەوەش لە داهێنانی دەوڵەتی ئیسلامیی بوو، واتە: ئەگەر بەرپرسێك زوڵمی کردبایە لە هاووڵاتییەك، ئەو قازییە کە بۆ ئەو مەبەستە دانراوە، ئەو کێشە و گرفتەی یەکلایی دەکردەوە، کە وەك گوتم: جاری وا هەبووە دادوەری ئاسایی دەستی نەڕۆیشتوە بەسەر ئەو جۆرە کەسانەدا، بۆیە دادگایەکی تایبەت بۆ بەرپرسان دانراوە، کە دیارە ئەوە لە سەردەمی عوسمانیەکانیش دا گەشەی پێ درا، هەتا دەوڵەتی ئیسلامیی لەسەر دەستی کەمال ئەتا تۆرك ڕووخێنرا لە ساڵی١٩٢٤دا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئیسلام دەست و پێی مسوڵمانانی نەبەستوە بۆ فراوانکردن و گەشە پێدان و بەرەو پێشبردنی دام و دەزگاکانی حوکمڕانیی، لە نێویان دا دەستەڵاتی دادوەریی کە تەماشا دەکەین

لەسەر دەمی پێغەمبەری خوادا (صلى الله عليه وسلم) تا ڕاددەیەکی زۆر سادە بووە، دوایی لەسەردەمی خەلیفە ڕاشیدەکان دا گەشەکردن و فراوانبوونی زۆری تێدا پەیدا بووە، دوایی وردە وردە لەسەردەمی ئومەویی و عەبباسییەکان و عوسمانییەکان دا، وەك هەر دەزگایەکی دیکەی حوکمڕانیی زیاتر گەشەی کردووە، وەك گوتم بەپێی گەشەکردن و بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگا، ئیسلام چوارچێوەیەکی فراوانی وای داناوە، کە دام و دەزگاکانی حوکمڕانییش بتوانن گەشە بکەن، بە پێی پێداویستیی ئەو ڕۆژگارە و ئەو خەڵکە کە لەو قۆناغەدا دەژین.

www.alibapir.com


## خاڵی پێنجەم:

## بنەماکانی دادوەریی کردن لە شەریعەت دا:

شەریعەتی ئیسلامیی بۆ هەر کارێك لە بواری هەڵس و کەوتەکان دا کۆمەڵێك بنەماو هێڵی گشتی داناون کە بەگوێرەیان بەڕێوە بچێت، هەڵبەتە ئێمە هەموو جارێ تەئکیدمان لەوە کردۆتەوە کە شەریعەتی خوای کاربەجێ لە بواری دەوڵەتداریی و حوکمڕانییدا ئیکتیفای کردوە بە دانانی چەند هێڵێکی گشتی و چەند بنەمایەکی سەرەکیی، وە نەچۆتە نێو وردەکارییەکانەوە، بۆ ئەوەی شتێکی وشك و قاڵب بەستوو نەخاتە بەردەستی کۆمەڵگا کە نەتوانن تێیدا بجووڵێنەوەو دەست و پێیان نەبەستێت، چونکە خوا (سبحانه و تعالى) کەبەهەموو شتێك زانایەو ئاگادارە، زانیویەتی و دەزانێت کە ژیانی بەشەر لە ڕووی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و بە ڕێوەبردنی وڵات و کۆمەڵگاوە، لە گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی بەردەوام دایە، بۆیە بە دانانی چەند هێڵێکی گشتی و چوار چێوەیەکی فراوان، ئیکتیفای کردوە، تاکو مسوڵمانان بە پێی پێداویستیی ڕۆژگاری خۆیان و هەل و مەرجە جۆراو جۆرەکانیان، ئەو بۆشاییانە پڕ بکەنەوە.

جا با سەرنج بدەین بزانین بنەماکانی دادوەریی کردن لە شەریعەت دا چین؟ هەڵبەتە من دوای سەرنجدانی زۆر لە کتێب و سەرچاوەکان، پێش ئەوەش لە ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)، دە (١٠) بنەمای گرنگم کەوتوونە بەرچاو، کە پێم وایە ئەو دە (١٠) بنەمایە، هەرکاتێك بویستریٔ دەستەڵاتێکی دادوەریی هەبێت کە دادگەرانە لە نێوان خەڵکدا دادوەریی بکات، پێویستە ئەو دە بنەمایە ڕەچاو بکرێن:

www.alibapir.com



## بنەمای یەکەم: دادوەریی سپاردەیەکی قورسە و دادوەری دادگەر خوای لەگەڵ دایەو، دادوەری ستەمکاریش شەیتان:

ئەم حەقیقەتە لە گەلێك لە ئایەتەکانی قورئان و فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)دا ڕاگەیەنراوە.

هەڵبەتە بۆیەش ئەمەم بە بنەمای یەکەم داناوە، چونکە بە ڕاستیی هەر کەسێك کە دەبێت بە دادوەر، پێویستە بزانێت کە سپاردەیەکی زۆر قورسی خستۆتە سەرشانی خۆی، پاشان دەبێ بزانێ، کە ئەگەر ڕووی لە چەسپاندنی دادگەریی بێ، خوا لەگەڵی دا دەبێت و کاری بۆ ئاسان دەکات و پشتی دەگرێ، وە پاداشتیشی لەلای خوایە لە دوا ڕۆژدا، وە بە پێچەوانەوە، ئەگەر چاوی لە ستەم و لادان بێت، ئەوە بە تەئكید شەیتان زەفەری پێ بردوەو سزاو جەزرەبەی سەختیش لە دوا ڕۆژدا چاوەڕێیەتی، وێڕای عەیبداریی و شەرمەزاریی دنیا.

خوا (سبحانه و تعالى) لە سوورەتی (الأعراف)دا دەفەرموێ:

﴿فَأَوْفُوا۟ ٱلْكَيْلَ وَٱلْمِيزَانَ وَلَا تَبْخَسُوا۟ ٱلنَّاسَ أَشْيَآءَهُمْ وَلَا تُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَٰحِهَا ۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٨٥﴾﴾.

شوعەیب (عليه السلام) بە گەلی خۆی (مەدیەن) دەفەرموێ: پێوان و کێشان بەتەواویی بکەن وە شتی خەڵك بە کەم مەگرن، یان ستەم لە خەڵك مەکەن، وە خراپەکاریی لە زەویدا مەکەن...

دیارە لێرەدا باسی کێشان و پێوانی تەواوو ماڵ لەخەڵك زەوت نەکردن و، شتی خەڵك بە کەم تەماشا نەکردن و، خراپەکاریی نەکردن لەزەویدا دەکات، بەڵام بە تەئكید کۆی ئەوانە یانی: چەسپاندنی دادگەریی.

پێغەمبەری خواش (صلى الله عليه وسلم) زۆر بە ڕوون و ڕاشکاویی دەفەرموێ:

{إِنَّ اللَّهَ مَعَ الْقَاضِي مَا لَمْ يَجُرْ فَإِذَا جَارَ تَخَلَّى عَنْهُ وَلَزِمَهُ الشَّيْطَانُ} (أخرجه إبن حبان برقم: (٥٠٦٢)، قال شعيب الأرنؤوط: إسناده حسن، والترمذي برقم: (١٣٣٠)، قال الألباني: حسن).

www.alibapir.com


واتە: خوا لەگەڵ دادوەر دایە مادام ستەم نەکات و لانەدا، بەڵام کە لایدا، خوا وازی لێدێنێت و شەیتان ملی دەگرێ و زەفەری پێ دەبات.

بۆیەش گوتمان: دادوەر ئەگەر بە دادگەرانە حوکم بکات، خوای لەگەڵ دایەو لە خزمەت خوای پەروەردگار دایەو خوا پشتیوانیەتی و خۆشی دەوێت، وە بە پێچەوانەوە شەیتان دەبێتە هۆگر و هاودەمی، بە تەئکید کەسێکیش شەیتانی لەگەڵ دا بێت، سەرەنجامی باش نابێت.

## بنەمای دووەم: دادگەریی:

دادگەریی گرنگترین بنەمای قەزاوەت و دادوەرییە لە ئیسلام دا، بەڵکو لە ڕاستییدا دەستەڵاتی دادوەریی هەر بۆ ئەوەیە کە دادگەریی بچەسپێنێت، خوا (سبحانە و تعالی) لە سووڕەتی (النساء)دا چەند جارێك ئەو ئایەتەمان هێناوە دەفەرموێ:

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِۚ إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ سَمِيعَۢا بَصِيرٗا ٥٨﴾ .

واتە: بێگومان خوا فەرمانتان پێدەکات کە سپاردەکان بگەیەننە دەستی خاوەنی خۆیان (واتە: سپاردەکان بگەیەننە شوێنی شایستەی خۆیان) وە هەرکاتێك دادوەرییتان لە نێوان خەڵك دا کرد، دادگەرانە دادوەریی بکەن، بێگومان ئەوە باشترین شتێك کە خوا ئامۆژگاریی ئێوەی پێدەکات، بێگومان خوا بیسەری بینەرە.

### توێژەرەوانی قورئان دەڵێن:

مەبەست لە (أمانات) لێرەدا، ئەمانەتی حوکمڕانییە، خوای دادگەر بەگشتی بە کۆمەڵگای مسوڵمان دەفەرموێ: ئەمانەتی حوکمڕانیی بەکەسانی شایستەی خۆیان بسپێرن، دوایی بە حوکمڕانەکان دەفەرموێ: هەر کاتێك دادوەرییتان لە نێوان خەڵك دا کرد، دادگەرانە دادوەریی بکەن.

www.alibapir.com


## بنەمای سێیەم: زانیاریی و شارەزایی:

بابای دادوەر دەبێ زانابێ بەحوکمە شەرعییەکان و شارەزا بێت لەواقیع و حاڵ و باڵی خەڵك، هەرکەسێك ئەو دوو سیفەتەی نەبن، بەتەئکید ناتوانێت دادگەرانەو بەشێوەیەکی ڕێك و ڕاست و سەر ڕاستانە حوکم بکات، بەڵکو دەبێ هەم شارەزای شەریعەت و یاساکانی و هەم شارەزای حاڵ و باڵی خەڵك و ڕووداوەکان و واقیع بێت، خوا (سبحانه و تعالى) فەرموویەتی:

﴿ وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ ۚ إِنَّ ٱلسَّمْعَ وَٱلْبَصَرَ وَٱلْفُؤَادَ كُلُّ أُو۟لَٰٓئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْـُٔولًا ﴿٣٦﴾ ﴾ الإسراء.

واتە: وەبە دوای شتێك مەکەوە کە زانیارییت دەربارەی نیە، بێگومان بیستن و دیتن و عەقڵ هەرکامێك لەوانە لێی دەپرسرێتەوە.

لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ ﴾، ئەوە هەردوو عیلمەکان دەگرێتەوە، دادوەر دەبێت عیلمی بە شەریعەت هەبێت ئەمجار بڵێت: من حوکم بە شەرع دەکەم، وە دەبێ شارەزای واقیع بێ، ئنجا دەتوانێ بزانێ کێ خاوەن هەقەو کێ ڕێی ناحەقی گرتوە.

پێغەمبەری خوایش (صلى الله عليه وسلم) لەوبارەوە کە زانیاری و شارەزایی پێویستە بۆ بابای دادوەر دەفەرموێ:

{القُضَاةُ ثَلَاثَةٌ: اِثْنَانِ فِي اَلنَّارِ, وَوَاحِدٌ فِي اَلْجَنَّةِ، رَجُلٌ عَرَفَ اَلْحَقَّ، فَقَضَى بِهِ، فَهُوَ فِي اَلْجَنَّةِ. وَرَجُلٌ عَرَفَ اَلْحَقَّ، فَلَمْ يَقْضِ بِهِ، وَجَارَ فِي اَلْحُكْمِ، فَهُوَ فِي اَلنَّارِ. وَرَجُلٌ لَمْ يَعْرِفِ اَلْحَقَّ، فَقَضَى لِلنَّاسِ عَلَى جَهْلٍ، فَهُوَ فِي اَلنَّارِ} (أخرجه أبو داود برقم: (٣٥٧٣)، والترمذي برقم: (١٣٢٢)، والنسائي في الكبرى برقم: (٥٩٢٢)، وابن ماجه برقم: (٢٣١٥)، والحاكم برقم: (٧٠١٢) وقال: صحيح الإسناد).

واتە: دادوەرەکان سێ جۆرن: دووانیان لە ئاگردان (ئاگری دۆزەخ) و یەکێکیان لەبەهەشت دایە: پیاوێك هەق دەناسێت و شارەزایی پێی هەیەو بەو شێوەیەش

www.alibapir.com



کە دەزانێت و شارەزایە دادوەریی دەکات، ئەوە لە بەهەشت دایە، دووەکانی دیکە کە لە دۆزەخ دان، یەکێکیان بەنەزانیی حوکم دەکات ئەوە لە ئاگر دایەو، ئەوی دیکەیان حەق دەناسێت بەڵام لادەدا، ئەوەشیان هەر لە ئاگردایە.

کەواتە: دەبێت دادوەر هەم حەق بزانێ و پێی شارەزا بێت، وە بەپێی حەقیش دادوەریی بکات، ئەوە پاداشتەکەی بەهەشتە، بەڵام ئەوەی کە بەنەزانیی حوکم دەکات، یاخود هەق دەزانێت و بەڵام لادەدا، هەردووکیان لە دۆزەخ دان.

## بنەمای چوارەم: پەلە نەکردن لە بڕیار دان دا، تاکو قسەی هەردوولای ناکۆك دەبیستێ:

زۆر گرنگە کە دادوەر پەلە نەکات و هەڵنەچێت وە بە شێنەیی گوێ لە هەرکام لەو کەسەی کە دەعوای هەیە، وە ئەو کەسەی کە دەعوای لەسەرە، هەردووك لایەن، یان ئەگەر دووان زیاتر بوون، پێویستە گوێ لە هەموویان بگرێ و قسەی هەموویان وەر بگرێ بەراووردیان بکات، پاشان ئەگەر پێویست بوو بەڵگەو شاهیدیان پێ بێنێت و سوێندیان بدات، ئنجا دوایی بڕیار بدات و پەلە نەکات.

لەوبارەوە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ:

{ إِذَا تَقَاضَى إِلَيْكَ رَجُلَانِ فَلَا تَقْضِ لِلْأَوَّلِ حَتَّى تَسْمَعَ كَلَامَ الْآخَرِ فَسَوْفَ تَدْرِي كَيْفَ تَقْضِي قَالَ عَلِيٌّ: فَمَا زِلْتُ قَاضِيًا بَعْدُ}، (أخرجه الترمذي برقم: (١٣٣١) وَقَالَ: هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ، وحسَّنَهُ الألباني).

واتە: واتە: ئەگەر دوو پیاو کێشەیەکیان هێنا بۆ لای تۆ، دەمەقاڵەیەکیان هێنا حوکم بۆ یەکەمیان مەدە کە قسەکە دەکات، واتە ئەوەی کە دەعواکەر (مُدَّعي)ە لەسەرئەوەی دیکە (مدَّعي عليه) بڕیاری بۆ مەدە، تاکو گوێبیستی قسەی ئەوی دیکەش نەبی، ئەوکاتە دەزانی، چۆن بڕیار دەدەی. (ئەوەش مەشهوورە کە ئەگەر کەسێك هات بۆ لات، چاوێکی لەسەر دەست بوو، مەڵێ تۆ: مەزڵوومی تاکو ئەوی دیکەش نەبینی، ڕەنگە ئەوی دیکە هەردووك چاوی کوێر بووبن!) عەرەبیش دەڵێن: (ظلَمني فَبَكى سَبَقَني فاشتكى) کەسێك

www.alibapir.com



ستەمکارە بەڵام دەستی خۆی پێش دەخات و خۆی بە مەزلووم دێنێتە بەرچاو! بۆیە دادوەر پێویستە بە هێمنی و بە شێنەیی بڕیاربدات و یەکسەر هەڵنەچێت.

خوای پەروەردگار لە سوورەتی: (ص) -٢١ تا ٢٦ - لەچەند ئایەتێکدا کە توێژەرەوانی قورئان هەندێکیان - ئەگەر نەڵێم زۆرێکیان - لە تەفسیری ئەو ئایەتانەدا بەهەڵە چوون و دووچاری ئەوە بوون کە بە هۆی کەوتنە ژێر کاریگەریی بەسەرهاتەکانی جوولەکەکانەوە (إسرائیلیات)، گومانی خراپ و تۆمەتی خراپ پاڵ دەنە لای پێغەمبەری خوا داوود (علیه السلام) کە من ئایەتەکان دەخوێنمەوە، دوایی بە خێرایی مانایان دەکەم کە ئەو ئایەتانە باسی ئەوە دەکەن کە پێویستە دادوەر پەلە نەکات لە بڕیاردان و لە حوکمدان دا -وەك باسمان کرد- بەڵام توێژەرەوانی قورئان بەسەرهاتێکی ئەفسانەیی یان هێناوەتەوە لە لێکدانەوەی ئایەتەکان دا، کەبەتەئکید لێکدانەوەی ئایەتەکان، هیچ پێویستی بەو حیکایەتە ئەفسانەیە نیە، کە بەڕاستیی کەم ئەدەبیی نواندنی بەرانبەر پێغەمبەری خوا داوود (علیه السلام) تێدایە: ئەمەش دەقی ئایەتەکانە:

﴿وَهَلْ أَتَىٰكَ نَبَؤُا۟ ٱلْخَصْمِ إِذْ تَسَوَّرُوا۟ ٱلْمِحْرَابَ ﴿٢١﴾ إِذْ دَخَلُوا۟ عَلَىٰ دَاوُۥدَ فَفَزِعَ مِنْهُمْ ۖ قَالُوا۟ لَا تَخَفْ ۖ خَصْمَانِ بَغَىٰ بَعْضُنَا عَلَىٰ بَعْضٍ فَٱحْكُم بَيْنَنَا بِٱلْحَقِّ وَلَا تُشْطِطْ وَٱهْدِنَآ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلصِّرَٰطِ ﴿٢٢﴾ إِنَّ هَٰذَآ أَخِى لَهُۥ تِسْعٌ وَتِسْعُونَ نَعْجَةً وَلِىَ نَعْجَةٌ وَٰحِدَةٌ فَقَالَ أَكْفِلْنِيهَا وَعَزَّنِى فِى ٱلْخِطَابِ ﴿٢٣﴾ قَالَ لَقَدْ ظَلَمَكَ بِسُؤَالِ نَعْجَتِكَ إِلَىٰ نِعَاجِهِۦ ۖ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلْخُلَطَآءِ لَيَبْغِى بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَقَلِيلٌ مَّا هُمْ ۗ وَظَنَّ دَاوُۥدُ أَنَّمَا فَتَنَّٰهُ فَٱسْتَغْفَرَ رَبَّهُۥ وَخَرَّ رَاكِعًا وَأَنَابَ ۩ ﴿٢٤﴾ فَغَفَرْنَا لَهُۥ ذَٰلِكَ ۖ وَإِنَّ لَهُۥ عِندَنَا لَزُلْفَىٰ وَحُسْنَ مَـَٔابٍ ﴿٢٥﴾ يَٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلْنَٰكَ خَلِيفَةً فِى ٱلْأَرْضِ فَٱحْكُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ بِٱلْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌۢ بِمَا نَسُوا۟ يَوْمَ ٱلْحِسَابِ ﴿٢٦﴾﴾ ص.

خوا دەفەرموێ: ئایا بەسەرهاتی ئەو کەسانەی کە پێکەوە ناکۆك بوون، پێت گەیشتوە؟ کاتێك کە بەسەر دیوار دا چوونە دیوی میحڕابەوە {واتە: ئەو ژوورەی

www.alibapir.com


داوود (علیه السلام) کە ژوورێکی تایبەت بووەو خواپەرستیی تیا کردوەو کەس نەچۆتە ژوورەوە بەبێ مۆڵەت، بەڵام ئەو کۆمەڵە ناکۆکە بە بێ ئیزن و مۆڵەت بەسەر دیوار دا بازیان دا لە ناکاو} کاتێك کە چوونە ژوورەوە داوودیش ترسا، {چونکە ئێشکچیی و پاسەوانی هەبووو کەس بەبێ مۆڵەت نەدەهات، لەبەر ئەوە ترسا} گوتیان: مەترسە ئێمە دوو کەسی ناکۆکین، یان دوو کۆمەڵی ناکۆکین، یەکێکمان ستەمی لەوی دیکەمان کردوە، تۆش بە حەق دادوەرییمان لە نێوان دا بکەو ستەم مەکە، وە بۆ ڕاستە شەقام و ڕێی ڕاست ڕێنماییمان بکە، (ئەوجار ئەو کەسەی کە دەعوای هەیە قسە دەکات و دەڵێت:) ئەمە برامە نەوەدو نۆ (٩٩) سەر مەڕی هەیە، منیش یەك سەر مەڕم هەیە، پێی گوتم: ئەو مەڕەی خۆشت بدە بەمن وە لە قسەکردنیشدا بەسەرم دا زاڵ بووو منی ئیلزام کرد کە ئەو مەڕەی خۆشمی بدەمێ (واتە: هی وی بن بە سەد مەڕ بەڵام من هیچ مەڕم نەبن!) داوود یەکسەر گوتی: بێگومان بەوە کە داوای ئەو مەڕەشی لە تۆ کردوە کە بیخاتە پاڵ مەڕەکانی خۆی، ستەمی لەتۆ کردوە، وە زۆرێك لەوانەی کە پێکەوە تێکەڵ دەبن، ستەم لەیەکدی دەکەن، مەگەر ئەوانەی کە خاوەنی ئیمان و کردەوەی باشن، ئەوانەش کەمن، دوایی داوود بۆی دەرکەوت کە ئێمە تاقییمان کردەوە، بۆیە داوای لێبوردنی لە پەروەردگاری کرد، وە بە ڕکووع دا چوو و گەڕایەوە بۆلای خوا، ئێمەش لەو هەڵەیە بوردمان، وە بێگومان لەلای ئێمە نزیکیی و سەرەنجامێکی باشی دادوەریی هەیە.

ئەی داوود! ئێمە تۆمان کردوە بە جێنشین لە زەوی دا. دەجا بەهەق دادوەریی لە نێوان خەڵك دا بکە وە بە دوای ئارەزوو مەکەوە (واتە: بەدوای عاتیفە مەکەوەو هەڵمەچوو) ئەگەرنا لە ڕێی خوات لا دەدا، بێگومان ئەوانەی کەلە ڕێی خوا لادەدەن سزایەکی بە ئێشیان هەیە بە هۆی ئەوەوە کە ڕۆژی لێپرسینەوەیان فەرامۆش کردوە.

**وەك توێژەرەوان دەڵێن:** خوا دوو فریشتەی لە شێوەی دوو پیاودا ناردوون، چونکە ئەگەر دوو پیاو بوونایە داوود علیه السلام کە پادشا بووە، سەرەڕای ئەوەی کە پێغەمبەر بووە بە بێ مۆڵەت وەر گرتن پاسەوانەکان نەیاندەهێشت،

www.alibapir.com


بەڵام دوو فریشتە بێ ئەوەی کە خەڵك هەستیان پێ بکات، یەکسەربە سەر دیواردا چوونە لای داوود (علیه السلام) بۆیەش لێیان ترساوەو پێی شتێکی سەیر بووە، دیارە فریشتەکانیش دەتوانن بچنە سەر شێوەی مرۆڤـ، وەك لە قورئان دا هاتوەو لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خواش (صلى الله علیه وسلم) هاتوە، دوایی ئەو دوو فریشتەیە خۆیان خستۆتە قاڵبی دوو پیاو کە پێکەوە ناکۆکن، یەکیان (٩٩) مەڕی هەیە، ئەوی دی یەك مەڕی هەیە خاوەنی (٩٩) مەڕەکە گوتوویەتی: تۆش ئەو مەڕەی خۆت بدە بەمن تاکو مەڕەکانی من ببنە سەدو تۆش هیچت نەبێت، یەکسەر ئەو قەزیەیە داوودی (علیه السلام) (إثارة)و ئیستیفزاز کردوەو هەڵچووەو بەبێ ئەوە گوێ لەوی دیکە بگرێ ئایائەو هەواڵە چۆنە؟ یەکسەر بڕیاری داوەو فەرموویەتی: بێگومان زوڵمی لە تۆ کردوە کە داوای لێکردووی مەڕەکەی خۆیشت بدەی بەو، هی ئەو ببنە سەد، هی تۆش هیچ مەڕت نەبن، لە ئەنجامی پەلە کردن لە بڕیار دان دا بێ ئەوەی گوێ لە قسەی ئەو کەسە بگرێ کە دەعوای لەسەرە، لە ئەنجامی ئەوەدا داوود (علیه السلام) بەهەڵەدا چوو، بۆیەش خوا دەفەرموێ: ﴿فَٱحۡكُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ بِٱلۡحَقِّ﴾ واتە: بەهەق دادوەریی لەنێوان خەڵك دا بکەو بەدوای عاتیفە مەکەوە، چونکە قازی دەبێت وریا بێت، جاری وا هەیە کەسێك دێت بە نەوعێك دادوەرە کە (إثارة) دەکات و وا خۆی بە مەزڵووم پیشان دەدات، ئەگەر خۆی مەرزەم و کۆنتڕۆڵ نەکات، یەکسەر حوکمی بۆ دەدا، لە حاڵێك دا کە ڕەنگە ستەمکاریش بێت، یان قسەکەشی ڕاست نەبێت!

ئنجا توێژەرەوان دەڵێن: دوای ئەوەی کە داوود بەخێرایی حوکمەکە دەدات و دەڵێت زوڵمی لێکردووی، بێ ئەوەی گوێ لەوی دیکە بگرێ! فریشتەکان تەماشای یەکدی دەکەن و پێ دەکەنن و دوایی لە پێش چاوی ون دەبن، بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿وَظَنَّ دَاوُۥدُ أَنَّمَا فَتَنَّٰهُ﴾ یانی داوود بۆی دەرکەوت کە ئێمە تاقییمان کردەوە، هەروەها بۆیە دواییش خوا دەفەرموێ: بە حەق حوکم بکەو بە دوای هەواو ئارەزوو واتە (بە دوای سۆزو عاتیفە مەکەوە).

www.alibapir.com


ئەمە تەفسیری ڕێك و ڕاستی ئایەتەكانە، بەڵام ئەو حیكایەت و درۆو دەلەسانەی كە دەكرێن، كە گوایە داوود (٩٩) هاوسەری هەبووە، ئینجا یەكێك لە فەرماندەكانی سوپاكەی بەناوی (ئۆریا) خێزانێكی جوانی هەبووەو تەماعی تێكردووەو دوایی ئەو فەرماندەیەی ناردوە بە كوشتنی داوەو ژنەكەی مارەكردۆتەوە! بە تەئكید ئەوە لە مسوڵمانێكی سادەش ناوەشێتەوە چ جای لە پێغەمبەرێكی پایە بەرز، وە ئایەتەكانیش هیچ ئەوە ناگەیەنن، بەڵكو وەك لە ڕواڵەتی ئایەتەكان دا دەردەكەوێ، وە لە پێغەمبەرانیش هەر ئەوە دەوەشێتەوە، بەو شێوەیە كە تەفسیرمان كردن ئەوە ماناكەیەتی، بەڵام تەفسیرەكەی دیكە لە پەیمانی كۆنی جوولەكەو نەصرانییەكان وەرگیراوە[1].

## بنەمای پێنجەم: دادوەر ئەگەر حوكمی ڕوونی لە قورئان و سوننەتدا چنگ نەكەوت، دەبێ كۆشش (إجتهاد) بكات و لەكاتی پێكان دا دوو پاداشت و لە كاتی نەپێكان دا پاداشتێكی هەر هەیە:

جاری وا هەیە كە دادوەر حوكی ئەو مەسەلەیەی لە قورئان دا دەست ناكەوێ و لە سوننەتی پێغەمبەری خواش دا (صلى الله علیه وسلم) دەستی ناكەوێ، خۆ دەستەو ئەژنۆ دانانیشێت، بەڵكو دەبێ لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەت دا ئیجتیهادو بكات ئەو كاتە ئەگەر پێكای دوو پاداشتی هەن و ئەگەر نەشیپێكا، پاداشتێكی هەر هەیە.

خوا (سبحانه و تعالى) دەفەرموێ:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ٥٩ ﴾ النساء.

---

(١) بڕوانە: التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد القديم/ سفر: صموئيل الثاني، الإصحاح: ١١، ص ٦٥٩.

www.alibapir.com


واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە! فەرمانبەریی خوا بکەن و فەرمانبەریی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بکەن،وە هی کاربەدەستانێك کە لە خۆتانن، وە ئەگەر لە شتێکدا کەوتنە ناکۆکییەوە، بیگێڕنەوە بۆلای خوا و پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)، واتە: بۆلای قورئان سوننەت و ئەگەر لە قورئان و سوننەتدا حوکمەکەی ڕاستەوخۆ هەبوو، ئەگەرنا لەبەر ڕۆشنایی ئەوان دا کۆشش بکەن و حوکمەکەی دیاریی بکەن.

پێغەمبەری خواش (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ:

{إِذَا حَكَمَ الْحَاكِمُ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَصَابَ فَلَهُ أَجْرَانِ. وَإِذَا حَكَمَ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَخْطَأَ فَلَهُ أَجْرٌ} (مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ: البخاري برقم: (٧٣٥٢) ومسلم برقم: (١٧١٦))، عن عمرو بن العاص

واتە: دادوەر ئەگەر دادوەریی کردو کۆششی کرد، ئەگەر پێکای، دوو پاداشتی هەن، وەئەگەر کۆششی کردو نەیپێکا، پاداشتێکی هەر هەیە.

## بنەمای شەشەم: دادوەریی نەکردن لە کاتی تووڕەیی دا:

دادوەر نابێت کاتێك کە تووڕەیەو هەڵچووە، دادوەریی بکات، ئەگەرنا بە هەڵەدا دەچێت، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لە فەرمایشتێکدا دەفەرموێ:

{ لَا يَحْكُمُ أَحَدٌ بَيْنَ اثْنَيْنِ، وَهُوَ غَضْبَانُ }، (أخرجه أحمد برقم: (٢٠٥٤١)، والبخاري برقم: (٦٧٣٩)، وأبو داود برقم: (٣٥٨٩)، وابن ماجه برقم: (٢٣١٦)).

واتە: با هیچکەس لە کاتێکدا کە تووڕەیە لەنێوان دوو کەس دا دادوەریی نەکات. بەڵکو زاناو پسپۆڕانی بواری دادوەریی گوتوویانە: لە کاتێك دا کە دادوەر تینوویە، یان برسییە، یان سەغڵەتە، لەو حاڵەتانەداش دا نابێت دادوەریی بکات، چونکە بە تەئکید ئەو حاڵەتانە کاریگەرییان هەیە بۆسەر ئەوە کە پەلە بکات، یاخود نەیپێکێ لە حوکمەکەیداو لەو کاتەدا عەقڵی بەباشی کار نەکات.

www.alibapir.com



## بنەمای حەوتەم: خۆ دوور گرتنی دادوەر لەوەرگرتنی بەرتیل و دیاریی:

خوا (سبحانه و تعالى) لە سوورەتی (البقرة)دا دەفەرمویٚ:

﴿ وَلَا تَأْكُلُوٓاْ أَمْوَٰلَكُم بَيْنَكُم بِٱلْبَٰطِلِ وَتُدْلُواْ بِهَآ إِلَى ٱلْحُكَّامِ لِتَأْكُلُواْ فَرِيقًا مِّنْ أَمْوَٰلِ ٱلنَّاسِ بِٱلْإِثْمِ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿١٨٨﴾ ﴾ .

واتە: وە ماڵی خۆتان لە نێو خۆتان دا بە ناحەق مەخۆن، کە بیبەن بۆ دادوەرەکان (وەك بەرتیل پێیان بدەن) تاکو بەشێك لە ماڵی خەڵکی بەناحەق و گوناهبارانە بخۆن، لە حاڵێك دا کە دەشزانن ناحەقیشە (شتی وا مەکەن).

پێغەمبەری خوایش (صلى الله عليه وسلم) نەفرینی لە بابای بەرتیل دەرو بەرتیل خۆر کردوە لەدادوەرییدا، ئەوەی کە بەرتیل دەدا وئەوەش کە بەرتیل دەخوات:

{ لَعَنَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى الله عَلَيه وسَلَّم الرَّاشِي وَالْمُرْتَشِيَ} (رواه أبو داود ( ٣٥٨٠)، والترمذي: (١٣٥٩) و إبن ماجه، قال الشيخ الألباني : صحيح).

واتە: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەعنەتی کردوە لە بەرتیل دەرو بەرتیل خۆر لە حوکم دا، واتە: ئەو کەسەی کە پارە دەدا بە دادوەر، وە ئەو دادوەرەش کە پارەکە وەردەگریٚ، وە سەرەنجام حوکمەکە بە قازانجی بابای بەرتیل دەر دەگۆڕیٚ، هەردووکیان لەعنەتیان لێکراوە.

## بنەمای هەشتەم: بابای دەعواکەر بەڵگەی ئاشکرای لەسەرەو، بابای دەعوا لەسەر کراویش سوێند:

وەك پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمویٚ:

{البَيّـــنةُ عـــلى المُـــدَّعـــي} (رواه مسلم برقم: (١١٧١).

واتە: کەسێك کە دەعوا دەکات بەڵگەی ڕوون و ئاشکرای لەسەرە (بَيِّنة) بەڵگەی ڕوون و ئاشکرایە، وەك دوایی ڕوونی دەکەینەوە، هەروەها پێغەمبەری خوا (صلى

www.alibapir.com


الله عليه وسلم) دەفەرموێ:

{الْبَيِّنَةُ عَلَى مَنِ ادَّعَى وَالْيَمِينُ عَلَى مَنْ أَنْكَرَ }(رواه الطبراني في (الكبرى) برقم: (١٦٢٢٢).

واتە: بەڵگەی ڕوون و ئاشكرا لەسەر كەسێكە كە دەعوا دەكات، وە سوێند خواردنیش لەسەر كەسێكە كە نكووڵیی دەكات.

هەروەها پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:

{لَوْ يُعْطَى النَّاسُ بِدَعْوَاهُمْ لاَدَّعَى نَاسٌ دِمَاءَ قَوْمٍ وَأَمْوَالَهُمْ وَلَكِنَّ الْيَمِينَ عَلَى الْمُدَّعَى عَلَيْهِ} (أخرجه أحمد برقم: (٣١٨٨)، والبخاري برقم: (٤٢٧٧)، ومسلم برقم: (١٧١١)، وابن ماجه برقم: (٢٣٢١)).

واتە: ئەگەر خەڵك تەنیا بەوە كە دەعوا دەكەن، شتیان بدرێتێ، پیاوانێك خوێن و ماڵ و سامانی كەسانێكی دیكەیان داوا دەكرد، بەڵام سوێند لەسەر كەسێكە كە دەعوای لەسەرە، واتە: ئەوەی كە دەعوا دەكات دەبێ بەڵگە بێنێتەوە، ئەوی دیكەش دەبێت سوێند بخوات، ئەگەر ئەوەی كە دەعوا دەكات بەڵگەی نەبوو، ئەگەرنا لە كاتێك دا ئەوبەڵگەی هەیە، سوێند نادرێت بە كەسێك كە دەعوای لەسەرە.

دیارە ئەگەر بابای داواكەر (مدَّعي) دوو شایەدی چنگ نەكەوتن، لەسەر ڕای زۆربەی هەرەزۆری زانایان شایەدێك و سوێند خواردنی خۆی (واتە بابای دەعواكەر شایەدێك بێنێت، وە خۆیشی سوێند بخوات) ئەوەش بەبەڵگەی ڕوون و ئاشكرا دادەنرێت، وەك لەم فەرموودەیەدا دیارە:

{عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) قَضَى بِيَمِينٍ وَشَاهِدٍ}. رواه مسلم برقم: (٤٥٦٩).

واتە: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دادوەریی كردوە (بڕیاری داوە) بە سوێندو بەشایەدێك، واتە: سوێندی بابای دەعواكەر، لەگەڵ شایەدێكیش كە شایەدیی بۆداوە، هەڵبەتە هەندێك لە زانایانیش دەڵێن: دەبێ دوو شایەد هەر هەبن.

www.alibapir.com


کەواتە: مەبەست لە (بَيِّنَةٌ) بە پلەی یەکەم یانی دوو شایەت، بەڵام دیارە زانایانی هاوچەرخ باسیان کردوە، کە: دەنگ تۆمارکردنی دەنگ و، وێنەی ڤیدیۆیی و، وە خەت و نووسین و پەنجە مۆر ئەوانەش بە (بَيِّنَةٌ) بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا، لە قەڵەم دەدرێن، مادام دادوەر دڵنیا بوو لەوە کە فێڵ نیەو ساختە نیە، کە ئەوە بابەتێکە دیارە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر دەکات، مەبەستم ئەوە کە وشەی (بَيِّنَةٌ) بەکارهێنراوە لە سوننەتی پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم)، تەنیا دوو شایەت مەبەست نین، بەڵکو هەرشتێکە کە بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا دابنرێ، بۆ نموونە: دانپێداهێنانی ئینسان گەورەی بەڵگەکانە (الإقرار سيد الأدلة).

## بنەمای نۆیەم: بڕیاری دادوەر بەپێی ڕواڵەتەو، ناحەق ناکاتە حەق و حەقیش ناکاتە ناحەق:

ئەوەش مەسەلەیەکی گرنگە، کەدادوەر کە بڕیار دەدات تەنیا پەیوەندیی بەڕواڵەتەوە هەیە، بەڵام لە لای خوای پەروەردگارو لە واقیع دا قەزیەکە چۆنە حوکمەکەی ناگۆڕێ، وەك پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ:

{إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ وَإِنَّهُ يَأْتِينِي الْخَصْمُ فَلَعَلَّ بَعْضَهُمْ أَنْ يَكُونَ أَبْلَغَ مِنْ بَعْضٍ فَأَحْسِبُ أَنَّهُ صَادِقٌ فَأَقْضِي لَهُ فَمَنْ قَضَيْتُ لَهُ بِحَقِّ مُسْلِمٍ فَإِنَّمَا هِيَ قِطْعَةٌ مِنَ النَّارِ فَلْيَحْمِلْهَا أَوْ يَذَرْهَا}. رواه البخاري برقم: (٢٤٥٨)، ومسلم برقم: (١٧١٣).

واتە: بێگومان من ئینسانێکم وە جاری وا هەیە دوو کەسی ناکۆك یان دوو تەرەف یان زیاتری ناکۆك، دێن بۆلام، هەندێکیان ڕەوانبێژترن و قسەزان ترن لە هەندێکیان، من وا دەزانم کە ئەوەی زۆر چاك و بەلێزانیی قسەکان دەکات هەرچەندە ناحەقیەتی، بەڵام هەر وا دەزانم کە ڕاست دەکات و خاوەن حەقەو من حەقەکەی پێ دەدەم، جا هەر کەسێك من حەقی مسوڵمانێکم پێدا لەبەر ئەوەی قسەزان و زمانلووس و ڕەوانبێژە، وە ئەوەی دیکە لەبەر ئەوەی کە باش نەیتوانیوە تەعبیر لە مافی خۆی بکات و حەقی خۆی چاك ڕوون بکاتەوە، (پێغەمبەری خواش (صلى الله عليه وسلم) ڕواڵەت دەبینێ و پەنهان (غَيب)

www.alibapir.com


بەس خوا دەیزانێ ئەوە بابزانێت کە پارچەیەکە لە ئاگر جا با یان ئەو پارچە ئاگرە هەڵگرێ یاخود وازی لێبێنێ.

کەواتە: ئەگەر تۆ توانیت بۆ خۆت، توانیت ناهەقێك بکە بەهەق (بەڕواڵەت) یاخود پارێزەرێك کە بەرگریی لەناحەق دەکات، تۆی سەرخست بەناحەق، بزانە کە لەلای خوای دادگەر ئەوە مایەی ئاگرو سزاو جەزرەبەیەو، ئەو ناحەقەی کە تۆ بەهۆی زۆرزانیی و فێڵزانیەوە کردۆتە بەحەق، یان بە هۆی دەستە پاچەیی تەڕەفی بەرانبەرەوە، لە لای خوای کاربەجێ لە قیامەت دا نابێتە حەق و هەر ناحەقە.

## بنەمای دەیەم و کۆتایی: هەرکات دادوەر بۆی دەرکەوت کە لە بڕیارەکەی دا بە هەڵە چووە، پێویستە دان بە هەڵەی خۆیدا بێنێت و بڕیارەکەی هەڵبوەشێنێتەوە:

دیارە ئەمیش عەقڵ و فیترەتی ساغ و سەلیم دەیخوازن و پێویستیی بە بەڵگە لەسەر هێنانەوە ناکات، لەو بارەشەوە ئەم شوێنەوار (أَثَر)ە هەیە:

{قال عبد الرزاق حدثنا معمر عن سماك بن الفضل عن وهب بن منبه عن الحكم بن مسعود الثقفي قال قضى عمر بن الخطاب رضي الله عنه في امرأة توفيت وتركت زوجها وأمها وأخويها لأبيها وأمها وأخويها لأمها فأشرك عمر بين الإخوة للأم والأب والإخوة للأم في الثلث فقال له رجل إنك لم تشرك بينهم عام كذا وكذا قال عمر تلك ما قضينا يومئذ وهذه على ما قضينا اليوم}.(١)

ئەم شوێنەوارە ئەوە دەگەیەنێت کە دادوەر هەرکاتێك بۆی دەرکەوت لە بڕیارو حوکمەکەیدا بە هەڵەدا چووە، پێویستە ڕاستی بکاتەوەو نەڵێ: وەختی خۆی مادام وام بڕیار داوە، عەیبە ئێستا لێی پەشێمان ببمەوە، بەڵکو عەیبە کە ئینسان لەسەر ناحەق بڕوات و هەرکاتێك بۆت دەرکەوت تۆ بە هەڵەدا چووی، دەبێ ڕایگەیەنێ کە من بە هەڵەدا چووم.

---

(١) إعلام الموقعين عن رب العالمين، ج١ ص ١١٩،١٢٠.

www.alibapir.com


حەكەمی كوڕی مسعوودی سەقەفیی دەگێڕێتەوەو دەڵێ: عومەری كوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێت وای دادوەریی كرد ئافرەتێك وەفاتی كردبوو هاوسەرەكەی لێ بە جێما بوو لەگەڵ دایكیی و، دوو برای باب و دایكیی و، دوو برای دایكییش، ئەویش دوو برا باب و دایكییەكەو دوو برا دایكییەكەی لە یەك لەسەر سێی میرات دا كردنە هاوبەش، (واتە: وەك یەك میراتی پێدان) پیاوێك پێی گوت: تۆ فلان ساڵە دوو برا دایكییەكەت لەگەڵ دوو برا باب و دایكیەكە نەكردنە هاوبەش لە سێ یەك دا، (واتە میراتت پێ نەدان) عومەر گوتی: ئەوەی ئەوكات وامان بڕیاردابوو، ئێستاش بەم شێوەیە بڕیار دەدەین و دادوەریی دەكەین. واتە: ئەوەی ئەو كاتەم پێ هەڵە بووەو ئەوەی ئێستام پێ ڕاستەو لە هەڵەكەی خۆم پاشگەزبوومەوە، دیارە عومەری كوڕی خەتتاب خوالێی ڕازی بێت، ئەم مەسەلەیەی وەك بنچینەیەكی دادوەریی، خستۆتە نێو ئەو نامەیەوە كە بۆ ئەبو مووسای ئەشعەریی ناردوە (كە قازیی بووە لە شاری بەصرە) خوا لە هەردووكیان ڕازی بێت وە شایەنی باسە ئەو نامەیە زۆر لە شارەزایان و پسپۆڕانی دادوەریی بە (دستور القضاء)، واتە: بەرنامەی دادوەریی دایان ناوە، كە من دەقی ئەو نامەیە دەخوێنمەوە، وەك لە (مجموعة الوثائق السياسية للعهد النبوي والخلافة الراشدة) د. محمد حميد الله، لە لاپەرە ٤٢٧و٤٢٨ دا، هێناویەتی، وە دوایی بەكورتیی مانای دەكەم، ئەمە دەقی ئەو نامەیە كە عومەری كوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێت، كە خەلیفەی مسوڵمانان بووە، بۆ ئەبو مووسای ئەشعەریی دەنێرێ كە والی بووە لە بەصرە، وە لە هەمان كات دا دادوەریش بووە:

{١-بسمِ اللهِ الرحمن الرحيم. ٢- من عبداللهِ عُمَرَ أمير المؤمنين الى عبد اللهِ بن قيسٍ-يعنى أبا موسا الاشعَرى - سلامٌ عليكَ ٣- أما بَعدُ فإنَ القضاءَ فَريضةٌ مُحكَمَةَ وَسُنَةٌ مُتبَعة فَأفهَم اذا أُدلي اِلَيكَ فإنَهُ لا يَنفَعُ تَكَلُمُ بِحَقِ لا نَفاذ لَهُ ٤- آس بينَ الناسِ بِمَجلِسِكَ وَ وَجهِكَ حتى لا يَطمَعَ شَريفُ فى حيفك وَ لايَيأسَ ضعيفٌ مِن عَدلِكَ ٥- البَيِّنَةُ على مَن ادعى وَاليَمينُ على مَن انكر ٦- والصُلحُ جائِزٌ بينَ الناسِ الا صُلحاً أحلّا حَراماً أو حرَّمَ حلالً ٧- وَلا يَمنعَنكَ قَضاءُ قَضيتَ و بِالامسِ فَراجعتَ فيه نَفَسَكَ

www.alibapir.com


وَ هودِيتَ الى رُشدِكِ أن تَرجِعَ الى الحَق فإنَ الحَقَ لا يُبطِلهُ شَيأً واعلَم أنَ مُراجَعَة الحَقِ خَيرٌ مِن التَمادِى فى الباطِل ٨- الفَهمَ الفَهم فيما يَتَلَجلَجُ فى صَدرِكَ مِّما لَيسَ فيهِ القُرانُ ولا سُنَة و أعرِف الاشباهَ والامثالَ ثُمَ الامورَ بَعدَ ذالِكَ ثُمَ أعمِد لأَّحبِها الى اللهِ وَ اشبَهِها بالحَقِ فيما تَرى. ٩- اجعَل لِماأدَّعى حَقاً غائباً حَدّاً يَنتهى اليهِ فإن احضَرَ بيِّنَةَ اخذَ بِحقهِ و الا استحلَلت عليهِ القضاءَ ١٠- والمسلمونَ عُدولٌ فى الشهادَةِ الّا مَجلوداً فى حَّدٍ أو مُجرَباً عليهِ شَهادَةَ زورٍ أو ظنيناً فى وَلاءٍ أو قرابَةٍ إن اللهَ تَوَلى مِنكُم السرائِرِ وَدرأَ عَنكُم باالبينات ١١- وَ إيّاكَ القَلَقَ وَ الضَجرَ وَ التأذي بِالخُصومِ فى مواطِنِ الحَقِ التى يُوجِبُ اللهُ بِها الاجرَ ويُحسِنُ الذُخرَ فإنَهُ مَن صَلَحَت سَرسَرَتَهُ فيما بيَنَهُ وَ بينَ اللهِ أصلَحَ اللهُ ما بينَهُ وَبينَ الناس وَمَن تَزَيَنَ للدُنيا بِغَيرِ ما يَعلَمُ اللهُ مِنهُ شانهُ اللهُ فإنَ اللهَ لا يقبَلُ حق عِبادِهِ الا ماكانَ خالِصاً فَما ظَنُكَ بِثوابٍ عِندَاللهِ فى عاجِلِ رِزقِهِ وَخَزائِنِ رحمَتهِ ١٢-والسَّلام) .

عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێت بەو شێوەیە نامە بۆ ئەبو مووسای ئەشعەریی دەنێرێ کە (إبن القيم الجوزية) لە کتێبی: (إعلام الموقعين عن رب العالمين)دا لە چەند لاپەڕەیەکی زۆردا ئەم نامەیەی عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێت شەرح دەکات، وە زۆرێك لە دادوەران و پسپۆڕانی بواری دەستەڵاتی دادوەریی سوودو بەهرەیان لەم نامەیە وەرگرتوە، بۆ دیارییکردنی بنەما گرنگەکانی دادوەریی کردن لەئیسلام دا، تەرجەمەی نامەکەش بە کوردیی بەم شێوەیە:

(بەناوی خوای بەبەزەیی بەخشندە. ٢- لەبەندەی خوا: عومەر فەرماندەی بڕوادارانەوە، بۆ بەندەی خوا عبدالله ی کوڕی قەیس - واتە: ئەبو مووسای ئەشعەریی - سەلامت لێ بێت، ٣- پاش ستایشی خوا بێگومان دادوەریی فەرزێکی مەحکەمەو سوننەتێکی چاولێکراوە، هەرکاتێك دەعوایەکت لە لا باس کرا، چاك لێی تێبگە، چونکە قسەکرن بە حەق سوودی نیە مادام جێبەجێ نەکرێ، ٤- لە کۆڕی خۆت دا یەکسانیی بکە لە نێوان ئەوانەدا کە دێن بۆ لات (یەکسانیی بکە) لە شێوەی دانیشتنیانداو شوێنی دانیشتنیان داو لە ڕوو تێکردنیان دا (واتە: (مدّعي و مدعي عليه) دەبێ لە شوێنێکی یەکسان بێن دابنیشن، وە تەنانەت لە ڕوو تێکردنیشتدا

www.alibapir.com


بۆیان، دەبێت یەکسانیی ڕەچاو بکەی) بۆ ئەوەی هیچ خاوەن پێگەیەك و خاوەن پلە وپایەیەك تەماعت تێنەکات تۆ کە ستەمی بۆبکەی، هیچ کەمدەستێکیش نائومێد نەبێت لە دادگەریی تۆ. ٥- بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا لەسەر کەسێکە کە دەعوا دەکات، سوێندیش لەسەر کەسێکە کە نکووڵیی دەکات. ٦- ئاشتەواییش لە نێوان خەڵکدا دروستە، مەگەر جۆرە ئاشتەواییەك کە ببێتە هۆی حەڵاڵ کردنی قەدەغەیەك، یاخود قەدەغەکردنی حەلاڵێك {ئەو جۆرە صولْحانە دروست نین}، ٧- وە دادوەریەك کە دوێنێ کردووتەو بڕیارێك کە داوتە با ڕێگات لێ نەگرێ کە دوای ئەوەی بۆ خۆت موراجەعەت کردۆتەوەو حەقت بۆ دەرکەوتوە، بگەڕێیتەوە بۆ حەق، واتە: دوێنێ کە بڕیارێکی هەڵەت داوە، دەستی لێ هەڵگرەو ئەمڕۆ چۆن بەحەقی دەزانی وا بڕیار بدە، چونکە حەق هیچ شتێك لای نابات، وە بزانە کە گەڕانەوە بۆ حەق چاکترە لە بەردەوام بوون لەسەر ناحەق. ٨- زۆر ئاگات لە تێگەیشتن بێت لەوەدا کە لە دڵ دا دێت و دەچێت {واتە: لێی دڵنیا نی} مادام بەڵگەی قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خوای (صلى الله عليه وسلم) لەسەر نەبێت، وە ئەو شتانەی کە وێك دەچن چاك لێکیان جیا بکەوە، دوایی قیاسیان بکە سەر ئەوە، وە تەماشا بکە کامیان لەلای خوا خۆشەویستترەو کامیان لەحەقەوە نزیکترە بەو شێوەی کە بۆت دەردەکەوێت بەو شێوەیە بڕیار بدە، (واتە: ئەگەر بەڵگەی قورئان و سوننەتت بەدەستەوە نەبوو، ئەوە قیاس بەکار بێنە. ٩-کەسێك کە داوای مافێك دەکات و مافەکە دیار نیە، سنوورێکی بۆ دابنێ، {واتە: دوو کەس دێن بۆلات یەکێکیان داوای مافێك دەکات، یاخود داوای مافێك دەکات لە کەسێك کە لەوێ نیە، دەبێ سنوورێکی بۆ دابنێی {ئەوەندە ڕۆژە ئنجا ئەگەر کەسێك کە داوای مافەکەی دەکات نەهات، یاخود ئەوەی کە داوای مافەکەی لێدەکرێ نەهات، ئەو کاتە دیارە ناگونجێ تۆ تاقیامەت ئەوکەسە بە چاوەڕوانییەوە بهێڵیتەوە} ئەگەر کەسێك کە داوا دەکات، بەڵگەی ڕوون و ئاشکرای هەیە هات بۆ ئیسپاتی دەعوایەکەی حەقەکەی خۆی وەردەگرێ، بەڵام ئەگەر نەیتوانی بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا بێنێ بە پێچەوانەوە بڕیاری بەسەردا دەدرێ، ١٠- مسوڵمانان بە دادگەر لە قەڵەم دەدرێن لە شایەدیی دان دا، مەگەر کەسێك سزایەکی شەرعیی درابێ و قەمچی لێ درابێ، {واتە: زینای کردبێ، یان شەڕابی خواردبێتەوە، واتە: گوناحێکی گەورەی کردبێت و

www.alibapir.com


سزادرا بێ و دەرکەوتبێ کە ئینسانێکی دادگەر نیە، چونکە دادگەر ئەو کەسەیە کە خۆی لە گوناهە گەورەکان بپارێزێت، ئەو کەسەی قەتڵ و زیناو دزیی بکات، وا پێ دەچێت کە درۆش بکات}، یاخود بە ئەزموون دەرکەوتبێ کە شایەدیی بە درۆ دەدات، یاخود کەسێك کە گومانی خراپی پێ ببردرێت بە هۆی دۆستایەتیی و خزمایەتیی یەوە، {واتە: ئەو جۆرە کەسانە شایەدییان لێ وەرناگیرێ و بە دادگەر (عادل) لە قەڵەم نادرێن، ئەگەرنا سەرجەم مسوڵمانان بە دادگەر لە قەڵەم دەدرێن بۆ شایەدیی دان} بێگومان خوا نهێنییەکانتان دەزانێ، وە بەهۆی بەڵگە ڕوون و ئاشکرایەکانەوە، ئەو گومانانەی کە پێتان دەبردرێن، لێتان دوور دەخاتەوە، {واتە: ئەگەر کەسێك توانی بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا لەسەر تۆ بێنێت ئەوە باشە، ئەگەرنا ئەو تۆمەتەی کە دراوەتە پاڵت، مادام بەڵگەی ڕوون پشتگیریی نەکات، ئەو تۆمەتە دوور دەخرێتەوە}، ١١- وە خۆت دوور بگرە لە دڵە ڕاوکێ و لە تووڕەبوون و لەوە کە لە تەرەفە ناکۆکەکان تووڕەبی و ئازارو بێزاریی دەربری، لە کاتێك دا کە پێویستە حەق بچەسپێنی چونکە چەسپاندنی حەق خوا پاداشتی گەورەی لەسەر دەداتەوەو بۆت دەبێتە زەخیرە بۆ قیامەت، وە هەر کەسێکیش نهێنی خۆی چاك بکات و ئەوەی کە لە نێوان خۆی و خوادایە، باشی بکات، خوا ئەوەی کە لەنێوان خۆی و خەڵکیدایە بۆی چاك دەکات، {واتە: هەرکەسێك پەنهانی خۆی باش بکات، خواش ڕواڵەتەکەی چاك دەکات، وە هەرکەسێك وابکات کە خوا چاکەو حەقی تێدا ببینێ، بە تەئکید خەڵکیش گومانی باشی پێ دەبات}، بەڵام هەرکەسێك بۆ ڕواڵەتی دنیا بە شتێك خۆی بڕازێنێتەوە کە خوا دەزانێ وا نیە، ئەوە خوا ناشیرینی دەکات و لە پێش چاوی خەڵکی دەبیزرێنێ وە بێگومان خوا هیچ کردەوەیەك لەبەندەکانی وەرناگرێ، مەگەر شتێك کە تایبەت و ساغ بۆ خوابێ و خڵتەی ڕیای پێوە نەبێت، گومانت چیە بە پاداشتێك کە لەلایەن خواوە هەیە، چ رزق ڕۆزییەك کە لە دنیادا بە هۆی تەقواوە بۆت زیاد دەکات، وە چ ئەوەی کە لە قیامەت خەزێنەکانی ڕەحمەتی خۆی دا لەپاداشتی خۆی بۆی هەڵگرتووی! وەسەلامت لێبێ.

ئەمەش نامەکەی عومەر خوا لێی ڕازی بێت بۆ ئەبو مووسای ئەشعەریی، کە وەك گوتم چەند بنەمایەکی زۆر گرنگ و چوار چێوەیەکی فراوانی. نایابی چۆنیەتی دادوەریی کردنی تێدایە.

www.alibapir.com


## خاڵی شەشەم:

## مەرجەکانی دادوەر (شروط القاضي):

ئایا کەسێك کە دەبێتە دادوەر (قاضي) قەزاوەت و دادوەریی لە نێوان خەڵکیدا دەکات، پێویستە خاوەنی چ سیفەتێك بێ، وە مەرجەکانی چین؟

شەرعزانان لەو بارەوە زۆریان باس کردوە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان ڕایان وایە کە دەبێت دادوەر ئەم شەش مەرجەی تێدا بن: یەکەم: عاقڵ بێت. دووەم: باڵغ بێت، سێیەم: مسوڵمان بێت، چوارەم: دادگەر بێت پێنجەم: پێویستە زاناو شارەزا بێت بە شەریعەت، شەشەم: پێویستە هەستەوەرەکانی ساغ و سەلامەت بن، بەتایبەت مەبەستی پێ هەستی قسەکردن و هەستی بیستن و هەستی دیتنە.

**ئنجا ئێستا با کەمێك هەڵوەستە بکەین لەبەرانبەر هەرکام لەو شەشە مەرجەدا:**

### مەرجی یەکەم: عاقڵ بوون:

دیارە لێرەدا شارەزاو شەرعزانان کە دەڵێن: دەبێت دادوەر عاقڵ بێت، مەبەستیان پێی عەقڵی تەکلیفیی نیە، واتە: ئەوەندە هۆش و عەقڵەی هەبێت کە ئەرکی شەرعیی بکەوێتە سەر شان، وە ئەرکەکانی شەریعەت ڕووی تێ بکەن و موکەللەف بێت! بەڵکو مەبەستیان عەقڵێکە کە زیادە لە عەقڵی ئاسایی و پێویستە هۆشیار ووریا بێت و فێڵی لێ نەکرێ و کڵاوی لەسەر نەنرێ لەلایەن خەڵکی فێڵبازو زمانلووس و قسەزانەوە.

ئەوەش دیارە شتێکی بەڵگە نەویستە، کە بە بێ عەقڵ و هۆشێکی تەواو، دادوەریی ناکرێت.

www.alibapir.com


## مەرجی دووەم: باڵغ بوون:

ئەویش دیسان شتێکی ئاشکرایە کە ئینسانی نەباڵغ بۆ خۆی ویلایەتی بەسەر خۆیدا نیە، چ جای بتوانێت ویلایەتی بەسەر خەڵك دا هەبێت و بڕیاری یەکلاییکەرەوە بۆ کێشەو گرفتەکانیان بدات.

## مەرجی سێیەم: مسوڵمان بوون:

دەبێت دادوەر مسوڵمان بێت، ئەویش وەك سەرەتا ئاماژەم پێدا، زۆربەی هەرەزۆری شەرعزانان، ڕایان وایە کە دادوەرێك کە دادوەریی دەکات لە نێوان مسوڵمانان دا، یان لە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامییدا پێویستە مسوڵمان بێت، هەڵبەتە بە تایبەت لە نێوان مسوڵمانان دا، ئەگەر نا بە نسبەت نامسوڵمانانەوە، وەك لەتەوەرەیەکی سەربەخۆدا کە چەند جارێك گفتمان داوە، باسی دەکەین، نامسوڵمانان بۆیان هەیە کە دەستەڵاتی دادوەریی خۆیانیان هەبێت، وەك چۆن بۆیان هەیە بەڕێوەبردن (إدارة)ی تایبەتی خۆیانیان هەبێت، کە بە تایبەتمەندیی دین و عەقیدەکەیان دادەنرێ.

بەڵام لەوبارەوە کە ئایا مەرجە دادوەر هەر مسوڵمان بێ بۆ دادوەریی کردن لەنێوان مسوڵمانان دا؟! هەرچەندە زۆربەی زانایان ڕایان وایە کە بەڵێ، بەڵام حەنەفییەکان ڕایان وایە کە نامسوڵمانانیش دەتوانن ببنە دادوەر لەو مەسەلانەدا کە دروستە شایەدیی تێدا بدەن، واتە: لەو مەسەلانەدا کە نامسوڵمانان شایەدییان لێ وەردەگیرێ دروستە کە دادوەرییش بکەن، یانی: مادام شایەدیی دانیان بۆ دروست بێت، دادوەریی کردنیشیان بۆ دروستە.

(مجلة الأحكام العدلية العثمانية) لە ماددەی: (١٧٩٤)دا کە تایبەتە بە صیفەتەکانی قازییەوە، مسوڵمان بوونی دادوەری بە مەرج نەگرتوە، وە لەماددەی: (١٧٠٥)دا کە تایبەتە بەشایەدیی دانەوە، دادگەریی بەوە تەفسیر کردوە کە (أن تَكونَ الحَسَناتُ أكثَرَ مِنَ السيئات)، واتە: ئەوە کە دەبێت دادوەر دادگەر بێت و دادگەریی تێدا بێت، دادگەرییان بەوە تەفسیر کردوە دەڵێن:

www.alibapir.com


چاکەکانی لە خراپەکانی زیاتر بن، واتە باسی مسوڵمانەتییان نەکردوە، گرنگ ئەوەیە کردەوی چاك و صیفەتی چاکی تێدا زیاتر بن لە کردەوە و صیفەتی خراپ.

ئەمە کتێبی: (نَظَرِيةُ الدولة وآدابها في الإسلام) كە هی (د. سمير عالية) یە هێناویەتی کە دیارە لە (مجلة الأحكام العدلية العثمانية) وە عوسمانیەوە خواستوویەتەوە[١].

کەواتە: ئەم مەرجە (مسوڵمانبوونی دادوەر) شتێکی سەلمێندراو نیە لەلایەنی تێکڕای زانایانەوەو یەکدەنگیی لەسەر نیە، بەڵکو مشتومڕی لەسەرە.

## مەرجی چوارەم دادگەربوون:

هەڵبەتە ئێمە باسمان کرد کە دادوەریی کردن دەبێت لەسەر بناغەی عەدالەت بێت، وەهەر دادوەرییەك عادیلانە نەبێت، ڕەتکراوەیە، ئەو دادگەربوونی دادوەریی یە، جیایە لە دادگەربوونی دادوەر (حاکم) کە ئێستا ڕوونی دەکەینەوە.

ئەوان مەبەستیان لە دادگەربوونی دادوەرو قازیی، ئەوەیە کە گوناهە گەورەکانی تێدا نەبن، وە لەسەر گوناهی گچکەش بەردەوام نەبێت، زۆربەیان دادگەریی (العدالة)یان بەوە تەفسیر کردوە، بەڵام (الماوردي) زیاتر تەفصیلی داوەتە پێناسەکردنی دادگەربوونی دادوەر، کە دەڵێت:

(والعَدالَةُ أن يَكونَ صادِقَ اللَهجَةِ ظاهِرَ الامانَةِ عَفيفاً عَنِ المَحارِمِ مُتَوَقِياً المَئاثِمَ بَعيداً عَنِ الرَيبِ وَ مأموناً في الرِضا وَالغَضَبِ مُستَعمِلاً لِرؤَةِ مِثلِهِ في دينهِ وَدونياهُ)[٢]

واتە: دادگەربوونی قازیی مەبەست پێی ئەوەیە کە ڕاستبێژ بێ وە بە ئاشکرا دیار بێ کە ئەمیندارە، وە داوێنپاك بێت و لەو شتانەی کە قەدەغەن خۆی بپارێزێت، وە خۆی لە گوناهان بپارێزێ، وە خۆی دوور بگرێ لە شوێنی گومان و تۆمەت، وە لە کاتی ڕازیی بوون و تووڕە بوون دا جێی دڵنیایی بێت، کە هەر

---

(١) بڕوانە: ص٦٩.

(٢) الأحكام السلطانية، ص١١٢.

www.alibapir.com



هەق دەڵێ، وە بابایەکی جوامێر بێ وەك هاوکووفەکانی خۆی لە کاروباری دینداریی و دنیاداریی دا جوامێر بێت (واتە: لە شتی سووکەڵەو هەرزانە، خۆی بپارێزێت).

بەڵام لە میش دا دیسان - بە تایبەت حەنەفییەکان - مشتومڕیان هەیەو ئەوان مەسەلەی دادگەربوونی دادوەر {دووبارەی دەکەمەوە: کەمەبەست پێی خودی حوکمەکەی نیە، حوکمەکە هەر دەبێت دادگەرانە بێت و هەموویان لەسەری یەك دەنگن، مەبەست پێی سیفەتەکانی دادوەرە}، حەنەفییەکان بەمەرجی تەواوێتیی دەزانن، نەك بە مەرجی دروست بوون (شرط الكمال وليس شرط الجواز).

وەك (الكاساني) لە (بدائع الصنائع)دا، دەڵێت:

{وَكَذَا الْعَدَالَةُ عِنْدَنَا لَيْسَتْ بِشَرْطٍ لِجَوَازِ التَّقْلِيدِ لَكِنَّهَا شَرْطُ الْكَمَالِ فَيَجُوزُ تَقْلِيدُ الْفَاسِقِ وَتَنْفُذُ قَضَايَاهُ إذَا لم يُجَاوِزْ فيها حَدَّ الشَّرْعِ}.(١)

واتە: هەروەها دادگەریی لە لای ئێمە مەرج نیە بۆ دروستبوونی پێ سپێردرانی دادوەریی، بەڵکو مەرجی تەواو بوونە، {واتە: وا باشترە وا بێت}، بۆیە بابای فاسقیش، {واتە: کەسێك کە عەدالەتی تێدا نیە} دروستە کاری دادوەریی پێ بسپێردرێ، وە بڕیارەکانیشی جێبەجێ دەکرێن، مادام بڕیارەکانی لە سنووری شەرع دەرنەچووبن.

کەواتە: فاسقێکیش کە دەبێتە دادوەر، هەر دەبێ دادگەرانە حوکم بکات و لە بازنەی شەریعەت دەرنەچێ، بۆیە گوتم: دادگەرییەك کە بۆ حوکمەکە پێویستە، هەموویان لەسەری یەکدەنگن، بەڵام ئەوان لێرەدا مەبەستیان لە دادگەریی وەك صیفەتە بۆ دادوەر، واتە: خۆی لە گوناە و تاوان و هەڵە وپەڵە دوور بگرێ، کە حەنەفییەکان لێرەدا وەك بینیمان تارادەیەك چاوپۆشیی و ئاسانکاریی دەکەن.

---

(١) ج٧ ص٣.

www.alibapir.com


## مەرجی پێنجەم: زانابوون بە شەریعەت:

کەسێك کە دادوەریی دەکات لە نێوان کەسانێك دا کە کەوتوونەتە کێشەو مشتومڕەوە، دەبێ لە شەریعەت دا شارەزا بێ، چونکە حوکم بە شەریعەت دەکرێ.

(الماوردي) بەم شێوەیە شارەزایی و زانابوون بە شەریعەتی پێناسە کردوە، دەڵێ:

{أَنْ يَكُونَ عَالِمًا بِالْأَحْكَامِ الشَّرْعِيَّةِ وَعِلْمُهُ بِهَا يَشْتَمِلُ عَلَى عِلْمِ أُصُولِهَا وَالإِرْتِيَاضِ بِفُرُوعِهَا. وَأُصُولُ الْأَحْكَامِ فِي الشَّرْعِ أَرْبَعَةٌ:

أَحَدُهَا: عِلْمُهُ بِكِتَابِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ عَلَى الْوَجْهِ الَّذِي تَصِحُّ بِهِ مَعْرِفَةُ مَا تَضَمَّنَهُ مِن الْأَحْكَامِ نَاسِخًا وَمَنْسُوخًا وَمُحْكَمًا وَمُتَشَابِهًا وَعُمُومًا وَخُصُوصًا وَمُجْمَلًا وَمُفَسَّرًا .

وَالثَّانِي: عِلْمُهُ بِسُنَّةِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الثَّابِتَةِ مِنْ أَقْوَالِهِ وَأَفْعَالِهِ وَطُرُقِ مَجِيئِهَا فِي التَّوَاتُرِ وَالْآحَادِ وَالصِّحَّةِ وَالْفَسَادِ. وَمَا كَانَ عَنْ سَبَبٍ أَوْ إطْلَاقٍ .

وَالثَّالِثُ: عِلْمُهُ بِتَأْوِيلِ السَّلَفِ فِيمَا اجْتَمَعُوا عَلَيْهِ وَاخْتَلَفُوا فِيهِ لِيَتْبَعَ الْإِجْمَاعَ وَيَجْتَهِدَ بِرَأْيِهِ فِي الِاخْتِلَافِ .

وَالرَّابِعُ: عِلْمُهُ بِالْقِيَاسِ الْمُوجِبِ لِرَدِّ الْفُرُوعِ الْمَسْكُوتِ عَنْهَا إلَى الْأُصُولِ الْمَنْطُوقِ بِهَا وَالْمُجْمَعِ عَلَيْهَا}. (١)

واتە: مەبەست لە شارەزا بوون و زانابوونی دادوەر بەشەریعەت، ئەوەیە کە بە حوکمەکانی شەریعەت شارەزا بێت ئەویش بەو واتایە کە هەم لە بنچینەکانی شەریعەت شارەزا بێت و، هەم بە لق و پۆپەکانیشی تا ڕاددەیەکی زۆر کارامە بێت و، وە کاری تێدا کردبن، {واتە: هەڵێنجانی حوکمە جوزئییەکان لە بنچینە شەرعییەکان}، بنچینەکانی یاساکانی شەریعەتیش چوارن {واتە: چوار چاوگ هەن بۆ وەرگرتنی شەریعەت}:

---

(١) الأحكام السلطانية، ص ١١٣.

www.alibapir.com



**یەکەمیان:** زانا بێت بەکتێبی خوای پایەبەرز.

**دووەم:** زانا بێت بە سوننەتی چەسپاوو ڕاست (صحيح)ی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم).

**سێیەم:** شارەزا بێت بە بیروڕای پێشین لەوەدا کە یەکدەنگییان لەسەری هەیە، وە لەوەش دا کە تێیدا کەوتوونەتە ڕاجیایی یەوە، ئەوەی کە یەکدەنگییان لەسەری هەیە، پێویستە بابای دادوەر پێوەی پابەند بێت، وە ئەوەش کە تێیدا کەوتوونەتە ڕاجیایی، بۆی هەیە ئەویش بۆ خۆی ڕایەکی دیکەی هەبێت و ئیجتیهاد بکات.

**چوارەم:** شارەزا بێت بە قیاس، یانی: شتێك کە قسەی دەربارە نەکراوە بیگێڕێتەوە بۆ مەسەلەیەك کە قسەی دەربارە کراوەو حوکمی شەرعیی لەبارەوە هاتوە، وە ئەوەی کە زانایان لەسەری یەکدەنگ بوون، {واتە: ئەگەر دەقێکی شەرعییشی لەسەر نەهاتبێ، مادام زانایان هەموو لەسەری یەکدەنگ بووبن دروستە مەسەلەیەك کە حوکمە شەرعییەکەی دیار نیە، قیاسی بکەیتە سەر وی، مادام لە عیللەتەکەدا هاوبەش بن}.

بەڵام دیسان (أبو حنيفة) ئەم جۆرە زانیارییە -کە بریتیە لە گەیشتنە پلەی ئیجتیهاد، چونکە ئەوەی کە (الماوردي) گوتی: ئەوەیە کە بابای دادوەر گەیشتبێتە پلەی ئیجتیهاد- ئەو جۆرە زانیارییەش بە مەرج نازانێت، بەڵکو پێی وایە کە بابای لاسایی کەرەوە (مُقَلِّد) {واتە: کەسێك کە توانای ئیجتیهادی نیە، بەڵام دیارە دەبێت عاقڵ بێت و تاڕاددەیەك شارەزاو زانا بێ، با موجتهیدیش نەبێت} دروستە دادوەریی بکات، بەڵام دەڵێن ئینسانی نەزان دروست نیە ببێتە دادوەر، چونکە جاری وایە بە حوکمی نەزانییەکەی ناشەرعییش دەکات، بێ ئەوەی کە بە خۆی بزانێت، کە دیارە ناشەرعیی کردن و دوورکەوتنەوە لە عەدالەتیش لە حوکمدا، ئەو حوکمە هەڵدەوەشێتەوە.

لەو بارەوە (الكاساني) لە (بدائع الصنائع)دا گوتوویەتی:

{وَأَمَّا الْعِلْمُ بِالْحَلَالِ وَالْحَرَامِ وَسَائِرِ الْأَحْكَامِ فَهَلْ هو شَرْطُ جَوَازِ التَّقْلِيدِ عِنْدَنَا ليس بِشَرْطِ الْجَوَازِ بَلْ شَرْطُ النَّدْبِ وَالِاسْتِحْبَابِ}.

www.alibapir.com



واتە: زانابوون بە حەڵاڵ و حەڕام وە باقی یاساکانی دیکە ئایا مەرجی دروستبوونی کارپێسپێردرانە {واتە: دادوەریی پێ سپێردرانە}؟! لەلای ئێمە مەرجی دروستبوون نیە، بەڵکو تەنیا سوننەتەو واباشە کەبەو شێوەیە بێت.

بەڵام من لێرەدا ڕای ئەبو حەنیفە (ڕەحمەتی خوای لێبێت)، بە تەواو نازانم، بەڵکو ڕای زۆربەی زانایان ڕاستترو چاکترەو پێم وایە پێویستە بابای دادوەر (حاکم) شارەزا بێت، هەڵبەتە مەرجیش نیە گەیشتبێتە پلەی ئیجتیهاد بەو چەمك و واتایەی کە زانایان لەسەری ڕێککەوتوون، بەڵام بە تەئکید بە بێ شارەزا بوونیش لە شەریعەت دا، ئینسان ناتوانێ دادوەریی بکات، بەڵێ با نەشگەیشتبێتە پلەی ئیجتیهاد، بەڵام دەبێ سەرەدەرێك لە حوکمەکانی شەریعەت دا بکات.

## مەرجی شەشەم: سەلامەتیی هەستەوەرەکان (سلامة الحواس)

بە پلەی یەکەم مەبەست لە هەستەوەرەکان سێیانن: هەستی بیستن، وە هەستی دیتن، وەهەستی بێژتن، واتە: (السمع والبصر والنُّطق)، بۆچی؟ چونکە دادوەر پەکی لەسەر ئەو سێیانە کەوتووە، واتە: ئەگەر نەبیستێ، نازانێ داخۆ داواکەر (مُدَّعي) چی دەڵێ و داوا لەسەر کراو (مدَّعي علیه) دەڵێ چی؟ هەروەها ئەگەر کوێر بێت ڕەنگە زۆر شتی بۆ دەرنەکەوێ، وە ئەگەر لاڵیش بێ و توانای بێژتنی نەبێت، بە تەئکید ئەوکاتە ناتوانێ حوکم و بریار دەربکات.

بەڵام بەهەرحاڵ لەم بارەشەوە دیسان زانایان مشتومڕیان لەنێوان دایە، دیارە هۆکاری ئەو مشتومڕانەش کە لە نێوان زانایان دا دەبن، ئەوەیە کە دەقێکی یەکلاییکەرەوە لەو بـــارەوە نیە، وەك چەند جاری دیکە باسمان کردوە.

www.alibapir.com


## ئایا نێرینەیی ( الذكورة )
## مەرجی دادوەر بوونە؟!

ئنجا مەسەلەیەکی دیکە ماوە لەبارەی مەرجەکانی دادوەرەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئایا مەسەلەی نێرینە بوون و مێینە بوون (الذكورة والأنوثة) کاریگەریی هەیە لەو بارەوە یان نا؟

لەو بارەوە دیارە زانایان ڕاجییان هەیەو ڕاجیاییەکەیان بەم شێوەیە: زۆربەیان ڕایان وایە کە بە قیاس لەسەر پێشەوایەتیی و سەرۆکایەتیی دەوڵەت، دروست نیە ئافرەت ببێتە دادوەر، ئەوە زۆربەی زانایان لەوبارەوە ڕایان وایە، بە تایبەتی زانایانی پێشین، ئەگەرنا زانایانی هاوچەرخ، ڕەنگە زۆربەیان ڕای پێچەوانەی ئەوەیان هەبێت.

بەڵام ئەبو حەنیفە ڕای وایە (ڕەحمەتی خوا لەهەموو زانایانی ئیسلام بێت) کە هەر مەسەلەیەك و هەر بوارێك دروست بێت ئافرەت شایەدیی تێدا بدات، دروستیشە کە دادوەرییشی تێدا بکات کە ئەویش بریتیە لە هەموو بوارەکان، بێجگە لە سزایەکان و تۆڵەکان (الحدود و القِصاص).

ئەو مەسەلانە بەڕای ئەبو حەنیفە دروست نیە ئافرەت شایەدیی یان تێدا بدات، وە بەڕای تێکڕای زانایان دروست نیە کە تێیان دا ببێتە دادوەریش.

(الكاساني) لەو بارەوە لە کتێبی (بدائع الصنائع)دا گوتوویەتی:

(وَأما الذُكورَةُ فَلَيسَت مِن جَوازِ التَقليدِ فى الجُملة لأنَ المرأةَ مِن أهلِ الشَهاداتِ في الجُملة الا أنها لا تَقضي بالحُدودِ وَ القِصاص، لأنَهُ لا شَهادَةَ لَها في ذالِكَ وأهلِيَة القَضاءِ تَدورُ مَعَ أهليَة الشَهادَةِ) .[1]

---

(١) ج٧ ص٣.

www.alibapir.com


واتە: بەڵام نێرینە بوون مەرجی دروستبوونی پێ سپێردرانی دادوەریی نیە بەگشتی، چونکە ئافرەت بە گشتی دروستە شایەدیی بدات تەنیا ئەوەیە کە ئافرەت لە سنوورو سزا شەرعییەکان دا شایەدیی لێ وەرناگیرێ، وە شایستەییش بۆ دادوەریی شوێن شایستەیی شایەدییدان دەکەوێ، {لە هەر شتێك دا کە سێك بۆی هەبێت شایەدیی بدات، بۆیشی هەیە دادوەریی بکات}.

بەڵام (أبو جعفر الطبري) بەو لاوەتریش دەچێت و ئەو ڕای وایە کە دروستە ئافرەت لە هەموو بوارێك دا دادوەریی بکات}.

(الماوردي)یش لەو بارەوە دیارە ڕایەکەی (إبن جرير) بە هەڵە دەزانێت، وە پێی وایە (إبن جرير) لە کۆڕای زانایان (إجماع العلماء) چۆتە دەرێ، لەو بارەوە گوتوویەتی:

{وَشَذَّ ابْنُ جَرِيرٍ الطَّبَرِيُّ فَجَوَّزَ قَضَاءَهَا فِي جَمِيعِ الْأَحْكَامِ، وَلَا اعْتِبَارَ بِقَوْلٍ يَرُدُّهُ الْإِجْمَاعُ مَعَ قَوْلِ اللَّهِ تَعَالَى: {ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ} (النساء-٣٤) [١].

واتە: (ابن جرير) ڕێزپەڕ بووە لە ڕای زانایان وە بە دروستی داناوە کە ئافرەت لە هەموو بوارەکان داو لە هەموو مەسەلەکان دا دادوەریی بکات، بەڵام: ڕایەك کە پێچەوانەی یەکدەنگیی زانایان بێت، وە پێچەوانەی فەرمایشتی خوا بێت کە دەفەرموێ: {پیاوان بەسەر ئافرەتانەوە چاودێرن، چونکە خوا هەندێکیانی بەسەر هەندێکیان دا هەڵبژاردوە}ئەو قسەیە ئیعتیباری پێ ناکرێ.

**منیش دەڵێم: قسەکەی (الماوردي) ئیعتیباری پێ ناکرێ، بۆچی؟ چونکە:**

**یەکەم:** مادام زانایەکی وەك (تەبەڕیی) کە یەکێکە لە سەر مەزهەبەکان وە خاوەنی یەکەمین تەفسیر بووەو خاوەنی گەورەترین مێژووە لە نێو زانایانی ئیسلام داو بە مامۆستای توێژەرەوانی قورئان و مامۆستای مێژوونووسان دادەنرێ، وە پیاوێکی زۆر زاناو شارەزا بووە، پیاوێکی ئاوا ڕایەکی جیای

---

(١) الأحكام السلطانية، ص١١١.

www.alibapir.com


هەبێت بە ڕیزپەڕ (شاذ) دانانرێ، بەڵکو ڕایەك زانایەکی وەك (تەبەڕیی) لەگەڵ دا نەبێت، مانای وایە کۆدەنگیی لەسەر دروست نەبووە، نەك پێچەوانەی ئیجماعە، بەڵکو ئیجماعەکە هەر دروست نە بووە، چونکە ئیجماع (کۆدەنگیی زانایان و یەکدەنگی زانایان) ئەوەیە کە زانایانی ئیسلام و پێشەوایانی ئیسلام کە موعتەبەرن هەموویان یەکدەنگبن، کەواتە: مەسەلەیەك زانایەکی وەك (ئەبو جەعفەری تەبەریی) ڕای لەگەڵدا نەبێت، یەکدەنگی لەسەر دروست نەبووە، تاکو (ئەبو جەعفەری تەبەریی) ڕایەکەی لەگەڵی دا تێکبگیرێ!.

**دووەم:** پاشان ئایەتەکەش ئەو مەبەستە ناگەیەنێ (وەك ئێمە پێشتر باسی چەمك و مانای ئەو ئایەتە موبارەکەمان کرد، ئەو ئایەتە موبارەکە پەیوەندیی بەو مەسەلەیەوە نیە).

بۆیە من ڕام وایە کە ڕایەکەی (تەبەریی) بە هێزترەو جیاوازیی ڕەگەز (الجنس) هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ، وە حوکم و یاسا شەرعییەکانیش بۆ هەردوو ڕەگەز هاتوون و بەبێ بەڵگەیەکی ئیقناعکەرو بە بێ بەڵگەیەکی ڕوون و بێ چەند و چوون، ناگونجێ هەندێك لە حوکمە شەرعییەکان تایبەت بکەین بە پیاوانەوە، یاخود بە ئافرەتانەوە، بەڵکو هەموو دواندنەکانی خوا (سبحانە و تعالی) وە سەرجەم حوکمە شەرعییەکان بە یەکدەنگیی هەموو زانایان ڕوویان لە هەردوو ڕەگەزەکانەو، دەبێت بەڵگەیەکی ڕوون و بێ چەندو چوون و مشتومڕ هەڵنەگر هەبێت، ئنجا دەتوانین بڵێین ئەو حوکمە تایبەتە بەپیاوانەوەو ئافرەتان ناگرێتەوە.

لێرەش دا لەو بارەوە ئێمە بەڵگەیەکی بەو شێوەیەمان نیە، بۆیە لە ڕاستیدا ئافرەتان و پیاوان لەمەسەلەی دادوەریی دا وەك (ئەبو جەعفەریی تەبەریی) گوتوویەتی و زانایانی دیکەی هاوچەرخ کە زۆریان وا دەڵێن، مادام ئەو ئافرەتە شایستەیی و توانای هەبێت، بۆی هەیە ببێتە دادوەر.

www.alibapir.com



کە دیارە پیاویش ئەگەر تواناو شایستەیی نەبێت، هەر نابێتە دادوەرو ئیعتیبار بە شایستەیی یە، نەك بە نێرایەتیی و مێیایەتیی، چونکە لە شەریعەت دا نێربوون و مێ بوون حوکمی شەرعیی پێوە پەیوەست نەکراوە.

وەك گوتم لە ئەسڵدا خوا هەردوو ڕەگەزەکەی دواندوون وەك یەك ئەرکە شەرعیەکانی خستوونەتە سەر شان و پێ سپاردوون، ئنجا ئەگەر بەڵگەیەك هەبوو کە حوکمێکی تایبەت کردبوو بەیەکێکیانەوە، ئەوە لەو شوێنە دەوەستین، ئەگەرنا هەموو یاساکانی شەریعەت گشتگیرن بۆ هەردوولا.

www.alibapir.com


## خاڵی حەوتەم:

## چاودێریی کردنی دەستەڵاتی دادوەریی بەسەر هەرسێك لە دەسەڵاتەکانی: یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی دا:

دیارە ئەرکێکی گەورەو گرنگی دەستەڵاتی دادوەریی بریتیە لە چاودێریی کردنی و لێپرسینەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکە لە بواری بڕیار و ئیش و کارەکانیان دا، واتە: دەستەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان) وە دەستەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت)، وە پاشان خودی خۆیشی (دەستەڵاتی دادوەریی).

### یەکەم: چاودێریی کردن و وە لێپرسینەوەی دەستەڵاتی دادوەریی بۆ دەستەڵاتی یاسادانان:

چاودێریی دەستەڵاتی دادوەریی بەسەر دەستەڵاتی یاسادانان دا، کە پێی دەگوترێ (رقابة دستورية القوانين)، واتە: چاودێریی دەستووریی بوونی یاسایەکان، هەر یاسایەك کە دەردەچێت پێویستە لەبەر ڕۆشنایی دەستووردا بێ و، پێچەوانەی دەستوور نەبێ، ئەوە ئەرکی دەستەڵاتی دادوەرییە کە هەر یاسایەك لە پەرلەمان یان ئەنجوومەنی نوێنەران (دەستەڵاتی یاسادانان)ە دەردەچێت، چاودێریی بکات لەو ڕووەوە کە: ئایا بە پێی دەستوورە، یاخود پێچەوانەی دەستوورە؟

ئێستا دیارە لەلای زۆربەی شارەزایان و پسپۆڕانی بواری یاسایی و دەستووریی، شتێکی سەلمێنراوە، کە دەستەڵاتی دادوەریی ئەو حەقەی هەیە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سروشتی ئیسلامیش بناغەی ئەو بیرۆکەیە دەبینن، هەرچەندە هەندێك لە زانایان بۆ وێنە: (ئەبولئەعلای مەودوودیی) دەڵێن: ئێمە لەو بارەوە لە مێژووی ئیسلام دا شتێکی لەو شێوەمان نیە کە دەستەڵاتی دادوەریی چاودێریی دەستەڵاتی یاسادانانی کردبێت، بەڵام هۆکارەکەی ئەوە نیە

www.alibapir.com



کە خودی شەریعەت ڕێی پێ نەدات کە شتێکی وا هەبێ، بەڵکو هۆکارەکەی شتێکی دیکەیە، کە من دوایی باسی دەکەم.

سەرەتاش لەوبارەوە ئەم قسەیەی (ئیبن حەزمی ئەندەلوسیی) دێنینەوە کە لەبەر تیشکی ئەم ئایەتەدا کە دەفەرموێت:

﴿وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُۥ ۝١﴾ الطلاق.

واتە: وە هەرکەسێك سنوورەکانی خوا ببەزێنێت، ئەوە ستەمی لەخۆی کردوە، لە کتێبی: (المحلّى) مسئلة: (١٧٧٤) دەڵێت:(وَالظُّلم لا يَحِلُ إقرارُهُ وَالخَطَءُ لايَجوزُ إمضاؤُهُ) واتە: زوڵم ناگونجێت دانی پێدا بهێنرێت، وە هەڵەش ناگونجێت کە چاوپۆشیی لێ بکرێ و بڕوا.

کەواتە: هەرکاتێك بۆمان دەرکەوت ئەو حوکمە کە دەستەڵاتی یاسادانان دەری کردوە، زوڵمە، یان هەڵەیە، پێویستە ڕابگیرێ.

ئەبولئعەلای مەودوودیی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت:

(هَل يَسمَحُ الإسلامُ للقَضاءِ بِأن يَرفُضَ بَعضَ ما يَصدُرُ عَنِ المَجلِسِ التَشريعي مِنَ القَوانِينِ على أنها مُخالِفَةٌ لِكِتابِ وَسُنَةَ ؟! إنَّني لَم أطلِع على نَصٍ في هذا الباب).[1]

(ئەبولئەعلای مەودوودیی) پرسیار دەکات: ئایا ئیسلام ڕێگا بە دەستەڵاتی دادوەریی دەدات کە هەندێك لەو بڕیارانەی لە دەستەڵاتی یاسادانانەوە دەردەچن مادام پێچەوانەی قورئان و سوننەت بن، بۆی هەیە ڕەفزیان بکات؟ دەڵێت: من لەو بارەوە دەقێکم نەبینیوە.

بەڵام من دەڵێم: لەڕاستیدا ئێمە لەمێژووی دەستەڵاتی ئیسلامییدا ئەنجوومەنێکی نوێنەران، یاخود دەستەڵاتێکی یاسادانانی سەربەخۆو جیاوازوو لە شێوەی دامەزراوەیەکمان دا نەبووە، تاکو بزانین کە دەستەڵاتی دادوەریی وەختێك کە ئەنجوومەنی نوێنەران (پەرلەمان) بڕیارێك دەردەکات، لەبەرانبەری دا دەوەستێتەوە یان نا؟! ئەگەرنا هیچ گومانی تێدا نیە وەك (إبن حزم الأندلسي)

---

(١) نظرية الإسلام وهديه، ص٢٧٢.

www.alibapir.com


گوتوویەتی، وە عەقڵ و ڕواڵەتی دەقەکانی شەریعەتیش دەلالەتی لەسەر دەکەن، کە دەستەڵاتی دادوەریی مادام چاودێرە بەسەر دەستەڵاتەکانی دیکەوەو مادام دەستەڵاتێکی سەربەخۆیە بۆی هەیە، کە هەرکاتێك زانی یاسایەك یان بڕیارێك دەرچووە، چ لەلایەن دەستەڵاتی یاسادانانەوە بێت، یان لەلایەن حکوومەتەوە بێت، بەڵکو با خودی خۆیشی بێت، واتە: قازییەکیش ئەگەر بڕیارێکی دەرکرد پێچەوانەی شەریعەت بووو پێچەوانەی دادگەریی بوو، پێویستە دەستەڵاتی دادوەریی دەستیان بگرێ و نەهێڵێ ئەو بڕیارو یاسایە تێپەڕێ.

## دووەم: چاودێریی کردن بەسەر دەستەڵاتی جێبەجێکردنەوە:

چاودێری کردنی دەستەڵاتی دادوەریی بەسەر حکوومەت یان دەستەڵاتی جێبەجێکردن کەپێی دەگوترێ: (رقابة القضاءِ على الإِدارة) چاودێریی دادوەریی بەسەر بەڕێوەبردن و بەسەر حکوومەتدا، ئەویش شتێکی ئاشکراو ڕوونە، چونکە: (وەك پێشتر باسمان کرد لە دەوڵەتی ئیسلامییدا، نەك هەر بەشیعار، بەڵکو بە کردار و بە هەڵوێست دەستوورو یاسا سەروەرە، وەك لەبنەمای سێیەمی سیستمی حوکمڕانیی ئیسلامییدا باسمان کرد: {ملکەچیی هەموولایەك بۆ یاسا}وە بەدرێژیی قسەمان لێکردوە، ئنجا ئێمە پێشتر باسمان کرد کە لە شەریعەت دا مرۆڤەکان یەکسانن، وە هیچ کەس بواری دادوەریی دا پلە و ئیمتیازی بەسەر کەس دا نیە، واتە: هیچ کەس حەقی ڤیتۆی پێ نەدراوە لەبەرانبەر شەریعەتداو لەبەرانبەر دەستوورێك دا کە لە بەر تیشکی شەریعەت دا دادەنرێ.

کەواتە: هەرکەسێك و لایەك بڕیارێك و ڕەفتارێکی لێ بشکوێتەوە، کە پێچەوانەی شەریعەت بێت، ئەوە وەك پێشینان دەڵێن: (ماڵی قەڵب سەر بە خاوەنەکەیەتی)!!، وە پێویستە دەستی بگیرێ، وە بڕیارو ڕەفتارەکەی هەڵبوەشێنرێتەوە .

دیارە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەو بارەوە فەرموویەتی:

{مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ مِنْهُ فَهُوَ رَدٌّ} (أخرجه البخاري برقم: (٢٦٩٧)، ومسلم برقم: (١٧١٨)).

www.alibapir.com


واتە: هەر کەسێك لەم دینەی ئێمەدا شتێك دا بهێنێت کە پێچەوانەی بێ ئەوە ڕەتکراوەیە، هەروەها پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لەو بارەوە فەرموویەتی:

{مَنْ عَمِلَ عَمَلا لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرنَا فَهُوَ رَدٌّ} (أخرجه أحمد برقم: (٢٥١٧١)، ومسلم برقم: (١٧١٨)).

واتە: هەر کەسێك کردەوەیەك بکات کە بڕیاری ئێمەی لەسەر نەبێت، {واتە: پێچەوانەی قورئان و سوننەت و پێچەوانەی شەریعەت بێ} ئەوە ڕەتکراوەیە.

ئەمە وەك حاڵەتێکی مەبدەئیی و تیۆریی (نظري)، وەك حاڵەتی کردەیی و جێبەجێکردنیش، ئێمە دەتوانین چەندان ڕووداوو بەسەر هات بێنینەوە لەو بارەوە کە لەدەوڵەتی ئیسلامییداو لە مێژووی ئیسلام دا، دەستەڵاتی دادوەریی هەیمەنەی هەبووە بەسەر دەستەڵاتی یاسادانان و بەسەر حکوومەت دا وەهەر بڕیارو یاسایەکیان دەرکردبێت، یاخود هەر ڕەفتارێکیان بووبێ کە پێچەوانەی شەریعەت بووبێ، دەستەڵاتی دادوەریی ڕایگرتوون وە هەڵوێست و بڕیارەکەی لێ هەڵوەشاندوونەتەوە، ئەمەش سێ نموونە لەو بارەوە:

**نموونەی یەکەم:**

یەکێك لەو بەسەرهاتانە (البلاذري) لە (فتوح البلدان)دا هێناویەتی، دەڵێت:
(لما استخلف عمر بن عبد العزيز وفد عليه قوم من أهل سمرقند فرفعوا إليه أن قتيبة دخل مدينتهم وأسكنها المسلمين على غدر، فكتب عمر إلى عامله يأمره أن ينصب لهم قاضيا ينظر فيما ذكروا.
فإن قضى بإخراج المسلمين أخرجوا.
فنصب لهم جميع بن حاضر الناجي.
فحكم بإخراج المسلمين على أن ينابذوهم على سوآء.
فكره أهل مدينة سمرقند الحرب وأقروا المسلمين، فأقاموا بين أظهرهم.) [١]

---

(١) ص٤١.

www.alibapir.com


واتە: کاتێك عومەری کوڕی عبدالعزیز دەبێتە جێنشینی مسوڵمانان (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، شاندێك لە لایەن خەڵکی سەمەرقەندەوە دەچن بۆ لای، وە سکاڵای لێ دەکەن کە (قوتەیبە) {کە فەرماندەی سوپای مسوڵمانان بووە لە و شوێنە} چۆتە نێو شارەکەیانەوەو مسوڵمانانی تێدا نیشتەجێ کردوە، لەسەر بنەمای پەیمان شکێنیی، عومەری کوڕی عبدالعزیزیش نامە دەنووسێت بۆ عامیلەکەی لەوێ {(عامیل) وەك پارێزگاری ئێستا وابووە}، فەرمانی پێدەکات کە قازییەك دابنێت و سەرنجی ئەو مەسەلەیە بدات، ئنجا ئەگەر بڕیاری دا کە مسوڵمانان بچنە دەر لە شارەکەیان بچنە دەر، ئەویش (جمیع بن حاضر الناجي) کە قازییەك بووە دەیکاتە دادوەر، کاتێك تەماشای مەسەلەکەیان دەکات دەبینێ کە سکاڵایەکەیان هەقە (هەرچەندە خەڵکێکی نامسوڵمانن) وە بڕیار دەدات کە مسوڵمانان شارەکەیان بە جێ بهێڵن، وە دوایی هەردوو لا بێ ئەوەی کە پەیمان شکێنی تێدا بێت جەنگیان لەگەڵ دا بکەن، ئنجا گرتیانەوە باشە، نەیان گرتەوە هەقیان نیە، بەڵام خەڵکی سەمەرقەند پێیان ناخۆش دەبێت دووبارە جەنگی مسوڵمانان بکەنەوە، بۆیە دەڵێن: قەیناکات هەر بمێننەوەو لە نێویان دا دەمێنێتەوە.

لێرەدا تەماشا دەکەین قازی بڕیارێك دەردەکات کە بڕیاری حاکمی عەسکەریی هەڵدەوەشێنێتەوە!.

**نموونەی دووەم:**

ئەوەیە کە (أبو عُبَید) لە کتێبی (الأموال)دا هێناویەتی:

(أن معاوية كتب إلى وردان: أن زد على القبط قيراطاً قيراطاً على كل إنسان، فكتب إليه وردان: كيف أزيد عليهم، وفي عهدهم أن لا يزاد عليهم.؟)

واتە: موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان کە ئەو کاتە دیارە پادشا (مەلیك)ی مسوڵمانان بووە) نامە دەنووسێت بۆ (وەردان) {کە دیارە قازیی بووە} کە قیبتییەکان یەکی قیراتێکیان لەسەر زیاد بکە {قیرات دراوی ئەو ڕۆژگارە بووە

www.alibapir.com


یانی: هەرکەسێك قیراتێکی بخەسەر سەرانەکەی} (وەردان)یش بۆی دەنووسێت: چۆن بۆیان زیاد بکەم، لە کاتێك دا کە لە پەیمانی ئەوان دا هەیەو پەیمانمان پێداون کە هیچ باج و سەرانەی زیادیان نەخرێتە سەر؟! وە بڕیارەکەی موعاویە لە حاڵێك دا کە حوکمڕانیی مسوڵمانانیش بووە، هەڵدەوەشێنێتەوە.

**نموونەی سێیەم:**

کە صەحیحی بوخاریی هێناویەتی بە ژمارە: (٤٣٣٩) ئەویش ڕووداوێکە هەمان مەبەستی پێشوو دەگەیەنێت:

{عن سالم عن أبيه قال: بعث النبي صلى الله عليه و سلم خالد بن الوليد إلى بني جذيمة فدعاهم إلى الإسلام فلم يحسنوا أن يقولوا أسلمنا فجعلوا يقولون صبأنا صبأنا فجعل خالد يقتل منهم ويأسر ودفع إلى كل رجل منا أسيره حتى إذا كان يوم أمر خالد أن يقتل كل رجل منا أسيره فقلت والله لا أقتل أسيري ولا يقتل رجل من أصحابي أسيره حتى قدمنا على النبي صلى الله عليه و سلم فذكرناه فرفع النبي صلى الله عليه و سلم يديه فقال ( اللهم إني أبرأ إليك مما صنع خالد) مرتين}.

واتە: سالیمی کوڕی عبدالله ی کوڕی عومەر خوا لێیان ڕازی بێت دەگێڕێتەوە، {واتە: لەبابی عبدالله ی کوڕی عومەر} کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) خالیدی کوڕی وەلید بە سوپایەکەوە دەنێرێت بۆ (بەنی جوذەیمة) {دیارە تیرەیەکی هاوبەش دانەر بوون کافر بوون} بانگیان دەکات بۆ ئیسلام کە مسوڵمان بن ئەوانیش نازانن بڵێن: مسوڵمان بووین، (أسلمنا ) دەڵێن: (صبأنا، صبأنا ) واتە: هەڵگەڕاینەوە، هەڵگەڕاینەوە (خالید)یش وا دەزانێت کە مەبەستیان ئەوەیە کە لەسەر کوفری خۆیان بەردەوامن، بۆیە دەست دەکات بە شەڕ لەگەڵ دا کردنیان و هەندێکیان دەکوژن و زۆرێکیشیان لێ بە دیل دەگرن، وە هەرکەسە دیلەکەی لەلای خۆی دادەنێ، هەتا ڕۆژێکیان خالید فەرمان دەکات هەرکەسە دیلەکەی خۆی بکوژێ، (عبد الله ی کوڕی عومەر) دەڵێ: گوتم بەخوا من دیلەکەی خۆم ناکوژم، وە هیچ کام لەو هاوەڵانەی کە لەگەڵ

www.alibapir.com


مندان، دیلەکانی خۆیان ناکوژن، ئنجا کاتێك گەڕاینەوە بۆلای پێغەمبەری خواو (صلى الله عليه وسلم) ئەو مەسەلەمان بۆ باس کرد، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) هەردوو دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردنەوەو فەرمووی: ئەی خوایە! من بەریيم بۆلای تۆ لەوەی کە خالید کردوویەتی دوو جاران وای فەرموو: {واتە: خوایە! من حاشا لەوە دەکەم کە خالید کردوویەتی و شتێکی ناشەرعیی کردووە}.

کەواتە: ئەوەی خالید کردوویەتی (خوا لێی ڕازی بێ) ڕەتکراوەیە، ئەوەتا پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ڕەتی کردۆتەوە، چونکە پێچەوانەی شەریعەت بووە.

(إبن حجر العسقلاني) لە (فتح الباري) دا لە شەرحی ئەم فەرمایشتەدا هێناویەتی:

{وَزادَ الباقِرُ في رِوايتهِ أَن النّبيَ (صلى الله عليه وسلم) أَمَرَ عَليّاً أن يَخرُجَ إلى هؤلاء القَومِ يَدفعَ لَهُم الدِّيَةَ فَخَرَجَ إليهِم حتى جائَهُم فَلَم يَبقَ لَهُم أحَدٌ إلاّ وَدّاهُ}.[1]

واتە: باقر لە ڕیوایەتی خۆیدا ئەوەشی زیاد کردوە، کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمانی کرد بە عەلی کوڕی ئەبی طالیب کە بچێتە لای ئەو خەڵکەو خوێنی کوژراوەکانیان بدا، ئەویش چوو بۆلایان و هیچ کەسێك نەمایەوە کە خوێنی کوژراوەکەی نەدا.

لێرەدا پێویستە ئەوەش بگوترێ: کە لە دەوڵەتی ئیسلامییدا وێڕای دەستەڵاتی دادوەریی ئاسایی (القضاء العادي) کاتی خۆی جۆرە دادوەرییەکی دیکەش داهێندراوە بەناوی (قَضاءُ المَظالِم)، واتە: دادوەریی لابردنی ستەمەکان، کە ئامانجی بنەڕەتیی ئەو جۆرە دادوەرییە بریتی بووە لە ملپێکەچکردنی کاربەدەستان و دەستڕۆیشتوان بۆ شەریعەت، ئەوانەی کە دادوەریی ئاسایی ناتوانێ ملیان پێکەچ بکات، لەبەر ئەوەی کە خاوەن دەسەڵاتن و خاوەن پێگەو توانای سیاسیی و

---

(١) ج٨ ص ٥٦، ٥٧.

www.alibapir.com


سەربازیین، لەڕێی (قَضاءُ المَظالِم)ەوە ملیان پێ کەچکراوە، وەڕێگریی کراوە لەدەستدرێژییان و تۆڵەیان لێ وەرگیراوەتەوە.

(ابن خلدون)یش ئاوا پێناسەی ئەم جۆرە دادوەرییە دەكات:

(هِيَ سُلطَةٌ قَضائِيَّةٌ أعلى مِن سُلطَةِ القاضي والمُحتَسِبِ فَهِيَ تَنظرُ في المُنازَعاتِ ما لا يَنظرُهُ القاضي بل هيَ تَنظُرُ ظلامة الناس مِنه فَهيَ وَظيفَةٌ مُمتَزجَةٌ من سَطوةِ السَلطَنَةِ وَنَصفَةِ القَضاءِ وهيَ في أصلِ وَضعِها داخِلَةٌ في القَضاء وَ يُنظَرُ فيها ظلاماتُ الناسِ من الوِلايَة والجُباة وَالحُكامِ أو من أبناءِ الخُلَفاءِ أو الامَراءِ و القُضاة) (١)

واتە: (قَضاءُ المَظالِم) دەستەڵاتێكی دادوەریی بەرزتر بووە لە دەستەڵاتی دادوەریی ئاسایی و موحتەسیب (كەسێك كە فەرمان بە چاكە و نەهی لە خراپە دەكات) وە ئەو كێشانەی یەكلایی كردوونەوە كە دەستەڵاتی دادوەریی بۆی حەل نەكراون، بگرە لە سكاڵای خەڵك لەسەر ویشی پێچاوەتەوە، واتە: (ولایة المظالم)، دەستەڵاتێكی تێكەڵ بووە لە باڵادەستییەكی حوكمڕانیی و حەقساندنەوە دادوەریی، وە لە بنەڕەت دا بۆ ئەوە دانراوە، كەسانێك كە زوڵمیان لێ دەكرێ لە لایەن: دەستەڵاتداران و كۆكەرەوانی باج و پیتاك و دادوەرانەوە، یاخود لەلایەن كوڕەكانی: خەلیفەكان و كاربەدەستان و دادوەرانەوە.

بەكورتیی: ئەو جۆرە دادوەرییە، هەڵساوە بە حەقساندنەوە بۆ خەڵك و تۆڵە سەندنەوە لەو كەسانەی كە دادوەری ئاسایی دەستی بەسەریان دا نەڕۆیشتوە دەستەڵاتی بەسەریاندا نەشكاوە.

## سێیەم: چاودێریی كردنی دەستەڵاتی دادوەریی بەسەر خۆی دا:

شتێكی ئاشكرایە كە لە ئیسلام دا هیچ كەس ماف و ئیمتیازی ئەوەی پێ نەدراوە لەسەرووی شەریعەتەوە بێت، وە هیچ كەس ئەو مافەی پێ نەدراوە كە (ڤیتۆی) هەبێت، یاخود (حەصانەی) ئەوەی هەبێت ڕەخنەی لێ نەگیرێ و هەڵەی بۆ ڕاست نەكرێتەوە.

---

(١) المقدمة، ص ٢٤٦.

www.alibapir.com


ئنجا دیارە دادوەرەکانیش مرۆڤن و لە هەڵەو ستەم خاڵیی نابن، وە لەبەڵگە نەویستەکانی شەریعەتی ئیسلامییە، کە بێجگە لە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) هیچ کەس لە هەڵە پارێزراو نیە، تەنانەت پێغەمبەرانیش لە هەڵەی ئیجتیهادی پارێزراو نەبوون و ئەوانیش جاری وا هەبووە ئیجتیهادیان کردووەو نەیان پێکاوەو خوای پەروەردگار بۆی ڕاست کردوونەتەوە، بەڵام بێگومان لە گوناحی گەورەو گچکە پارێزراو بوون.

بۆیە دەستەڵاتی دادوەریی بۆی هەیە، بەڵکو لەسەریشی پێویستە کە چاودێریی دادوەرەکان بکات و هەرکات دڵنیا بوو دادوەرێك هەڵەی کردوە یان ستەمی کردوەو لایداوە، ئەوە پێویستە ئەو بڕیارە کە داویەتی، بە هەڵە، یان بەستەم، یان بەلادان، هەڵیبوەشێنێتەوەو ڕاستی بکاتەوە، وە ئەگەر پێویستیشی کرد لێپرسینەوەی دیکەش لەگەڵ ئەو دادوەرەدا بکرێ.

لێرەدا پێویستە باسی ئەوە بکەین کە کاتی خۆی لە دەوڵەتی ئیسلامییدا پۆست و پێگەیەك هەبووە لە دەستەڵاتی دادوەریی دا بە ناوی (قاضي القضاة) واتە: دادوەری دادوەرەکان، کە یەکەمین جار ئەو پێگەیە لەسەردەمی (أبو جعفر المنصور)دا، دووەمین حوکمڕانیی بنەماڵەی عەبباسییەکان دامەزراوە، وە یەکەمین کەسێکیش کە ئەو پۆستەی وەرگرتوە، بریتی بووە لە (أبو یوسف) قوتابی ئەبو حەنیفە (ڕەحمەتی خوایان لێبێت)، ئاشکراشە کە ئامانج لە داهێنانی ئەو پۆستە، بریتی بووە لە سەرپەرشتیی و چاودێریی کردن و لێپرسینەوە کردن لەگەڵ دادوەرەکان دا، بۆ ئەوەی هەر قازییەك لەوڵاتی خۆی دا بۆ خۆی حاکمی موتڵەق نەبێ، پێویست بوو دامەزراوەیەك و دەستەڵاتێکی باڵا هەبێ بەسەر دادوەرەکان دا، کە ئەگەر هەرکامێکیان هەڵەی کرد هەڵەکەی بۆ ڕاست بکاتەوەو ئەگەر لایدا، بیهێنێتەوە سەر ڕاستە هێڵ.

سەرەتاش قسەی دوو لە زانایان بە نموونە دێنینەوە، لەوبارەوە کە دەگونجێ دەستەڵاتی دادوەریی، چاودێریی خۆیشی بکات و لێپرسینەوە لەگەڵ خۆی و لەگەڵ قازییەکانیش دا بکات.

www.alibapir.com


١- (ابن حزم الأندلسي) لە کتێبی (المحلَّـى)دا گوتوویەتی:

( إنما الحاكمُ القاضي مُنَفِّذٌ بِقوَةِ سُلطانِهِ كلَّ ما أمَرَاللهُ تَعالى بهِ وَرَسولهُ ومانِعٌ مِن العَمَلِ بِما لَم يُأمِرِ اللهِ تَعالى بِهِ ولا رسولهُ، وَكَلُ ما حَكَمَ بهِ الحاكِمُ مِمّا عَدا ما ذَكَرنا فهوَ باطِلٌ مَردودٌ مَفسوخٌ أبَداً) (١)

واتە: بێگومان دادوەر بە هۆی ئەو دەستەڵاتەوە کە پێی دراوە، هەرچی کە خوای بەرز، وە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرمانیان پێ کردوە، جێ بەجێی دەکات، وە ڕێگا دەگرێ لە کارکردن بە هەر شتێك کە خوای بەرز یان پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرمانیان پێ نەکردوە، وە هەر شتێك کە دادوەر حوکمی پێدەکات بەدەر لەوەی کە باسمان کرد ئەوە بە باتیڵ و ڕەتکراوەو هەڵوەشاوە دادەنرێ.

کەواتە: دادوەریش وە نەبێ لەسەرووی یاساوە بێ و لەسەرووی شەریعەت و دەستوورەوە بێت، بەڵکو ئەویش دەبێ بڕیارەکانی لەجوغزو بازنەی شەریعەتدا بن.

(القرافي) لە کتێبی (الأحكام في تمييز الفتاوى من الأحكام وتصرفات القاضي والإمام)دا لەوبارەوە گوتوویەتی:

{وَقد نَصَّ العُلَماءُ على أنَّ حُكمَ الحاكِمِ لايَستَقِرُ في أربعَة واضِع وَ يُنقَضُ: إذا وَقَعَ على خيلافِ الاجماعِ ، أو القَواعِدِ ، أوالنَصِ ،أو القياسِ الجَلّي} .(٢)

واتە: زانایان دەقیان لەسەر ئەوە کردوەو لەسەری ڕێککەوتوون کە بڕیاری دادوەر، لەچوار حاڵەتان دا جێ ناگرێت و دەبێ هەڵبوەشێتەوە:

١- هەرکاتێك پێچەوانەی کۆڕای زانایان بوو.

٢- یان پێچەوانەی بنچینە شەرعییەکان بوو.

٣- یان پێچەوانەی شەریعەت بوو {واتە: دەقێکی قورئان و سوننەت}.

٤- یان پێچەوانەی قیاسێکی ئاشکرا بوو.

---

(١) ج ١٠ ص ٥٩.

(٢) ص٧٥.

www.alibapir.com


دەڵێم: هەڵبەتە دەبووایە (القرافي) دەقی قورئان و سوننەتی پێش خستبایە، بەڵام بەهەر حاڵ ڕیزبەندییەکەی بەو شێوەیە هێناوە.

کەواتە: (القرافي)یش کۆڕای زانایان و یەکدەنگیی زانایان لەو بارەوە نەقڵ دەکات، کە لەو حاڵەتانەدا: دادوەر بڕیارێك دەردەکات کە پێچەوانەی قورئان و سوننەت، یاخود یەکدەنگیی زانایان، یان بنچینە شەرعییەکان، یان قیاسێکی ئاشکرایە، ئەو بڕیارە ڕەت دەکرێتەوەو هەڵدەوەشێنرێتەوە پێشینان گوتەنی: ماڵی قەڵب سەر بە خاوەنییەتی.

ئینجا ئایا بناغەو بەڵگەی ئەو چاودێریی و لێپرسینەوەیەی دادوەران، لە لایەن دەسەڵاتی دادوەرییەوە، چییە؟ ئەوەیە کە خوا (سبحانە و تعالی) هەموو پێغەمبەرانی خۆی (علیهم الصلاة والسلام) ناردوون، پاش چەسپاندنی خوا بەیەکگرتن (توحید) و تەنیا خوا پەرستیی، بۆ چەسپاندنی دادگەریی، لەو بارەوەش دەقی قورئان زۆرن پێشتریش چەند جارێك باسمان کردوە، بۆ وێنە: خوا لە سوورەتی (الحدید)دا دەفەرموێ:

﴿لَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلَنَا بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَأَنزَلۡنَا مَعَهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلۡقِسۡطِۖ ٢٥﴾ .

واتە: هەموو پێغەمبەرانمان ناردوە بە بەڵگە ئاشکراکانەوە، وە کتێب و تەرازووشمان لەگەڵ ناردون، تاکو خەڵك بە دادگەریی بەڕێوە بچن.

کەواتە: هەموو پێغەمبەران هاتوون کە دادگەریی بچەسپێ، بۆیە هەرکاتێك بڕیاری دادوەرو قازیی پێچەوانەی دادگەریی بوو، مانای وایە پێچەوانەی ئەو ئامانجەیە کە هەموو پێغەمبەرانی بۆ هاتوون، کەواتە: چۆن دەگونجێت دادوەرێك بەناوی شەریعەتێکەوە بە ناوی دینێکەوە حوکم بکات، کە بۆ چەسپاندنی دادگەریی هاتوە، کەچی حوکمەکەشی پێچەوانەی ئەو دادگەرییەبێ، کە هەموو پێغەمبەران هاتوون بیچەسپێنن؟!.

هەروەها خوا (سبحانە وتعالی) دەفەرموێ:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ بِٱلۡقِسۡطِ ١٣٥﴾ النساء.

www.alibapir.com


واتە: ئەی ئیماندارینە! زۆر بە دادگەریی هەڵسن.

{(قوّام) (صیغة المبالغة)ی (قائم)ە، کە کەسێکە بەکارێك هەڵدەستێ، ئنجا (قوّام) واتە: زۆری پێ هەڵدەستێ} واتە: زۆر دادگەریی بچەسپێنن و زۆر مشووری لێ بخۆن، وە بۆ خوای پەروەردگاریش شایەدیی بدەن.

هەروەها خوا (سبحانه و تعالى) دەفەرموێ:

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِۚ إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ سَمِيعَۢا بَصِيرٗا ٥٨﴾ النساء.

واتە: بێگومان خوا فەرماناتان پێدەکات کە سپاردەکان بگێڕنەوە بۆ خەڵکی خۆیان، وە هەرکاتێك دادوەرییتان کرد لەنێوان خەڵك دا، دادگەرانە دادوەریی بکەن، بێگومان باشترین شتێك کەخوا ئامۆژگاریتانی پێدەکات ئەوەیە، بەمسۆگەریی خوا بیسەری بینەرە.

کەواتە: هەرکاتێك ئاشکرا بووو ڕوون بووەوە کە بڕیاری دادوەر پێچەوانەی دادگەرییەو، چۆتە بازنەی ستەمەوە، ئەوە هەر حوکمێك پێچەوانەی عەدالەت بێ مانای وایە زوڵمە، چونکە بەدیلی عەدل، زوڵمەو حوکم یان عادیلانەیە، یاخود زاڵمانەیە، ئنجا هەرکات دەرکەوت کە ئەو بڕیارەی دادوەر زاڵمانەیەو پێچەوانەی عەدالەتە، ئەوە هەم لەسەر خودی دادوەرو، هەم لەسەر سیستمی دادوەرییش بە گشتی پێویستە، کە ئەو حوکم و بڕیارە هەڵبوەشێنرێتەوە.

واتە: وێڕای چاودێریی کردن و لێپرسینەوەی دەستەڵاتی دادوەریی، خودی دادوەرەکەش کە بۆی دەرکەوت، دادوەریی کردنەکەی و حوکم و بڕیارەکەی پێچەوانەی شەریعەتە، دەبێ لێی پاش گەز بێتەوە.

وەك پێشتر باسمان کرد ئەو نامەیەی کە عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێ) بۆ ئەبو مووسای ئەشعەریی (خوالێی ڕازی بێ) ناردبوو، کە قازیی بوو لە بەصرە، بۆی نووسیبوو:

(وَلا يمنَعَنَكَ قَضاءٌ قَضيتَهُ بالأمسِ فَرَجَعتَ فيه نَفسَكَ وَ هوديتَ الى رُشدِكَ أن تَرجِعَ الى الحَقِ فإنَ الحَقَ لا يُبطِلُهُ شَيء واعلَم أنَ مُراجَعَة الحَقِ خيرٌ مِنَ التَمادي في الباطِل).

www.alibapir.com



واتە: وە با دادوەرییەك كە دوێنێ كردووتەو ئێستا موراجەعەی خۆتت كردۆتەوەو ڕاستییت بۆ دەركەوتوە، ڕێت لێ نەگرێ {لەبەر ئەوەی دوێنێ وات گوتوە} كە ئەمڕۆ بگەڕێیتەوە بۆ حەق، بێگومان حەق هیچ شتێك هەڵی ناوەشێنێتەوە، وە بزانە كە گەڕانەوە بۆ حەق، باشترە لەوەی كە ئینسان لەسەر باتیڵ و ناحەق بەردەوام بێت .

ئینجا با لەو بارەوە وەك بەڵگەیەكی مێژوویی و ڕووداوێكی مێژوویی، ئەم بەسەرهاتەش بێنینەوە كە (د. منیر البیاتي) لە كتێبی: (النظام السیاسي الإسلامي)دا هێناویەتی، دەڵێت: پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) (عەلی كوڕی ئەبی تاڵیبی) وەك قازیی نارد بۆ یەمەن، عەلی خوالێی ڕازی بێ، كێشەیەكی هاتە پێش و ئەویش بڕیارێكی بۆدان، بەڵام پێی گوتن:
(أقضي بَیْنَكُم فإن رَضِیتُم فَهوَ القضاءُ، وَ إلّا حَجَزتُ بَعضَكُم عَن بَعضٍ حتى تَأتُوا رَسولَ اللّهِ (صلى الله علیه وسلم) لِیَقضيَ بَینَكُم) (١)

واتە: من دادوەرییتان لە نێوان دا دەكەم، ئەگەر هەردوولاتان ڕازی بوون ئەو بڕیارم داوەو ئەگەر ڕازیش نەبوون، هەندێكتان لە هەندێكتان دوور دەخەمەوە، {واتە: ڕاتان دەگرم} هەتا دەچن بۆلای پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) بۆ ئەوەی ئەو دادوەرییتان لە نێوان دا بكات، ئنجا: كاتێك دادوەرییەكەی لە نێوان دا كردن، ڕازی نەبوون، ئنجا ئایا هەردوولا ڕازی نەبوون، یان لایەكیان؟! گرنگ ئەوەیە شتەكە یەكلایی نەبووەوە، بۆیە لە كاتی حەج دا ئەوان چوونە لای پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم)و بەسەرهاتەكەیان بۆ گێڕایەوەو وە بۆشیان گێڕایەوە كە (عەلی كوڕی ئەبی تاڵیب) چۆن دادوەریی لە نێوان دا كردوون، پێغەمبەری خوایش فەرمووی: (صلى الله علیه وسلم) (هُوَ ما قَضى بَیْنَكُم) واتە: ئەو دادوەرییەی ئەو كردوویەتی، منیش دانی پێدا دێنم. كە دیارە عەلی خوا لێی ڕازی بێت بڕیارەكەی ڕاست بووە، كە دیارە ئەگەر ڕاست نەبوایەو نەپێكایە، پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) هەڵیدەوەشاندەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕاست بووە ئەویش چەسپاندوویەتی.

---

(١) ص٢٨٤.

www.alibapir.com


## خاڵی هەشتەم:

## چۆنیەتی دانرانی دادوەران، (كـیفـیة تعـیین القضـاة):

**دیارە لە ڕۆژگاری ئێستامان دا، سێ ڕێگە بۆ دانان و تەعین كردنی قازیی و دادوەرەكان، هەن:**

١- لە ڕێی دەستەڵاتی یاسادانانەوە ئەو دادوەرانە دابنرێن، وەك ئێستا لە دەوڵەتی سویسڕا، هەیە.

٢- هەڵبژێردرانیان لە لایەن خەڵكەوە، وەك ئێستا لەویلایەتە یەگرتووەكانی ئەمریكادا، هەیە.

٣- دانرانیان لەلایەن دەستەڵاتی جێبەجێكردن (حكوومەت)ەوە، وەك لە زۆربەی دەوڵەتانی دنیادا ئێستا ئەوە باوە.

هەڵبەتە لە مێژووی ئیسلام دا هەر ڕێگای سێیەم و شێوازی سێیەم گیراوەتە بەرو حكوومەت وە دەستەڵاتی جێبەجێكردن دادوەرەكانی داناوە، بەڵام هیچ گومانی تێدا نیە كە هیچ پەرچ و ڕێگرییەك نیە، لەبەردەم دوو ڕێگایەكەی دیكەش دا، بگرە هەر ڕێیەكی دیكەش دا، واتە: دەگونجێ دادوەران و قازییەكان وەك چۆن سەرۆك كۆمار، یان سەرۆك وەزیران، یان ئەندامانی پەرلەمان ڕاستەوخۆ لە لایەن خەڵكەوە هەڵدەبژێررێن، ئەوانیش ڕاستەوخۆ لە لایەن خەڵكەوە هەڵبژێردرێن، وەك لە ئەمریكا باوە، وە دەگونجێ لە لایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە دابنرێن، وەك لە سویسڕا باوە، وە دەشگونجێ هەر شێوازێكی دیكە بگیرێتەبەر، گرنگ ئەوەیە چۆن زیاتر ئیرادەی خەڵك بچەسپێ و ڕەزامەندیی خەڵك بێتە دی و بەرژەوەندیی خەڵك بهێنرێتەدی، پێویستە ئەو ڕێیە بگیرێتەبەر، چونكە ئێمە لە بنەمای دووەمی سیستمی حوكمڕانیی ئیسلامیی دا كە بریتی بوو لە: {دەسەڵات هی خەڵكە} بە تەفصیلْ ڕوونمان كردۆتەوە كە كۆمەڵگا و

www.alibapir.com


خەڵك خاوەنی ئەصڵیی دەسەڵاتن بە گشتی، چ لە ڕووی یاسادانانەوە، چ لە ڕووی جێبەجێ کردنەوە، چ لە ڕووی دادوەرییەوە.

کەواتە: هەرکام لەو سێ دەستەڵاتە، ئەمانەتێکن و پێویستە خەڵك و جەماوەر بە ویستی ئازادانەی خۆیان و ئارەزوومەندانە بە کەسانی شایستەیان بسپێرن، ئەوانەی کە خۆیان بە شایستەیان دەزانن، ئنجا ئەو شێوازەی کە ئەو ئەمانەتەی پێ دەسپێردرێت بە کەسانی شایستە، کامیان لە دادگەریی و بەرژەوەندیی خەڵك و لە ڕەزامەندی خەڵکەوە نزیکتر بێ، هیچ پەرچێك نیە لەبەردەمی دا کە بگیرێتەبەر، وەك خوا دەفەرمویێ:

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا ﴿٥٨﴾﴾ .

واتە: خوا فەرمانتان پێدەکات کە سپاردەکان بە کەسانی شایستەی خۆیان بسپێرن، یەکێك لە سپاردەکانیش بریتیە لە دەستەڵاتی دادوەریی.

ئەوەی کە گرنگە لە شەریعەتی ئیسلامیی دا، ئەوەیە کە ئەو کارە هەڵقوڵاوی ئیرادەو قەناعەتی ئازادانەی خەڵك بێ، وە بەرژەوەندیی خەڵکیشی زیاتر پێ بهێنرێتە دی.

دیارە ئێمە پێشتریش باسمان کردوە کە لە بواری هەڵسوکەوتەکان دا، بناغە دەستکراوەیی یە، بە تایبەت لە بواری حوکمڕانیی و ئیدارەکردنی وڵات دا، شەریعەت دەقی کەمی داناون، بەڵکو چەند بنەمایەکی گشتی و چوارچێوەیەکی فراوانی داناوەو بۆشایی زۆری هێشتۆتەوە، بۆ ئەوەی خەڵك و کۆمەڵگا بە پێی پێداویستیی خۆیان ئەو بۆشاییانە بڕ بکەنەوە، کەواتە: ئەصڵ دەستکراوەییە و لێرەش دا دەقێکمان نیە بۆمان دیاریی بکات کە دادوەرەکان بەو شێوەیە دابنرێن، تاکو ئێمە پێوەی پابەند بین، هیچ دەقێکی پابەند کەر (مُلْزِم) نیە لەو بارەوە، بۆیە کۆمەڵگا دەستی ئاوەڵاو کراوەیە.

www.alibapir.com


## خاڵی نۆیەم:

## سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی:

هەمیشە یەکێك لە نیشانە گرنگەکانی دەستەڵاتی دادوەریی لە ئیسلام دا بریتی بووە لە: سەربەخۆیی دادوەریی (إستقلالية القضاء).

هەڵبەتە ئێمە پێشتر باسمان کرد کە کاتی خۆی لە دەوڵەتی ئیسلامیی دا، دادوەران لە لایەن حوکمڕانانەوە دانراون، بەڵام بە حوکمی ملکەچبوونی هەموو لایەك بۆ شەریعەت، وەپەیوەست بوونی هەموو لایەك بەقورئان و سوننەتەوەو سەروەر بوونی شەریعەت بۆ هەموو لایەك و سەروەر بوونی ئەو یاساو بڕیارانەی کەلە شەریعەت هەڵدەهێنجرێن، بۆ هەموو لایەك، هەمیشە دەستەڵاتی دادوەریی دەستی کراوە بووە، وە بە مانای وشە سەربەخۆ بووەو سەربەستیی تەواوی هەبووە.

**لەو بارەوە دەتوانین شایەدیی یەکێك لە ڕۆژهەڵاتناسەکان (المستشرقین) بهێنینەوە:**

(ئادەم میتز) لە کتێبی: (الحضارة الإسلامية في القرن الرابع الهجري) گوتوویەتی:

(وَمِما يَدُل على رَهبَة مَنصِبِ القَضاءِ في ذلِكَ العَهد- أي العهد العباسي- أَنَنا نَجِدُ الأمراءَ وَالوزراءَ كَثيراً مما يُساقونَ الى السِجنِ وِ لا يُحكَى مثلُ ذالِكَ إلاّ عن قَليلٍ مِنَ القُضاة) .[1]

واتە: ئەوەی کە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە پێگەی قەزا لەو کاتەدا (واتە: لەسەردەمی دەستەڵاتی بنەماڵەی عەبباسییەکان دا) هەیبەتێکی زۆری هەبووە، ئەوەیە کە ئێمە گەلێك لە فەرماندەکان و وەزیرەکان لە مێژوودا باسکراوە، کە براونە زیندانەوە، بەڵام ئەوە لە کەمێك لە دادوەرەکان نەبێت، ئەوە ناگێڕدرێتەوە. {یانی:

---

(١) ص٣٥٨.

www.alibapir.com


جاری واش هەبووە دادوەریش سجن کراوە، بەڵام بە زۆریی دەستەڵاتداران و کاربەدەستان، لەلایەن دەستەڵاتی دادوەریی یەوە تووشی لێپرسینەوەو سزاو تەنانەت بەندکردنیش بوون}.

(أبوالأعلى المودودي)یش (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەو بارەوە لە کتێبی: (نظرية الإسلام وهديه في السياسة والقانون والدستور)دا گوتوویەتی:

(وَالقُضاة وَ إن كان الخَليفةُ هوَ الذى يَتَولى تَعينَهم الا أنهُ لم يكون من حقهُ إذا عيَّنَ القاضى و وَّلاهُ مَنصبهُ أن يُحاوِلَ التَدَخُلَ فى قَضائهِ بل إذا كانَ لِرَجُلٍ مِنَ الرِجالِ دعوى على الخَليفةِ من حيثُ مَنزِلَتهُ الشخصية أو بِأعتِبارِ رئيساً للهَيئَة التَنفيذية لَم يكُن يَجِدُ أى الخليفةُ بدَّاً مِنَ الحضورِ أمامَ القاضي كعامةِ المواطنين).

واتە: قازییەکان هەرچەندە لە لایەن خەلیفەوە (حوکمڕانیی باڵای مسوڵمانانەوە) دادەنران، بەڵام خەلیفە حەقی نەبوو دوای ئەوەی کە قازییەکە تەعین دەکات و ئەو پێگەیەی پێ دەسپێرێ، دەست وەربداتە دادوەریی و بڕیارەکانییەوە، بەڵکو ئەگەر یەکێك لە پیاوان (هاووڵاتییەك) دەعوایەکی لەسەر خەلیفە هەبوایە، وەك کەسێك و هاووڵاتیەك یان بە ئیعتیباری ئەوەی کە سەرۆکە (واتە: ئەگەر دەعوایەکی لەسەر خەلیفە هەبوایە وەك شتێکی شەخصیی)، بۆ وێنە: وەك دراوسێیەتی لەسەر زەوی و نێوان و سێوان، یاخود دەعوایەکی لەسەر خەلیفە هەبوایە وەك حوکمڕانێك کە زوڵمی لێکردوە)، ئەوە خەلیفە هیچ چاری نەبووە کە دەبوو لەبەردەم دادوەردا، ئامادەبێ، وەك سەرجەم هاووڵاتیان.

دیارە چەند جارێکیش لەسەردەمی هەرکام لە: خەلیفە ڕاشیدەکان و ئومەوییەکان و عەبباسییەکان دا ئەوە ڕووی داوە، کە بەڕاستیی ئەوە شتێکی زۆر پڕشنگدارە لە دەوڵەتی ئیسلامیی دا کە بەرزترین دەستەڵات لەگەڵ هاووڵاتییەك دا بێتە بەردەم دادوەر، وە زۆر جار وا بووە، حوکمیش بەسەر دەستەڵاتدارەکەدا دراوەو حەقی هاووڵاتییەکەی لێ ستێندراوە.

شایانی باسە کە لەم ڕۆژگارەدا، لەسەرجەم سیستمەکانی حوکمڕانیی دا مەسەلەی: سەربەخۆیی بوونی دادوەریی (إستقلالية القضاء) بۆتە شتێکی

www.alibapir.com


سەلمێنراو ئاسایی، بەڵام بە ڕاستیی زۆر جاران تەنیا دروشمە، وەك لە عێڕاق و لەم هەرێمی كوردستانی خۆشمان دا دەیبینین، وە لە گەلێك دەوڵەتی دیكەی دنیادا دەیبینین، كە بە حیساب دەستەڵاتی دادوەریی دەستەڵاتێكی سەربەخۆیەو بڕیارەكانی بەسەر هەموو كەس دا جێبەجێ دەبن و، هەموویان باسی یاسا سەروەریی دەكەن، بەڵام ئەوە لەسەر ئەرزی واقیع زۆر بە كەمیی دەبینرێ و نەك هەر كەسێك كە دەستەڵاتێكی باڵای هەیە، دەستەڵاتی دادوەریی ناتوانێ بیهێنێتە بەردەم خۆی، لە كاتێك دا كەسێك دەعوای لەسەری هەبێ، بەڵكو كوڕە بەرپرسێك و كەسانی وردیلەی خوارێش لە بەرپرسەكان، زۆر بەكەمیی ئەوە بینراوە، كە دادگا بتوانێت پەلكێشیان بكات!!

هەڵبەتە لێرەش دا نابێ گلەیی تەنیا لە دەستەڵاتی دادوەریی بكرێ، بەڵكو گلەیی لەكۆی سیستەمەكە دەكرێ و لەو كەسانەی كە ناهێڵن نە دەستەڵاتی دادوەریی دەوری خۆی ببینێ و نەپەرلەمانیش و نەحكوومەتیش.

هۆكاری سەرەكیی ئەوەش هەیمەنەی حیزب و تاكەكانە بەسەر هەموو شتێكداو، ڕێگرتنە لەدروستبوونی دامەزراوەكان، چونكە: (دز بازاڕی ئاڵۆزی دەوێ) و (ڕاوچی خراپ لە ئاوی لێڵ ڕاوێ دەكات).

دیارە هەربۆیەش دەبیینین خەڵك و جەماوەر لەهەر شوێنێك بۆیان بلوێ، لەو ڕژێمانە وەدەنگ دێن و دەیانەوێ ڕایانماڵن و بیانگۆڕن، لە ئەنجامی ئەوە دا كە خەڵك لە هەموو ڕوویەكەوە تەنگی پێهەڵچنراوەو پشووی پێ سواركراوە.

ئینجا ئێمە پێشتر باسمان كرد كە پلەی: قازیی قازییەكان (قاضي القضاة) كە لەسەرەتای دەوڵەتی عەباسییەوە پەیدا كراوە، كاریگەریی زۆری هەبووە لەوەدا كە دەستەڵاتی دادوەریی بە سەربەخۆیی بمێنێتەوەو دووربێ لەدەستێوەردانی حوكمڕانان، چونكە {دادوەریی دادوەران} دەستی كراوە بووە، لە دانانی قازییەكان دا، وە لە لێپێچینەوەیان دا و سەرجەم كاروبارەكانیان، وە سەربەخۆبووە لەبەرانبەر دەستەڵاتی جێبەجێكردن و حكوومەتدا.

www.alibapir.com


# بناغەی فیكریی

## سەربەخۆیی دادوەریی

**شایەنی باسە كە لە نێو زانایان دا، دوو بۆچوون هەن دەربارەی دیاریی كردنی بناغەی فیكریی دەستەڵاتی دادوەریی:**

**یەكەم:** بۆچوونێك هەیە دەڵێ: قازیی نوێنەری خەڵكە و تەعبیر لە ئیرادەی خەڵك دەكات و خەڵكیش خاوەنی ئەصڵیی دەستەڵات و حوكمڕانییە، بۆیە پێویستە قازییەك كە نوێنەری ئەو خەڵكەیە و تەعبیر لە ئیرادەی ئەو خەڵكە دەكات كە خاوەنی ئەصڵیی دەستەڵاتە، سەربەخۆ بێت.

**دووەم:** بۆچوونێكی دیكە هەیە دەڵێ: قازیی نوێنەری خوایە (سبحانه و تعالى) چونكە شەریعەتی خوا بەسەر خەڵك دا جێ بە جێ دەكات، ئنجا لە و ڕووەوە كە شەریعەتی خواو یاساو بڕیارەكانی شەریعەتی خوا بەسەر خەڵك دا جێبەجێ دەكات و مشتومڕ و كێشەكانیان بۆ یەكلایی دەكاتەوە، پێویستە سەربەخۆ بێت، وە لەسۆنگەی ئەوەوە كە بە نوێنەری خوا دادەنرێ، پێویستە سەربەخۆ بێت و لەژێر ڕكێفی هیچ كەس و لایەنێك دا نەبێ.

ئنجا دیارە بەپێی هەردوو بۆچوونەكە واتە: چ قازیی نوێنەری خەڵك بێ و تەعبیر لە ئیرادەی خەڵك بكات، وە چ نوێنەری خوا (سبحانه و تعالى) بێ، هەر پێویستە سەربەخۆ بێ، چونكە ئەگەر سەربەخۆ نەبێ، ناگونجێ نەنوێنەری خەڵك بێ، نەهی خوابێ، لەبەر ئەوەی خەڵك كە خاوەنی ئەصڵیی دەستەڵاتە،

www.alibapir.com


دەبێ نوێنەرەکەشیان وەك خۆیان بێ، هەروەها کەسێك نوێنەری خوابێ، بەتەئکید نابێ لە ژێر هەیمەنەی هیچ کەسی دیکەدا بێت و پێویستە سەربەخۆ بێ.

(عبدالقادر عودة) ڕەحمەتی خوای لێبێت کە لایەنگری ڕای یەکەمەو دەڵێ: دادوەر نوێنەری خەڵکە، لەو بارەوە گوتوویەتی:

(الإمامُ هوَ الذي يُوَلِّي القُضاةَ بِصِفَتِه نائِباً عن الأمَةِ ولهُ الإشراف عليهِم وَ عَزلِهِم بِهذهِ الصِفة وَ لا يُعتَبَرُ القُضاةُ بِمُجَرَدِ تَعيينِهم نواباً عَن الامامِ وَ إنما يُعتَبَرُون نُواباًعن الأمَةِ وَ لِذلِك لا يُعزَلونَ بِموتِ الامامِ وَعَزلِهِ كَما أنَ الإمامَ لا يَملِكُ عَزلَهُم لغيرِ سَبَب يُوجبُ العَزلَ وَ على هذا: يُعتَبَرُ القَضاءُ سُلطَة مُستَقلَّةً مَصدَرُها الامَةُ وَ إذا كانَ الإشرافُ على هذهِ السُلطَةِ للإمامِ فإنما يُشرِفُ عليها بِصِفَتهِ نائباً عَنِ الأمَة).[١]

واتە: پێشەواو سەرۆك کە قازییەکان دادەنێت، بەو سیفەتەیە کە نوێنەری خەڵکە، وە هەر بەو سیفەتەی بۆی هەیە سەرپەرشتییان بکات و لاشیان بدات، بەڵام قازییەکان هەر لەبەر ئەوەی کە لە لایەن حوکمڕانەوە دادەنرێن بە شوێنکەوتووی حوکمڕان لە قەڵەم نادرێن، {واتە: وا دانانرێن کە ئەوە لە ژێر هەیمەنە و دەستەڵاتی ئەودان}، بەڵکو بە نوێنەری خەڵك دادەنرێن، {واتە: هەرچەندە لەلایەنی حوکمڕانەوە دادەنرێن، بەڵام لەئەصڵ دا نوێنەری خەڵك و ئوممەتن} بۆیەش کاتێك پێشەواو حوکمڕان وەفات دەکات، ئەوان بەرکەنار نابن، وە کاتێك کە ئەو حوکمڕانە لادەدرێت ئەوان ئۆتۆماتیکی لانادرێن، هەروەها حوکمڕان و پێشەواش هەرچەندە دایان دەنێ، بەڵام دوایی بۆی نیە لایان بدات، مەگەر هۆکارێکی ڕوون و ئاشکراو بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرا هەبێ، بۆیە بە پێی ئەم بنەمایە، دەستەڵاتی دادوەریی بە دەستەڵاتێکی سەربەخۆ دادەنرێ و سەرچاوەکەی بریتیە لە خەڵك، وە ئەگەر پێشەوا و حوکمڕان بۆی هەیە سەرپەرشتیی دەستەڵاتی دادوەریی بکات، لەسەر ئەو بناغەیە سەرپەرشتیی و چاودێرییان دەکات، کە نوێنەری خەڵکە، نەك بەو واتایەی کە بەسەر ئەوان (قازییەکان)ەوە چاودێرەو بۆی هەیە دەست وەربداتە کاروباریانەوە.

---

(١) الإسلام وأوضاعنا السياسية، ص ١٨٩.

www.alibapir.com


بەڵام (أبو الأعلى المودودي) لایەنگری ڕای دووەمە و پێی وایە کە قازیی و دادوەر نوێنەری خوایە، وە شەریعەتی خوا بەسەر خەڵك دا جێ بەجێ دەکات، بۆیە دەبێ سەربەخۆ بێ، ئەو لەو بارەوە گوتوویەتی:

(لِأنَ القاضیَ ِمن وَظِیفَتِهِ تَنفِیذُ القانونِ الإلهی فی عِبادِهِ فلا یَتَوَلی الحُکمَ فی مَناصِبِ القَضاءِ نائِباً عَنِ الخَلیفةِ بل عَنِ اللهِ عَزَوَجَل فَلیسَ الخَلیفةُ فی مَجلِسهِ الا کَرَجُلٍ مِنَ الرجال).[1]

واتە: لەبەر ئەوەی یەکێك لە ئەرکەکانی دادوەر بریتیە لەو جێبەجێکردنی یاسای خوا (شەریعەتی خوا) بەسەر بەندەکانی دا، بۆیە ئەو پێگەیەی کە پێی دەدرێ (ئەرکی دادوەریی) بەو ئیعتیبارە وەری ناگرێ کە ئەوە نوێنەری خەلیفەو حوکمڕانە، بەڵکو بەو ئیعتیبارە وەری دەگرێ کە نوێنەری خوایە (سبحانە و تعالى)، بۆیە خەلیفەو حوکمڕان لە مەجلیسی قازیی دا (یەکێکە لە هاووڵاتیان) پیاوێکە لە پیاوان، وە هیچ ئیمتیازێکی نیە.

دیارە ئێمە پێشتریش باسمان کرد کە ئاکامی هەردوو ڕاو بۆچوونەکە، لە بارەی پلەی یاسایی دادوەر (المرکز القانوني للقاضي)یەوە دەبێتەوە بەیەك، چ قازیی بە نوێنەری خوا (سبحانە و تعالى) دابنرێ، چ بە نوێنەری خەڵك، دەرەنجامەکەی هەریەکە، من پێم وایە ئەو ڕایەیان ڕاستترە کە دەڵێ: قازیی نوێنەری خەڵکە و ئەو شەریعەتەی خەڵك قەناعەتی پێی هێناوەو تەبەننییان کردوەو کردوویەتی بە بەرنامەی ژیانی، ئەو بەرنامەیان بەسەردا جێبەجێ دەکات و لە کاتێك دا کە دەکەونە کێشەو مشتوومڕەوەو ناکۆکییان دەبێ، بە پێی ئەو بەرنامەیەی کە خۆیان قەناعەتیان پێی هێناوەو تەبەننییان کردوەو کردوویانەتە بەرنامەی ژیانیان، بە نوێنەرایەتی خۆیان، ئەو بەرنامەیان بەسەردا جێبەجێ دەکات، بەڵام ئەگەر بشگوترێ: بەو ئیعتیبارە کە شەریعەتی خوا جێبەجێ دەکات بەسەر بەندەکانی دا، نوێنەری خوایە، پێشتریش باسمان کردوە کە مرۆڤەکان هەمویان لە بنەڕەت دا بەجێنشینی خوادا دەنرێن و هەموو مرۆڤەکان، خوا (سبحانە و

---

(١) نظرية الإسلام وهديه..... ص٦١.

www.alibapir.com



تعالى ) لەسەر زەوی داینراون کە شەریعەتەکەی پیادە بکەن و بەو شێوەیە ژیان بگوزەرێنن کە خوای پەروەردگار بۆی دیاری کردوون.

کەواتە: بەو ئیعتیبارە هەموو مرۆڤەکان، تاك تاکیان بە جێنشینی خوادا دەنرێن، بەڵام بە تەئکید ئەو کەسەی کە دەبێتە حوکمڕان بەسەر مسوڵمانانەوە، یاخود دەبێتە قازیی و دادوەر، یاخود دەبێتە یاسادانەر (مقنِّن) ئەوە ئەرکی قورسترە، جێنشینایەتیی کردنەکەی بۆ خوای پەروەردگار تۆخ ترەو قورسترە، لە کەسێك کە تەنیا بەرپرسیاری خۆیەتی.

گرنگ ئەوەیە کە قازیی و دادوەر چ نوێنەری خوابێ، چ نوێنەری خەڵك بێ، هەم نوێنەر بوونی بۆ خەڵك و هەم نوێنەربوونی بۆ خوا ئەوە دەخوازێ کە سەربەخۆ بێ، بۆیە ناگونجێ دەستەڵاتی دادوەریی سەربەخۆ نەبێ بە مانای وشەی سەربەخۆیی، وە ئەوەش کە ئێستا باوە لە سیستەمە کانی حوکمڕانیی دا کە بریتیە لە لێکجیاکردنەوەی دەستەڵاتەکان (الفصل بین السلطات)، وەك پێشتریش باسمان کردوە، لە شەریعەتی ئیسلامییدا شتێکی زۆر ڕەوایەو هیچ بەربەستێکی لەبەردەم دا نیە، مادام کە ئەگەر دەستەڵاتەکان لە یەك جیابن، وە چاودێریی یەکدی بکەن، چاکتر دادگەریی بچەسپێت و چاکتر بەرژەوەندیی خەڵك بهێندرێتە دی، ئەوە وەك چەندان جار باسمان کردوە زانایانی ئیسلام دەڵێن:

(فأينما وجِدَ العَدلُ فثَمَّ شَرعُ الله وَ أينما وجِدَتِ المَصلَحةُ فثَمَّ شَرعُ الله).

دادگەریی لە کوێ بێت شەریعەتی خوا لە وێیە، وە بەرژەوەندیی خەڵك لە کوێ بێت، شەریعەتی خوای پەروەردگار لەوێ یە.

www.alibapir.com


## خاڵی دەیەم:

## دەستەبەرکەرەکان (ضمانات)ی پاکیی و سەر ڕاستیی دەسەڵاتی دادوەریی:

ئەوەی بۆ دەستەڵاتی دەسەڵاتی دادوەریی (السلطة القضائية)، زۆر گرنگ، ئەوەیە کە چەند دەستەبەرکەرێك و، چەند گرەنتییەك هەبن، کە ئەو دەستەڵاتە بەشێوەیەکی سەر ڕاستانەو پاك و بێگەردانە کاری خۆی بکات، وە بەلای کەس دا دای نەشکێنێت وە تەماع و بەرتیل و چاو سوورکردنەوە ڕێڕەوی پێ نەگۆڕێ، ئنجا لەشەریعەتی ئیسلامییدا پێنج جۆرە دەستەبەرکەر (ضمانة) هەن بۆ ئەوەی دەستەڵاتی دادوەریی دوور بێت لە وەی کە بەملاو لادا بڕوات و بخلیسکێنرێ، وە دادوەران لە دادوەریی کردنیان دا دوچاری ستەم و لادان ببن.

**ئێستاش با پێناسەیەکی کورتی ئەو پێنج جۆرە دەستەبەرکەرە بکەین:**

### یەکەم: سەربەخۆیی دادوەریی و پێگەی یاسایی دادوەر:

ئێمە پێشتر باسمان کرد کە دەستەڵاتی دادوەریی سەربەخۆیەو لە مێژووی دەوڵەتی ئیسلامییدا، دادوەرەکان لە لایەن حوکمڕان و دەستەڵاتی جێبەجێکردنەوە دادەنرێن، بەڵام دوای دانرانیان، دادوەر سەربەخۆبووە لە بڕیارەکانی دا. وە حکوومەت و دەستەڵاتی جێبەجێکردن بۆی نەبووە کە دەست وەربداتە کاروباری، بەڵکو وەك پێشتر باسمان کرد زۆر جار دادوەر حوکمی بەسەر گەورەترین دەستەڵاتی حکوومەت دا داوە کە کەسی یەکەمە، لە کاتێك دا کە کێشەیەکی بووە لەگەڵ هاووڵاتیان دا، وە پاشان پێگەی یاسایی دادوەر، کە وەك پێشتر باسمان کرد: دادوەر یان بە نوێنەری خەڵك دادەنرێ، یان نوێنەری خوا (سبحانه وتعالى)، ئنجا چ بە نوێنەری خەڵك دابنرێ کە یانی: نوێنەرایەتییی هەموو خەڵك و کۆمەڵگا دەکات، هیچ کەسێك بۆی نیە ئەو ئیرادەیە بخاتە ژێر کۆنتڕۆڵی

www.alibapir.com


خۆیەوە، وە چ بە نوێنەری خوا دابنرێ بۆ جێبەجێكردنی شەریعەتەكەی، دیسان هیچ كەس بۆی نیە كە فشار بخاتە سەر كەسێك كە خاوەنی پێگەیەكە كە تەعبیر لەنوێنەرایەتی خوای پەروەردگارو شەریعەتەكەی، دەكات.

دیارە دەستەڵاتی دادوەرییش هەمیشە بەوە كاریگەریی نەرێنی لەسەر دانراوەو دادەنرێ، كە دەخرێتە ژێر فشارەوە، جا فشاری ترس بێ یان تەماع، بەڵام ئیسلام ئەو زەمانەتەی داناوە، كە یەكەم: دەستەڵاتی دادوەریی سەربەخۆیە، دووەم: پێگەی یاسایی دادوەر جۆرێكە، كە هیچ كەس بۆی نەبی كاریگەریی سەلبیی لەسەری هەبێ.

## دووەم: پارێزران لە لادران (عزل) مەگەر بەبەڵگەو پاساوێكی بەهێزو بەجێ:

واتە: دادوەر لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوەو هیچ كەسێك و هیچ دەستەڵاتێك بۆی نیە لای بدات و بەركەناری بكات، مەگەر بەڵگەیەكی بە هێز هەبێ، بەڵگەیەكی بەرهەست و بەرچاو.

دیارە زۆربەی هەرەزۆری شەرعزانان ڕایان وابووە، كە حوكمڕان بۆی نیە دادوەر بەركەنار بكات و لای بدات، بۆ ئەوەش دوو بەڵگەیان هێناونەوە:

**یەك:** دادوەرێتیی گرێبەستە، گرێبەستەكانیش پێویستە جێبەجێ بكرێن، واتە: دادوەر كە دەكرێت دادوەر، گرێبەستێكی لەگەڵدا جێبەجێكراوە، لە لایەن دەستەڵاتی جێبەجێكردنەوە، كە بریتیە لەوەی دەبێت دادوەریی لە نێو خەڵك دا بكەی بەشێوەیەكی دادگەرانە، كەواتە: هیچ كەسێ بۆی نیە تاكو ئەو دادوەرە دادگەرانە دادوەریی بكات، وە بە پێی شەریعەت بە ڕێوە بچێت، دەست وەربداتە كاروباری و لای بدات، چونكە خوا (سبحانە وتعالى) لە سوورەتی (المائدة)دا دەفەرموێ:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَوۡفُواْ بِٱلۡعُقُودِ ۝١﴾ المائدة.

واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! گرێبەستەكان جێبەجێ بكەن.

www.alibapir.com


**دوو:** بەڵگەی دووەم ئەوەیە کە یەکێك لە مەرجە سەرەکییەکانی حوکمڕان ئەوەیە، کە هیچ شتێك نەکات پێچەوانەی بەرژەوەندیی خەڵك بێت، واتە: سەرۆکی دەوڵەت یەکێك لە مەرج و پاساوەکانی کە پێی بۆتە سەرۆکی وڵات، ئەوەیە کە بەرژەوەندیی خەڵك دابین بکات، دیارە دادوەر و قازییەکیش کە دادگەرانە حوکم بکات و بە پێی شەریعەت بە ڕێوە بچێ، بەرژەوەندیی خەڵك دابین دەکات، کەواتە: پێچەوانەی بەرژەوەندیی خەڵکە، کە ئەو جۆرە قازیی و دادوەر لا ببرێ، بۆیە حوکمڕان بۆی نیە ئەو جۆرە دادوەرانە لابدات.

ئنجا شەرعزانان باسیان کردوە کە چوار جۆرە حاڵەت هەن، دەبنە پاساوو هۆکاری ئەوە کە بابای دادوەر لا بدرێ و دور بخرێتەوە لە کارەکەی:

**یەکەم:** کە بابای دادوەر هەڵە و گوناهێك بکات کە پێی لاڕێ بێت و نازناوی (فاسق) وەربگرێ، ئەویش ئەوەیە کە یەکێك لە گوناهە گەورەکان بکات.

**دووەم:** کاتێك کە عەقڵ و هۆشی نەمێنێ.

**سێیەم:** کە نەخۆشییەکی تووش بێ ڕێگای لێ بگرێ کەکاری دادوەریی ئەنجام بدات.

**چوارەم:** یەکێك لە مەرجەکانی دادوەریی تێدا نەمێنێ بۆ وێنە: زانیاری، یاخود دادگەریی، یان هەرکام لەو خەصڵەتە سەرەکییانەی دیکە کە پێشتر باسمان کردن(١).

## سێیەم: مەرجەکانی دادوەر (شروط القاضي):

دەستەبەرکەری سێیەم بۆ ئەوەی دەستەڵاتی دادوەریی لانەدات و تووشی هەڵەو خلیسکان نەبێ، بریتیە لە مەرجەکانی دادوەر، ئێمە پێشتر باسمان کردو لە بڕگەی شەشەم دا خستمانە ڕوو، کە دادوەران پێویستە کۆمەڵێك مەرجیان تێدا بن، ئەوجار بە کەڵکی دادوەریی دێن، ئەو مەرجانەش کەبەمەرج گیراون و بە پێویست زانراون بۆ بابای دادوەر، هۆکارێکی زۆر گرنگن و دەستەبەرکەرێکی

---

(١) السلطة القضائية في الإسلام، د. شوكت عليان، ص ١١٧.

www.alibapir.com



زۆر کاریگەرن، بۆ پاك و ڕاست و سەرڕاست مانەوەی دەستەڵاتی دادوەریی، بەتایبەت بەمەرجگرتنی سیفەتی دادگەریی، کە دیارە دادوەر کاتێك لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە، وە کاتێك بڕیارەکانی ڕەواییان دەبێت، کە دادگەرانە بن.

واتە هەمیشە بابای دادوەر دەبێت ئەوە بزانێت، کە لەسەر بناغەی پابەندیی بەو مەرجانەوە کە تێیدا بەمەرجگیراون، دەتوانێت بە قازیی و دادوەر بمێنێتەوە.

## چوارەم: پابەندیی دادوەران بە قورئان و سوننەت و بە بنچینەکانی ئیجتیهادەوە:

- دیارە مەرجی پێشوو ئەمەش دەگرێتە خۆی، بەڵام بە جیاش هێنامان - ئەمەش دیسان هۆکارێکی زۆر گرنگ و دەستەبەرکەرێکی کاریگەرە، بۆ ئەوە کە دەستەڵاتی دادوەریی سەر ڕاستانە بمێنێتەوەو لەخەت لانەدات.

دیارە لە دەوڵەتی ئیسلامییدا سەرجەم کاربەدەستانی هەرسێ دەستەڵاتەکە: یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی، پێویستە پابەند بن بە شەریعەتەوە، شەریعەتێك کە لە قورئان و سوننەت دا بەرجەستەیە، بە تایبەت دەستەڵاتی دادوەریی کە یەکێك لە ئەرکەکانی چاودێریی کردن و لێپرسینەوەی هەرسێ دامەزراوەکەیە، پێویستە کە زۆر بە وردیی و وریایی و هەستیارییەوە پابەند بێت بە شەریعەتەوە، تاکو قسەی بەسەر خەڵکەوە بڕوات، چونکە کەسێك بۆ خۆی شەریعەت پێشێل بکات و یاسا پێشێل بکات، بە تەئکید ناتوانێت لەسەر بێ یاسایی لە خەڵکی دیکە بپێچێتەوە!

ئێمە پێشتر فەرموودەیەکمان هێنا بۆمان دیاریی دەکات، کە چۆن چۆنی پێویستە دادوەر پابەند بێت بەقورئانەوە، پاشان بە سوننەتی پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) پاشان بە ئیجتیهادەوە، ئێستاش ئەو فەرموودەیە دووبارە دەکەینەوە:

{عن مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) لَمَّا أَرَادَ أَنْ يَبْعَثَ مُعَاذًا إِلَى الْيَمَنِ قَالَ " كَيْفَ تَقْضِى إِذَا عَرَضَ لَكَ قَضَاءٌ " . قَالَ أَقْضِى بِكِتَابِ اللَّهِ. قَالَ ‹‹فَإِنْ لَمْ تَجِدْ فِى كِتَابِ اللَّهِ››. قَالَ فَبِسُنَّةِ رَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه

www.alibapir.com


وسلم) قَالَ " فَإِنْ لَمْ تَجِدْ فِي سُنَّةِ رَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) وَلاَ فِي كِتَابِ اللَّهِ". قَالَ أَجْتَهِدُ رَأْيِي وَلاَ آلُو، فَضَرَبَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) صَدْرَهُ وَقَالَ: «الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي وَفَّقَ رَسُولَ رَسُولِ اللَّهِ لِمَا يُرْضِي رَسُولَ اللَّهِ} (أخرجه أبو داود برقم: (٣٥٩٢)، والترمذي برقم: (١٣٢٧)، ضَعَّفَهُ الألباني وشعيب الأنؤوط).

واتە: موعازی کوڕی جەبەل خوا لێی ڕازی بێت کە یەکێکە لە هاوەڵانی بەرجەستەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەڵێت: کاتێك پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) منی ڕەوانە کرد بۆ یەمەن {دیارە وەك دادوەر ڕەوانەی کردوە، یان وەك سەرپەرشتیار (والي)، ئەو کاتە کە والییەکان هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە مشوورخۆر و بەڕێوەبەری وڵات بوون، دادوەر و قازیش بوون} پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) پێی فەرمووم: کاتێك کێشەیەکت دێتە بەردەم چۆن دادوەریی دەکەی؟ گوتم: بە کتێبی خوا دادوەریی دەکەم (تەماشای قورئان دەکەم و بە پێی ئایەتەکانی دادوەریی دەکەم). فەرمووی: ئەگەر لە کتێبی خوادا بڕیار و حوکمی ئەو کێشەیەت نەدۆزیەوە؟

گوتم: بە سوننەتی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دادوەریی دەکەم، فەرمووی: ئەگەر لە سوننەتی پێغەمبەریش دا شتێکی وات بەرچاو نەکەوت؟ گوتم: بەعەقڵی خۆم کۆشش دەکەم، وەکەمتەرخەمیی ناکەم، {واتە: لەبەر ڕۆشنایی قورئان سوننەت دا خۆم کۆشش دەکەم بۆ دۆزینەوەی حوکم و بڕیاری ئەو کێشەیە} .

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەستی لە سینگم داو فەرمووی: ستایش بۆ ئەو خوایەی کە نوێنەری پێغەمبەری خوای هاوکاری کردوە، بۆ شتێك کە جێگای ڕەزامەندیی پێغەمبەری خوایە.

www.alibapir.com


**پێنجەم: بەرپرسیارێتیی دادوەر لە کاتی دەرچوونیدا لە بازنەی شەریعەت، یان کەمتەرخەمیی کردنیدا:**

دیارە پێشتر باسمان کرد کە ئەرکی دادوەریی (القضاء) بریتیە لە جێبەجێکردنی شەریعەت، بۆیە هەرکات دادوەر لە شیرازەی شەریعەت چووە دەرێ، چ بەهەڵە و چ بە ئەنقەست، ئەوە بە تەئکید بەرپرسیارێتیی دەکەوێتە سەرشان، هەم بەرامبەر بە خوای پەروەردگار لە قیامەت دا، هەم بەرانبەر بە خەڵك لە دنیادا.

جارێ دەربارەی بەرپرسیارێتیی دادوەر لە بەرانبەر خوادا بۆ قیامەت، لە کاتێك دا حوکم بەشەریعەت ناکات و لە دادگەریی لادەدات، خوا لە چەندان ئایەت دا هەڕەشەی لەو کەسانە کردوە کە بە پێچەوانەی شەریعەت و ئەوەی خوا ناردوویەتە خوار حوکم دەکەن.

بۆ وێنە: لە سووڕەتی (المائدة) لە ئایەتی ژمارە (٤٤)دا دەفەرموێ:

﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَـٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾﴾ .

واتە: وە هەرکەس حوکم نەکات بەوەی کە خوا ناردوویەتە خوار، ئا ئەوانەن کافران.

وە لەئایەتی ژمارەی (٤٥)ی هەمان سووڕەتدا دەفەرموێ:

﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ﴿٤٥﴾﴾ .

واتە: وە هەرکەسێك حوکم نەکات بەوەی کە خوا، ناردوویەتە خوار ئائەوانەن ستەمکاران.

وە لە ئایەتی ژمارە (٤٧)ی هەمان سووڕەتدا دەفەرموێ:

﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَـٰسِقُونَ ﴿٤٧﴾﴾ .

واتە: وە هەرکەسێك حوکم نەکات بەوەی کە خوا ناردوویەتە خوار، بێگومان ئا ئەوانەن لە ڕێ دەرچوان.

www.alibapir.com


ئەوە بە نسبەت قیامەت و لای خوای دادگەر کە کەسانێك حوکم بەشەریعەت نەکەن حوکمێکی زۆر سەخت ڕوویان تێدەکات، هەڵبەتە ئەو ئایەتانەش زانایان زۆر مشتومڕیان لەبارەوە کردوون، کە ئایا بابای دادوەر یان حوکمڕانێك کە حوکم بەشەریعەت ناکات، چ کاتێك کافر دەبێ و بەکافر دادەنرێ؟ وە چ کاتێك بە ستەمکارو چ کاتێك بە فاسق؟! کە ئێستا بواری ئەوەمان نیە لەسەری بدوێین[١]، گرنگ ئەوەیە ئەو جۆرە کەسانە حوکمێکی سەخت و قورس ڕوویان تێدەکات. بە نسبەت بەرپرسیارێتییشیان بەرانبەر بە خەڵك و لە دنیادا، دیارە بەرپرسیارێتیی کەسێك کە لە حوکمی شەریعەت لادەدات، زانایان هەموو لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە هەرکاتێك کە حوکمڕان یان دادوەر لە شەریعەت لای دا، سزاو بەرپرسیارێتیی دنیایی ڕووی تێدەکات، بۆ نموونە:

(محمد سلام مدکور) لە کتێبی (القضاء في الإسلام)دا - کە ئەویش لە زانایانی دیکەوە هێناویەتی، وەك (المغني لإبن قدامة) ج٩ ص٨٥، وە (بداية المجتهد لابن رشد) ج٢ ص٥١٤،- گوتوویەتی:

(إنَ القاضي إذا تعَمّدَ الجورَ وَأقَرَّ بإنَهُ حَكمَ مُتعَمِداً بغَيرِ الحَقِ لَزِمَهُ الضمان فى مالِهِ وَيُعَزَرُ لارتِكابُه بِهذهِ الجَريمة وَيُعْزَل مِنَ القضاء أما إذا كانَ الخَطَاء غَيرَ مُتعَمّدِ فإنَّهُ لايُضمَّنُ ماتَرَتّبُ على خَطَئهِ مِن أضرارٍ ماليةٍ لَحِقَت بِأحَدِ الخَصمَينِ بِسَبَبِ هذا الخطَأ لأنهُ فى قضائهِ نائبٌ ورَسولٌ عَن وَلِي الأمرِ والمولى مِن عامَةِ المسلمين والرسولُ لايلتَزمُ بألعُهدَة).[٢]

واتە: دادوەر ئەگەر بە ئانقەست ستەمی کرد، وە دانی پێدا هێنا کە بە ئانقەست بەناحەق بڕیاری داوەو دادوەریی کردوە، بژاردنی دەکەوێتە سەر لە ماڵ و سامانی دا، وەپێویستە سزاش بدرێ لەسەر ئەو تاوانە وە لاش بدرێ لەو ئەرك و کارەی خۆی، بەڵام ئەگەر هەڵەکەی بە ئانقەست نەبێت، ئەوە بژاردنی

---

(١) لە بەرگی (٤)ی (ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی)داو چەند شوێنێکی (الإسلام كما يتجلى في كتاب الله)دا بەدرێژیی لەو بارەوە دواوم، هەروەها لە بەرگی (٤)ی تەفسیرەکەم (تەفسیری قورئانی بەرز و بەپێز)دا، کە سووڕەتی (المائدة)ی گرتۆتە خۆی.

(٢) ص٦١.

www.alibapir.com


ناکەوێتە سەر لە ئەنجامی ئەو هەڵەیەدا کە کردوویەتی و زیانی دارایی بە یەکێك لە دوو تەرەفەکان گەیاندوە بەهۆی ئەو هەڵەیەوە، چونکە بابای دادوەر نوێنەرەو ڕەوانە کراوە لە لایەن حوکمڕانەوە کە لە لایەن مسوڵمانەوە بە گشتی دانراوەو کەسێکی واش بژاردنی ناکەوێتە سەر، ئەو (مادام زیانگەیاندنەکە هەڵە بووبێ بە ئەنقەست نەبێت).

لەو بارەشەوە ئەم بەسەرهاتە دەگێڕینەوە، کە زۆر جوان بۆمان دەردەخات کە دەستەڵاتی دادوەریی ئیسلامیی چەند هەستیاریی هەبووە بەرانبەر بەوە کە کەسێك بە هۆی بڕیارێکی هەڵەوە، یاخود هەڵوێستێکی هەڵەی دادوەرێکەوە تووشی زیان بووە، چۆن دادوەران هەستیان بە بەرپرسیارێتی کردوە:

جارێکیان دوو کەس دەچن بۆلای (ابن نُعَیم) (کە یەکێك بووە لە دادوەرەکان) لەکاتی بانگی شێوان دا دەچن و لەبارەی حوشترێکەوە کێشەیان دەبێت، ئەویش لەبەر ئەوەی کە سەرقاڵی نوێژی شێوان دەبێ، بەڕێیان دەکات و دادوەرییان لە نێواندا ناکات، دەڵێ: بەیانی وەرنەوە، ڕۆژی دواتر کە دێنەوەلای، یەکێکیان دەڵێت: حوشترێکم لەم کابرایە کڕیوە بە دوازدە دینار، وەعەیبێکی ئاشکرای لێدەرکەوتوە، بەڵام کابرای فرۆشیار پێی گوتم: بە بڕیاری دادوەر نەبێت لێت وەرناگرمەوە، ئێمەش دوێنێ هاتین و تۆش حوکمت لە نێوان نەکردین و خەریکی نوێژ بووی، حوشترەکەش دوێنێ شەو لە تەویلەدا مردوە، ئنجا ئایا بژاردنەکەی لە گیرفانی من دەبێ، یان لە گیرفانی بابای فرۆشیار دەبێ؟ دادوەرەکەش دەڵێت: بەڵکو لە گیرفانی من دەبێ، چونکە من دوێنێ کێشەکەتانم هەڵنەبڕی و دادوەرییم لە نێوان دا نەکردن! بۆیە نرخی حوشترەکەی بۆ کێشان، کە دیارە ئەو کاتە دراو، یان زێڕ بووە، یان زیو بووە، وە بۆی بژاردن[1]!!.

بە تەئکید هەرکام لەم پێنج هۆکارە بەجیا جیاو هەمووشیان پێکەوە گەورەترین و کاریگەرترین دەستەبەرکەر (ضامن)ی ئەوەن کە دەستەڵاتی دادوەریی پاکیی و سەرڕاستی خۆی لەدەست نەدا، وە بەشێوەیەك دادوەریی بکات لە نێوان خەڵك دا کە دادگەریی بپێکێت و بەرجەستە بکات.

---

(١) الولاة والقضاة، ج٢ ص ٣٤٨.

www.alibapir.com


## خاڵی یازدەیەم و کۆتایی:

## دەستەڵاتی دادوەریی، بواری گەشەکردن و بەرەو پێشبردنی زۆری تێدایە:

بێگومان دەستەڵاتی دادوەریی بە گشتی لە بازنەی هەڵسوکەوتەکان دایەو وەك چەندان جاری دیکەش گوتوومانە: بواری هەڵسوکەوتەکانیش بناغە تێیدا ڕەوایی و ڕێپێدرانە، وە هیچ شتێك لەو بوارەدا قەدەغە نیە، ئەگەر بەدەقێکی ڕوون و بێ چەندو چوونی قورئان یان سوننەتی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) قەدەغەنەکرابێت، چونکە پێشتریش باسمان کرد، زانایان دەڵێن:

(الأَصْلُ في العادات الإباحة، إلاّ ماوَرَدَ عَنِ الشارعِ تَحرِيمُه). [١]

واتە: بناغە لە هەڵسوکەوتەکان دا بریتیە لە ڕێپێدران، مەگەر لە شەرعدانەرەوە بە ئاشکرا قەدەغەکرابێت.

بۆیە بەڕاشکاویی دەڵێین: مسوڵمانان دەستیان کراوەیە وەرییان لەبەردەم دا تەخت و ئاچووغە، بۆ هەر گۆڕانکارییەك کە لە بواری دەستەڵاتی دادوەریی دا بیکەن، لە ڕووی ئیداریی، لە ڕووی هونەریی یەوە، لە بواری زیاتر ڕێکخستن و گەشەپێدانی کاروبارەکانی دا... چۆن باشتر بەرژەوەندیی خەڵك بێنێتە دی، وەلەگەڵ واقعی ڕۆژگاردا گونجاوتر بێ، مسوڵمانان ئازادو دەستکراوەن.

دیارە لە مێژووی دەستەڵاتی دادوەریی لەدەوڵەتی ئیسلامیی دا - وەك پێشتر باسمان کرد - پلەیەکیان داهێنا بەناوی: (قازیی قازییەکان: قاضي القضاة) هەروەها جۆرە دادوەرییەکی دیکەیان داهێنا، بەناوی (قضاء المظالم) دادوەریی لابردنی ستەمەکان، کە لەسەردەمی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) و لەسەردەمی چوار جێنشینە ڕاشیدەکانیشی دا، هیچ کام لەو دووانە نەبوون،

---

(١) أصول الفقه المهمة، عبدالرحمن بن ناصر السعدي، ص١٠٦.

www.alibapir.com


ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لەو بوارەدا، مسوڵمانان دەستیان ئاوەڵاو کراوەیە، کەبەپێی سەردەمی خۆیان، چۆن بەرژەوەندیی کۆمەڵگا زیاتر بێتەدی و وە دادگەریی زیاتر بەرپا بێت، بۆیان هەیە داهێنان (إبداع) بکەن.

**ئنجا لەبەر تیشکی ئەوەدا کە ڕابرد دەڵێین:**

**یەکەم:** هەرچەندە لە درێژەی مێژووی دەوڵەتی ئیسلامییدا، دادوەران بەگشتی لە لایەن حوکمڕانەوە دانراون و سەرپەرشتیی کراون، بەڵام بە تەئکید دەستوەرنەدراوەتە کاروباریان! ئنجا ئێستا کە مرۆڤایەتیی دوای ئەزموونگەلی زۆر گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە وا باشە دەستەڵاتی دادوەریی بە پێی بنچینەی لەیەك جیایی دەستەڵاتەکان (فصل السلطات) جیا بێت و دەستەڵاتێکی سەربەخۆ بێ، لە شەریعەتی ئیسلامییدا ئێمە هیچ کۆسپ و لەمپەرێکمان لەبەردەم دا نیە، کە دەستەڵاتی دادوەریی دامەزراوەیەکی سەربەخۆی جیابێت لە حکوومەت، بەڵکو ئا ئەوە لە ڕووحی شەریعەتەوە نزیکترە، وە پێشتریش باسمان کرد لە دەوڵەتی ئیسلامییدا، هەرچەندە دەستەڵاتی دادوەریی بە مانای وشە سەربەخۆ نەبووە، بەڵکو کە قازیی و دادوەرەکان لە لایەن حوکمڕانەوە دانراون، بەڵام لە بڕیاردانیاندا، سەربەخۆبوون و لە ژێر فشاری هیچ کەس دا نەبوون .

**دووەم:** لە ڕووی پلە پلەبوونی حوکم و بڕیارەکانی دادوەریی یەوە، لە مرۆژگارەدا بەشێوەیەك دەستەڵاتی دادوەریی دانراوە کە پلە پلەیەو لە شەریعەتی ئیسلامییشدا ئەگەر تەماشا بکەین بناغەی کارێکی لەو شێوەیەمان هەیە.

بۆ وێنە: زانایان ئەم زاراوەیان بەکارهێناوە: (دادوەریی کردن بە چەند پلەیەك - التقاضي على أكثر من درجة) ئەمە زاراوەیەکە زانایانی شەرعزان بەکاریان هێناوە، کەواتە: شتێکی ڕەواو بگرە پێویستە، مادام بەو جۆرە دادگەریی زیاتر بێتە دی، کە دادوەریی کردن بە چەند پلەیەك بێ، وەك ئێستا هەیە.

www.alibapir.com


(ابن فرحون) لە کتێبی: (تبصِرَةُ الحُكّام)دا دەڵێ:

(ينبغي للإمام ولقاضي الجماعةِ تفَقُّدُ أحوالِ القُضاة وتَصَفُّحِ أقضيَتِهم، فما وافَق الحقَّ أمضاهُ، وما خالَفَهُ فَسَخَهُ). (١)

واتە: پێویستە بۆ پێشەوا وە بۆ قازیی خەڵك کە چاو بە کاروباری قازییەکان دا بگێڕێ و تەماشای بڕیارەکانیان بکات، وە هەر بڕیارێکی دادوەرەکان بە پێی حەق بووو ڕاست بوو، تێیبپەڕێنێ، وە هەرکامێکیان پێچەوانەی حەق بووو، هەڵی بوەشێنێتەوە.

کەواتە: دەبێت لە سەرووی دادوەرەکانەوە دەزگایەکی دیکە هەبێت دیکە هەبێت، تەماشای بڕیارەکانیان بکات و تەماشای هەڵسوکەوتی قازییەکان بکات.

**سێیەم:** لەڕووی پسپۆڕیی دادگاکان (إختصاص المحاكم)ەوە، دیسان شەریعەت بواری داوە کە چەندان جۆرە دادگا هەبن، وە لە مێژووی دەوڵەتی ئیسلامییدا هەموو ئەم جۆرە دادگایانە هەبوون:

١- دادوەریی مەدەنیی (القضاء المدني).

٢- دادوەریی بەپەلە (القضاء المستعجل).

٣- دادوەریی سزا (القضاء الجزائي).

٤- دادوەریی باری کەسێتیی و میرات (قضاء الأحوال الشخصية والمواريث).

٥- دادوەریی ئیداریی، یان دادوەریی لابردنی ستەمەکان (القضاء الإداري أو قضاء المظالم)، هەموو ئەم جۆرە دادگایانە لە دەوڵەتی ئیسلامییدا هەبوون.

کەواتە: ئێستاش شتێکی زۆر ئاساییە کە ئێمە دادگای مەدەنییمان هەبێت، دادگای بەپەلەمان هەبێت، وە دادگاکانی:سزاو بەڕێوەبردن و سەربازیی مان هەبن، گرنگ ئەوەیە هەرکامێك لەو جۆرە دادگایانە، بە پێی شەریعەت و چۆن دادگەریی باشتر دەچەسپێندرێت، بەو شێوەیە دادوەریی بکەن.

---

(١) القضاء في الإسلام، د. سمير عالية، ص ١٣٦.

www.alibapir.com


**چوارەم:** لە ڕووی ژمارەی دادوەرانیشەوە، کە ئایا دادوەرەکان یەکێك بن یاخود ژمارەیەك، هەرچەندە کە ئەسڵ ئەوەیە دادوەر یەکێك بێت، بەڵام دیسان ژمارەیەك لە شەرعزانان ڕێیان داوە کە بۆ هەندێك مەسەلە، زیاتر لە دادوەرێك هەبێت، ئەوە ڕای حەنەفییەکان و حەنبەلیەکان و بەشێك لە شافیعییەکان و مالکییەکانەو، هەندێك لە شافیعییەکانیش بەڕەوای نازانن، بەڵام بێگومان سەنگی مەحەك بەرژەوەندیی و چەسپاندنی دادگەرییە، ئیدی لەو بارەوە ئێمە هیچ دەقێکی شەریعەتمان نیە کە ڕێگامان لێ بگرێ، بۆیە دەگونجێ وەك ئەوەی ئێستا باوە لەدنیادا، بۆ هەندێك کێشەی گرنگ و گەورە، زیاتر لە دادوەرێك دابنرێ.

**پێنجەم و کۆتایی:** هەروەها لە ڕووی ئاشکرابوون یاخود پەنهان بوونی دادگایی کردنەوە، ئایا دادگایی کردن بە ئاشکرا بێت، یان پەنهان بێت؟! دیسان شەریعەت بواری ڕاجیایی تێدا هەیە، هەرچەندە ئەسڵ ئەوەیە کە دادگایی کردن بەئاشکرا بێت، بەڵام ئەگەر بەرژەوەندیی لە پەنهان بوونیدا هەبوو، دیسان هیچ دەقێکی شەریعەت ڕێگر نیە کە لە هێندێك حاڵەت دا، ئەو دادگایی کردنە بەشێوەیەکی پەنهان بێت.

(شُرَیح القاضي) کە زۆر قازییەکی ناودار بووە، کاتێك دەچووە دەر بۆ دادوەریی کردن، دەیگوت:

(یامعشر القوم! اعلموا: أن المظلوم ینتظرُ النَّصرَ، وأنَّ الظالِمَ یَنتَظِر العقوبَةَ، فتَقَدَّموا یرحمکم الله).[1]

واتە: ئەی خەڵکینە! بزانن کە: ستەملێکراو چاوەڕێی سەرخران دەکات و، ستەمکاریش چاوەڕێی سزا دەکات، وەرنە پێش خوا بەزەیی پێتان دا بێتەوە.

کەواتە: گرنگ ئەوەیە دادوەریی بەو شێوەیە بێت و ئەو ئامانجە بپێکێت، کە مەزڵووم سەربخرێت، وە ستەمکار سزا بدرێت، وە دادگەریی بچەسپێنرێت.

هەروەها شەریعەت ڕێگای داوە بە هەر جۆرە گۆڕانکارییەکی دیکەو هەر جۆرە ڕێکخستنێکی دیکە کە چەسپاندنی دادگەریی و هێنانەدی بەرژەوەندیی، دەیخوازن، چ لەو بوارانەدا کە باسمان کردن، وە چ هەر بوارێکی دیکەش.

---

(١) القضاء في الإسلام، ص١١٠، ١١١.

بۆ وێنە: لە دەستووری کۆماری عێراق (دستور جمهورية العراق) لە ماددەی (٨٩)دا هاتوە: (تتكون السلطة القضائية الإتحادية من مجلس القضاءِ الأعلى، و المحكمة الإتحادية، ومحكمة التمييز الإتحادية، و جهاز الإدِّعاءِ العامَ، هيئة الإشراف القضائي، و المحاكِمِ الإتحادية الأخرى التي تُنَظَّم بقانون).

تەماشا دەکەین لە دەستووری کۆماری عێراقی فیدراڵ دا هەموو ئەو پێکهاتانە باسکراون، کە دەستەڵاتی قەزایی لە هەموو ئەوانە پێك دێت:

(١- مجلس القضاء الأعلى، ٢- المحكمة الإتحادية، ٣- ومحكمة التمييز الإتحادي، ٤- جهاز الإدِّعاء العام، ٥- هيئة الإشراف العام ..).

دیارە هەموو ئەو جۆرە ڕێخستن و دابەشکردنانەی کاروبارەکان، مادام بەرژەوەندیی و دادگەریی باشتر بچەسپێنن، هیچ گرفتێکیان نیە.

**لە کۆتایی توێژینەوەمان دا، دەربارەی دەستەڵاتی دادوەریی دەڵێین:**

(وەك پێشتریش باسمان کرد) پێغەمبەران سەلات وسەلامی خوایان لەسەر بێت، هەموویان خوای پەروەردگار ڕەوانەی کردوون بۆ چەسپاندنی دادگەریی، دیارە چەسپاندنی دادگەریی لە بەرژەوەندیی هەموو لایەکدایە، چ بەرژەوەندیی دنیایان، چ بەرژەوەندیی دواڕۆژیان، چونکە بەرژەوەندیی دونیایی خەڵك بۆ کەسێك کە حەقی مەبەستە ئەوە دیارە، وە کەسێکیش کە لەسەر ناهەقە، لە ڕاستییدا ئەگەر لە دنیادا بوەستێنرێ لە شوێنی خۆی، بۆ دنیای وا باشترەو لە عەیبداریی دوور دەبێ، هەروەك بۆ قیامەتیشی هەر چاکترەو لە گوناهباریی دوور دەبێت، ئنجا لە میانەی دەستەڵاتی دادوەرییەوە ئەو دادگەرییە دەچەسپێت، بۆیەش وشەی (حكم) لە قوڕئان دا زۆر بەکارهاتوە.

بۆ وێنە: خوای پەروەردگار دەفەرموێ:

﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا۟ تَسْلِيمًا ﴿٦٥﴾ ﴾ النساء.

www.alibapir.com



واتە: نەخێر سوێند بە پەروەردگارت بە ئیماندار دانانرێن، تاکو تۆ نەکەنە دادوەر لە شتێکدا کە تێیدا کەوتوونە کێشەوە.

هەروەها فەرموویەتی:

﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَـٰفِرُونَ ، هُمُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ، هُمُ ٱلۡفَـٰسِقُونَ﴾

کە پێشتر ئایەتەکانمان هێنا، وە لە شوێنەکانی دیکەشدا وشەی (حکم) زیاتر بۆ دادوەریی بەکارهێنراوە، بەڵام بە تەئکید بۆ غەیری دادوەرییش بەکارهێنراوە.

کەواتە: ئامانجێك کە پێغەمبەرانی (علیهم الصلاة والسلام) بۆ ڕەوانە کراون کە چەسپاندنی دادگەرییە، زیاتر لە میانەی کاراکردن و ڕێك و پێك کردنی دەسەڵاتی دادوەریی یەوە ئەو ئامانجە دێتە دی، بۆیە دەسەڵاتی دادوەریی لە ئیسلام دا، پێگەیەکی زۆر گەورەو گرنگی هەیە، وە پێشتریش باسمان کرد کە دەسەڵاتی دادوەریی چاودێرە بەسەر هەردوو دەسەڵاتەکەی دیکەشەوە بەسەر دەسەڵاتی یاسادانانیشەوەو بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنیشەوە، لە لای زۆربەی هەرەزۆی زانایان، بۆیە پێویستە ئەو دەسەڵاتە، گرنگیی و بایەخی تایبەتیی خۆی پێ بدرێ وە لە ڕاستییدا لە هەر شوێنێك دەسەڵاتی دادوەریی دەستی کراوە بێت و لە ژێر فشارو هەیمەنەی هیچ کام لە دەسەڵاتەکانی دیکە دا نەبێت و ئازاد بێت، دادگەریی زیاتر دەچەسپێ، بە پێچەوانەشەوە: پێچەوانەیە، واتە: کاتێك دەسەڵاتی دادوەریی و دادوەرەکان لە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دا دەبن و لە ژێر کۆنترۆڵی دەستڕۆیشتوان و کاربەدەستان دا دەبن، لەو شوێنە ستەم و جەور تەشەنە دەکات، کە بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان دا، هەروەها لە عێراقیش دا بەگشتی دەسەڵاتی دادوەریی ناڵێم هەموو دادوەرەکان بەو شێوەیەن)، بەڵام نەهێڵدراوە ئەو دەسەڵاتە کاری خۆی بکات وە ئەو پێگە گرنگ و گەورەیەی کە هەیەتی لە شەریعەتی ئیسلامییدا، وە لە سیستمە حوکمڕانییەکانی ئەم ڕۆژگارەش، لە وڵاتە پێشکەوتووەکان دا، نەهێڵدراوە ئەو پێگەیەی هەبێت، وە ئە و ئەرك و کارە گرنگەی خۆی وەك پێویست جێبەجێ

www.alibapir.com



بکات، بە ئومێدی ئەوەی کارێك بکرێ، کە دەسته‌ڵاتی دادوەریی بەو شێوەیە بێ کە شەریعەت بۆی بڕیارداوە، وە بەو شێوەیە بێ کە بەرژەوەندیی خەڵك زیاتر بێنێتەدی، وە دادگەریی زیاتر بچەسپێت.

لێرەشدا دێینە کۆتایی توێژینەوەمان دەربارەی هەرسێ دەستەڵاتەکەی
که دەوڵەت و قەوارەیەکی ئیسلامییان لێ پێك دێ.

**وە سەرەنجام کۆتایی بە**
**تەوەری سێیەمی کتێبی: (ئیسلام و دەڵەتداری) دێنین.**

www.alibapir.com


# نێـوەڕۆك

پێشكەش بێ.......................................................................٧
پێشەكی.......................................................................................٩
سێ دەستەڵاتەكان بەگشتی.....................................................١٢

یەكـــەم
دەسـتەڵاتـی یـاسادانـان ( السلطة التشريعية )......٣١

چۆنیەتی مامەڵكردنی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەبواری یاسا دانان دا........٤٢
چۆنیەتی مامەڵە كردنی خەلیفە ڕاشیدەكان لەبواری یاسادانان دا..............٥٠
سروشت و تایبەتمەندییەكانی دەستەڵاتی یاسادانان.................................٥٣
بەڵگەكانـی ڕەوایـی نوێنـــەرایـەتیـی ( النیــابة ).................................٦٦
یەكەم: بەڵگەی قورئـــان:.......................................................٦٦
دووەم: بەڵگەی سوننەت:......................................................٦٨
سێیەم: بەڵگەی كۆڕای زانایان:...............................................٧١
چوارەم: بەڵگەی فەڕزە كیفائییەكان:...........................................٧٤
قسەو بیروڕای پسپۆڕانی بواری سیاسەت و حوكمڕانیی.............................٧٦
حەوت ئەنجامگیریی گرنگ لە پێناسەكانی زانایان دەربارەی نوێنەرایەتیی كردنی كۆمەڵگاوە.......................................................................٨١
لەم ڕۆژگارەمان دا نوێنەرانی كۆمەڵگا كێن و چۆن دیاریی دەكرێن؟!...........٨٥
هەڵبژاردنی نوێنەران.............................................................٨٨

www.alibapir.com


**دووەم**

**دەسـتەڵاتـی ڕاپـەڕانـدن ( السلطـة التنفـيذية )......٩٣**

ڕوونکردنەوەیەکی گرنگ لەبارەی حکوومەتەوە لەسەر بناغەی ئیسلام لەم ڕۆژگارەمان دا:..........٩٦
بنەما و نیشانە سەرەکییەکانی دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن..........٩٧
بڕگەی یەکەم: ناوونیشانی کەسی یەکەمی دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن:..........٩٧
بڕگەی دووەم: پێگەی یاسایی کەسی یەکەمی دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن:..........٩٩
ڕای یەکەم: حوکمڕان جێنشینی خوای بەرزو مەزنە:..........٩٩
ڕای دووەم: حوکمڕان جێنشینی پێغەمبەرە (صلی الله علیه وسلم)..........١٠١
ڕای سێیەم: حوکمڕان نوێنەری خەڵکە:..........١٠١
یەکگرتنەوەی ئەو سێ ڕایە لە نێوەڕۆك دا..........١٠٤
بڕگەی سێیەم: چۆنیەتی دانان و کار پێ سپێررانی حوکمڕان:..........١٠٦
قسەی هەندێك لە زانایان لەسەر ئەوە کە هەقی خەڵکە حوکمڕانانی خۆیان دابنێن..........١١٠
ماف و بەرپرسیارێتی دانانی بەرپرسانی کۆمەڵگاو چوار بنەمایەکەی..........١١٤
کورتە باسێك لەبارەی بەیعەتەوە..........١٢٢
بڕگەی چوارەم: ماوەی کارکردنی حوکمڕان و هاوکارانی:..........١٢٥
بڕگەی پێنجەم:ئەو خەسڵەتانەی لە حوکمڕان و هاوکارانی دا بەمەرج گیراون....١٢٩
خەسڵەتە پێویستەکانی حوکمڕان و هاوکارانی لە قوڕئان و سوننەت دا..........١٣٢
تیشك خستنە سەر سێ مەسەلەی گرنگ..........١٤٠
بەمەرجگیرانی مسوڵمانەتیی لەحوکمڕانیی مسوڵماناندا:..........١٤٠
بەمەرجگیرانی پیاوێتیی (الرجولة) لە حوکمڕانیی مسوڵمانان دا:..........١٤١
بەمەرجگرتنی قوڕەیشی بوون:..........١٤٧
ئەرکەکانی حوکمڕان و هاوکارانی ( دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن )..........١٥٤
بڕگەی شەشەم:..........١٥٤
بیروڕای زانایان لەبارەی ئەرکەکانی حکوومەتەوە..........١٥٩
ئەرکەکانی حکوومەت ( حوکمڕان و ستافەکەی )..........١٦٦

www.alibapir.com


پابەندیی بەو وەحیی و شەریعەتەوە کە خوای زانا ناردوویەتی:...............١٦٦
دادگەر بوون لە حوکمڕانیی دا:...............................................١٦٧
بەرپاکردنی دروشمەکانی ئیسلام (إقامة شعائر الإسلام):.......................١٦٨
ڕاگرتنی هاوسەنگی ئابووریی:...................................................١٦٩
فەرمان بە چاکە کردن و ڕێ لە خراپە گرتن:....................................١٧٠
بەزەیی نواندن و نەرم و نیانی و لێبوردەیی و خۆپاراستن لە دڵڕەقیی و زمانزبریی...١٧١
ڕاوێژکردن و ڕاوێژ پێ کردن (الشوری والإستشاره):..............................١٧٢
بوونە سێبە ر و سوپەر و پێشڕەو لە کاتی تەنگانەو گرفتاریی دا، وە بەرگریی کردن لە خەڵك و وڵات لەبەرانبەر دوژمنان دا:..............................١٧٣
کارسپاردن بە چاکترین و شیاوترین کەس و تەنیا بەسەرنجدانی لێهاتوویی:.....١٧٤
دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی و بەرپرسەکان و کارمەندەکان، تاکو باشتر بتوانن ئەرکی سەرشانیان جێبەجێبکەن:...................................١٧٧
ئامادەبوون بۆ ڕەتکردنەوەی مافی مافداران و ملکەچکردن بۆ حوکمی شەریعەت.....١٧٨
بەتەنگەوە بوون و خەم لێخواردنی بێ تواناو کەمدەرامەت و ئاتاجەکان وە چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانیان: .........................................١٧٩
ئاگاداربوون و سەرپەرشتیی کردنی ڕاستەوخۆی کاروبار:..........................١٨٠
فەڕاهەمهێنانی هەل و مەرج و کەش و هەوایەك، کە سەرەنجام تاکەکانی کۆمەڵگا....١٨١
بڕگەی حەوتەم: دەستکراوەیی دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن، لەبازنەی شەریعەت و سنووری بەرژەوەندیی خەڵك دا:.............................................١٨٤
بڕگەی هەشتەم: فەرمانبەریی بۆ کرانی حوکمڕان و هاوکارانی سنوورەکەی.....١٨٩
بڕگەی نۆیەم: مافی خەڵك لەچاودێریی و لێپرسینەوە و ڕاستکردنەوەی حوکمڕان و کاربەدەستاندا:.............................................................١٩٢
بڕگەی دەیەم: دەستلەکار کێشانەوەی حوکمڕان و کاربەدەستان و لادانیان و، کۆتاییهاتنی ماوەی کاریان:..................................................١٩٧
حاڵەتی یەکەم: دەستلەکار کێشانەوە (الإستقالة):...........................١٩٨
حاڵەتی دووەم: لادان (العــزل):..............................................٢٠١
حاڵەتی سێیەم: کۆتاییهاتنی ماوەی کار:.....................................٢٠٣

www.alibapir.com


## سـێیەم
## دەستەڵاتی دادوەریی............٢٠٧

خاڵی یەکەم: پێناسەی دەستەڵاتی دادوەریی، (السلطة القضائية):...............٢١٠
خاڵی دووەم: حوکمی هەبوونی دەستەڵاتی دادوەریی:...............................٢١١
خاڵی سێیەم: ئەرکی دەستەڵاتی دادوەریی و سنووری دەستڕۆیشتنی:.........٢١٤
خاڵی چوارەم: سەرنجێکی مێژوویی لەبارەی دەستەڵاتی دادوەرییەوە لە ئیسلام دا....٢١٩
یەکەم: لە ڕۆژگاری پێغەمبەری خوادا (صلى الله عليه وسلم)........................٢١٩
دووەم: لە ڕۆژگاری خەلیفە ڕاشیدەکان دا..................................................٢٢٥
سێیەم: لە ڕۆژگاری ئومەویی و عەبباسییەکان و ئەوانەی دوای وانیش.........٢٢٦
خاڵی پێنجەم: بنەماکانی دادوەریی کردن لە شەریعەت دا:.........................٢٢٩
بنەمای یەکەم: دادوەریی سپاردەیەکی قورسە و دادوەری دادگەر خوای لەگەڵ
دایەو، دادوەری ستەمکاریش شەیتان:.........................................................٢٣٠
بنەمای دووەم: دادگەریی:........................................................................٢٣١
بنەمای سێیەم: زانیاریی و شارەزایی:........................................................٢٣٢
بنەمای چوارەم: پەلە نەکردن لە بڕیار دان دا، تاکو قسەی هەردوولای ناکۆك
دەبیستێ:.................................................................................................٢٣٣
بنەمای پێنجەم: دادوەر ئەگەر حوکمی ڕوونی لە قوڕئان و سوننەتدا چنگ
نەکەوت، دەبێ کۆشش (إجتهاد) بکات و لەکاتی پێکان دا دوو پاداشت و لە
کاتی نەپێکان دا پاداشتێکی هەر هەیە:.......................................................٢٣٧
بنەمای شەشەم: دادوەریی نەکردن لە کاتی تووڕەیی دا:.............................٢٣٨
بنەمای حەوتەم: خۆ دوور گرتنی دادوەر لەوەرگرتنی بەرتیل و دیاریی:.........٢٣٩
بنەمای هەشتەم: بابای دەعواکەر بەڵگەی ئاشکرای لەسەرەو، بابای دەعوا لەسەر
کراویش سوێند:.........................................................................................٢٣٩
بنەمای نۆیەم: بڕیاری دادوەر بەپێی ڕواڵەتەو، ناحەق ناکاتە حەق و حەقیش
ناکاتە ناحەق:...........................................................................................٢٤١

www.alibapir.com


بنەمای دەیەم و كۆتایی: هەركات دادوەر بۆی دەركەوت كە لە بڕیارەكەی دابە هەڵە چووە، پێویستە دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت و بڕیارەكەی هەڵبوەشێنێتەوە......٢٤٢
خاڵی شەشەم: مەرجەكانی دادوەر (شروط القاضي):............................٢٤٧
مەرجی یەكەم: عاقڵ بوون:.........................................................٢٤٧
مەرجی دووەم: باڵغ بوون:..........................................................٢٤٨
مەرجی سێیەم: مسوڵمان بوون:.....................................................٢٤٨
مەرجی چوارەم: دادگەربوون:......................................................٢٤٩
مەرجی پێنجەم: زانابوون بە شەریعەت:...........................................٢٥١
مەرجی شەشەم: سەلامەتیی هەستەوەرەكان (سلامة الحواس)......................٢٥٣
ئایا نێرینەیی ( الذكورة ) مەرجی دادوەر بوونە؟!...................................٢٥٤
خاڵی حەوتەم: چاودێریی كردنی دەستەڵاتی دادوەریی بەسەر هەرسێك لە دەسەڵاتەكانی: یاسادانان و جێبەجێكردن و دادوەریی دا:..........................٢٥٨
یەكەم: چاودێریی كردن و وە لێپرسینەوەی دەستەڵاتی دادوەریی بۆ دەستەڵاتی یاسادانان:...........................................................................٢٥٨
دووەم: چاودێریی كردن بەسەر دەستەڵاتی جێبەجێكردنەوە:.........................٢٦٠
سێیەم: چاودێریی كردنی دەستەڵاتی دادوەریی بەسەر خۆی دا:.......................٢٦٥
خاڵی هەشتەم: چۆنیەتی دانرانی دادوەران، (كيفية تعيين القضاة):.........٢٧١
خاڵی نۆیەم: سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی:...................................٢٧٣
بناغەی فیكریی سەربەخۆیی دادوەریی.............................................٢٧٦
خاڵی دەیەم: دەستەبەركەرەكان (ضمانات)ی پاكیی و سەر ڕاستیی دەستەڵاتی دادوەریی:.......................................................................٢٨٠
یەكەم: سەربەخۆیی دادوەریی و پێگەی یاسایی دادوەر:.............................٢٨٠
دووەم: پارێزران لە لادران (عزل) مەگەر بەبەڵگەو پاساوێكی بەهێزو بەجێ.....٢٨١
سێیەم: مەرجەكانی دادوەر (شروط القاضي):.........................................٢٨٢
چوارەم: پابەندیی دادوەران بە قورئان و سوننەت و بە بنچینەكانی ئیجتیهادەوە......٢٨٣
پێنجەم: بەرپرسیارێتیی دادوەر لە كاتی دەرچوونیدا لە بازنەی شەریعەت، یان كەمتەرخەمیی كردنیدا:...............................................................٢٨٥

www.alibapir.com



خـاڵی یازدەیەم و کۆتایی: دەستەڵاتی دادوەریی، بواری گەشەکردن و بەرەو پێشبردنی زۆری تێدایە..................................................٢٨٨
نـێــوەڕۆک.......................................................................٢٩٥